# هەولێر ـ قەرەچوغ

بەرگی هەشتەم

**شێرزاد هەینی**

ڕۆمان / ستۆکهۆڵم / ٢٠١٧




**کتێب:** هەولێر قەرەچوغ
**بابەت:** رۆمان
**نووسینی:** شێرزاد هەینی
**بەرگ:** هەشتەم
**تایپ:** نووسەر
**بەرگ:** هێمن حوسێنی و زاهیر حوسەینی
**هاوکار و دیزاین:** شۆڕش غەفووری
**ژمارەی سپاردن:**
**ساڵی نووسین:** ۲۰۱۷ / ستۆکهۆڵم
**چاپخانە:**

ئەم بەرگە بە سپۆنسەری کاک «هێرش خۆشناو»،
خاوەنی (گرووپی کۆمپانیاکانی ۷۷) چاپ کراوە.

## لەم ڕۆمانەدا تراژیدیاکانی هەولێرم بینی

گاشــە بەردێک لە تێڕوانینی خەڵکانێکی ئاســاییدا، هەر گاشەبەردێکە و هیچی دی، بــەڵام لە تێڕوانینی پەیکەرتاشــێکی هونەرمەندد‌ا، خوێنــی تێدا دەگەڕێ، ژیانێک لە ناواخن و درز و کەلێنە شــاراوەکانیدا باڵی شــادمانی و تاســەباری، شیرینی و تاڵی راهێڵاوە، چەندین داستان و سەربوردەی شکان و سەرکەوتنی، لە کرۆکیدا هەڵکراوە، مێژووی هەزاران ساڵی لە هەناویدا حەشارداوە، رۆح لەبەرێک بگرە، دەیان و سەدان رۆح لەبەری تێدایە .. دەمێک بەدەوریدا دەسوڕێتەوە، چاو دەبڕێتە بەر و پشت و سەر و بن و لاتەنیشت و گۆشەکانی، ئەندێشەی رادەستی ئەو تەمەنە دورودرێژەی گاشە بەردەکــە دەکات، خەیاڵەکانــی لەگەڵ رۆحییەتەکەی ئاوێــزان دەبێت، هەوڵدەدا ئەو دەرگایانــە بدۆزێتــەوە کە دەتوانێ واڵایان بکات و لێیانەوە بچێتە ژوورەوە. هەلبەت، بەردیش رازی خۆی هەیە، بگرە هەزاران راز و نیازی لە هەناویدا هەڵگرتوە، بەوانەی نابەخشــێت کــە لێی تێناگەن و ئەشــقی نابــن! جا کە رۆحــی پەیکەرتاش و رۆحی گاشەبەردەکە تێکەڵبەیەکبوون، پەیکەرتاش لە خەیاڵێکی قووڵی کەونارای بێسنوور راچوو، گاشەبەرد ژانی لەدایکبوون دەیگرێ، نەرم نەرم رادەست دەبێ! پەیکەرتاش بە هەڵەداوان قۆڵ و باسکی خۆی لێ هەڵدەکات، ئارام ئارام چەکوش و قەڵەمەکەی دەژەنێ و وەک مامانێ رازە شــاراوەکەی هەناوی بەردەکە دێنێتە ئارا.

شــێرزاد هەینی لە (هەولێر ـ رۆمانی قەرەچوغ) دا بەهەمان هەناســەی پەیکەرتاشە هونەرمەنــدە جوانبینەکــە، لــە شــاری هەولێر رامــاوە و دانە دانە مــرواری و دوڕ و گەوهەرەکانــی، لــە بــن داروپــەردو و لیتە و خــۆڵ و چاڵ و کەند و لەنــد و بنار و قەدپــاڵ و لوتکــە و ئامێــز و نــاو کۆش و ســەر شــانی ئەو شــارە دۆزیوەتەوە، بە رۆحێکی ئەدیبانەی هەولێرپەروەرانەوە مشــتوماڵی کردون، لەسەر سەکۆ بەرزەکانی شانشــینی دوو توێی رۆمانەکەی راینواندون، خوێنەر حەز دەکات وەک رێبوارێک بە

نووسـینەکانی هەڵگەڕێ، تا بتوانی بگاتە دوا هەوار و لە مرواریيە بریسـکەدارەکان بڕوانێ.
ئـەم ڕۆمانـە، گێڕانەوەی سـەربردەیەکی تراژیدیای جەرگبڕانـەی خانەوادەیەکە، کە باوکـە نوسـەر و قەڵـەم بە بڕسـتەکەی لە ترسـی دەسـگیرکردنی لەلایـەن ڕژێمی بەعسـەوە، لە سـاڵانی حەفتاکان بە خۆیو خانەوادەکەیەوە بە پەلەپروزێ و بە ترس و نیگەرانییـەوە، ڕێـی هـات و نەهاتـی دەربازبونیان بەرەو ئێـران دەگرنە بەر، لەو کۆچـەدا ناتوانـن یەکێـک لە دوو کچە جمکەکـەی کە ناوی (مانگ) بـوو و هاوزای (ڕۆژ) ی خوشـکی بوو، لەگەڵ خۆیانی بەرن و لە هەولێر لەلای پلکی دەمێنێتەوە، دوای حەڤدە ساڵان لە کۆڕەوەکەدا کە تێکڕای کورد بەرەو ئێران ئاوارە دەبن، مانگ بە خانەوادەکەی ئاشـنا دەبێتەوە، چ ئاشـنابونێک! هەڤدە سـاڵ، مانگ لە هەولێر و ڕۆژی خوشـکی هەر یەکەیان لە دنیایەکی جوداواز و دوو فەرهەنگی جودا پێیان هەڵناوەتە هەڕەتی جوانی.
دیمەنە تراژیدیاکەی دابڕانەکە، نابڕێتەوە بگرە بە دیمەنیکی تر، تراژیدیایەکە پەڕەی گوڵـی جوانیـی (مانـگ) هەڵدەوەرێنێتەوە، دڕکێک لـە ڕێگای کۆڕەوەکـەدا دەبێتە ئـازاری مـەرگ و تا دەشـگەڕێنەوە هەولێر، ئەو ئازارە هەر بە جەسـتەیدا دەگەڕێ، دواجـار دوا پەڕەی ئەم گوڵە هەڵدەوەرێنێ.
لێرە لە دوا لاپەڕەکانی ئەم ڕۆمانەدا، شـێرزاد هەینی جواننوسـی و دیمەننوێنی لێ هەڵدەڕژێ، ئەوەندە بە ژێهاتی و ئیستاتیکاوە باسی ئیشقی مانگ بۆ ڕەنگ و مۆزیک و چێژی ژیان و ئازادی دەکات، تا ئەو ڕادەیەی لە مەرگ تەواو تەواو بێباک دەبێت.
شـێرزاد هەینـی لە وەسـف و وێناکردنی تـەواوی دیمەن و سـەربردە و ڕوداوەکان، ئەوە دەسـەلمێنێت کە خێوی قەڵەمێکـی ئەوتۆیە، کە من و هەر خوێنەرێکی تریش لـە ئاسـتیدا سەرسـام بین، لە هەمان کاتیشـدا دڵخۆش بین، چـۆن دڵخۆش نەبین کـە قەڵەمێکی کوردی، بەو جوانییە و بەو ئاسـتە بـەرزەی وێناکردنەی ئەدەبییەوە دیمەنەکانی کورد و شـارێکی کوردیمان بۆ بنوسێتەوە.
ئـەم ڕۆمانـە مێـژووی شـاری هەولێرمان بـۆ دەگێڕێتـەوە، هەولێرێک کـە زیندووە ژیانـی تێـدا دەگەڕی و سـەدان و هەزاران یادەوەری هەیە، هەر کونجێکی نوشـتەی پیرەژنێکی جەرگسـوتاوی پێ هەڵواسـراوە، بەر دەرگاکانی هەر کۆڵانێکی نەخشـی سـەدەها ماچی هەڵوەریویان پێوەیە، گوێ بنێیە سـەربانی هەر خانوویێک لە خانووە پشـت کۆماوەکانی ترپەی پێی عاشـقەکان دەبیسـتیت، دەمەو ئێوارانی ناوشار، لە

هەناسە هەڵکرپوزاوەکەی حاجی لەقلەقە تیرۆرکراوەکەی سەر منارەی مزگەوتی خانەقاوە کزەبایەکی نەرم و گەرم هەڵدەکات... مێژوویێک دەگێڕێتەوە کە واقیعە بە شێوازێکی واقیعیانەی تائەندازەیەک سیحریی و تێکەڵ بەخەیاڵێکی بەرهەڵدا، دیمەنی جودا جودا کە خوێنەر خۆی دەبێ لێکیان گرێ بدات، پێموایە نوسەر بە ئەنقەست ئەوە بۆ خوێنەر لێدەگەڕێ، کە خۆی سەرەداوی روداوەکان لە یەک گرێ بداتەوە تا کە رۆمانکە تەواو دەکات ـ ئەگەرچی کەمێک مێشکگوشینی گەرەکە ـ تەواوی ماستەرپلانی رۆمانەکەی لە ئەندێشەدا بینا ببێ.

سوپاس و پێزانینم هەیە بۆ مامۆستا شێرزاد هەینی، کە منی بە شایستە هەڵبژارد، بۆ ئەوەی وەک خوێنەرێک ئەو بەرهەمە جوانەی بخوێنمەوە، سەرەقەڵەمێکی لەبارەیەوە بنووسم و ئەگەر تێبینییەکیشم هەبێت پێیڕابگەینم. دەسخۆشی لە نوسەری جواننووس دەکەم، هیوام وایە دوای ئەو بەشەش بەشەکانی دیکەی رۆمانەکانی لە بارەی هەولێرەوە ببینین.

**ئەندازیار سالار محەمەد**

**هەولێر/ ٢٠١٧/٥/١٨**

# هەولێر ـ قەرەچوغ

## بەشی یەکەم

## ڕۆژ و مانگ

ئەوە سێ ساڵ زۆرترە، دەستم بە نووسینەوەی ئەو مێژووە کردووە. بەم نووسینە، خەریکی نووسینەوەی مێژووی شارێکم. نازانم کەی تەواو دەبم!؟ نووسینەوەی شار، ئاسان نییە و تەواو نابێت؟! ژیانی هەناسە، چالاکی، ژان و گریانی ئەو خەڵکەیە، ئەو شارەیە.

شارەکەم، تەنیا شەقام، کۆڵانی باریک و لار و راست نییە! شار، هەموو شارەکان، گەورە و بچووکەکانیش: دەماری درێژی خوێن، رووباری فرمێسک و ئاسۆیەک چاوەڕوانییە. بەڵێ، چاوەڕوانی، لە هەموو دەرد، کەساسییەکان کوشندەتر و کۆڕانترە. شار، تەنیا حیکایەتی ژن، پیاو، منداڵ، مردن و ژیان نییە.

شار، تەنیا هێلانە کێشکە، راوە مشکی خانووە کۆنەکان، دەرگای لەسەرپشتی جیرانان نییە. شار، بابەتی تر و دۆخی ترە. زۆرتریش لەوانە، شارستانی و خوێندەواری و ژووان و نۆستالۆژیایەکی گەورە! ئەو شارەی من دەینووسمەوە. کۆڵانێکی دووروودرێژ، گەڕەکێکی گەورەیە.

خانووەکانی: روویان لە رۆژهەڵات یان رۆژئاوا، روو لە قیبلە، روو لە ئاکرێ، پشت لە سەفین، بەرامبەر قەڵات، سەرکەندەکە، بەرامبەر قەبرستانەکە، نزیک مزگەوتەکە، سەرەڕێیەکە، سەرگۆمەکە، گۆمەپیسەکە، کەندەکۆخەکەیە.

لەو شارە، گەورە، گچکە، پیر و جحێڵەکانی یەک جۆرە خواردنیان هەبوو. چونکە زۆربەیان تامی خواردنی یەکتری دەکرد. خێزانەکان بەیەکەوە دەیانزانی چ دەخۆن. لەو نووسینە، ئاسوودە و سەربەستانە، دەچمە: ناو ماڵەکان، ناو دوکانە، ناو خێزانە گەرم و سارد و گەورە و گچکەکان. دەگەمە سەر گڕەگڕی مەکینەی ئۆتۆمبێلەکان، خشەخشی تایەی عارەبانەکان، ئەو هەولێرە دەنووسمەوە؟!

دەمـــەوێ بزانـــم، لـــەو ژن و پیاوانـــە، کێ لەوانە نـــەوەی دووەم، یان ســـێیەمی ئەو گەنجەیـــە، ئەوەی لەناو هەموو ســـەربازانی بەغدا، لەنـــاو ئۆردییەکی گەورەی دوورە شـــار، هەڵیدەبژێرن، ببێتە پاســـەوان و ســـێبەر و کاروانی مەلیک. تا دوا مەلیکیش دەکوژرێـــت، لە کۆشـــکی «رەحاب» بووە، ئەو کوڕە پاســـەوان و دڵســـۆزی مەلیک بـــووە. ئەوانەش دەدۆزمەوە، ئەوەش مێژوو و شـــیاوی ناســـینە، ئێوە دەڵێن چی؟! ئەوەش لاپەڕەیەکی شیاوی شارەکە نییە؟!

***

دەکـــرێ لـــە نووســـین، ســـەردان، مانـــەوە، خواردنەوەی چـــا، بەخێرهاتنـــی گەرم و ماڵئاوایی گەرم بوەســـتم!؟ لە خوێنەران داببڕێم، لەوانەی هاوکاریم دەکەن، قســـەم بۆ دەکەن، ئەوە دەپرسم؟

زۆرن ئەوانەی چاوەڕوانن بیاننووســـمەوە. زۆریش گفتم بە خەڵک و چاو و هەنگاو و ســـێبەری تـــەڕ و خامۆش داوە، دەبێ بەردەوام بـــم. بەرهەڤکردنەکە بۆ ئەوەیە، لەو گاڤەش ئەوە دەکەم.

شـــادمان دەنووســـم، چونکـــە، ناکـــرێ بوەســـتم. کە ســـەرکەوتم، کە زۆر ڕۆیشـــتم، گەڕانەوە ئەستەمە. گەڕانەوەی دوای ڕۆیشتن و دەرچوون، شوورەییە. ناگەڕێمەوە و دەنووســـم. پشوو دەدەم، هەڵوەستە دەکەم، ماندووش دەبم. زۆر دوودڵ و ترساو و نائومێدیش دەبم. بەڵام، لەو کاروانە ناوەســـتم. نیوەی ڕێگام بڕیوە، زۆرم نووســـیوە و زۆریشـــم ماوە شـــانازتر بینووســـمەوە. ئەگەر لە ناوەندی ڕێگاکە بوەستم، سەیری دواوە بکەم، چاوێک لە بەرزاییەکانی پێشـــەوەم ببڕم، وادەزانم ڕۆیشتن و بەردەوامی ئاســـان و شاناز و شەریفتر و شکۆمەندترە!

***

ژنێـــک، هاتووتـــە ناو ئەو دەفتەرە. ســـەر ئەو کانییە. کارەکتەرێکـــی بزێو و وریایە. ئاکار و مۆراڵی ئاڵۆزی و چاوەڕوانییەکانی، منی بە خوناوێکی فێنک و بۆندار پڕژاند و ڕاپەڕانـــدم، بەڵام نەترســـام! چونکە پێم خۆش بوو، ئەویشـــم بەڕێکەوت ناســـی. بەڵام، ئەگەر لەگەڵ ئەو ژنەش بەیەکەوە دیمانەمان نەبوایە، هەر بەردەوام دەبووم. بیـــرم لـــەوەش نەدەکردەوە، ئەو دەمباتە ســـەر بەرزاییەکی شووشـــەبەندی ڕووناکی

هەولێر، بەرز بەرز، ڕووناک، شـارەکە، سـێ بەشـی: کۆڵان، جەستە و دەمارەکانی. شـل، خاو، توێکڵ و ڕیشاڵ ببینم.

لـەوێ، لـەو بەرزاییـە، لەگەڵ ئەو ژنـەی هەناو، چاو و سـینگی، پـڕ هیوایە. (لە چاوەکانـی ئـەوەم بەجوانی دەبینـی)، منیش دەتوانم لەوێ چەندان بەشـی خۆم و شارەکەم پەرپەڕ بکەمەوە.

دۆزینەوە و ناسـینەوەی سـەراب و هەڵـم. دەبنە وێنە، دەنـگ، ڕەنگ و جوولەش. ژنەکەی منی بردبووە سەر بەرزاییە شووشەبەندەکە، ناوی (ڕۆژ) بوو. لەبەر ناوەکەی نییە، چاوەکانی پرشـنگ دەدەن. چاوەکانی گەشـن، چاوەکانی دڵۆپە ئاو و شەونم بـوون. ژنەکە لـە ڕوومەتە پەمبەکانییەوە دیارە، عاشـقە و کەمێک شـەرم دەکات، بەڵام، من شـەرم ناکەم و پێیدەڵێم:

تۆ عاشقی!

ژنەکە تۆ عاشـقی. دیارە بەباڵی ئەو عیشـقەش سـەرفراز دەبیـت. بۆیە، ڕووبەڕوو پێتدەڵێم:

تۆ عاشـقی، زۆریش بەو عیشقە ماندووی، پەرۆشی.

عیشـق ڕۆژانە، شەوانە هاوڕێ و هاوشانتە. لەناو جانتاکەتە، لەناو ژوورەکەت، وەک وێنـە گەورەکـەی باوکـی ڕەحمەتیت. وەک ناز و خـەم و شـیعرەکانت لێت نزیکە. سـێبەر و دەنگ و بوونی تۆیە!

_ من عاشقم؟ (لەگەڵ ئەو پەیڤە، ڕوومەتی جوان و ناسک، وەک دڵۆپە خوناوێکی گەورە دیار بوو).

_ بەڵێ تۆ عاشـقی. (دووبارە، بەدڵنیاییەوە من گوتم).

دیـارە، لـە چاوەکانتەوە دیارە، زۆریش سـووتاوی! هەناسـەت ئاگـرە و دڵت لەبن هەردوو مەمکە گەورەکانی سـەر سـینگت، دەهەژێت و لەنجەش دەکەن! دڵە بچووکە گەرمەکەت، سـووتانە گەورەکە، نەرم نەرم سـەما بە هەردوو مەمکت دەکەن. سەما بە سـۆزی موزیک، سەماش بە سۆزی عیشق دەکەن.

ئەویش، ژنەکە شەرم ناکات و تووڕەش نابێت. دیارە، پەیڤەکەی من دوودڵی ناوێت. ڕەنگـە ئامـاژەکەم شـادمانی بکات. یەکێـک لە یەکەم دیمانە، لە نیـگای چاوەکانی هەسـتی بەوە کردبێت، ژنەکە عاشقە. سەربەرزانە پێم دەڵێت:

_ دەزانـی تـۆ، زۆر ئـازای، پیاوی وەک تـۆم کەم دیوە! چـۆن جورئەت دەکەیت،

یەکسەر و لە یەکەم دیمانە، لەناو ئەو چەند پەیڤە کورتە ناسکە، قسەیەکی وا ترسناکم بۆ هەڵبەستی!
یان ژنەکە بڵێت: من ژنێکی سرکم. هارم. بزێوم. کەس نەوێراوە رووبەڕوو بمهەژێنێت، بمجولێنێت، چیرۆکێکم بۆ هەڵبەستێت!
عەشق و سووتان، ئەگەر لەناو دڵی کیژۆڵەیەکی نەمام بێت، زوو لە: روومەت، هەنگاو، چاو، پەنجەکانیشی دیار دەبێت. بەڵام بۆ من، ژنێکی بە تەمەن و دونیادیدە و گەریدە، ئاسان نییە، چەنگاڵی لە کەشتییەکی نوغرۆی کۆن گیر نابێت! تەنە خنکاوەکە نادۆزرێتەوە، هەستی پێ ناکرێت! وایە یان نا؟
_ نوغرۆی تۆ!؟
_ دەکرێ نوغرۆ و مەلەوانیش بم. منیش نازانم، نوغرۆم، یان بە ژنێکی مەلەوانیش دەچم؟
دەبوایە منیش بە ژنەکە بڵێم:
ببوورە، نازانم چۆن ئەوەم لە دەم دەرچوو! ببوورە خانمە نازدارەکە، ویستم تاجی شانازی، کە عیشقە، لەسەرت دابنێم. ویستم زۆرتر بۆ ژیان و رۆژانە جوانتر و شانازت بکەم. بۆیە ئەو رازەم سەرکەشانە بۆی درکاندی.
یان بڵێم پرسیار ئاساییە، دەتوانی بەیەک رستە، بەیەک وشە بڵێیت نەخێر: عیشقیش شوورەیی نییە، مەترسی و هۆڤیی نییە. کارەساتێکی خەمگینیش نییە. ئەگەرچی گۆمێکی قووڵە، کڵافە داوێکی ئاڵۆز و دڕیشە، بەڵام من عاشق نیم، لە عیشق دەگەڕێم. ناکرێ ژنێکی وەک من، پێویستی بە عیشق نەبێت، هێشتا عاشق نەبووم، بە دوای عیشق پەرۆش و سەودام! بەڵام نامەوێ بەو پەنجانە، لە دەرگا سەرابییەکەی بدەم. نامەوێ بەو پەنجانەش، دەرگا و پەنجەرەکانی لەسەر گاڵبدەم! نامەوێ لەبەر بارانیش بمێنێمەوە.
دڵسارد، لەپشت دەرگاکە بوەستم، یان نائومێد و پەشیمانیش برۆمەوە. برۆم و دووریش بکەومەوە. هەر دەبێ بۆی بگەڕێمەوە. ئەو دەرگایە، ئەو رازە هەر بکەمەوە! ئەوەی پشت دەرگاکە، پشت نووسینەکە، رامانەکە، پرسینەکە بدۆزمەوە و بیناسم. ئەگەر پێویستی کرد، ماچیشی بکەم و بۆی بشگرێم! بەڵێ گریانیش دەکرێ لەو دۆخە، لەپڕ و دوور لە هەست و دەسەڵات بێت! من بگریم! بۆ نا!
(قسەی دڵی خۆم کرد، بە رامانەکەم، دڵی ئەوم خوێندەوە، چاوی ئەوم بینی!

ئەو چ دەڵێت ئازادە! با لەو دەروازەوە یەکتری بناسین. بەو پرسیارە دانوستان و دیمانەکانمان بەردەوام بێت).

***

دیالۆگەکەی نێوان پیاو و ژنەکە. لە چ گەیشتە ئەو باریکە رێیە. سەر ئەو پردە لەرزۆکە باریکە؟! باسی چییان دەکرد، چۆن دەمەتەقێ و ئاخاوتنەکەیان، لەو کەنارە لەنگەری گرت؟! لەنگەرگرتن ئاسانە، بەڵام هەڵسانەوەی سەر: لم و قومی ئاوەکە. سوێری ئاوەکە. گەرمی خۆر و هەتاوەکە. بوار دەدا جەستە ماندووەکە، بڕوات و دەربازی بێت و ساردی شەوی چۆڵەوانییەکە نایتەزێنێت!
ئازابە درۆ مەکە! درۆ لەگەڵ عیشق گوناحێکی مەزنە. هەتا ماویت لەبەر سزاکەی دەناڵێنیت. ئەگەر درۆی لەسەر بکەیت! دەسووتێیت، دەمریت. هەموو گاور و کافر و مولحیدەکانیش زیندوو ببنەوە، کەسی درۆزن، زیندوو نابێتەوە! بەتایبەتی ئەگەر درۆ لەگەڵ دڵێک، یان دوو دڵ بکەیت! (ئەو ساتەی بێدەنگ بووم، ئەوەم بە راز تێگەیاند).
ژنەکە وەڵام ناداتەوە، بەڵام تووڕەش نابێت، نەک دوورناکەوێتەوە ئارەزوومەندانەش لێم نزیک دەبێتەوە. بۆنی گەردەنی زۆرتر و نەرمتر دەگاتە هەناسەم. بێدەنگ نابێت و رازییە. بە فشار و هەژموونەوە ئاسوودەیی لێ دەردەکەوێت. زۆرتر قسە دەکات. قسەکانی، پەیڤ و سەربردەکانی چەند رۆژ و دانیشتن و دیمانە دەخایەنێت. زۆرم بۆ دەگێڕێتەوە: ژیانێکی تاڵ و گریانێکی زۆری ناو هەواری دوور و نزیکیش.

***

خوشکەکەی من، ئەوەی ناوی «مانگ» بوو، زوو دەمرێت. ئەو ئازار دەچێژێت، هونەر و رەنگ و گەڕانەوەی بۆ لای دایکم، ئێمە، باوەشی خێزانەکەش سوودی نابێت. بەداخەوە ئەو زوو مرد. کە مرد، هونەرمەند بوو. رەنگی خۆشدەویست، زۆر هیوای بە ژیان خۆش بوو. زۆریش پەرۆش بوو زۆرتر بژیت، بەڵام زوو دەمرێت. دەبوایە، ئەو زوو بمرێت، کیژێک «مانگ» بێت، زوو دەمرێت! تەمەنی ئەو، شەوین بوو. گوناح و بەستەزمان بوو. چونکە رۆژی نەبینی، شادی نەبینی.
«رۆژ»، خوشکی «مانگ»، بۆی گێڕامەوە گوتی:

هەردووکمـان بەیەک سـک، بەیەک ڕۆژ، بەیەک ژان لە شـاری بەغـدا لە دایکبوون. شـاری هەمـوو ژانەکانی: ناوچەکە و ئایـن و ئاینزا و کەلتوور و خەمەکان (سـاڵی لـە دایکبوونەکـەی ئاشـکرا نەکرد و نەیگوت، بەڵام من لەناو قسـەکانی زانیم ژنەکە سـاڵی چەنـد لەدایکبـووە. تەمەنـی چەندە، تەمەنـی هەر چەند زۆریـش بێت، ئەو ژنێکی جوانە و زۆر بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئێسـتاش عاشقە) لەناو خانووێکی کرێنشین لـە بـەرەی «کەرخ»، لەودیـوی ڕووباری دیجلـە. نازانم بۆ باوکم لەوبـەری بەغدا، خانـووی بەکرێگرتبـوو. باوکم بۆ دەپەڕێتەوە، خۆ هەمـوو کوردەکانی ناو بەغدا لە بەری «ڕەسـافە» بوون. لە گەڕەکەکانـی «مەیدان» و «بەتاوین» و «وەزیرییە» نزیکبوون. ئێستا ناوی گەڕەکەکە نازانم. دایکم زۆریش دەیگێڕایەوە، ناوەکەی چەند سـاڵ بوو لەسەر زارم بوو، ئەو دەیگوت:

لەنـاو ماڵەکەمان. لەبەر دەرگاکە. پشـتم بە پەنجەرە ئاسـنەکە دەدا. پاش ئەوەی حەوشەکەم لە تۆز و غوبار و کلۆ و وەرینی تەمەنی زەردی کەرپووچ و خوێ دیوار و دەرزی پەنجەرەکان، پاک دەکردەوە. پاش ئەوەی کارە دەسـتییەکانم تەواو دەکرد. نەخشـەکانم ڕەنگ دەکرد. بەرگەکانم تەواو دەکرد. سـیماکانم پۆشتە دەکرد. جوان و باش، هەر چوار منارە و دوو گومبەتە زێڕینەکەی مەزاری «ئیمام موسی کازم»م لێوە دیار بوو. لەناو ماڵەکەی خۆمان، گەوهەرەکە باش باش دەدرەوشـایەوە.

❋❋❋

دایکـم ڕۆژێکیان لەکن یەکێک لە ژنەکانی هاوسـێمان، بەسـادەیی و بەشـانازییەوە گوتبووی:

ڕۆژانـە دوو گومبەتەکـەی «موسـی کازم»م لێـوە دیـار بوو. بروسـکە و شـەوقی گومبەتەکە لەناو حەوشەکەی ئێمەی دەدا.

قسـەکەی دایکم لەنـاو کۆڵانەکە، لەناو شـیعە ئازرییـەکان، بڵاودەبێتەوە. ژنەکان: موشـەک و شـەڕە خوێناوییەکانی سەرسنوور و پەلامارە دژوارەکانی سوپای عیراق، کوژرانـی هەزاران گەنج بە هیوای کلیلی بەهەشـت لەبیردەکەن. ژنەکان، بۆیە ژنان، کیژەکان، هاوسـێیەکانمان دەسـتە دەسـتە دەهاتن سـەری دایکم، دەسـتی دایکم، نێوچەوانی ئەویان ماچدەکرد.

لـە شـاری ڕەزائیە، (هێشـتا بـەوە ڕانەگەیشـتبوون ناوەکەی بگـۆڕن) لە گەرمەی

شەڕەکانی قادسیە و بەرگری ئێرانییەکان، بۆ پیرۆزی ئەو ئیمامە، سەری دایکم ماچ دەکەن. سەری دایکم وەک گومبەتەکەی ئیمام کازم پیرۆز بوو. ماچکردنەکە گەیشتە سەر ئەوەی ژنان، کیژەکانی هاوڕێ و هاوپۆلەکانم سەری ئێمەشیان ماچدەکرد. وایاندەزانی ئێمە، بۆیە لە خوێندن، لە بیرکاری و زمانی عەرەبی زیرەکترین، کوردین و زمانە فارسییەکەمان، ناسک و شیرینە وەک شیعرەکانی فروخی فروخزادە. چونکە، بەمندالی لەناو حەوشە گەورەکەی خانووەکەمان، لە کەرخی بەغدا، دوو گومبەت و هەر چوار منارەکەی مەزاری پیرۆزی ئیمام موسا کازممان لێوە دیار بووە. تیشکی پیرۆزی لە دەرگا، پەنجەرەی ژوورەکان، سەرین، کەلوپەل، دەفتەر و کتێبەکانی باوکمیشی دەدا.

دوایی ئێمە، من و خوشکەکانم لە دایکمان پرسی، زوو زوو دەمانپرسی، ئەویش بەردەوام دەستی لەگەڵ نەخش و نیگار و تەون بوو. دوو ساڵ بوو باوکم نەگەڕابووەوە، نەماندەزانی لەکام وڵات و شاخ و دەڤەرە. ئەو خەمی منداڵەکانی نەبوو، بەڵام! وردە نامە، بروسکە سڵاو، هەواڵی سەرپێی هەبوو. ئێستا کە گەورە بووم و دونیا گەڕام، دەزانم باوکم ماوەیەک لە دوورگەی ماڵتا بووە. زۆرم پێ سەیرە، وامدەزانی، دایکیشم هەر وایدەزانی، ماڵتا، گوندێکی دەڤەری بادینانە. دایکم زوو و بەدرێژی وەڵامی دەدایەوە، کە لێمان دەپرسی:

(دایە بۆ ژنان لە رەزائیە، سەری تۆیان ماچدەکرد! تۆ ژنە سەیدێکی کوردان بوویت، نەک سەیدی شیعەکان، سەیدی ئازەرییەکان نەبوویت، بۆ سەریان ماچدەکردی؟).

لەبیرمە ئەو دەیگوت:

چونکە رۆژێکیان بە ژنێکم گوتبوو. لە بەغدا لەناو ماڵەکەمان، هەردوو گومبەتەکەی ئیمام موسی کازمم لێوە دیار بوو. منارەکانی. باڵندەکان، بەس لە دەوری دەخولانەوە، لە سەری نەدەنیشتن، پیسیان نەدەکرد! من پێم گوتبوون: منارەکانی مەزارەکە رەونەقیان بە رووباری دیجلە دەدا. ئاوە مەندەکەی: خەم و ژان و سەربردەی زۆری دەهێناودەبرد، دەدا.

ئەودەمانە لە دایکم نەپرسی! دایە بۆ ئەوان، ئەو ئیمامەیان لا پیرۆزە! تا ئەو بڵێت، (ئەگەر زانیاری هەبووبێت) یان نەیدەزانی ئەو ئیمامە چەند پیرۆزە، زانا و گەورەیە. ئەو، یان شار و کەلتوور و مێژووی بەغدا. ئەو، یان «جەعفەری مەنسوور» و «هارون ئەلرەشید» و «حەلاج». ئەو، یان «ئەبو نەواس» و «جەواد سەلیم»

و پەیکەر و دیواربەندە درێژەکەی گۆڕەپان و چوارڕیانەکەی سەعدون و ڕەشید و هەموو بەغدای دەرازاندەوە، کامیان پیرۆزترە!؟

ئەوان، ئەویان لە هەموویان پیرۆزتر بوو. چونکە ئیمامی حەوتەمی دوازدە ئیمامەکەی شیعەکان بوو. باوکی زانایەکی گەورە بووە. لەسەر داوا و فەرمانی خەلیفەی موسلمانەکان هارون ئەلرەشید، ژەهرخواردوو دەکرێت و دەمرێت. ژەهریان بۆ لەناو دنکە خورما کردووە. خورمای شیرینی لێ تاڵ دەکەن، خورمای پیرۆزی ڕۆژووشکان و تێشووی سەفەری لێ ژەهراوی دەکەن.

ئەوە مێژووی گەورە سەرکردەکانی ئیسلامە. گەورەکانیان، زاناکانیان: بۆ کورسی، دەسەڵات، سوپا، ژن، حەلال و حەرامەکانیش، هەموو شتیان دژ بەیەکتری، بە پیرۆزی و گەورەکانیان کردووە!

من و خوشکەکەم بەیەکەوە لەدایکبووین. ئەو ڕۆژە باوکم لەسەر کار بوو. خەریکی نووسین و دەوامی ئاسایی خۆی بوو. من و ئەو خوشکەم، جمک و دووانە لەدایکبووین. دایکم دەگێڕێتەوە من بە منداڵی، بە کۆرپەیی زۆر گریاوم. ئەوەندە گریاوم بەشی خوشکەکەم لە گریان خواردووە. سەرەتا بۆ خۆم، هەر لە بەردەستی پەرستارەکە، لەگەڵ خوێنی هەناوی دایکم، لەگەڵ ژانەکانی ئەو گریاوم. بەشی تەمەنێکی زۆر، ساڵانی زۆر، شەوانی تەنیایی، منداڵی بێناز، دووریيمان زۆر گریاوم. وەک ئەوەی بزانم، ئەو، لە من، لە دەستەخوشکی، لە شەڕەموروو، لە ڕەنگکردنی نینۆک، شەڕی کەزی کاممان درێژترە، بردنی شانەی یەکتری، خوشکەکەم دووردەکەوێتەوە. گریاوم.

باوکم دەڕوات و ناگەڕێتەوە. دەڕوات و کەم دەگەڕێتەوە! بۆیە زوو زۆر دەگریم! بەڵام بەشی شیری خۆم، لە هەردوو مەمکی دایکم بەو بەخشیوە. وەک ئەوەی زوو بزانم، غەیبم هەبێت بزانم خوشکەکەم لەو دادەبڕێت. زوو لە دایکم، لە ناز و ماچەکانی دووردەکەوێتەوە. بەشی شیرەکەی خۆم، لە بەشی ڕەوای خۆم داوە بە ئەو. لەجیاتی من، شیری دایکم دەخوات و منیش شیری مەمە و نیدۆ دەخۆم. بەوەیان، بەو برە شیرە، بەو مژینە گەرمەی لە مەمکی دایکم کردویەتی ئاسوودەم، بە «مانگ»ی خوشکم دەڵێم، بنوو، ئاسوودە و ئارام!

***

گریـاوم، چونکـە کەس نەبـووە بگەڕێتەوە هەولێـر. لەناو قەیسـەرییەکەی لانکێکم بـۆ بکڕێـت. لـە دوکانە بچووکەکانی قەیسـەری هەولێـر (نازانم بـۆ خەڵک کە پیر دەبێت. کە مردن بەشی زۆری تەمەن دەبات. کەمترت بۆ ژیان و دیتن و هەناسە بۆ جێدەهێڵێت. حەز دەکەیت سـەردانی کۆڵانەکانی ئەو قەیسـەرییە، تاریکە، رووناکە، ئاوەدانە، بە جوولەیە بکەیت، نازانم!).

لەگـەڵ بۆنـی کەبـاب، بەهـارات، پەنیر، قـاوە، هێل، رەنگ، سـۆز، بریقـە، ناز و نەخشـەکان، قەیسەری: کاروان، هەوار، بازاڕ و بیرەوەرییە.

بەیانییـان، پـاش سـەعات هەشـت و درەنگتـر، تـا مەلابانگدانی نیـوەڕۆ. زۆربەی دوکانەکانی قەیسـەری، هەموو کۆڵانە جەنجاڵ و تەسکەکان دەبینن:

پیرێک. مەندیلێکی سـپی. کەشـیدەیەکی زەردی نوێی گەورە و پان. جەمەدانییەکی خاوێنی بەرپیشـی باریکی توند بەسـتراو. گەنجێک، سـمێڵی باریـک کردووە، رووتی لە قژی داوە. لە ناو شـمەک، کەلوپەل، کڕیار و خاوەن دوکانەکە یان شـاگردەکە، دادەنیشـن، سـەیر دەکەن. پیاوێکی گەورە، لەسـەر کۆتەرە و کورسییەکی تەسکی باریـک دادەنیشـێت. چەند سـاڵە، هەمـوو رۆژێک لەو شـوێنە، نایـەوێ بیگۆڕێت. دادەنیشـێت و پەنجەکانی گەمە بە تەزبێحێـک دەکەن. لەگەڵ هەڵدانەوە دانە دانە، ئاودیوکردنی تەزبێحە شووشـەییە نارەنجییەکەی دەڵێت:

زۆرتـر لە چل سـاڵە، سـاڵەکانی تەمـەن و رووداوەکان. بە نەرمـی بۆ یەک کەس، بـۆ میوانێکی بەردەوام. یان بۆ دیوارەکە، گلۆپە کزەکەی سـەری، پانکە شـڕەکەی تونـد، بە کلافەیـەک داو و بەن بەسـتراوەتەوە، سـەرەکوتە دەکات، بایەکی فێنک بڵاودەکاتەوە. ئەو شـەرم ناکات، سـەربردەکانی وەک خۆی، دەگێڕێتەوە، پێویسـت ناکات لێی بپرسیت:

حاجـی، ئـەوەش بۆ مامۆسـتا بگێڕنەوە. لە شـاری «سـالۆنیک»ی یۆنـان چیتان کرد!؟ ئەو، هەموو سەربردەکان وەک خۆی دەگێڕێتەوە. لەگەڵ تەقەی ئاودیوکردنی ددانـی تەزبێحـە نارەنجییەکەی. دەمی خونچەی زاری، دڵۆپە ئاوێکی تەمەنی، خۆی بـە گۆپاڵە لووسـەکەی دەسـتی تونـد گرتووە. نـەوەک هەردووکیان، جەسـتەی و گۆپاڵەکە بکەون. یان کە چاویلکەی تەمەن و کارکردنی بە پارچەیەکی پشدێنی پاک دەکاتەوە، لە دەسـتی بکەوێت و شووشـەکەی بشـکێت. دڵی بەو شکانە دەشکێت! دانیشتووە، دەیەوێ چل پەنجا ساڵی رابردوو بگێڕێتەوە ئەو هەوارە! ئەگەر رۆژێک،

یەکێک لەو ستونە رەنگینانە. لەو نەخشە بەرەونەقانە. خاوەنە دێرینەکانی دوکان، پیشە، دەست و چاوەکانی قەیسەری دەرنەکەون. تەقەتەقی گۆپاڵەکەیان نەیەێت. سەدای سڵاو و بەخێرهاتنیان، لەناو کۆڵانە باریکەکان نەگاتە هەموو دوکانەکان. لەکاتی دیاریکراو پەیدا نەبێت، نەگەڕێتەوە، یەکێک نائومێد و بەرامانەوە دەپرسێت: حاجی دەرنەکەوت! وەستاکەمان نەهات، مامت دیار نییە! (یەکێک قەمیسێکی گوڵزاری لەبەرە، برا گچکەکەشی لەسەر کورسییەکی سووری پلاستیک دانیشتووە، کەرەستەی دار و نەجاری دەفرۆشن) خێرە تەلەفۆنیشی نەکردووە، دوێنێ ئاسایی بوو؟

هەموویان، ئەوانەی چل ساڵ و پەنجا ساڵە، رۆژانە، هاوین و وەرزەکانی تریش. هەشت نۆ سەعاتی تەمەنیان لەوێ سەرفکردووە. تەنیا ئەو چەند مانگەی سەرباز بوون. یان ئەو مانگەی چوونەتە حەج! یان ئەو دەمانەی بۆ رابواردن لە بولگاریا و تورکیا و یۆنان ماونەتەوە. هەموو تەمەنی رۆژەکانیان لەوێ ژیاون. ئەوانەی بە پیری، رۆژانەکانیان سەربەرزانە دەگێڕنەوە. لەو کۆڵانانە، لەبەردەم دوکانەکان، لە پەنا سەندوق و بەردەم دەخێڵەکان، لەناو دوکانێکی جەنجاڵ دادەنیشن:

لەو دوکانە، لەو قەیسەرییە. لەوێ پارەی ئارەقەی نێوچەوانیان بردوتەوە ماڵەوە. قازانجی کاسبییەکانیان کردووە بە موڵک و زێڕ و سەفەر و مەسرەفی کیژ و کوڕەکانیان. بەتایبەتی ئەو کوڕانەی لە دەرەوە دەیانخوێند. بە پارەی ئەو بازاڕە خانوویان دروستکردووە. بە قازانج و ماندووبوونی تا دوارۆژەکانی تاقەت و تەمەن: دیارە هێشتا قاچ، دەست، هۆش، پارە و یادەوەری بواریان دەدات، دەیانەوێ بگەڕێنەوە. لەناو قەیسەرییەکە، ئەگەرچی شێوە، دیوار، رووکار، بنمیچ و نەخشەکانی گۆڕاوە، بێ ئەوەی رووبەر، بەردەرگا، ناوکۆڵان، خاوەن، پیشە و ناوبانگی زۆریان گۆڕابێت. دەتوانن بێنەوە: لە سەر کورسییەک، دابنیشن. بیرەوەرییەکانی خۆیان بگێڕنەوە. نائومێدیش، باسی رۆژگاری ئیمڕۆ، نەخۆشی، دەرمان و چارەسەریی بکەن:

سەفەری زۆرم کردووە. بە ئۆتۆمبێلی تایبەت، بە شەمەندەفەر لە موسڵەوە، بە فڕۆکە لە بەغداوە، زۆرم دیوە و زۆریشم لەبیرە! حەقی خۆم بوو، ماندوو دەبووم و پارەی باشم دەستدەکەوت. لەساڵی ١٩٦٦ لەگەڵ سێ برادەری ماندووی ناوبازاڕی. سێ زەوقی خۆش، سێ گیرفانی پڕ و گەنجی بەزەوق و تاقەت. ئەوانەی بە ئیشکردن

ماندوو ببوون. لەناو گەراجەکەیان، لەناو دوکانەکەیان. لەدیار باخ و شیناییەکەیان. ئەوانــەی بە بازرگانی تووتن، دار، چەرم، میوە، گوێز و شـیرنەمەنی پارەمان پەیدا دەکرد و قازانجمان دەکرد. سەفەری خۆشمان دەکرد. سەفەرمان دەکرد، تا بزانین هەولێر چەند گەورەیە. دەڕۆیشــتین تا بزانین، دەتوانین زۆرتر بەیەکەوە پرۆژەیەکی گەورە ســازبکەین، سەرمایەکانمان تێکەڵ بکەین. گوتوویانە بە سەفەرکردن، برادەر و خزم و بێگانەش یەکتری دەناســن!

ســەفەرمان دەکرد، تا زۆرترین رەنگ، تام، جەســتە، بەژنی ژنان ببینین و بکەین. (بــە بزەیەکــی شــیرین. چاوەکانی لەبــەر پێڵووە چورچە و شــل و چەرمە خاوەکە دیــار نەبــوو. بەڵام، توند گۆپاڵە لووســەکەی لە کاشــییەکە چەقاندبــوو. پێیەکانی نەدەجولاند، یان پییەکانی لەناو پێڵاوە نوێیەکەی ســڕببوون).

مــن، تــازە ئۆتۆمبێلێکی فۆکــس واگنی ئەڵمانیام کڕیبوو. لــە هەولێر پێیان دەگوت قاڵۆنچە! لەو شارە ناوەکەی وا ناسرابوو؟ نەخێر! لە دەرەوەش «بیتلز»ی ناو بوو. بەو ئۆتۆمبێلە بچووکە، بەڵام نوێ بوو لە هەولێر دەرچووین: لە «موسڵ»ەوە بەرەو «تل کۆچک» و «قامشــلۆ» و «نەســێبین»، لەوێش بــۆ «ئورفە». لەوێ ماندوو بوویــن، وەک قاڵۆنچــە پانببووینەوە. شــەو کەباب و عەرەقمان دەخــوارد، گوێمان لــە گۆرانی ســووتان رادەگرت و ماینەوە. لــە هوتێلێکی نزیــک بازاڕەکە، یەکەمجار عەرەقــی تورکییمــان لەگەڵ ئــاو خواردەوە. بەڵام بەوە تێــر نەبووین و چی بکەین، ئێمە لە عەرەقی عەنکاوە راهاتبووین.

هــەر بــە قاڵۆنچەکــە، چووینە ئەنقــەرە و ئەســتنبۆل. هەر بە فۆکــس واگۆنەکەش گەڕاینــەوە. قاڵۆنچەکــە، هەموومانــی بردە ســەر کەناڵ و بەنداوی پســفۆر، ــ کە دەریای رەش و مەڕمەڕە بەیەکتری دەبەستێتەوە و بەیەکەوە لەگەڵ کەناڵی دردنیل دوو کیشــوەر، دوو کەلتــوور، دوو مرۆڤ لەیەک جیادەکاتەوە، ئاســیا و ئەورووپا ــ، قاڵۆنچەکــە ئێمەی گەڕاندەوە هەولێر. بۆیەش هیتلەر ناوی نابوو ئۆتۆمبێلی میللەت! کاســبییمان دەکــرد، خەڵک لــە بازاڕ بە کڕین و فرۆشــتن دەوڵەمەند دەبوو. پارەی پەیــدا دەکــرد. هیچ ســەرچاوەی تــر نەبوو، تەنیا کاســبی هەموو. لوتفی شــیرین، دەســتی رەنگیــن و راســتگۆیی هەبوو. بەوانە دەبووینە ســاحیب پــارە، ئۆتۆمبێل، لۆری، گەراج، موڵک و قەسرا!

ڕۆژانە، لەو قەیســەرییەی تێدا: بۆنی ژن، چاوی ژن، نازی ژنان، ئەفسانەیەکە تەنیا

لەو شارە، لەوێ، نمایش دەکرێت. هەر لەو بازاڕەش میوانەکان بیر لەوە دەکەنەوە، سەربردە کۆنەکان، سەیرانە جوانەکان لەسەر کورسییەکی کۆنی شایستە، لە دیار هاتوچۆی ڕێبوارەکانی بۆ سەیران و جوانی سەردانی قەیسەری دەکەن، بگێڕنەوە: پیاوەکە، تەمەنی نزیک هەشتا ساڵ دەبوو. لەناو کۆڵانەکانی بە چراکان ڕووناک، بە ڕەنگەکان شادمان، بە ژنان هەستیار دەردەکەوێ. دوو کڕیار، وەستانی هەواڵپرسین و زەنگی تەلەفۆنێک، کابرای لە گێڕانەوەکە رادەگرێت. ئەگەرنا هەموو ڕۆژێک سەربردەی هەبوو، چیرۆکی تەواونەکراوەی هەڵدەگرت و دەمایەوە. خەڵکیش هەبوون، گوێی لێ رابگرن و چەندان کەسیش تۆماریان دەکرد. وایاندەزانی مێژووی شارەکە دەنووسنەوە. وادەزانن نووسینەوەی غەڵبەغەڵب، سەودای بازاڕ، پارە و بازرگانییەکان مێژوویکی شایستەیە.

***

لە سەرەتای هەشتاکان. شارەکە، وڵاتەکە ناخۆش بوو. بەیانییان زوو فڕۆکە ماندووەکانی کۆماری ئیسلامی، وەک باشوکەیەکی مێینەی سک پڕ هێلکە، خۆی لە ئاسمانی شارەکە دەکرد. شەقەشەقیان بوو. بەر لەوەی بۆردومانی بکەن، دەلەرینەوە. ئینجا سامیان هەبوو. شارەکەیان دەهەژاند، دەترساند. ئەگەرچی لەسەر باڵەخانەی قوتابخانەکان، بەتایبەتی دەزگا حکومییە ڕەسمییەکان. یەکێکیان، لەسەر ئامادەیی پیشەسازی کارەبا و ناومالآن و تەنیشت کارگەی مافووری دەستکرد. یەکێکی تریان، لەسەر کارگەی جگەرە بەرامبەر گوندی بێرکۆتی نزیک ناوچەی پیشەسازی. بەڵام هیچیان لەسەر بەرزاییەکان، لە نزیک بارەگا حزبییەکان نەبوون. کە تەقەیان لە فڕۆکە ئێرانییەکانی تەنیا بەیانییان دەهاتن، دەکرد.
ئەوان، فڕۆکە کۆنە ئەمریکییە ئێرانییەکان. نەیاندەزانی شەوان هەڵبستن. نەیاندەتوانی مەغریبەکان بفڕن و بوردومان بکەن. فڕۆکە ئێرانییەکان، چەکی کازیوە، گزنگ، سپیدە و بەیانی بوون.
پیاوە بە تەمەنەکان، ئەوانەی بەنادڵی لەسەر ئەو کۆنە دۆشکە و دژەئاسمانییە دانرابوون، تەقەیان لە فڕۆکەکان دەکرد. لەبەر ئەوەی فڕۆکەکان بڵند بوون. لەبەر ئەوەی ڕووانگەکەیان نەبوو کە بۆردومانیان دەکرد، بۆیە بەرگری و بۆردومانەکەش بۆ هەردوولا سوودیان نەبوو. تەنیا شارەکەیان هەراسان و ترساو و زامدار کردبوو.

بەیانییان لەبەر ئەوەی شـارەکە، کوردنشـین بوو. لە ئیرانیش، شـاری کوردنشـین و گوندنشـینەکانیان بوردمان دەکرد. شـارەکەیان بۆردومان دەکـرد. چەند مانگێک بوو، فرۆکەی ئیرانی تاوەرێکی بەرزی ناو شاری پێکابوو. لەوێ، لەو گەڕەکە، لەناو ماڵێکی گەورە، کوڕە تاقانەکەیان دەکوژێت. باوکەکە، پاش تەواوبوونی پرسـەکەی، چلەکەی، گوێ ناداتە نزا و پاڕانەوەی ژنەکەی، کیژەکەی، سەفەر دەکات و دەڕوات.

ــ کاکـە، ناوی خودا بێنە بۆ کێ دەڕۆین؟

ــ دەڕۆیـن، بابزانیـن لەکوێ ژیان و جوانی هەیە! ئێرە بوو بە جەهەنەم.

ــ باوکە ناڕۆین، مەڕۆ!

ــ پـاش ئـەو، ناتوانم لێـرە بژیم. دونیای من تۆ و برات بوو، ئـەو نەما، دەڕۆین و سـەرهەڵدەگرین. (ئێستاش هەر لە ئوردن دەمینێتەوە، لەوێ دەژیت).

نـەوت کـەم بـوو. کارەبا باش نەبـوو. کوڕەکان هەموو سـەرباز و فیـرار بوون. لە دەرەوەش، شەڕی ناوخۆ و ڕاگواستنی گوندەکان، ترسێکی مەزنی لەسەرمان دانابوو.

***

نەرم نەرم، حاجی بیرەوەرییەکانی دەگێڕێتەوە، بەڵام وەڵامی سڵاوی ڕێبوارەکانیشی دەدایـەوە. ئەگەرچـی چاوەکانی، لەبن پێڵووە چورچەکـەی دیاریش نەبوون، بەڵام! دیارە شـتێکی هـەر دەبینی، ئەدی بە خۆی لەو جەنجاڵییە، بـە ئۆتۆمبێلەکەی لەو پەڕی شـارەوە نەدەهات! هەر بە خۆشی ناگەڕێتەوە!؟ دەربازیشت دەبێت:

گوتم، بەر لەوەی ڕۆژێکیان بەر موشەکێکی ئیرانی بکەوم. بەر لەوەی کاروکاسبییەکەم بەیەکجاری بوەستێت. نەوەک، تۆبە بکەم و بیر لە حەج و نوێژ بکەمەوە. بەر لەوەی سـنوورەکان دابخرێن و سـەفەر قەدەغە بکەن. با دوا سـەفەر بکەمەوە. با دیسـان لە ئاسـمانەوە سـەیری دونیا بکەمەوە. لەناو فرۆکە. بە سەرخۆشـی سەیری هەور ، پێچی ڕووبار، جوولەی شـار، دارسـتان و سینگی سپی ئاسمان ببینم.

لە بانک برادەرەکان لێم کۆدەبوونەوە. هێشـتا ڤیزاکەم نیشـان نەدابوون، پێنج سەد دیناریان بە دۆلار بۆ دەگۆڕیمەوە. دۆلار لەو شارە، بەدەگمەن خەڵک ئاشنای ببوو.

ــ سـەد دۆلار بە چەندی بوو؟

ــ باشـم لەبیرە، شـەش سەد دۆلارم وەردەگرت! (شاناز، توند گۆپاڵەکەی گرتبوو. دڵنیابوو لەسـەر ڕەونەقی کاشـییەکەی بن پێیەکانی، نووکی گۆپاڵەکەی ناخزێت).

ـ پارەکە زۆر بوو.
ـ بۆ بولگاریا، زۆر بوو، لەو وڵاتە سۆسیالیستە دەبووینە پاشا!
ـ وڵاتێکی خۆش بوو؟
ـ زۆر! بەتایبەتی ژنەکانیان، بەیەک پاکێتی رۆسمن، کێنت، بە بۆنێکی تورکی، کیژی وا لەگەڵت دەهاتنەوە بڕوات نەدەکرد. دەمانپرسی خودا، بنیادەمی وا لووس و گەرم و نەرمی دروستکردووە. کە تەواو دەبووین و خۆیان دەشووشت، دەبوایە بچنەوە. ئەوان، نەدەگەڕانەوە و دەگریان، دڵۆپ دڵۆپ بەو فرمێسکانە زێرت لەحیم کردبوایە. (حاجی لەگەڵ ئەو قسانەش، کەشیدەی لاردەبووەوە، راستی دەکردەوە و تەقەیەکی لە نووکی گۆپاڵەکەی دەهێنا، دیارە نیشانەی تەقەکانی گەنجی بوو).
هەموو شتێکی ئەو وڵاتە سۆسیالیزمیانە خۆش بوو، بەڵام! پۆلیسەکانیان زۆر خراپ بوون. خوێڕی بوون. پارەیان دەویست، تێر نەدەبوون، شەرمیان نەدەکرد. لە گۆشەیەکی هوتێل، لەسەر مێزێکی نانخواردن. پەرداخی بیرەمان لەدەست بوو، پانتۆڵمان هەڵدەکێشایەوە. پۆلیسەکان: بۆ پارە، خاوە، گەوادی دەگەیشتنە سەرمان.

***

لەو قەیسەرییە کۆنە. لانکیان بۆ خەو و شەو و خەونەکان دروستدەکرد:
یەکێک لە دەوڵەمەندەکانی هەولێر. پیاوێک، بە کەوا و سەڵتە، یان ئەفەندییەکی عوسمانی. رەنگە یەکێک ئەوەم بۆ راست بکاتەوە، بڵێت دەستەواژەی ئەفەندی، ئەگەر عوسمانییەکانیش بەکاریانهێنابێت، دەستەواژە، نازناو و پۆستێکی کۆنی یۆنانییەکان بووە. گریکەکان بۆ پیاوی دەسەڵاتداری رەها بەکاریانهێناوە. وشەی ئەفەندی، عوسمانی و تورکی نەبووە.
چەڵەبییەکی ئەو شارە. بەو شەمەندەفەرەی شاری موسڵی بە حەڵەب، لەوێش بە ئەستنبۆڵ و پاریس دەبەستایەوە.
چەڵەبییەکە دەچێتە حەڵەب. لەناو بازاڕە کۆنە باریکە تاریکەکە. هەموو سەودا، کڕین، بەخێرهاتن، خواحافیزی، سەیرکردن، کارەکانی تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە.
نایەوێ لەوێ ،لە بازاڕە گەورە کۆنەکە، دوکانێک، دوو یان سێ گۆشەی کڕین و فرۆشتن و مەخزەن بکڕێت. دەگەڕێتەوە، دەیەوێ بازاڕ و دوکان و خانەکانیان

نۆژەن بکاتەوە. نەخشـــەکانی بگۆڕێت. یان نەخشـــەیان بۆ بسازێنێت، لاسایی بازاڕە گەورەکانی شاری حەڵەب بکاتەوە.

ئـەو، لەگـەڵ مـام و بـرا و برازاکانی دادەنیشـێت، بیرۆکـەی قەیسـەرییەکەیان بۆ راڤە دەکات. پارچە کاغەز و نەخشـــەیەکی قەیســـەرییەکانی شـارەکەیان، لەبەردەم دادەنێت. بەیەکەوە نەخشەی دوکانەکان، شوێنی دەرگا و نهۆمی سەرەوە و رووبەری دوکانەکان ساز دەکەن.

هــەر لەوێ، لەو رۆژەی هێشـتا قەیسـەرییەکە دانەنرابوو. کەرپـــووچ لە کوورەکانی پشت ماڵەکانی سەعدوناوە نەکڕابوون.

وەســـتاش دەستنیشـــان نەکرابـــوو. دوکانـــەکان پۆلیـــن دەکـــەن: بـــۆ عەتـــارەکان، کوتاڵفـــرۆش، پەڕەچـــی، کورتاندروو، ســـەفار، زێڕینگر، کارگەچـــی، بەرگدوورەکانی شارەکە دادەنێن. دەیانەوێ، قەیسەرییەکان بکەوێتە نێوان هەردوو مزگەوتەکەی ناو بـــازاڕ و نزیک گەڕەکی جوولەکەکان، تەعجیلی جوولەکە.

پـــرۆژەی قەیســـەرییەکە دادەرێـــژن. پێـــش ئـــەوەی دوکانـــەکان بناخـــەی دابنێـــن. جوولەکـــەکان، وەســـتا و کارامەیـــی و کارمەندی جوولەکەکان. پێش خزم و ناســـیار و زاوا و پیاوەکانیـــان. جوولەکـــەکان، بـــۆ بەکرێگرتـــن و بەڵێنی کلیلـــی دوکانێک بۆ ســـەفاری. یەکێک بۆ زێڕینگری. یەکێک بۆ فرۆشـــتنی قەند، شـــەکر، تۆچا، گوریس، بـــەن، قایش، ئاوریشـــم، کل، دەرمان، خم، جفت، شـــەکر، دارچیـــن، قەفتان، کەوا، ســـەڵتە، خڕیلە، دەرزی و زیو ســـەریان لێ دەدەن. بەر لەوەی، دار و بەردێک، بەر لەوەی وەســـتایەک، کەشافێکی شارەوانی ئاگای لە دروستکردنی قەیسەرییەکە بێت. جوولەکـــەکان، دوو مەلای کاســـب، دوو عەتاری شـــارەزا، پەنیرفـــرۆش، بەقاڵەکان. چایەچییەک، سەوزەفرۆشـــێک روویان تێدەکەن. هانیان دەدەن، داوایان لێ دەکەن، لە قەیســـەرییەکە خەمسارد نەبن، نەکشێنەوە و هەولێر بکەنە حەڵەب!

عوســـمانییەکان، قەیسەریی هەولێریان دروســـتنەکردووە. پێش هاتنی ئینگلیزەکان. پێـــش دامەزراندنـــی مەملەکەتی عیراق، وەک دیارییەک بۆ نەوەکانی شـــەریفی مەکە و دڵدانـــەوەی بەگـــزادە ناســـەکانی. دوور لـــە مەکـــەی پیـــرۆز و مـــاڵ و پیـــرۆزی باپیرەکانیان، مەملەکەتێک بە ویســـت و پێوانی ئەوان لە نێوان دوو رووبارەکە.

لـــە بەشـــێکی خاکی میزۆپۆتامیـــا دادەمەزرێنن. بـــە قەڵەم ســـنوورەکە دادەرێژن. ســـنوورێک، ماندوو و شـــەرمەزار. ســـنوورێک، باڵێکی لە ســـەحرا، لەناو لمی تینوو

دەچەقێت. سنوورێک، چیا، شەختە، ئاوی کەنداو و ئەهوارەکان دەیخنکێنێت. سنوورەکە، دەکێشن و ئیمزای لەسەر دەکەن. بەیەک نووکە قەڵەم، بەیەک هەنگاویش ناچنە ناو سنوور و قەڵەمڕەویی شاهەنشای ئێران. سنوورەکە دڵی دۆستە بەنازەکەیان زوێر ناکات.

لەناو وڵاتەکە. هەموو رووبەر، دەسەڵات، قشڵە، گرد و قەرەقووڵی عوسمانییەکان دابەشدەکەن. یەک هەنگاو، بە چاو، سەیرکردن و بەنهێنییش لەناو سنووری ئێران ناچنە ژوورەوە.

قەیسەرییەکە، ویستی پیاوێکی دەوڵەمەند، خاوەن موڵکێکی ناو بازاڕ بووە. دوکانەکانیش، بەکرێ بۆ هەموو پیشەوەرەکان دادەنرێت، بۆ پۆشتەکردنی شارەکە. بۆ دوورینی کەوای شایی و یەخەی گەرم.

بۆ نان، ئاو، سەوزە و کەبابی چەور. بۆ رەنگ، ماڵ، منداڵ ئەو بازاڕە دەکرێتەوە. ئێوارانیش کە بازاڕ ماندوو بووە، دەرگا نەخشینە دارەکانیش کلیلدراوە.

لەو قەیسەرییە، لەو بازاڕە کۆنە. هەموو منداڵێکی شارەکە، گوندەکان، قەزا و ئاوەدانی و رەوەندەکانیش لانکیان بۆ کۆرپەکانیان بردووە. کیژەکە، کە لە بەغدا لەدایکبووە. ماوەیەک، بۆ لانکی خەون و قەرەنفڵ و دەسترازە گریاوە.

***

# هەولێر ـ قەرەچوغ

## بەشی دووەم          ئێران و ئێراق

ئـەو ژنـەی رووبـەڕوو پێمگوت: لـە چاوەکانت دیارە عاشـقی. عیشـق بکە و داوی ئـەو عیشـقە لـە پەنجەکانت، لەنـاو دێری شـیعرەکانت بەرەڵا مەکە. بەسـە خەم! بـا کۆڵارەکـەی دڵت. لەسـەر تاجینە دڕکێـک، لەناو گۆمێکی کرمن و لقی شـکاوی دارێک. لەبەر سـێبەرێکی کەمدەرفەت و دەلیڤە، بەشـپرزەیی، شکاو و زامدار سیس و پەشیمان نەبێتەوە.

بـەڵام، ژنەکـەی نەیزانی، نەیتوانـی لە گچکەیـی بگرێیت، گریانەکـەی دوادەخات. بەڵام! دوایی پاش ئەوەی دەبێتە ژنێکی جوانی ناو باخی هونەر، لەگەڵ نەخۆشـییە کوشندەکەی یەکتری دەناوڵێنەوە. ئەفسوس، ناتوانن فرمێسکی یەکتریش بسڕنەوە: کیژەکە زوو نەخۆش کەوت، پەکی دەکەوێت. ناتوانێت شـەڕی نەخۆشـییەکە بکات. لەنـاو رەنـگ و هونەر بوو، کە دەزانێت نەخۆشـە. تازە هاتبووە ناو باوەشـی دایک و باوکـی و خوشـکەکانی، کە دەزانێت نەخۆشـە. ویسـتی بە هونـەر و رەنگەکان، بـە سـەمای ئاواز و سـووتانی پیـرۆزی هونەر و ئاسـوودەیی، خێزانەکەی لەسـەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکە شەڕی ژانەکان بکات. شەڕی دژواریشی دەکرد. دڵنیابوو، سـەفەری تر دەکات نەک سەفەری مردن:

دڵنیا بوو دەچێتە وڵاتی ژاپۆن. لەوێ، گوڵ، رەنگی زۆرتریان بۆ سرووشـت داناوە. ژمارەی رەنگەکان لەوێ زۆرترە.

ئـەو بەر لەوێ نەخۆش بکەوێت، بمرێت دەیگوت:

دەچمە ئەو وڵاتەی رەنگی لە وڵات و باخی تر زۆرترە. خوشـکەکەی پێی دەڵێت: ئێمە لەناو حەوشـەکەمان، کە لە رەزائیە بووین، باوکمان پێشـمەرگە بوو. دایکم و

ئێمەش ،خوشــکەکان چاوەڕوانی دیتن و ماچ و چاو و ڕاز و هاتنی تۆمان دەکرد!
باوکم بە مۆڵەتیش کەم دەهاتەوە. بەردەوام میوان، کەسانی ماندوو، خێزانی گەورە، منداڵی نەخۆش، ژنی ڕەشــپۆش و پیاوی بەزیوی بۆ دەناردین. بەڵام، ڕۆژێکیان من هێشــتا نەچووبومــە مەکتەب، نا لە پۆلی دووی ســەرەتایی بــووم. پیاوێکی لاوازی ســمێڵ باریکی، دەموچاو ڕەقی قژ بە گلوازەی ســیس، بەڵام دڵتەر، شــل، نەرم بە ئاواز، موزیک، بەزمی خۆش و قسەی شیرین میوانمان بوو. ئەویش بەزیبوو. ئەویش هاتبوو بڕوات و دووربکەوێتەوە. بەڵام ســولاڤی هونەر و شــیلەی هونەری لێ دەتکا. هاتــە ماڵەکەمــان، شــەوێکی ســارد، بەڵام گەرم بــە گۆرانی و ئــاواز، گۆرانی خانم خانمــی بــۆ من گــوت. منیش بە ئاواز و گۆرانی و ســووتانەکەی هەڵدەپەڕیم، گوڵی ســەر مافوورەکە، نەخشی سەر دیوارەکان و تیشــکی ڕووناکییەکەش، لەگەڵ دەنگە بەســۆزەکەی هەڵدەپەڕین. شــەقام و ڕژێمە ئیســلامییەکەمان بەو شــەوە هێنابووە جۆش و سەما.
من هەڵدەپەڕیم. منی منداڵ، نەمدەزانی بە چ سۆزێک ئەو پیاوە وا سووتاوە و گۆرانی دەچڕێت. ڕەنگە نەیویســتبێ بۆ شــارەکەی، بۆ خەونەکانی بگرێیت. ویستوویەتی بە گۆرانی و هەڵپەڕینی من، کەشــە کەساس و نائومێدییەکانی بگۆڕێت.
زۆرجار گۆرانی بۆ شاردنەوە و گۆڕینی دۆخەکەیە، «حەسەن حەیران»، پیاوەکەی لە هەموو شــەڕ و نەبەردییەکەی دەشتی هەولێر و سەفین، یەک گوللەش نەیترساندووە و ماندووی نەکردووە. بەردەوام بە گۆرانی و حەیران شەڕی کردووە، خەڵکەکەی بۆ شەڕەکان گەرم کردووە.
لــە ورمێ، کــە ماڵمان لەناو خانووە کۆنە ڕووســییە کەرپووچەکە بــوو. لەودەمانە، یەک تروســکایی هیوای گەڕانەوەمان نەبوو. گوڵە گێلاس دیوار و حەوشــە و ســەر حەوزەکــەی ڕەنگ کردبوو. ڕەنگێکی کــراوە، پێدەکەنی. بەیانییان، پێش چاوەکان: ئــەوان ڕوومەت و چاو و لێویان دەکردەوە، بەهاران دایکم دەیگوت:
چاوی ئەو گوڵانە لە چاوی «مانگ»ی خوشــکتان دەچێت!

❊❊❊

ئێمەش ئەو خوشــکمان نەدیبوو، خوشکمان بوو، من چاوەکانی ئەوم نەدیبوو. بەڵام لــەورۆژەوە گوڵە گێلاســمان پــێ جوانترین گوڵ بوو. لە ئەســتێرەش جوانتر. جوان

وەک دەمی شـەکری دایکم، وەک پیتی نووسـینەکانی باوکم. لە هەموو ئاماژەیەکی ترمـان پـێ جوانتر بوو. (لەگـەڵ ژنەکەی بەیەکـەوە لە بەرزاییەکی شووشـەبەند، سەیری هەولێرمان دەکرد، دەیگوت).

مانگی خوشـکم، چاوی لە چاوەکانی من جوانتر و گەشـتر بوو. سیحراوی بوون. درۆ نییـە ئەگـەر بڵێم ئێرەییم بە رەنگ و سـیحر و پانتایـی چاوەکانی دەهات. بۆیەش، دوایی و پاش ئەوەی سـینگی دەبێتە باخ و رەزێکی ترش و شـیرینی گوڵە گێلاس، گوڵی «ساکورا»، دەبێتە خەون و هیوای خوشکە هونەرمەندەکەم. دوایی من دەزانم بۆ مانگی خوشـکم شـەیدای ئەو گوڵەیـە. ئەو رەنگەیە. بۆ گوڵەکـە بوویتە هێمای ژاپۆن، چونکە:

ژاپۆنییـەکان، بـە قەناعـەت و پیرۆزییەوە، وادەزانـن گیانـی مردووەکانیان. رۆحە ماندووەکانیان، هەسـتە هەراسـانەکانیان، رۆحە جوانە شووشەییەکانیان، لەناو ئەو گوڵە زیندوو دەبێتەوە. رۆح و دڵ و گیان و ناویان، لەناو گوڵێکی شکۆفەیی زیندوو دەبێتەوە. پیرۆزییەکەی تەواو نابێت.

فرۆکەوانـە جەنگییەکانـی ژاپۆن. لە رۆژان و شـەوانی شـەڕەکانی جەنگی دووەمی جیهـان. بـۆ مان و خۆڕاگریی و پاراسـتنی وڵات و گوڵزارەکانـی. ئەوانەی دەفڕین، دەیانویسـت لـە ئاسـمان و نزیک لە خودا. خـودا بە هەموو ئاینەکان لە ئاسـمانە، زۆریش بەرزە. لە دووکەڵ و هەناسـە و جنێو و بوختانی رەش دوورن، زۆر دوورن. لە ئەسـتێرەکان نزیکن. بۆیەش باوکم من و خوشـکمی ناو نابوو (رۆژ) و (مانگ). من رۆژ و ئەویش مانگ. من کەوتمە ناو باوەشـی دایکم، نزیک لە سـۆز و باوەشـی گەرمـی. زۆریـش نزیک نەبووم لە باوکم. بەڵام مانگی خوشـکم، لە دایکم و باوکم و ئێمەش دووردەکەوێتەوە. بەتەنیا لە هەولێر دەمینێتەوە. لەوێ لەناو کۆشـێکی نەرم و گـەرم، بەڵام دوور لە نازی ئێمە دەژیت.

لە ژاپۆن ئەفسەرەکانیان، وێنەی گوڵی ساکورا لەسەر باڵی فرۆکە خۆبەختکەرەکان دەنەخشـێنن. دەمـرن و دەتەقنـەوە، تا زینـدوو ببنەوە. دەمرن، تا وەک گێلاسـی بەهاران بێنەوە ناو باخەکان. دەمرن، تا نزیکی دەسـت و چاو و زیندەوەرەکان بن. مانگـی خوشـکم ئەو رەنگە، ئـەو گوڵە بۆ زیندووبونـەوە، وەک نائومێدییەکی پاش نەخۆشییەکە، هەڵدەبژێرێت.

ئـەو، مانگـی خوشـکم بەر لە دایکبـوون دەمرێت. ئـەو زوو مرد بـوو. واماندەزانی

مـردووه، ئیمانـدارم نیـم، بڕوام بـه فاڵ، قاوه، خـەون، سـەربرده و هوڕێنه نییه. بەڕاسـتی مرد بوو. زوو من و خوشکەکانم له دایکمان دەپرسی:
ئەگەر خوشـکێکی ترمان هەیه، ماوه و نەمردووه بۆ دیار نییه؟ بۆ جارێکیان باوکم لەجیاتـی کتێب، جەمەدانی، چڵکی پشـتەمل، یەخەکانی، ماندووبوون و خەونەکانی لەگـەڵ خـۆی نایهێنێتـەوه ماڵێ؟ خانووەکەمـان گەورەیـە و ژووری زۆرمان هەیه، بەشـی ئەویش دەکات! ئەدی من و ئەو بەیەکەوه بەیەک سک لەدایکنەبووین!؟ ئیتر بەسـە بـا ئـەو دوور نەبێت! بۆ خۆمـان بەیەکەوه له ژوورەکەی من، له دیار سـۆبا گەورەکـە. لەنـاو یەک پێخەف و پەتۆیەک دەخەوین. لـە قوتابخانەش دەچینه یەک پۆل. ئەو سـەبر سـەبر فێری زمانی فارسـیش دەبێت. به هاتنەوەی ئەو، گەڕانەوه و دۆزینەوەی، ژوورەکه بەرینتر، خاوێنتر و شـیرینتریش دەبێت. رەنگه ماوەیەکیش له خوێندن دابڕیم، گوێ له سەربردەکانی ئەو رابگرم، بەڵام زۆر ئاساییه، خوشکی خۆمه.
پێـش ئـەوەی خوشـکم بێت، بگاتـە لای ئێمـە و بیبینم، گوێ لـە رازەکانی بگرم. دەمزانـی سـەربردەی سـەیری پێیه. قسـەی زۆره بۆ دایکم بگێڕێتـەوه. ئەو یەکەم منداڵـە، لـە دایکـی دوور بووه و لـە ژیاندا ماوه. ئەو دەزانی ژیانـی بێ دایکی، بێ خوشـکەکانی بگێڕێتـەوه. ئەو دەزانێـت، چاوەڕوانی دایک چەند درێـژ و تاڵە. ئەو زیندووێکی مردووه حیسـابە. مردووێکی زیندوو ئەژمار دەکرێت!
من بچووک بووم دەمپرسـی. بەڵام! خوشکه گەورەکەم فامی دەکرد، نەیدەپرسی:
بـۆ ئـەو لێـره لەگەڵ ئێمه ناژیت؟ لەو شـاره سـەوزه و نزیک دەریاچه سـوێرەکه، لەنزیـک باخـی گێلاس و سـێو، هەناسـەی فێنک و پـاک ناخواتـەوه!؟ ئەدی ئەو، باوکمان بەردەوام لەناو کوردسـتان نییه، دەسـتی ناگاته خزم و کەسوکارمان؟ ئەو ناچێتـەوه؟ قەڵـەم و هزر و نـاو و وتارەکانی لەوێ نییه؟ بۆ جارێکیان خوشـکمان ناهێنێتەوه!؟ ئەگەر ئەو نەتوانی چاوی خوشـکمان، دڵی خوشـکمان بۆ بهێنێتەوه، بۆ دەگەڕێتەوه؟
ــ سـەرێکی خەمباره: باوکت وایه، زۆرتر خەمی کورد و حزبەکەیەتی!
ــ بـۆ دایکه حزب له کیژی خۆی گەورەتره!
ــ لەکن باوکت بەڵێ!
ــ من چاوی مانگی خوشـکم، بەقەد ئەو ئاسمانه لا پیرۆزه!

با رۆژێکیان، شەوێکیان کە جیپەکە لەبەر دەرگاکە رادەوەستێت. باوکم لەگەڵ خۆی و دوای دابەزینی، لەجیاتی میوانی زۆر، لەجیاتی ناوی گەورە و قوورِ و چڵکاوی گوندەکان، بۆ خوشکمان ناهێنێتەوە؟ چیمان داوە لە جەمەدانی گەورەی برادەرەکانی! دەستنووس و دەفتەری کۆبوونەوەکان. ئێمە و دایکم، بۆ چیمانە، ئەو هەموو دەنگوباس و هەواڵە رەق و ناخۆشانە!؟

چەند ساڵە چاوەڕوانین. دایکە نازدارەکەمان، باوکە شیرینەکەمان زۆرمان نەماوە بڕواتان پێ نەکەین. ئێمە خوشکێکی ترمان هەیە.

دیارە من دووانە لەدایک نەبووم! دەپرسم من لە بەغدا نەبووم. زۆرم نەماوە لە رۆژنامە و قەڵەمی باوکم و نووسینەکانی گومان بکەم! دایە دڵم نایەت بڵێم وا نییە، بەڵام من دووانە لەگەڵ خوشکێکم لەدایکبووم، ئەدی کوا ئەو خوشکەم؟

دایە گیان، تۆ ئەو ژنەی، دەستت گەورەترە لە پانتایی زەوی. چاوت روونترە لە دەریای نێوان زنجیرە شاخەکان، روومەتت ناسکترە لە هەموو گوڵە گێلاسەکانی ئەو شارە! کوا خوشکەکەم وا یەک ساڵ، دوو ساڵ، جەژنیک و چەندان نەورۆز لە تەمەن و ئاوارەییمان گوزەری کرد. چەند جارە باوکم لە تارانەوە دەچێتەوە ناو کوردستان، دوور دەڕوات و _جارێکیان پاش دوو ساڵ دەگەڕێتەوە_، زۆریش دواکەوت و ترسی ئەوەمان هەبوو نەمابێت.

لەو کاروانە سەختە، جەستە گەورەکەی، چاوە کەسکەکانی ماندوو بووبێت. لە پەنا بەردێکی رەقی سەر بە قەوزەی لیچی خۆڵەمێشی کرمن، لەسەر شەختەیەکی لووسی بەردینی سارد، دڵمان نەدەهات بڵێن بەستەڵەکی دژوار، یان رەنووی بەفر زاڵ دەبێت بەسەر قەڵەمەکەی و دڵە گەرمەکەی بردووە.

لەو کاروانە باوکم زۆر دواکەوت. بەڵام، بۆ بەختی ئێمە گەڕایەوە، دیسان بەتەنیا، لەگەڵ جانتا، کتێب و دەفتەرەکانی گەورەکانی شەوێکیان گەڕایەوە. باوکە، ئەدی بۆ خوشکەکەمان ناهێنێتەوە؟

باوکم، کە دەگەڕێتەوە بۆ جانتاکەی دەست و شانی لەبیرناچێت؟ دەفتەرەکانی لەبیرناچێت؟ دەفتەرە گەورەکانی هەزارەها دێری تێدا نووسراوە، بە مەرەکەبی رەش، بە حوبری شین، هەموو لاپەڕەکانی پڕکردیتەوە. کە دەگەڕێتەوە بۆ تاخمی تراش، بۆن و خاولییە بچووکە زەردەکەی، دەستماڵە گەورەکەی دەهێنێتەوە!؟ یەکجاریش پێخواس و سەرکۆت ناگەڕێتەوە. ئەدی بۆ خوشکمان ناهێنێتەوە؟!

لەبەر ئێوە نا!؟ لەبەر من، من پەرۆشم دەمەوێ بزانم خوشکم، ئەوەی بەیەک سک و بەیەک شەو لەگەڵ من، منی رۆژ لەدایکبووە. بزانم چاوی بە چاوی من دەچێت. لووتی وەک لووتی منە. قژی زەردە. چاوی کەسکە! با خوشکەکەم بگەڕێتەوە، دەمەوێ بزانم چۆن لەگەڵ خوشکێک بژیم کە یەک تەمەنین! و بەیەکەوە لەدایکبووین. دەمەوێ، ئەوە بزانم و تاقی بکەمەوە! لەناو کیژەکانی پۆلەکەم، لەکن مامۆستا عەجەمەکان، باسی خوشکەکەم بکەم و شانازی، بڵێم هەردووکمان دووانە و بە جمکی لەدایکبووین،ماڵیشمان لە مەزارەکەی ئیمام موسا کازم نزیک بووە. فەرموو بۆن بکەن، بزانن چۆن بۆن و بخووری مەزارەکەمان پێوەیە.

ــ کیژم بەو قسە گەورانە، هەناوم دەسووتێت!

ــ دایە حەقی خۆمە! (قەڵەم جافەکەی لەناو دەستە، سەیری دەفتەرەکەی بەردەمی ناکات. رووی لە دایکی کردووە، نانووسێت. دەخوێنێتەوە. بە فارسی دەخوێنێتەوە، بەڵام بە کوردی بە دایکی دەڵێت).

ــ ئەو قسانە چۆن دەزانیت!

ــ منیش نازانم ئەو قسانەم چۆن لە دەم دەردەچێت! نازانم لەکێ فێربووم.

ــ ئەگەر باوکت شاعیر نەبووبێت، ئەوە کیژێکی دەبێتە شاعیر، وایە!

ئای کە خۆشە دایکە گیان، لەگەڵ خوشکێک بژیم کە بەیەک شەو، لە بەغدای شەهرەزاد لەدایکبووین. لەو رۆژانەی باوکم، رۆژنامەیەکی گەورەی هەشت لاپەڕەیی رۆژانەی دەردەکرد. زۆریش، رەخنەی لە دەزگا گەورە سەربازی و حزبییەکانی حکومەتی بەعس دەگرت. ئەگەرچی، یەک دەمانچەشی پێ نەبوو. هەموو نووسەرەکانی بەغدا، بەسرا و قەڵەمە عەرەبەکان، هونەرەکانیان وەک دارخورما سەرنجراکێش بوون. رێزیان دەگرت، لەبن دەستی ئەو کاریان دەکرد. وتاری سیاسی، هونەری و ریپۆرتاژی کۆمەڵایەتی، هونەری، ئەدەبی و وتاری شرۆڤەیان لە رۆژنامەکەی دەنووسی.

دایکم چاوەکانی کز و سڕ دەبوو، کە دەیگوت:

کیژم، کیژە هار و شێتەکە قسەی وا مەکە، خوشکت ماوە، لەلای پلکت دەژی، نزیک خاڵت و خزمەکانە، دڵنیام کێشەی نییە!

***

کیژەکــە هــەر بەخۆی، بەگوێــرەی تەمــەن و ڕۆژ و ســاڵەکان، وەرزی خوێندنی بۆ خوشکەکەی دەژمارد:
ئەو پۆلی چەند بوو، هەمان پۆلی خوێندنی بۆ ئەویش دادەنا. ئەوەی لێکنەدەدایەوە، ئــەو لــە وڵاتێکی ئیســلامی شــیعە مەزهەب. ئەویــش لە وڵاتێکی تــر دەژی، هەموو سیســتەم، ڕێســا، جلوبەرگ، مامۆســتا و زمانیشــی جیاوازە. دایکی حەقی نەبوو، دەیگوت:
ـ ڕۆژە، کیــژم تــۆ لە پۆلی چەند بیت، ئەویش لە هەمان پۆلە.
کیژەکەش دەیگوت:
ـ دایە، ئەویش وەک من بە زمانی فارســی دەخوێنێت؟
دایکەکــە خەریکی چنین بوو، بەنەرمی دەیگوت:
ـ نــا کیژم، مانگی خوشــکت لــەوێ بە کوردی دەخوێنێت. مەکتــەب، بە کوردییە، مامۆستاکان هەموو کوردن. ڕەوشت، خوێندن، کوردایەتی و وڵاتپارێزیان فێردەکەن. لــەوێ ئــەو ســەری کۆتە، وەک تۆ سەرپۆشــی لەســەر نییــە، وەک تــۆ نییە. ئەو ئێســتا مکیاژیش دەکات، گەورە بووە، کەزی زەردی لەسەرشانی هاتووتە خوارەوە. قردێلــەی ســووری لە کــەزی داوە. پوورت خاتوونە، بەیانییان بە شــانەی دار، دڵی نایەت شانەی لاستیک لە قژی بدات. وەک من لەگەڵ قژداهێنانی بەیانییان ئەزیەتی نادات.
خوشــکە گەورەکەمان، لە من و خوشــکەکەی ترمان وریاتر بوو. نەیدەپرسی، بۆچی مانگی خوشکمان ناگەڕێتەوە؟ بۆ نایەتە لامان؟ ئەو دەیزانی، باوکمان پێشمەرگەیە، دیار نییە کەی شــەڕەکە کۆتایی دێت. کەی دەگەڕێنەوە کوردســتان، نەیدەپرسی!
کە من تاقیکردنەوەی حیســابم دەبوو. دایکم بەستەزمانانە دەیگوت:
ڕۆژە گیان، ئێســتا مانگیش بەیانی وەک تۆ تاقیکردنەوەی بیرکاری هەیە. ئێســتا، ئەو لێرە بوایە ســەرتان بە ســەر کتێبەکە دادەگرت، بەیەکەوە دەتانخوێند.
دایکــم، بەیەکــەوە ڕۆژی تاقیکردنــەوە و خوێندنــی بۆمان دادەنــا. بەیەکەوە ڕۆژی دەستپێکردنی خوێندن، کۆتایی و وەرگرتنی نمرەکانی دادەنا. ئەگەرچی هەردووکمان! ئەگــەر مانــگ لــە ژیاندا مابێت، دادەنــا. لە دوو وڵاتی دژ بەیەک، شــەڕێکی گەرمی خوێناوییان لەنێوانە. بە چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی لەیەکتری دەدەن. شــاری یەکتــری خاپوور دەکەن. دارســتانی گەورە دەســووتێنن. ســوپای هەردوو وڵات بۆ

گرتنـی لوتکەیـەک، بـۆ بەزاندنی کەنـد و پەڕینەوە لە رووبارێـک جەنگی خوێناوی بەرپادەکەن. هەردوو بەرە، هەزارەها سـەرباز و دڵ و چاو و گیان دەکەنە قوربانی. ژنەکـەش، دەیویسـت بەیـەک رۆژ، هەردووکیـان تاقیکردنـەوەی بیـرکاری بکـەن، شەوەکەش بەیەکەوە بخوێنن!

دایکەکە دەیویسـت، هەردوو کیژەکە، لە شـەوێکی سـارد بەیەکەوە بشـوات. قژیان دابهێنێـت، بۆیـان بکاتە کەزی و بسـکۆڵەی سـەما! دەیزانی، بـەڵام لەبیری خۆی دەبـردەوە، یەکێکیـان لە هەولێرە، دوورە و زۆریش دوور. یەکێکیان بەختیارتر بوو، بەگەڵ کاروانی ماستفرۆشـەکانی گوندێکی بن هەولێر کەوت. لەگەڵ ئەو هات، ئەوی تریان کەوتە کن پووری!

رۆژەکـە رەش بـوو، (ژنەکـە دەیگوت) ئاسـان نەبـوو بتوانـم دوو منداڵی بچووک، یەکێکی گەورەتر و پرێسـکە و کۆنە دەفتەرەکانی باوکت و هەندێ کەلوپەلی ناوماڵ دەرباز بکەم. ئاسـان نەبوو. مانگ لەسـەر پشـتی کەرەکە جێگای نەبووەوە. لەناو کۆشـم جێـگای نەبـووەوە. یان پووری حەزی دەکـرد، کەزی یەکێکیـان دابهێنێت، شەوانە حەقایەتی نووستنی بۆ بڵێت. کەسیان نەیدەزانی دووركەوتنەوەکە، ئەوەندە دوورە. ئەوەندە درێژ دەبێت!

بەیـەک بڕیاری کورت، سـەرپێی، پەشـیمانییەکی زۆر، کارەکە تـەواو بوو. کیژەکە دەمینێتـەوە، ئەوانیـش، دایک و دوو کیژەکەی تر، لە هەولێر بـە رێنمایی پیاوێک، بەیانی هاتبوو مەنجەڵە ماسـتەکانی لەناو شار بفرۆشێت، دەڕۆن و دەگەنە باوکیان. دەگەنە دەرەوەی شار:

ــ ژنەکە دیارە تۆ ژنە پێشـمەرگەی؟ (پیاوەکە بێ ئەوەی دوودڵ بێت دەپرسـێت).

ــ بەڵێ برای بەرێزم، لە بەغدا هاتوومەتەوە، شارەزاش نیم. (ژنەکە، سێ کیژی لە باوەشە، کەمێک لە شار دووردەکەوێتەوە).

ــ لەو شـارە کەستان نییە؟ (پیاوەکە دەپرسێت).

ــ نەخێر، خەڵکی ئەو شارە نین، هەندێ ناسیار و خزممان هەیە، بەڵام شارەزا نین و نایاندۆزینەوە! (نەیویست بڵێت، کەس ناناسین. ئەگەرچی نیوەی شارەکە. ئەگەر باوکیشیان نەناسێت، بێگومان ناویان بیستووە. ئەوەی وتارەکانی نەشخوێندبێتەوە، دەیزانـی لەنـاو بەغـدا قەڵەمێک هەیە، بـەردەوام هەموو رۆژێک قسـەی ناو دڵمان دەکات. ژنەکـە بـە جورئەت بوو، یان نەدەبوایـە گومانی لەو کاروانە هەبوایە. چوار

کەس، دووانیان ژنی رەشپۆش و دوو پیاوی ماندوو. ئەوان بەر لە کازیوە لە گوندەکە دەردەچن. کەشـــەکە کۆتاییەکانی زســـتان بوو، بەڵام هێشـــتا ســـارد بوو، بۆیە باش خۆیـــان پێچابوو. ژنەکە ئەزموونێکی هەبوو، چەند ســـاڵە بەدیـــار پیاوێکەوە ژیاوە، نووستوە و بەردەستی کردووە. خۆشی ماوەیەک کاری رێکخراوەیی کردووە، مەعقوڵ نییە لەوانە بترســـێت، دڵی خۆی نەکاتەوە، ئەو دەرفەتە لەدەســـت خۆی بدات).

ـــ تـــۆ لێرە بە! ئێمە ماســـتەکە دەفرۆشـــین و دەگەڕێنـــەوە. (یەکێک لەوانەی چوار مەنجەڵە ماســـتی بۆ فرۆشتن هێنابوو، ماستی مەڕ! گوتی).

***

ژنەکە، وەک مریشـــکێکی باڵ نەرم و گەرم، بە ریشـــەکە ئاوریشـــمەکەی، دوو کیژە جمکەکـــەی لەبـــن باڵێـــک، کیـــژە گەورەکەشـــی لەبن باڵەکـــەی تری دەشـــارێتەوە. لەپەنایـــەک. باوەشـــێک درک. یان کۆمەڵە بەردێک. یـــان چاڵێکی هەڵکەنراوی گردە شـــوێنەوارییەکەی ناوشـــار، ـــگـــردی قاڵێنـــج ئاغا ـــ خۆی مـــات دەکات. هەموویان، منداڵەکانیش ناجولێن، هیچ ناخۆن، ناخەون، ناگرێن، قســـەش ناکەن، بەس هەناسە دەدەن و چاوەڕوان دەکەن:

خودایە، بەگەورەیی خۆت، ئەوانە زوو ماستەکانیان بفرۆشرێت، زووش پارووە نانێک بخۆن. کەرەســـتەکانی پێویست بە گوندەکە بکرن و بگەڕێنەوە.

بڕواناکـــەم منیـــان لەبیربچێـــت. (ژنەکە ئەوە دەڵێت، ســـێ کیژەکە بە گەشـــانەوەی چـــاوی دایکیـــان، ســـەرکەش دەبن و دەجولێنەوە، بەڵام لە ســـێبەر و هەناســـەکەی دوورناکەونەوە).

دوو ژن و دوو پیاوەکە، مەنجەڵە ماســـتەکانیان لەناو شـــار زووتر لە کاروانەکانی تر دەفرۆشـــن. هەرزانتر ماســـتەکە دەفرۆشن. ئەگەرچی تازەش ماستی مەڕ پەیدا ببوو، بەڵام ئەوان گەڕانەوەیان پێ گرینگتر بوو. گفتیان بە ژنێک و سێ منداڵ دابوو، بلەز بگەڕێنـــەوە، لەگـــەڵ خۆیان بیانبەنە گوندەکەیان. ئەو گوندەی لەســـەر بەرزاییەکان، ئێـــواران، یان بەیانییان، قەڵاتی هەولێری لێوە دیار بوو. ئەو گوندەی:

زۆرتـــر لە بیســـت پیاوی تێدا رۆیشـــتبوو. دوو هەفتە دەبێـــت. پیاوەکانی گوندەکە، گەنجەکانی گوندەکانی نزیک خۆیان، هاوشـــانی ئامیر بەتالیۆنەکەی ناسیار و خزم و پیاوە دڵگەورەکەیان، بەگەڵ پێشمەرگە کەوتبوون. بێ چەک رۆیشتبوون. گوندەکە،

خەڵکەکەی لەوە دەترســان. ئەگەر بارانەکەی ئەو ساڵە، وا بەردەوام بێت، دەغڵیان بــاش دەبێــت. گەنمیان زۆر دەبێت! بەڵام کێ بۆیــان بدورێتەوە؟ کێ جەنجەریان بۆ داببســتێت و شــەنەبایان بۆ بکات؟ بە پارەی گەنمەکە کام گەنج زەماوەند بکات!؟
گەنجەکانی گوندەکە، بەشانازییەوە هەموویان بەگەڵ ئامیر بەتالیۆنەکەیان کەوتبوون. بــێ چەک رۆیشــتوون. تــا لە هێزی دەشــتی هەولێر وەربگیرێــن. خەڵکەکە، هەموو کورد لەو ســاڵە، دڵنیابوون حکومەت لە بەڵێنەکانی بە _مەلا مەســتەفا_ی دابوو، پەشــیمان بوویتەوە. هەموو پێداگرییان لــەوە دەکرد. مافیان زەوتکراوە، زۆریش لە سەرکەوتن دڵنیابوون!
ژنەکە، نەیدەزانی لەو شــارە ماستفرۆشــتن، ســەعات چەند لەو بازاڕە گەرمە، کەی ئەوان تەواو دەبن! کێ ماســتیان لێ دەکرێت، ئەگەر نەفرۆشــرا، ئەگەر فرۆشــراو و مەنجەڵێکیان نەهێنایەوە! ژنەکە شــارەزاش نەبوو. یەکجار، یان دووجار زووتر بەناو شــارەکەدا رۆیشــتبوو. جارێکیان بۆ کەرکوک و جارێکیش بۆ بەغدا. شــارەزای هیچ نەبوو. نازانێت دوو پیاو و دوو ژنەکە، ئەگەر گەڕانەوە بەرەو کام گوندی دەبەن. گوند لەو دەشــتە وەک دۆمبەلان هەڵتۆقیوون! زۆرن! بەڵام، بیری لە گومانی پەیمانەکەی ئــەوان نەدەکــردەوە، زۆریــش دڵنیابــوو. نەیدەزانی چەند دەڕوات، کــەی دەگاتەوە مێردەکــەی. چەنــد لەبەر باران دەمینێتەوە. باران، خۆی، کێژ و دەفتەرەکانی چەند تــەڕی دەکەن. رەهێڵ و لێزمەی بارانە بەهارییەکەی رێگای پێ دەگرێت!

***

لەنــاو قســەکانی دوو ژن و پیاوەکــە و خواردنــی کەبابەکانیــان. کەبابچییەکــە، لە چرپەکانیان شتێک تێدەگات، بەڵام بڕوا ناکات. ئەوانیش ترسیان لەو نەبوو، قسەیان کردبــوو. بەڵام کابرا باش لێیان حاڵی نابێت.
بۆ ئەوان پەڵە دەکەن! بۆ چاوەڕوانی وەرگرتنەوەی جامە بەتاڵەکانیان ناکەن! سەرێک لەناو قەیســەری نادەن. لەناو قەیســەریش ســەرێک لە حاجییە بەزازە ناســیارەکە، عەتــارە چــاو شــینەکە و نەجارەکەش نادەن! نەیپرســی، چونکــە رۆژەکەش رۆژی مانەوە، دواکەوتن و چرپەچرپ نەبوو. چەند رۆژێک بوو، کەبابخانەکەی نزیک خۆیان تەقێندرابــووەوە. هێشــتا ریزە دوکانەکــەی بەرامبەر قاڵدرمەکــەی قەڵات، خامۆش و ســڕ و بەتــاڵ بــوون. هەموویان دەترســان، هەموویان یەک دوو پیــاو و خێزانیان

ڕۆیشــتبوو، خەڵکەکە لەتاو مردنی _مام ســەیدی کەبابچی و کوڕەکەی_ سامگرتی بوون. شارەکەش پڕ ببوو لە پۆلیسی عەرەب. لەو شارە، لە هەموو مەخفەر و دائیرە و ســەیتەرەکان. یەک مفەوەز، دوو پۆلیس، یەک مەعاونی ناســیار، یەک چەکداری پۆلیسی کورد نەمابوو. دەستەدەستە پاش ڕۆیشتنی هەموو پۆلیسەکان، چۆڵکردنی مەخفــەرەکان، پۆلیســی عەرەبیان هێنابووە شــارەکە. ئەوانیــش، وەک مەڕی گێژ و ترساو و داماوانە، لەناو شارەکە دەبینران. یەک دوو هەفتە بوو هاتوونەتە ئەو شارە و دەترســان. شــەوانە، دوو دوو پاســەوانیان دەگرت. دوور نەدەکەوتنەوە، بێچەک نەدەچوونە ناوشــار. بەردەوام بەرپرسەکانیان پێیان دەگوتن:

بــڕوا بــە کەس مەکــەن. بە گــەورەکان، بە ژنی ســەر بەعەبا و پەچــەدارەکان، بە منداڵەکانیان بڕوا مەکەن. لە عارەبانەکانیان، لە کەروبار و دەســتفرۆش و کەناس و کوورەچییەکانیان بترســن. متمانە بە هەموو کورد مەکەن!

_ ئــەدی ئەگەر متمانە بە کەســیان ناکــەن، بۆ لێرە ناڕۆین؟ (کەســیان جورئەتی ئەوەیان نەدەکرد بپرسێت!).

_ شــارەکە بەشــێکە لە وڵاتی خۆمان! (ئەفســەرەکە، بەو جۆرە وەڵامی دەدایەوە. ئەگەر پۆلیســێکی عەرەبی خەڵکی گوندێکی ســەر بە ناحیەی «شــنافیە»ی، ســەر بە قەزای «شــامیە»ی، لیوای «دیوانیە»ی _ شــیعە مەزهەب_، ئەو پرســیارەی لــە ئەفســەرێکی عەرەبــی خەڵکی گوندێکــی ناحیەی «گەرمە»ی، ســەر بە قەزای «فەلوجە» ی، لیوای «ڕومادی»ی_ســونە مەزهەب_ کردبێت).

بەڵام ئەوان هیچیان لەو شــارە نەدیبوو. یەک تەقە نەکرابوو، یەک هاون لە شــارەکە نەدرابــوو. پیکەبــە شــۆفرلێت نوێیەکانیــان، کەمینیــان بــۆ دانەنرابووە. کەســیان نەکوژرابوو و تەرمەکەی ڕەوانەی شــارەکانی باشــوور بکرێتەوە. شــارەکە ســارد و تاساو بوو. جوولەی بازاڕ و دائیرەکان کەم و سست بوو. تازە و زوو کوردێک بەناوی «ســیروان جاف» دەدۆزنەوە. دەیکەنە موتەســریفی شــارەکە. یەکێکی تر دەکەنە بەڕێوەبــەری پۆلیس. بەڕێوەبەری هەموو دائیرەکان ڕۆیشــتبوون، دەبوایە کەســانی نــوێ دابنێن! ئــەو ڕۆژەی دەردەکەوێت حکومەت و پارتی، بەعس و مەلا مەســتەفا ڕێکناکەون، چوار ســاڵی ئاشتی بە شــەڕ کۆتایی دێت. شارەکە خەڵکێکی زۆری لێ دەڕوات، دەردەچن.

***

کابـرای کەبابچـی دوو نەفەر کەبابی تایبەتی دەداتە ماستفرۆشـەکان و پارەیان لێ وەرناگرێت، پێیان دەڵێت:
ئەگـەر ئێـوەش ناتوانن یارمەتی ئەو ژن و منداڵانە بدەن، من ئامادەم. هەر ئێسـتا، ژن و سـێ منداڵەکە، بۆ کۆیە بەڕێیان دەکەم، لەوێش بیانبەنە رانیە و تەواو!
ئـەوان لە گوندەکەیان، شـەوانە ناخەون. بەرۆژ، چاویان لـە بەرزاییەکانی گوندەکە بوو. شوانەکانیان لە ژەنینی شمشاڵ، جووتیارەکانیان لە جووت بگەڕێنەوە. کێشکە، سـێبەر، میوان و هەتا سەگەکانیش بێنەوە ناو گوندەکە، بڵێن:
سـەیری چاوی کـراوەی گەنمم دەکرد. پەنجەم، دەگەیاندە سـەر چاوێکی کەسـک. یـان ئاوێنەی ناسـکی خوناوەکـە. نزیک بووم، لە بۆنی بەردەکانـی قەوزە رەنگینی کردبـوون. بـاران زامداری کردبوون، بـۆ قەدی گیا و باڵی پەلک نـەرم دەبوونەوە. دەمامەوە تا ببینم: دوو پێشـمەرگە، تفەنگێکی برنۆ، هەنگاوێکی سەرسـام، لەنزیک ئێمـە گـوزەر بکـەن، برۆن و بواریان نەبێت، سـڵاوێکیش بکەن، یـان لەبەر خاتر و سۆزی من بە چرپەش بڵێن:
شەو دەگەڕێنەوە، _شوانەکان، گاوانەکان، جووتیارەکان، میوانەکان، ژنەکانی دەچنە کەنگـر و کاردیان، ئەوانەی خەمی بەرخەوانەکانیانە_ چاوەڕوان بن وەک کزەبایەک، لەنـاو گوندەکـە ئارەقەتان دەسـڕینەوە. هەموویان چاوەڕوان بـوون: چۆلەکەیەکی ناسـیاری گوندەکە، رۆحی منداڵێک بڵێت:
باڵەکانـی فڕینـم ماندوو، سـێبەرەکەم تاریک، کـە ئەوانم بینـی. بەپەلە بووم زوو بگەمـەوە بن سـاپیتەکە، نـاو هێلانەکەم، بـە ژن، نان، ماسـت و چاوەڕوانییەکانی گوندەکە بڵێم:
لە بەرزایی ئاسمان، لەناو سینگی هەورا بووم. ئەوانیش خۆیان بە هەور داپۆشیبوو. منیش لەناو هەورەکە چەپ و راسـتم نەدۆزیەوە، بەڵام دڵنیابووم ئەوان پێشـمەرگە بـوون. چەنـد رۆژە، پیاوەکانی ئەو گوندە رۆیشـتوون، هەموو هەواڵیان دەپرسـن. سـەگەکەی، کلکـی بەسـەر خۆڵ و گوفـەک و جۆگەکانی ناو گوندەکە، نەخشـێکی دیاری کێشـابوو، بە هەتاو و بارانیش رەش نابێتەوە:
بۆنـم کـرد، باش دەزانن، منی سـەگ لە دووری چەندان کیلۆمەتـرەوە بۆن دەکەم. بۆن دەکەم و دەزانم:
کـێ لـەو گوندە خەمبارە. کێ دڵشـادە. کێ دەترسـێت و چەند ترسـاوە! هەسـتم

دەکرد، ئەوان گومانیان هەبوو، بۆنم کرد ئەوان نیگەران بوون. کە بۆنم کرد! ئەوان بە دزەدزە دەڕۆیشتن و نەیاندەزانی بۆنیان دەناسمەوە. ئەگەر دەمامکیش بدەن، من سەگم دەیناسمەوە. ئەگەر دووریش بڕۆن. من بە بۆن، دەزانم پیاو و کوڕەکان، عاشقی کام سەربان و ماڵ و حەوشەی گوندەکەمانن. هەمووم ناسینەوە، هەندێک لە جلەکانیان گۆڕیبوو، پێڵاویان گۆڕیبوو!

لەو گوندە زۆریان ڕۆیشتن. زۆریان خەونی گەورەیان هەبوو. ون بوون، دەنگیان نەما، نەگەڕانەوە. بۆشاییەکی پانوبەرین و ساردیان لەنێوان ئەوان و شار و گوندەکان پەیداکرد! ئەگەر نەگەڕێنەوە ئێرە، چۆن دەچنە سەر زۆزک؟ کەی دەگەنەوە سەر مەملەکەتی چیا رووتەکەی قەرەچوغ؟ ئەو چیا دوورەی شانازە، بۆ منارە، گۆڕینی هەوا، دەرهێنانی رۆژ لەو دەشتە. چیایەکە لەو گەرمایە هەڵقولاوە، دەرپەڕیوە. قەرەچوغ شانی دێوێکی یاخییە. ناز بە سەر گوندەکانی کەندێناوە، قەراج و دەشتی هەولێری پانوبەرینیش دەکات.

قەرەچوغ، ئەو چیایەی زۆرتر، لە هەشت سەد مەتر لەسەر ئاستی زەریا بەرزترە. بەر لەوەی گوندەکانی بنارەکەی تالان بکرێن. بەر لەوەی عەرەبەکانی ناوچەکە، مەڕ، ماڵات، دەغڵودان و سامانەکانیان ببەن. بەهاران، شەوان، زستانەکان خۆی دەخورێنێت، ئارەزووی دەرچوون و سەردان و میوانداری و مەڕدارەکان دەکات. شانازە و بووە بە پاشای ئەو مەملەکەتە، ئەو دەشتە «ئەوەیە قەرەچوغ». سەیریان دەکات، هەموو گوندەکان، باریکە ڕێگاکان، گوڵەگەنم و درزی دەرچوونی دۆمبەڵان و رەشماڵ و چیغی شەوبەکێو و مەڕدارەکان دەبینێت «ئەوەیە قەرەچوغ». بە کەوە سپییەکان، بە سۆزی حەیران هەموویان بەسەردەکاتەوە. «ئەوەیە قەرەچوغ»، هەڵکەوتە. هەر چوار وەرزەکەی ساڵ، خۆشەویستی خەڵکی ناوچەکەیە. بۆیە قەرەچوغ بووە بە داستانێکی پڕ نهێنی، وەک حەیران.

***

ئەوان، دوو پیاوەکە، دوو ژنە رەشپۆشەکە دەگەڕێنەوە لای ژن و سێ منداڵەکە. دوو جمکەکە، لەجیاتی دوو سێ مەنجەڵە ماست، لەناو دوولای باری کەرێکیان دەنێن. کیژە گەورەش سوار دەکەن. ژنەکەش بەپێیان بەگەڵ کاروانی ماستفرۆشەکان دەکەوێت، عەسرێکی درەنگ دەگەنە گوندەکە! ئەو دوێنێ لە بەغدا بوو، ئێمشەویش

لـەو گوندە، لە ژوورێکـی خاوێنی نزیک قەمتەرەکە، ژوورەکەی دیواری پشـتەوەی، سێ چوار کولانکەی بچووکی، بۆ دیتن و گوێگرتن و سەیرکردن و هەواگۆڕین هەبوو، دەخەون.

پێـش ئـەوەی لەوێ بەڕێبکەوێت، پووری کچەکان، بلـەز و تەنگاو دەگاتە گوندەکە، یەکێـک لە کیـژە جمکەکان، ئەوەی نەدەگریا و شـەو و ڕۆژ دەخەوت، لەگەڵ خۆی دەبات. ئیتر لەودەمانە، دابڕانی دوو خوشـکەکە دەستپێدەکات.

یەکێـک لـە ئامیـر بەتالیۆنەکانی هێزی دەشـتی هەولێر، خەڵکـی گوندەکە بوو. لە چوار سـاڵەکەی دانوستان و گفتوگۆ لەسەر ئۆتۆنۆمی نێوان حکومەتی بەغدا و مەلا مەسـتەفا هەبوو، ئـەو، لەوێ لە گوندەکەی زۆر لەمێژبـوو تێدا دەرچوو بوو. زووتر ئاشـنایەتی لەگـەڵ دوورکەوتنـەوە پەیداکرد بـوو. گەنج بوو، حەزی بـە کاروباری جووتیـاری و چاوەڕوانـی بـاران و ترسـی کلـۆی لە مێشـکدا نەبوو. دەڕۆیشـت و دەگەڕایەوە. دەچووە هەولێر و دەبووە سەرباز و دەگەڕایەوە. بەڵام لە هاوینی ساڵی ١٩٦١ لـە هەولێـرەوە دەڕوات، ماوەیەکی باش و زۆریش دەڕوات و هەواڵی نابێت.

ئەو پێش شۆڕشـی چواردەی گەلاوێژ، کە دەبێتە پارتی، چاوی لە شـار دەکرێتەوە. لە هەولێر لە گەڕەکی سـێتاقان، لەنزیک ماڵە پوور و خزمەکانی، لەناو حەسـارێک ژوورێـک بەکرێ دەگرێت. لـەوێ، ماڵەکەی دەبێتە هەواری پارتییەکان، کۆبوونەوەی بـەردەوام. تـا لەگەڵ یەکەم دەسـتەی حـزب. دەچێتە ناوشـاخ، لە سـەفین وەک پێشـمەرگە دەگیرسـێتەوە. پاش دە سـاڵ، بێ پچڕان، لە چوار سـاڵەکەی ئاشـتی دەگەڕێتـەوە، لـە گوندەکەیـان، بەرامبـەر کاروان و زەردپـەڕ و گزنـگ، خانووێکی گـەورە لە نزیـک ماڵە براکانی، لە پەڕگەی گوندی، خانووێکی گەورە و دیوەخانێکی لاکێشەیی درێژی ڕووناک دروست دەکات.

شـەوانە، تێدا گەنجەکان بۆ سـەیرکردنی ڕەونەقی کلاشـینکۆف، بەژنی برنۆکان و چاوتێـری ماڵەکـە، تا درەنگانی شـەو دەمانەوە. شـەوانە، بەدیـار گۆرانییە درێژە ئەفسـوناوییەکانی «ئـوم کلسـوم»، بـێ ئـەوەی بزانێت نـاوی «فاتیمـە» بووە. جوانییەکەی ناوی گۆڕیوە.

بالیفێکی لەناو کۆشـی دادەنا، جگەرە بەجگەرەی وەدەنا، هەردوو دەستەکانی بۆنی تووتنیـان لێ دەهات. گەردەن و ڕوومەتی ژنە خرپنە مەچەک ئەسـتوورەکەی لەناو تەلەڤزیۆنـە ڕەشوسـپییەکەی، زۆریش بارانـی دەکرد، یان خەت خەتی لاکێشـەیی

دروستکرد، ڕووناک و گوڵزار دەبینی. وایدەزانی «موحمەد ئەلقەسبچی»، ئەوەی پاش مردنیشی کورسییەکەی و عودەکەی سەری، وەک ڕێزی گەورەیی، لەسەر داوای ئەستێرە درەوشاوەکەی هونەر و گۆرانی هەموو خۆرهەڵات دانرابوو. ژنەکەی بەر لەوەی میللەتی عەرەبی و ئیسلامی، بە دەنگ و ئاوازەکەی سەرسام و پەریشان بکات: مەلیک، پاشا، سەرۆک و وەزیرەکانی شەیدا کردبوو. هەر پێنج، داو و ژێی عودەکە ناژەنێت. ئەلقەسبچی. ترپەی دڵی ئەو بوو، بۆ ژنەکە ببووە ئاواز. کەسیش لەوێ نەبوو، لەو ئامیر بەتالیۆنە بپرسێت:

تۆ تا گەنج بوویت، لەناو مزگەوت و هاوڕێی فەقێیەکان، لەسەر سەکۆی مزگەوتەکان ژیاویت. کەی و چۆن عاشقی بەژن و دەنگ و گۆرانییەکانی ئەو بوویت؟ ماوەیەک سەرباز، ڕۆژانە کاروکاسبی، ماوەیەکی زۆریش خەریکی کۆبوونەوەی حزبی و خوێندنەوەی ڕۆژنامە و ئەدەبیاتی حزب، ماوەیەکیش نووسینی ڕاپۆرت و نامەنووسین، کەی شەوانە بوارت هەبووە، کەی ڕۆژانە ڕادیۆیەکی گەورەت لەناو دەڵاقەی ژوورەکەت هەبووە؟ کەی بوارت هەبووە عیشق لەگەڵ ئوم کەلسوم بکەیت؟

ئەویش لە وەڵامدا بڵێت:

لە هەولێر، چەند جار بیستوومە، لەوانەی شارەکەیان ناسیبوو. ئەوانەی شەوانە، لە یانەکەی ئەگەرچی پشتی بە گۆڕستانێکی گەورە دابوو، دەیانخواردەوە و دەیانگوت: پاشاکانی میسر، ئوردن، عیراق، مەغریب، سەعودیە، «شێخ زاید ئال نهیان»، تا دەگەیشتە گەورە پیاوەکانی مالیزیا، پاڵەوان و ڕابەری شۆڕشی میسری «جەماڵ عەبدولناسر»، پاش مردنی ئەو، «ئەنوەر ئەلسادات»، سەرۆکی شیرین و نوێخوازی تونس «حەبیب بورقیبە»، «ڕەشید کەرامە»ی لوبنانی، «نوری سەعید»ی چاو و دەست و سیاسەتی عیراق، دەنگی ئەو ژنەیان پێ خۆشە بووە. دەعوەتیان کردووە. لە ئاهەنگەکانی دوور بە دووری ئاخ و ئۆفیان بۆی هەڵکێشاوە.

***

هەر لە هەولێر، لەناو دانیشتنەکانی پیاوە ئازاکەی شار و دینەمۆی کوردایەتی و حزبایەتی «عەونی یوسف» دەیانگوت:

شەهابەی هەولێر و ئوم کەلسوم بە دەنگ، نەک بە ڕەنگ، بە ستران نەک بە زمان، شار، وڵات و نەتەوە یەکتریان ناسیووە. ئوم کەلسوم، گوتوویەتی ناوی ئەربیلم

بە دەنگی شـــەهابە بیســـتووە. دەمەوێ بێتە میســـر، بێتە قاهیرە. میوانی من بێت، گوێـم لە گۆرانی و سـۆزی چڕین و هەڵسـانی گۆرانی و قۆریـات و بەیاتەکانی بێت. بـەڵام مـەلا فەندی خاوەنـی گوندەکانی دەشـتی هەولێر. ئـەوەی زانایەکی گەورە، دەسـەڵاتدارێکی دیاری سـەردەمی پاشـایەتی و کۆماریش بوو. دانانی موتەسریف و سەرۆکی شارەوانی، تاپۆ، ئاودێری، پەروەردە و مەلای مزگەوتەکان، دوا بڕیارەکانی لـەلای ئـەو دەردەچـوو. گوڵـی باخی ماڵەکـەی لە گونـدی باداوە. بەشـی هەموو عەتارەکانـی شـاری دەکرد. ئەو بواری شـەهابەی نـەداوە، داواکەی ئوم کەلسـوم بێنێتـەدی، شـەهابە لە قەڵاتی هەولێـرەوە بەرەو جیهان و شـارە گەورەکانی دونیا هەڵبفڕێت. ئەگەر ئەو سـەفەرەی دەکرد، ئێسـتا لە لاپەڕەکانی مێژوو دەنووسرا:

ئەو هونەرمەندە ناوی شـەهابە بووە. لە کوردسـتانەوە هاتووتە میسر. لەسەر داوای ئـوم کلسـوم هاتووە. ئەگەر ئەو ئەسـتێرەی خۆرهەڵات بوو، ئەوەش شـهابە خۆی ئەسـتێرەیە! لەبـەر ئـەوەی دەنگێکی تایبەتی هەبـووە، بۆیەش زۆر لـە ئاوازدانەر و موزیکسـازەکان بایەخـی پێدەدەن. ئەگەر سـەفەرەکەی دەکرد، شـەهاب دەبووە هاوسـەری هونەرمەندێکی ناسـراوی میسـری. دووریش نەبوو، لە قاهیرە، لە دیمانە هونەرییەکانی، باسـی «سـەلیمەی مراد»ی بۆ «لەیلا مـوراد» کردبوایە. کە چۆن عاشـقی «نازم غەزالی» بووە، نەیویسـتووە وەک جوولەکەیەک لە بەغدا کۆچ بکات و شوو بە نازم دەکات. گۆرانی ـــ گلبک صخر جلمود ـــ ی بۆ دەڵێت. ئەویش عاشقی لەیلاکەی میسر دەبێت، لەسەر دەستی ئەو، بۆ دەنگی ئەو، ژنەکە دەبێتە موسلمان. لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٢ ئوم کەلسوم، هاتووتە بەغدا. چەند ئاهەنگێکی سـازکردووە. سـەرەتا لە تیاترۆخانەی ئەلهلال. کە زووتر ناوی «ماجستیک» بووە، ئینگلیـزەکان وەک دیارییـەک بـۆ بەغدایان سـازکردووە. لەوێ، بۆ سەرخۆشـەکان گۆرانی گوتووە. حەقی خۆیان بووە، ئەوانەی لە کورسـییەکانی پێشەوە دانیشتوون پێنجسـەد فلوس، ئەوانەی دواوەش دوو سەد و پەنجا فلوسیان داوە.

«مەعروف رەسافی» و «جەمیل زەهاوی» گەورە شاعیرانی رۆژگارەکە، ستایشیان بـۆ ژنەکە نووسـیوە، پێی سەرسـام بـوون. ئەویش بـە دەنگی شـەهابە هەولێری سەرسـام بووە. ئەگەر کلسـوم، لەگەڵ دوو هەزار دینارەکەی لە ئاهەنگەکانی بەغدا دەسـتی کەوتووە. پارە و شەهابەشـی دەبردە قاهیرە. پیاوەکە، مێژوویێکی دێرینی تۆمار دەکرد. ئێسـتاش، میدیا و مێژووی هونەری عەرەبی و میسـری بەشـانازییەوە

دەیاننووسی:
(شــەهاب، بەڕەچەڵــەک کــوردە، لە شــاری هەولێــر لەدایکبووە. لەگــەڵ فلانە ژنە هونەرمەند هاوســەرگیری کردووە، سێ کچ و دوو کوڕی هەیە. بەرهەمی تۆمارکراوی گۆرانی و بەشــداری فیلمەکانی زۆر زۆرە).
بێگومــان لەجیاتی ئەوەی بە هەژاری و بە کەساســی و بە نائومێدی بژیت. ژیانێکی ئاسوودە دەژیا. لەجیاتی ئەوەی لەساڵی ١٩٣٩ بمرێت، گۆڕەکەشی ون بێت. بیست ساڵی تر و زۆرتریش دەژیا، ئێستاش ئەوانەی بۆ گەشتیاری، خوێندن روو لە میسر دەکەن، ســەردانی گۆڕەکەیان دەکرد. بەشــانازییەوە وێنەی خۆیان لەدیار قەفەس، ناو و نووســینەکانی سەر کێلەکانی دەگرت!
***

من لە دایکمم دەپرســی (رۆژ دەڵێت):
دایــە، ئەگــەر من و مانگ، بەیەک ســک، بەیەک خوێن و دەمار دروســتبووین، دەبێ هەردووکمان ئێســتا ئاســتی خوێندن و زانیاریی و تێگەیشــتنمان لەیەک نزیک بێت، هاوشان بین!؟
خوشــکە گەورەکەمان، لەجیاتی دایکم وەڵامی دەدایەوە. باوکم لەوێ نەبوو، وەڵامم بداتــەوە. بەردەوام باوکم لەوێ نەبوو. جارێکیان دوو ســاڵ نەهاتەوە. ئەوان، ســێ قۆناخــی خوێنــدن دەبــڕن و باوکیان لەلای ئــەوان نەبووە. تا لێیان بپرســێت پۆلی چەندی! کوا دەفتەری نووسینەکانت! بێنە با ناوت لەسەر بەرگی دەفتەر و کتێبەکانت بنووسم.
خوشکم دەیگوت:
(دایە دەزانی ئێســتا مانگ لە رۆژ زیرەکترە!؟).
مــن تــووڕە دەبووم، نەمدەزانــی بڵێم چۆن دەزانــی، خۆ تۆش ئــەوت نەدیوە. ئەو تەمەنی ســاڵێک و نیو بووە، لە ئێمە دابڕاوە، چۆن ئەوە دەزانی!
ئــەو دەیگوت دەزانی بۆ مانگ لــە رۆژ زیرەکترە، چونکە ئەو بە کوردی دەخوێنێت. لــە هەولێر خوێنــدن بە کوردییە. لەوێ تەلەڤزیۆنی کوردیــش هەیە. کەناڵی کوردی هەیە. ئەدی خزم و برادەرەکانی شنۆ و نەغەدە، ئەوانەی لەلای باوکم پێشمەرگەن. ئەوانــەی جاروبار ســەردانمان دەکــەن، ناڵێن شــەوانە کەناڵــە کوردییەکەی عیراق

دەکەینەوە. سـەیری درامای کوردی دەکەین. شـایی کوردی دەبینین. ئەو گەورەتر بێـت، هەموو وتارە عەرەبییەکانی باوکت دەکاتە کوردی.

***

دیارە نایانەوێ باسی مردنمان بۆ بکەن، بڵێن کیژەکە مردووە. شەوێکیان لە هەڵاتن، راویان دەنێن، دووردەکەونەوە. سەرما، ترس ئەوی کوشت! مردن، منداڵ دەترسێنێت! ناڵێن مردوو، دڵ و مێشکیشـی بمرێت، ماوەیەک زیندووە، رۆحی دەمینێت! بۆیەش رۆحی ئەو، لەناو رۆحی من زیندووە و هەستی پێدەکەم. «رۆژ»م، هەست بە بوونی «مانگ»ی خوشکم دەکەم. نەمدیوە، تەنیا بە وێنە، یەک وێنەی ئەومان بۆ هاتبوو. دیـارە ئـەو، پێـش ئـەوەی نەخۆش بکەوێـت، دکتـۆرەکان لێرە و لـە دەرەوە. لە نەخۆشـخانەکانی تورکیا و نەمسـا و ئەڵمانیا، نایانەوێ نەخۆشـییە کوشـندەکەی ناوبنێـن. سـنوور و رۆژانـەی ژیانیشـی دیـار بکـەن. گومانـی منداڵییم، هەسـتی بەسـتەزمانانەی خۆم، درکی بە مردنی خوشـکم کردبوو. بۆیەش کە دەگاتەوە ئێمە، نیشانەی مردنی لێ نیشتبوو.

***

کـە پێیدەڵێـم، دیـارە تۆ عاشـقی چاوەڕوانـی ئەوەم دەکـرد، ژنەکە تـوورە بێت. وەڵامێکـی رەقم بداتەوە، یان خۆی لە شـرۆڤەکە بشـارێتەوە. بۆیـە زوو بابەتەکەم گـۆڕی. من پرسـیم، یـان رووبەڕوو، بەڵام سـەیری چاوەکانی ژنەکـەم نەکرد. رۆژ، خوشـکی دووانەی مانگ. لەجیاتی ئەوەی سـەیری چاوەکانی بکەم، یان چاوەڕوانی رسـتەیەکی تـاڵ، دڕ، ناشـیرین، نازێکی گەرمـی بکەم. چاوم، لەگـەڵ داوێکی قژە مسـییەکەی رۆیشتبوو، زوو بابەتەکەم گۆڕی:
لـەو کۆڵانە، سـەیر بکـە، ئۆتۆمبێلەکەت لـێ دیارە، ئەوەی لە ناوەندی شـەقامەکە دەسـوورێتەوە، پانی شـەقامەکەی گرتووە، هەردوو سـایدەکەی قەرەباڵغ کردووە. لـەوێ منداڵـەکان، ئەوانەی لـەو بەرزاییە وەک بووکەشووشـەی رەنگاورەنگ، لەناو کۆڵانەکـە دیارن. منداڵ لێـرە، کۆدەبنەوە، بەیەک دەقە کۆدەبنەوە، بەیەک دەقەش بڵاودەبنەوە، هیچ سوپا و کۆبوونەوە و رێپیوانێک ناتوانێت، بەو ئەندازەیە کۆببنەوە و بڵاوببنـەوە، بـەڵام هاتنـی ئۆتۆمبێلێکی بەپەلـە، نازانم بۆ پەلـە دەکەن، هەموو

ئوتومبێلەکانی ئەو شارە، گوندەکان، ڕێگاکان پەلە دەکەن. منداڵەکان زوو پەرت دەکەن. لەوێ پێنج برا و سێ خوشکەکەم، ئەوانەی ئێستا لە ژیاندا ماون. دایکێکی بەستەزمانم هەبوو، منداڵی زۆری بووە و منداڵەکانی نیوەیان مردوون.

لەو کۆڵانە لەدایکبووم. لەوێش، لەو گەڕەکە گەورە بووم. شەوانی هاوین، گەنجەکان گۆرانییان دەگوت. هەموویان دەنگیان خۆش بوو. لەو گەڕەکە لەناو ئەو ماڵانە، لەسەر کەندەکەی هەرگیز، زستان و هاوینە گەرمەکەش بۆنی چڵکاوی لێ نەهاتووە. مێشوولەی نەبووە. شەوانەش، بۆقەکانی ناو ئاوی پاکی بەستەکە: ماندووەکانی بازاڕ، حەمباڵ، پۆلیس، کرێکار، شاگردی حەمام و وەستاکانی گەڕەکەکەی بێزار نەدەکرد. گەڕەکەکە، ئەوانەی تێدا بوو. ئەوانەیان بێزار و سەخڵەت نەدەکرد. لەو گەڕەکە گەورە بووم. وا لە بەرزاییەکی ناو گەڕەکەکە رووبەرێکی فراوانی هەولێر دەبینم.

لەوێ ژنەکە، باسی دوور، منیش باسی نزیکی بۆ دەکەم! باسی داماویی خوشکە جمکەکەی دەکات. منیش باسی منداڵە زۆرەکانی دایکمی بۆ دەگێڕمەوە، کە زۆریان بەگچکەیی زوو مردن! ناوی کوردی زۆر ناوازە و نوێیان هەبوو مردن.

ئەو ساڵانەی لەوێ دەژیاین. زستانەکان ساردتر بوو. بەڵام هاوینەکان فێنکتر بوو. بەهاریش، بە تەمەن، پیری و دەوڵەمەند: بە گیا، گوڵ و حاجیلە بوو! لەو ساڵانە، هەموو خێزانەکان هەژار و رووت و ناسیار بوون!

کورێک، ماڵیان بەرامبەر ماڵەکەی ئێمە بوو. زۆر پەرۆش بوو، بەیەکەوە بچینە قوتابخانەی ئەربیلی ئولا. لە ئاوی بەستەکە بپەڕینەوە و لە قۆچی بڵند، درێژ و تیژی گامێشەکان نەترسین. کە دەپەڕینەوە، ئاو نەچێتە ناو پێڵاوە لاستیکە خراپە پینەکراوەکانمان. سەرمامان نەبێت، گۆرییەمان تەڕ نەبێت. چونکە تەنیا یەک جووتە گۆرپییەمان هەبوو. یەک قەمیسی بێ یەخە، یەک لاستیکی کتێب بەستانمان هەبوو. بە دوو برا، بە هەموو کۆڵانەکەش، یەک کەس، شووشەیەک مەرەکەبی هەبوو.

تەلەڤزیۆن، رادیۆ و شەوچەرەی شەوانی هەموو کۆڵانەکەش، یەک پیرەژنی ناو دووگردێکی کەسک و شین و زەردی چەماوەی وریا بوو. بەیەکەوە لە ترسی مامۆستاکانمان، بەرێوەبەرەکەمان هەفتانە، بە مووسی تیمساحی باوکمان، خاڵمان، هەتا جیرانەکانیشمان دوو جار نینۆکمان دەکرد. نەوەک مامۆستا داری درێژی

تووڕەیـی و ئامۆژگاری لە پشـتە دەسـتەکانمان بدات. کوڕەکـەی جیرانمان بوو، لە تەمەنی سەرووی دە ساڵی دەچێتە حوجرە و دەبێتە فەقێ و لێمان دووردەکەوێتەوە.

یەک تەمەن بووین، کۆڵان، ڕێگا و شارمان یەک بوو. لە مەرکەز تەدریبی کەرکوک بەیەکـەوە جلـی ئیحتیاتمـان لەبەر کرد. ئەو لەوێ لە هەفتـەی یەکەم، لەگەڵ ژانی مەشـق، ڕاکردن، جنێو و شـەوانەی سەربازە چەقاسـووەکان، نائیب عەریفە دەمشڕ و چاومۆنـەکان، ڕۆیشـت و نەهاتەوە. دیسـان لەیەکتری دابڕایـن. ئەو دابڕانە زۆری خایاند، چەندان سـنوور دەبڕێت. دیمانەمان دەبێتەوە، بە تەمەنێکی زۆر و چاوێکی کز، سـەربردەی سەیرم بۆ دەگەڕێتەوە. سەربردەکانی ناو پاکستانم بۆ دەگێڕێتەوە. لە یەکەم دابەزینی پێنجشـەمموان، مەلا سـەعیدی گوندە شـاخاوییەکە، بە ژنەکەی دەڵێت:

ژنەکـە، شـوکر خـوداش ڕەحمی ئـەوەی پێکردین گەڕامـەوە. بەپەلـە بوخچەیەک بپێچەوە. دەسـتی شـەونم بگرە، شەوبۆش لە باوەش بکە. وەرە، من دەڕۆم و تۆش وەرە دوام. بە کەس مەڵێ، با دایک، باوکم و براکانیشم نەزانن. دەڕۆین، دەچینەوە گوندەکەی خۆمان. من عەسکەری ناکەم. خۆم بۆ ئەو کافرانە بە کوشتن نادەم. نە شەهیدم و نە هیچ!

ژنەکـە بواری ئەوەی نەبوو پێی بڵێت:

مەلا، قوربانی دەنگە خۆشـەکەی قورئـان خوێندنەکەت بم. پەلە مەکە، تازە یەکەم هەفتەیە. هێشـتا تۆ لە کەرکوکی، هێشـتا زۆرت ماوە (من لە ژنەکانم بیستووە، لە ماڵەوەش دەڵێن، سێ چوار هەفتە و زۆرتریش لە کەرکوک دەمینێتەوە. کەی نەقڵی باشـوور کرایـت. کەی ژیانت کەوتە مەترسـی، کەی ... هێشـتا زووە!) ژنەکە هیچ قسـەیەکی لەدەم دەرنەچوو. هەردوو کیژەکەی دەپێچێتەوە. دەفتەر نفووسی خۆی، هەردوو کیژەکەی، یەک دوو وێنەی نەورۆزی دوو ساڵی ڕابردووی لەناو پڕێسکەکەی دادەنێـت. دوو نان تەڕ دەکات، بەدوای مەلای مێردی دەکەوێت. وادەزانێت سـەفەر و سـەردانێکی کورت دەکەن. نازانن، ترسـناکە کە نازانن، هەموو نەیاندەزانی! دوور دەڕۆن، ڕۆیشـتنەکە چەندان ساڵ دەخایەنێت، ئەو دابڕانە.

دەڕوات و ئاوڕێـک بـۆ دواوە ناداتـەوە. دەگاتـە ئێـران. لەوێ بـەدوای نان و ژیان شـارەکانی ئێران دەکات. بەڵام، کە دەزانێت لەو وڵاتە ئایندەی خۆی، ئاین، منداڵ، ڕدێنی سـپی روون و دیار نییە، بڕیاردەدات بچێتە پاکستان.

ئەو مەلایەی تۆ باسی دەکەیت، ناوت هێنا. ئەوەیان، بەیانییەکیان، هەواڵ بە هەواڵ هاتە ماڵی ئێمە دەپرسـێت، بە دایکم دەڵێت:

_ دەمــەوێ بچمــە ســەر ســنوور، متمانەم بە مێردەکــەی تۆ هەیە! پــارەم پێیە و دەمەوێ بیگۆڕمەوە! دۆلارم دەوێ، دەچمە پاکستان، بەسە لەناو ئێران بێزار بووم.

(بە دایکم دەڵێت، بەڵام ترســاو. من لەودەمە پیاوی ترســاوم بینی. لەو میواندارییە زانیم، ئەو میللەتە چەند بەســتەزمان و کەساسە).

❊❊❊

ئەو مەلایەی لە کۆڵانەکەی ئێمە دەژیا. هەموومان دەمانناســی. پاش ئەوەی هەشــت ســاڵ لە ئێران دەمینێتەوە. حەوت ســاڵیش لە پاکســتان. من بینیم، قســەم لەگەڵ کــرد. لە ئەوروپــا گەڕابووەوە و بەخێرهاتنەوەم کرد. لەســەر کێــس، چاوەڕوانی و پەیوەندییەکانی ئاوارەکان بە ئۆفیســی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئیســلام ئاباد.

بەراوردکردنــی ســەردەمی ســکرتاریەتی هەردوو ســکرتێر، پوتــرس پوترس غالی و کۆفــی عنانی، لەنــاو ژوورێکی چیمەنتۆ، لەبەر پەنجەرەیەکی گەورەی داپۆشــراو بە پەردەیەکی شــڕ، لەدیار سۆبایەکی گەش بۆ گێڕامەوە.

ئەو مەلایەی لە ڕەزائیە، شــەوەکەی لەلای ئەوان دەمینێتەوە. بەیانی بەرەو ســنوور بەڕێدەکەوێــت. پــاش مانــەوە و کاروانێکی یەک هەفتەیی دەگەڕێتــەوە. باوکم پارە، ســڵاو، دوو دەفتەری نووسراو و وێنەیەکی «مانگ»ی خوشکمی بە دەستی ئەو، بۆ ناردین:

ئینجــا لــەورۆژەوە من دڵنیا دەبم. خوشــکەکانی تریشــم دەزانن، خوشــکەکەمان لە هەولێر ماوە. مانگی خوشکمان جوانە و دەخوێنێت. چەند ساڵ چاوەڕوانی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دەکات.

❊❊❊

باڵەخانەکە دە نهۆم بوو. نهۆمی ســەرەوەی ســێ دیوی، ســێ بەشــی شووشەبەند بــوو. شووشــەیەکی گــەورەی بێگــەردی خاوێن. لەوێ و لەو بەرزاییە ســێ بەشــی هەولێر دیار بوو. لەدوورەوە، لەســەر گردە ســپییەکان، «کەسنەزان» بەڕوونی دیار بــوو. لــە دوورەوە، بەژنی باڵەخانــە بەرزەکانی تەواو نەبوون، تەنــە کۆنکریتەکانی

وەک درکێ چەقیــوون و خەمی گەورەیان بۆ خەڵکی شــارەکەم حکومەت و ئاوەدانی دروســتکردووە، دیاربــوون. لــەو بەرزاییە، لەگەڵ ژنەکە، ئــەوەی زووتر پێم گوتبوو دیارە عاشــقی، ســەیری دووری شــارەکەمان دەکرد. لەنزیکەوە هەستم بە ئاوەدانی دڵەکەی ئەو دەکرد، دەمزانی دڵی کەســکە، هەناســەی گەرمە و چاوەکانی بەنیاز و رازە!

لەو بەرزاییە، لەو پانۆرامایە. شارەکە لەسەر پشتە، چوارپەلی دوور دوور هەڵکشاوە. گوندەکان تێکەڵی شــارەکە بوون: من بیرەوەری قووڵ، زۆر و گەرمم لەگەڵ شــوێنە نزیکەکان هەیە. ئەویش بیرەوەری لەگەڵ شــوێنە بەردەســت و بەر ئاوێنەکە کەمە. ئەوەندەی لەبیرە و ئاوێتەی بووە، کە مانگی خوشــکی بۆی گێڕاوەتەوە.

کــە نەخۆشــدەکەوێت، لە نەخۆشــخانەکان، لەودەمانــەی برین و ژانــەکان ئەوەندە گــەورە و گــران دەبوون، برینەکە دەگاتە ناو هەنــاوی ئەویش. ئەدی جمک نەبوون! ئــەدی بەیەکــەوە مانگ و رۆژ نەبوون! پێچی ژانەکە دەڕۆیشــت بــۆ ئەوەی ژانەکان کۆبکاتەوە، دووبارە لێشاو بۆ ورە بەرزەکەی ببات. بۆ ئەوەی مانگ بشارێتەوە، لەو پشوودانە بۆی دەگێڕایەوە:

من لەو شارە خۆڵەمێشییە رەنگم خۆشویست. لەو تەنیاییە خەڵکم زۆرتر خۆشویست! نــاوی هەمــوو قوتابییەکانی ســەرەتاییم لەبیرمــاوە. بەتایبەتی ئەو کیــژەی رۆژانە بەیەکــەوە لوقمێکیــان دەخــوارد، لێومان بە ئــارد دەبوو. بە دەستەســڕی یەکتری پاکمان دەکردەوە! مامۆســتا باڵابەرزەکەی دەستی بەسەرداهێنام و دەیگوت:

وەک باوکت زیرەکی! دەســتی باوکت خۆش، تۆ وەک کیژی خۆمی.

لەو شارە برسی نەبووم. تینوو نەبووم. پۆشتە، جلم گەرم و رێزمان دەگیرا! چونکە لە هەولێر بووم.

بەڵام، کیژەکە کە دەگاتە ســەر ســنوور، زامدار دەبێت، بەو زامــەوە دەناڵێنێت، تا دەمرێت.

❋❋❋

# هەولێر ـ قەرەچوغ

## بەشی سێیەم     شەهید و ترسنۆک

بەڕێوەبەری شــارەوانی هەولێر، لەناو ژووره گەورەکەی. بەو ئێواره بەهارییە فێنکە. کەوتبووە ناو چەندان بۆکس، فایلی بەرگ رەقی سوور و شینی نایلۆنی بێ قەیتانی لووسی، بەشەکانی ئەندازیاری، پلاندانان و ئەملاک، فایلی بەرگ کارتۆنی ئەسمەری بەســتراوی بە قەیتانی کەســکی بەشــی خۆیەتی، بڕیارەکانی ئەنجومەنی شارەوانی. دوو دەفتــەری درێــژی لاکێشــەیی، بــە کاربۆنی شــینی ژمێریاری پارەســەرفکردن. دەفتەر چەکێکی باریکی کەســکی رەقی داخراوی بە بریقە. دەفتەرەکە، وەک ماری ســڕی پڕ ژمارەی پارەکانی بڕیاری ســەرفکردنیان لەسەر دراوە. هەر لە دیناریێکەوە، تــا هەزاران دیناری ســولفەی بەڵێندەر، لیژنەی کڕینی نــاو دائیره درێژکرابوو. پیتە نووســینە عەرەبییەکانی، لە شێوەی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان نەخشین دیار بوون. دەفتــەر چــەک و پارە ســەرفکردن، بەژمارە، بــە زەمە، بەئەمانەت، بەســامەوە لە بەغداوە دەهات، دڵنیاشم لەدەرەوەش چاپکرابوون.

ـــ بەخێــر بێــت. (ســەری بەرزدەکاتەوە، بەدەســتی، جگەرەیەکی رۆســمنی لەناو پەنجەکانــی دووکەڵێکــی باریکی شــینی لێ هەڵدەســتا. ئاماژەیەکی بــۆ دەکات بۆ دانیشتن).

ـــ ســوپاس، مامۆستا، گوتم ئەگەر کارێکت نییە دەڕۆم!

ـــ دیارە لەمێژە لێرەیت؟!

ـــ زۆر لەمێژ نییە. بەڵام برادەران لە ســکەک، بارەکەی ســەروپاچەیەکی باشی هەیە

چاوەڕوانم دەکەن.
بە رۆژ، ژنە سکرتێرەکە. ئەوەی تەنوورەیەکی رەشی کورتی لەبەر دەکرد. کەزییە رەشەکەی پشتی، تا سەعات دەی بەیانییش تەڕایەتی خۆشووشتنی، شەو، یان بەیانی هەر پێوە دەما. رۆژێکیان، زۆریش سەرسام دەبێت، کە فەرمانبەرێک پێی دەڵێت:
هێشتا کەزی و قژت وشک نەبوونەتەوە! (ئای لە چاو و نەوسی پیاوان، هەست و نەست، لە هەموو وردەکارییەکی ژنان رادەگرن. بەڵام بەو تێبینییە وردە تەماحکارانە تووڕە نابێت) لە دوا دەقەکانی کاتی دەوام. دەیزانی کام لە پۆستەکان لەبەردەم بەڕێوەبەرەکە دادەنێت. تا زوو ئیمزایان بکات. مەبەستی بووە ئیمزا بکرێن. ئەویش نانێکی لەوە دەخوارد. ئەو و خزمەتگوزارەکەی، کە هیچ مەرجی بەردەستی و خزمەتکردن لە ئەندامەکانی جەستە، جلوبەرگ، دەمودان و ئاخاوتنەکەشی نەبوو. دەیانزانی کام پۆست باشتر و دیارتر بۆ ئیمزاکردن لەسەر مێزە گەورەکە دابنێن.
مێزەکە، دوو سەبەتی لەسەر بوو. سەبەتی دەستە راستی ئەو نووسراو و بەریدە بوو، ئیمزا نەکرابوون. سەبەتەکەی دەستی چەپیشی، ئەوانە بوون ئیمزاکرابوون. بەردەوام سەبەتی ئیمزانەکراوەکان قەرەباڵغتر بوو. بۆیەش فایلەکان لەسەر سەبەتە تێڵە فافۆنەکە لاردەبوونەوە، ئەوەی دەهات و لەبەردەمی ئەو چاوەڕوانی دەکرد، دەستێکی پێوەدەگرت. تەنیا ژنە سکرتێرەکەش حەقی ئەوەی هەبوو دەستیان تێوەربدات. ئەو دەیزانی فایلەکان چییان تێدایە. کامیان بۆ ئەو گرینگ بوو زووتر ئیمزا بکرێت، تا لەناو چەکمەجەکەی دابنێت.
سکرتێرەکەی ئەنجومەنیش، پیاوە سمێڵە گەورەکەی بە قسەی گەورە گەورە ببووە سکرتێر. بەڵام خۆشی قسەی شیرین بوو، زیرەک و لێهاتووش بوو. دەیزانی چۆن لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنەکە، پیاوە بە تەمەنەکان بگونجێت. ئەوان کۆکتێلێک بوون لە: تەمەن، زەوق، ئاستی خوێندەواری، نزیکیان لە دەسەڵات، پارێزگار و حزب. ئەویش دەوامی ئێوارانی هەبوو. مانگانە چەند دینارێکی بەو دەوامە زیادەیە وەردەگرت. شارەوانی، کار و ئیشەکانی زۆر بوو. بەرۆژ، زۆر لە بەشەکان ئیشەکانی ناو ئۆفیسیان دەمایەوە، بۆیە ئێواران دەهاتنەوە. بەڵام ئیمزا و ناونووسینیان بۆ دەوامەکە نەبوو، ئەوەی کاری هەبوایە دەهاتەوە.
سکرتێرەکە، بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرەکەی بزانێت هاتووە، زوو سەرێکی لە ژوورەکەی

دەدا. دەچووە لای بەڕێوەبەرەکە. ئەویش، ماوەیەک بوو لە دائیرەی ڕێگاوبانەوە بە فەرمانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە بەغدا کرابوو بە سەرۆکی شارەوانی هەولێر. تا شەقامەکانی ناو شار زۆرتر قیرتاو بکات. چونکە ئەو لە قیرتاوکردنی ڕێگا شاخاوییەکان سەرکەوتوو بوو. زۆریش لە قیر و مەکینە و کارگەکان شارەزا بوو. سکرتێرەکە، تا وەڵامی بەڕێوەبەرەکە وەردەگرێتەوە، سەیرێکی وێنەی سەرۆک شارەوانییەکانی دەکات، کە ڕووبەرێکی گەورەی لادیوارێکی گرتبوو.

***

وێنەکان، لەناو چوارچێوەی درێژی شووشەبەندی، دوو لادیواری ژوورەکە دانرابوون. هەتا ئەو چەند ساڵەی پاش ناوەندی هەفتاکان، هەموو سەرۆکەکانی شارەوانی کەسانی هەولێری بوون. سەرۆکەکان، بابوباپیرانیان: لە قەڵات، خانەقا، تەعجیل و گوندەکانی ناوچەکە لەدایکبوون: کوڕە ئاغاکان، مەلازادەکان، ئەفەندییەکانی نازناوی کۆنی پاشایەتی، عوسمانی، پاشناوی بازاڕ و کاسبییان پێوە بوو. وێنەکان، بە ڕەش و سپی کۆپی کرابوون. ناویان بە خەتێکی ڕوقعەی عەرەبی ناسک و ڕوون لەژێرەوەیان نووسرابوو.

لەژێر ناوە کورت، دیار و ناسراوەکانیان، ڕۆژ، ساڵ و مانگی دەستبەکاربوونیان، ڕۆژ، مانگ و ساڵی دەرچوونیان لە پۆستەکانیان نووسرابوو. هەندێکیان بای ئەجەل و مردن، لە پۆستەکە دووریان دەخاتەوە. هەندێکیان پۆستی باڵاتریان وەرگرتووە. سەرۆک هەبووە، لەگەڵ هاتنی پاشایەتی هاتووە. سەرۆک شارەوانیش هەبووە، لەگەڵ یەکەم ڕۆژی نەمانی پاشایەتی و مەلیک فەیسەلی دووەمی کوڕی مەلیک غازی گۆڕاوە. سەرۆک شارەوانی هەبووە ئەندازیار بووە. سەرۆکی زۆریش هەبوون مافناس و پارێزەر بوون. سەرۆک شارەوانی هەبووە، تەنیا سێ هەفتە دەوامی کردووە، دەستی لە کارکێشاوەتەوە. بەڵام دیارە پاش ئەندازیار «ڕەمزی حاجی عەلی»، بەدەگمەن خەڵکی شارەکە، بونەتە سەرۆک شارەوانی، ئەوەی لە ٢٠ی فبرایەری ساڵی ١٩٧٩ لەو پۆستە نەماوە.

سەرۆک شارەوانی هەبووە، پرۆژەی مەزن و گەورە لە سەردەمی ئەو جێبەجێکراوە. هەبووە، لە سەرەمی ئەو، گۆڤاری هەولێر دەرچووە، خۆشی بەڕێوەبەری بووە. سەرۆک هەبووە، قبووڵی نەبووە بچێتە سەردانی موتەسریف. سەرۆک هەبووە چەپ

بووە. سەرۆک هەبووە خۆی و بنەماڵە و ژنەکەی بەقەد شارەوانی موڵکیان هەبووە. وێنەکان سـەر بە جەمەدانی، کەشـیدە، سێف، تەربوش، سەرکۆت، بە بوکلە و قژی درێژ، سـەرۆکیش هەبوو وێنەکەی بە خەنافسی لە لەندەن گرتبوو.

***

هێشـتا کتێبی هەولێر، لەیادی سـەد سـاڵەی دامەزراندنی شارەوانی ئامادە و چاپ نەکرابـوو. کتێبەکـە، بەسەرپەرشـتی رووپێوێکی بەشـی ئەملاک، ئـەوەی کتێب و نووسینی خۆشدەویست و زۆریش گوتبووی:

(پێش ئەوەی مەسـاح بم، من نووسـەرم. کە دەچمە دەرەوە بۆ ئیشکردن، دەچم تا دیمانەی خەڵک بکەم، وشە و راز و سەربردە و ئاکارەکانی شارەکە باشتر بناسم!).

پێش ئەو کتێبە، _هەولێر لەیادی سەد ساڵەی دامەزراندنی شارەوانی هەولێر، لەساڵی ١٩٨٥_، زانیاری لەسـەر شـارەوانی، پرۆژە، نووسـینی کوردی، کەسـایەتییەکانی شـارەکە و گۆڤـاری هەولێـر کەم بوو. راسـتە هەموو ژمارەکانی گۆڤـاری هەولێری حەفتاکانـی سـەدەی رابـردوو ماون. گۆڤارەکە، ئەگەرچی بە پـارە، قەڵەم، چاپ و شانازی شارەوانی هەولێر دەردەچوو. بەڵام گۆڤارێکی رۆشنبیری ئەدەبی هەمەرەنگی کوردی و عەرەبی بوو. زۆر مەبەسـتی نەبووە، مێژووی شـارەکە و شـارەوانییەکەی بنووسێتەوە.

شـارەوانی هەولێـر، تێـدا: موحەمەد مەولود مەم، هادی چاوشـلی، ئەندازیار هاشـم عەبـدولا، پیربال مەحمود، بیلال عەزیز، ئەندازیار مەجید عومەر، مەغدید سـۆران و نووسـەری زۆری شارەکە، لەو دائیرەیە، کۆشش دەکەن شـارەوانییەکەی ئەوانیش، گۆڤارێکی رۆشـنبیری دەربکات. ئەوانیش وەک شـارەوانی کەرکـوک، چاپخانەیەکی دەسـتی بە مەکینەی سـادە، بـەڵام کارکەر و پوختیان هەبێـت. چیتر گۆڤارەکەیان لـە چاپخانەی شـارەوانی کەرکوک، سـەلاحەدینی بەرامبـەر چاپەخانەی قەرداران و کوردستانی مام گیو چاپ نەکەن. خۆشیان دەزگایەکی گەورە بوون، بەردەوام ئیشی چاپیان هەبووە.

***

بەڕێوەبەرەکـە، چاکێتێکـی بەشـەوقی رەنـگ نارەنجـی، هێڵدار بـە باریکە داوێکی

شــینی لەبەردا بوو. ئێواران، بۆینباخی دەبەســتا. زۆر خاوێنتر لە دەوامی بەیانییان دەردەکەوت. ئەو، بەڕێوەبەرەکەی شــارەوانی دوو تەلەفۆنی لەســەر مێزەکە هەبوو. یەکێکیان سوور، تا بناسرێتەوە. ئەگەرچی دەنگی زەنگەکانیان یەک نۆتە و دەنگیش بوو. دووەمیان رەش، رەش وەک چاوی ژنە سکرتێرەکە. تەلەفۆنە سوورەکە تایبەتی بوو، تایبەت بوو بە:

لیژنــەی ئەمنــی، واتە (ســەرۆکەکەی پارێــزگار و ئەندامەکانــی، ئەمینی لقی حزب بەعس، بەڕێوەبەری پۆلیس، بەڕێوەبەری ئەمن، فەیلەقی پێنجەمی لەشکری عیراق). ئەوانە، ئەندامەکانی لیژنەی پاراســتن و ئاسایشــی شارەکە لە سەرەتای هەشتاکانی ســەدەی رابردوو، بێجگە لە پارێزگارەکە هەموویان عەرەب بوون. تەنیا پارێزگارەکە بەنــاو کورد بوو. بەڵام ئەویش، بۆ راپەڕاندن، دڵســۆزی بۆ حزب و شۆرشــەکەیان، لەوانی تر دڵسۆز، خەمخۆر، پشتیوان و عەرەبتر بوو. تەلەفۆنە سوورەکە، بە چەند کەس و دائیرەی پێویست بەسترابووەوە.

لەودەمانەی سکرتێرەکەی ئەنجومەن، لەتەنیشتی وەستابوو، قسەی بۆ دەکرد. باسی ماســتاوکردنی یەکێک لە ئەندامەکانــی ئەنجومەنی بۆ بەڕێوەبەرەکە دەگێڕایەوە. کە چــۆن لەو دانیشــتنانەی پارێزگار ئامادە دەبێت. چــی بۆ دەکات، چۆن بە عەرەبییە خراپەکەی قســەی بۆ دەکات. ئەلحەق باســی سیاسەت و شتی وا ناکات.

ــ مەبەســتت حاجی... (زەنگی تەلەفۆنەکە بوار نادات ناوەکەی تەواو بکات).

لەودەمانــە، هەردووکیان بە ترســنۆکی و ماســتاوەکانی ئەو پێدەکەنیــن. تەلەفۆنە سوورەکە زرینگەی دێ. لەگەڵ زەنگەکە، سەماعەکە وەک شانی سەرچۆپی شاییکەرێک هەڵدەپەڕی. دەســکە پلاســتیکە توندەکەش دەیزانی کەسێکی ترسناکی دەسەڵاتدار تەلەفۆن دەکات. وایەرەکانیش هەســتیان بەگەرمی فەرمان و هەواڵەکە دەکرد. بۆیە ژوورەکــە گەرم دادێت. چراکەکان خامۆش، پەنجەرەکان پەردەکانی نەرم نەرم وەک باڵی مێش کشــانەوە. ســکرتێرەکە دەزانێت بەڕێوەبەرەکە لە هەڵگرتنی ســەماعەکە دوادەکەوێــت. ئیمزاکردنەکــەی کاتی دەوییســت و نەدەکرا لە نیــوەی ئیمزاکردنەکە بوەســتێت. ســەماعەکەی بــۆ هەڵدەگرێت. نەوەک ئەو بیری لەســەر ئــەوە نەبێت، زەنگەکە زەنگی تەلەفۆنە ســوورەکەیە، رەشەکە نییە.

تەلەفۆنەکە هەڵدەگریت، دەســتی لەسەر دادەنێت تا دەنگی نەڕوات:

ــ فەرموو مامۆســتا نەوەک پارێزگار، یان بەڕێوەبەری ئەمن بێت!

بەر لەوەی دەسکە تەلەفۆنەکەی لێ وەربگرێت، سەیرێکی تەلەفۆنەکە دەکات بزانێت سوورەکەیە یان ڕەشەکەیە. سەماعەکە وەردەگریت، بە هەژاندنی سەری سوپاسێکی پێ دەگەێنێت (بە سکرتێرە سمێڵ گەورەکە).

_ بەڵێ گەورەم، زۆر سوپاس گەورەم باشین، لە خزمەتم فەرمووە. (دەست بۆ قەڵەمێک دەبات، نەوەک داوایەکی هەبێت تا بینووسێت. پارچە کاغەزێکی شینی ریکلامی شەریکەی مقاولات، کۆمپانیا گەورەکەی چەند ساڵ بوو، خەریکی دروستکردنی باڵەخانەی هەردوو ئەنجومەنی تەشریعی و تەنفیزی حوکمی زاتی بوو، لە دەستی نزیک دەکاتەوە).

_ بەپەڵە، هەر ئێستا، بزانە چۆنی ساز دەکەیت، لە ماوەی یەک سەعات لە گۆڕستانی مەعمەل قیرەکە. قەبرێکمان بۆ ساز دەکەن. کرێکار و مەلاکە و ئۆتۆمبێلە ڕەشەکە ئامادە دەکەیت. (پارێزگار بە زمانی عەرەبی پێی دەڵێت).

_ ئێستا هەر ئێستا! (ئەویش بە زمانی عەرەبی وەڵامی دەداتەوە. بەڵام زۆر سەرسام و ترساو دەردەکەوێت. بەو ئێوارەیە و داوای لێدانی قەبرێک و لەلایەن خودی پارێزگار سەیرە!).

_ بەڵی گەورەم، نەک سەعاتێک بە نیو سەعات خەمت نەبێت!

_ ئافەرین. (ئەوان، بەڕێوەبەرایەتییەکەیان، گۆڕی زۆریان بۆ شاردنەوەی مردوو و کوژراوی تایبەت، یان بێ ناونیشان لێداوە. بەڵام ئەوەیان لەلایەن جەنابی موحافیز داوا بکرێت و بەو شەوە، نەک نەخۆشخانە و دائیرەی ئەمن، جێگای سەرسامی بەڕێوەبەرەکە بوو. سەدان کەس: کوژران، مردن، لەسێدارەدران، شاردرانەوە، بەڕێوەبەر نە پرسی پێ کراوە، نە ئاگاشی لێ بووە!).

_ ئیشەکە گەورەم منیشی دەوێت، من ئامادەم!

_ نەخێر ئیشمان بە تۆ نییە، نامانەوێ قەرەباڵغی دروست بێت.

***

تەلەڤزیۆنەکە داگیرسابوو، ببوورن سەردەمەکە ساڵی ١٩٨٢ بوو، لە هیچ دەزگایەکی میری، لە هەموو ژوورە گەورەکانی بەڕێوەبەرەکانیش تەلەڤزیۆنی قیسارەی دروستکراوی بەناو عیراقیم ڕەش و سپیشی لێ نەبوو. بەڵام بەڕێوەبەرەکە کە لەماڵەوە هاتبوو، لە تەلەڤزیۆنەکەیان لە جریدەی تەلەڤزیۆنی سەعات حەوت،

گوێی لەوە ببوو شـەڕێکی خوێناوی گەورە لە باشـووری وڵات قەوماوە. ئێرانییەکان هێرشـێکی بێهودەیان بۆ بەرەکانی پێشـەوەی موحەمەرە و شـوش هێناوە. بەپێی راپـۆرت و بەیانەکـە، ئێرانییـەکان شـکاون و زیانـی گەڵێک زۆریان لـێ کەوتووە. بەیانەکـەش، لەگەڵ خوێندنی چەنـد ئایەتێکی قورئان خوێندرابووەوە. ئەو ئەوانەی بیسـتبوو! بەڵام سکرتێرەکەی لەتەنیشتی وەسـتابوو، شتێکی تری بۆ باس دەکرد، هەواڵەکەی بە جۆرێکی تر، لە سـەرچاوەی ترەوە بۆ دەگێڕایەوە:

ـ مامۆسـتا، ئەوەی بە سـوپای عیراقـی کراوە لەپاش شـەڕی دووەمی جیهانیش، کوشتاری وا نەبووە. عیراق لە بەرەکانی «موحەمەرە» و «شوش» شکاون. سوپای ئێرانـی لە رووبـاری «کاروان» پەڕیوەتەوە، هاتوونەتە نزیک «بەسـرا»، ئەگەر وا بڕوات لەو شەوانە شاری بەسرا دەگیرێت! رەنگە ئێستاش شارەکە چۆڵکرابێت، یەک دارخورماش بەپێوە نەماوە. ئەگەر بەسـراش بگیرێت بەندەرەکەش نامینێت!

ـ هێشـتا نەتخواردیتـەوە، ئەو جۆرە قسـانە لەکـێ دێنیـت! (بەڕێوەبەرەکە پێی دەڵێت).

ـ نەمخواردیتەوە، بەڵام ئیمشـەو و هەموو شـەوەکان دەخۆینەوە. بڕوا بکە مەرگی ئەو حکومەتە نزیک بوویتەوە. من لە چەند رادیۆ ئەوەم بیسـتووە، هەزاران سـەرباز و ئەفسـەری فەیلەقەکان، نازانم سـوپاکە فەیلەق و فرقەی زۆرە ناوەکانیان نازانم! بەڵام بە سـاخی گیراون. فرقە و لیوا بە تەواوی، بە سـەرباز، ئەفسـەری پلەی تا عەمید، هەزارەها تانک، تۆپ و ئیڤا، جێب، چەکی سـووک هەر مەپرسـە، گیراون! بەڕێوەبەرەکە تەلەفۆنەکە بەنەرمی و بەتەوسـەوە دادەنێتەوە و هەڵدەستێتەوە سەر پێیان، بێ ئەوەی بزانێت بۆ هەڵسـتایەوە.

ـ ئۆتۆمبێلت پێیە (بەڕێوەبەرەکە بە سـکرتێرەکە دەڵێت).

ـ فەرموو بڵێ!

ـ چ دەکـەی؟ (نـووک و سـەری قەڵـەم پەندانەکـەی لەنـاو یەکتـری دەنێتەوە. دەستماڵێک لە گیرفانی پانتۆڵە حەریرەکەی دەردەهێنێت و نێوچەوانی دەسرێتەوە، چۆن ئارەقە نەکات، ئەو ئێوارەیە قسە و بەزمی زۆر ترسناک و نوێی دەبیستێت!).

ـ دەچمە نادی!

ـ کام نادی (وەک ئەوەی بیەوێ ئەویش ئیمشەو نەچێتە نادی موهەندسین، لەگەڵ سـکرتێرەکە، سێ کورە مەساحەکە بخواتەوە).

ـ جەماعەت لەوێ چاوەڕوانم دەکەن.
ـ لەکێ!؟
ـ لە نادی سکەک، مەحەتە! (حەیاتە، خۆشە، باخچەکەی کوێستانە، ئەگەر چکەچکی قیتارەکە لێمان بگەڕێت!).
ـ قیتاری چی؟
ـ مامۆستا گاڵتە دەکەم، شەوانە ئێمە کە لەوێ دەخۆینەوە، سەرخۆش دەبین، سواری قیتارەکە دەبین، دەچینە بەغداش. دەچینە تیاترۆکانی «مەسبح» و «طاحونه الحمراء»، بەیانی زوو دەگەڕێینەوە و بە دەوامیش رادەگەین!
ـ بەسە، بەس.
بەڕێوەبەرەکە نایەوێ بپرسێت، بۆ دەچنە ئەو نادییە، یان ئەو بارە! ئەگەر تەلەفۆنەکە تەنگاوی نەکردبوایە دەیپرسی، بەڵام بواری نەما، دەترسا، بەڵێنی بە پارێزگار داوە، دیارە مەسەلەیەکی ترسناک لە ئارادایە!

***

ئەگەر دەیپرسی بۆ ئیمشەو دەچنە نادی مەحەتە، ئەویش پێی دەگوت:
کەشەکە خۆشە، نە سەرمایە، نە گەرمایە. ئەوان، لەبن هەیوانەکە مێزمان بۆ دادەنێن. ئێمەیان خۆشدەوێت. نادییەکە باخێکی گەورەی هەیە، دارکاژەکانی بۆنی سەردەمی ئینگلیزیان پێوە ماوە. شەوانە، هەست دەکەیت هێلانەی باڵندەکانی سەر دارەکان، ئەگەر دارەکان بە شنە بایەکیش نەهەژێن، بە جوولە و تروکاندنی هێلکە و سەمای پەڕی باڵیان، دارەکان نەرم نەرم دەهەژێن، دارەکان دەبنە جۆلانەی خەونی سەرخۆشی و خەیاڵێکی ناسک و ئەفسوناوی.
ئاساییە لە وەڵامدا بڵێت:
لەو نادییە، لەوێ بەردی دیوارەکانی هۆلەکە، بەردە سپییەکان، جوان جوان ئارەقە، پەنجە و سۆزی نەقارەکانی جارانیان پێوە ماوە، بۆنیان دەکەیت. من، لەوێ لەو نادییە، لەو باڵەخانە کۆنە، هەست بە کۆنی شارەکە دەکەم. وادەزانم قەڵاتەکەی بەژن و ناوقەدە شیرینەکەی، بەرزتر و ئەستوورتر و نەرمترە!
من دەچمە ئەو نادییە، تا لەنزیکەوە باڵەخانە کۆنکریتییەکەی شیراتۆن، دروستکردنەکە دەبینم. دیارە ماوە ماوە بەرزدەبێتەوە. بەژنی لەجیاتی ئاوی کەسکوسوورەکە

بەســەماوە دەبریقێتەوە. لەوێ هەفتەی جارێک سەروپاچەی جوانیان هەیە، جاجیک و زەڵاتەیان ســیری تەڕی تێدەکەن، وەستاکە دەڵێت:
ســیرەکەم بە دەســتی خۆم، لەو باخچەیە چاندووە! (راســتی دەکرد، گۆڕەپانێکی گەورەیان لەبەردەم بوو).
مــن حــەز لەو نادیە دەکەم، شــەوانە یەک دوو کەس، کە دەزانــن خەڵکەکە زۆریان رۆیشــتوون، گۆرانی دەڵێن. یەکێک لەوێیە، من نایناســم، هەرگیز لەناو شــار، لەناو فیتــەران، لە کۆڵانەکانی قەیســەری نەمدیوە. ئەویان، پیاوە باڵابەرزە رەشــتاڵەکە، عیشق، نەک لە چاوەکانی لە دەنگی و سۆزی گۆرانییەکانی دیارە. درۆ ناکەم ئەگەر بڵێــم لــە رەنگی پشــدێنەکەی، لە جوولە و قوومی پێک و مــژی جگەرەکانی دیارە. ئــەو شــەوانە چەند بڕگەیەک لە شــیعرەکەی هێمن، ناڵەی جودایــی، بە مەقامات و لەســەر ئاوازی گوتنەکەی مامۆســتا تایەر تۆفیق دەڵێتەوە. بڕوا بکە، هەست دەکەم بەو شــەوە گوڵەکانی باخەکە، لەناو ریزە کەرپووچەکانی بۆیان ریزکراوە، قەوزەیان گرتــووە، بــۆن دەپرژێنن و زۆرتر خوناو دەکەن. لقی دارەکان بەڵێن دەدەن بەیانی، هاوینەکەی سێبەری بەرینتر و فێنکتر ساز بکەن. مێروولەی بن دیوارەکان، ئاسوودە و بەدیــار گەنجینەکــەی کۆیانکردیتــەوە، گرمۆڵە دەبن. دووبــارە لەگەڵ دەنگی ئەو کوڕە، شــەمەندەفەرەکە دەکەوێتە کار و دەڕوات، تا مێخەک و عەتر بۆ شــارەکە لە شام و هیندەوە بهێنێت!

***

ســکرتێرەکەی ئەنجومەن پێــی دەڵێت بەڵێ ئۆتۆمبێلم پێیە، لەتەنیشــت کرۆناکەی تۆم راگرتووە، فەرموو!
_ دەچیتە ماڵی «ئەحمەد ســاڵح»ی گەراج، ماڵەکەی دەزانی.
_ بەڵێ لە شۆرشــە، گەڕەکی مەلایان لە نشــێوەکەیە، پشــت ماڵی رەحمەتی هاشم عەبدولا. (وێنەی هاشــم عەبدولا لە ریزی وێنەی ســەرۆک شــارەوانییەکان دانراوە، چاویلکــە ســپییەکەی دەبریقێتــەوە، ئەگــەر ناویشــی لــەوێ نەبوایە، ناوی لەســەر ژمارەکانــی گۆڤــاری هەولێــری ئەو ســاڵانە هەر ماوە. ئــەو گۆڤارە، دەکــرێ بڵێن یەکەمین بڵاوکراوە بوو شــیعری هێمنی بڵاوکردیتەوە. ئەو دۆستایەتی گەرمی لەگەڵ سەرنووســەرەکەی «موحەمــەد مەولود_مــەم» هەبووە. شــەوانەش کە لــە خانووە

گەورەکەی سەر شێستمەتری دەمایەوە، باسی منداڵی خۆی و ئاوارەیی ئەوەندەی لەبیر مابوو بۆی دەگێڕایەوە. کە هێمن لە بەغدا دەهاتە هەولێر. بۆ مانەوە و خواردنی ترێی شەقڵاوە و خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەک لە ڕەشنووسەکەی ڕۆمانی «ڕێگا» لەوێ دەخەوت. زۆریش لە دۆست و شاعیر و ناسیارەکان لەوێ دەیانبینی).

ـ زۆر باشە! پێی بڵێ، (بەڕێوەبەرەکە هەڵوەستەیەک دەکات، بیردەکاتەوە پێی بڵێت یان نا! بۆ پێی نەڵێت، هەر دەبێ هەندێک لە کارمەندەکانی بزانن..).

ـ بڵێم چی؟

ـ پێی بڵێ، بەڕێوەبەر گوتی: ئێستا شوفێری ئۆتۆمبێلە ڕەشەکەی مردووناشتن، حاجی و مەلا و کرێکارانی قەبرستانی مەعمەل قیری دەدۆزێتەوە، بەو شەوە!

ـ بەو شەوە!

ـ ئا ئا، بەو شەوە! ئیشەکە دیارە دەبێ بە شەو بێت، ئەگەرنا بە ڕۆژ کاتی دەوام داوایان دەکرد!

ـ کێ داوای کردووە؟

ـ کێ! گوێت لێ نەبوو، دیارە پێش خواردنەوە خەیاڵ بوویت. تازە موحافیز تەلەفۆنی نەکرد!

ـ بەڵێ دەزانم، بەڵام ئەو قسەی لەگەڵ بەڕێزت کرد، نەک لەگەڵ من!

ـ بۆ قسە لەگەڵ تۆ بکات. تۆ دونیات داوەتە بەر گوونت، بە فشە ڕادەبوێرێت. قوورەکە بۆ ئێمە گیراوەتەوە، بۆ وادەزانی پێم خۆشە بوومەتە سەرۆک شارەوانی! بزانە دەیەوێ دوابکەوم. دەچیت بە «ئەحمەد ساڵح» دەڵێیت: جەماعەت لە ماوەی یەک سەعات و کەمتریش، قەبرێک لێدەدەن، لەوێش چاوەڕوان دەکەن. تا مردووەکە دەنێرن.

ـ مردووەکە کێیە!؟

ـ ئای کە زمانت درێژە! تۆ ناڵێیت شەڕێک لەسەر ڕووباری کارون کراوە، دەڵێت بەسرا دەگیرێت، کەلکی ئەوەت نییە قسەت لەکن بکەیت!

ـ باشە، مامۆستا کە ئەوەندە بەپەلەیە، بۆ تەلەفۆنێکی بۆ ناکەیت!؟

ـ ڕاست دەکەیت، منیان حەپەساند، بیرم لەوە نەکردووە. ئەگەر لەماڵەوە بێت؟

ـ لەماڵەوەیە، ئەو تازە زاوایە! (سکرتێرەکە دەستێکیش بە سمێڵە قەبە گەورەکەی دادەهێنێت، بەوەیان خۆی لە چوونەکە دەدزێتەوە، بەڵام لە چوونە «سەکەک»ەکە

کەمێک هەر دوادەکەوێت).

***

پیاوێکـی بەتەمـەن، هەتـا دوێنێـش، بەچەکەوە لـەدەرگای پێشـەوە دەچووە ناو باڵەخانـەی پارێزگا. پۆلیسـەکان ئەوەنـدە ڕێزیان دەگرت. ئەندازیـاران، هەموویان شـانازیان دەکرد بێتە ژوورەکەیان. ئاغایەکی بەهەیبەت و دەسەڵاتدار بوو.

پیاوەکە، دوو سێ مەفرەزەی ئیستخباراتی هەبوو. چەند گوند و ناوچەیەکی گەورەی لەبن دەسـت بوو. کوڕەکانی، براکانی، برازاکانی لەو شـارە، هەتا شـارەکانی سـەر سـنووریش، بەردیان دەکوشـی و ئاویان لێـی دەهێنا. مەملەکەتێکی سـەربەخۆیان لەبن دەست بوو.

ئـەو پیـاوە باڵابەرزە، ئەوەی بەردەوام دڵسـۆزی فەرمان و لایەنـی حکومەت بووە. هەموو حکومەتەکان، لە چوار ساڵەکەی یازدەی ئازاریش، نەیویستووە لە کوردستان بژیـت. خۆی و هەموو بنەماڵەکەی لە بەغدا بوون. ئێسـتاش بەو ئێوارەیە، لەسـەر قاڵدرمەکانی بەردەرگای پارێزگا، بە جلە کوردییەکەی و پشـدێنە گەورەکەی، تەنیا ئەو ڕۆژە بێچەکە! ئەگەرنا بەردەوام دەمانچەی لەبەر پشـدێن بووە. پیاوی دەسـت بەتفەنگ، مەفرەزی بەپیکەب، ڕەشاشـی هەبووە. شـەوانە لەناو ماڵەکەیان لەسـەر کۆڵانەکەیان، لە گوندەکەیان سـەیتەرەی هەبووە. ئێسـتا وا بێچەک و بێناز کەوتووە و دەنوزێتەوە تەرمی کوڕەکەی بدەنەوە. ئەفسەرەکەی، ئەوەی تەنیا بە یازدە ساڵی ئەفسـەری دەبێتە عەمیدی روکن و سـەرکردەی تیمێکی زرێپۆشی چالاک و شەڕکەر و سەرکەوتوو.

کـوڕە بەژن زراڤەکە، سـمێڵەکەی، پشـت و دەمانچەکـەی، دار، قەیتان، کەتافیە و نەجمەکانـی شـاناز بوون. لەگەرمەی شـەڕەکان ئەوەندە دڵی بـە ژیان خۆش بوو. بـەردەوام خەمـی تەواوکردنی خانووەکەی پشـت (مەرکەز شـەباب)ی بوو. یەکەم خانـوو بـوو لەناو گەڕەکەکـە. هەمـوو ئەندازیارەکانـی بەڕێوەبەرایەتـی ڕێگاوبان، ئەوانەی لەناو خانووە زەردە حکومییەکان بەکرێ دەژیان. بیریان لە نەخشەسـازیی و وردەکارییەکانی خانووەکە دەکردەوە. بەپەلە، کە لەناو دووکەڵی شەڕەکان چاوی دەکردەوە و دەگەڕایەوە هەولێر، زوو حەمامێکی دەکرد، لە شێسـتمەتری لاندکرۆزە خاکییەکەی بەرەو ڕێگای کۆیە لێدەخوڕی. بەر لەوەی بچێتە ناو گەڕەکی زاپتەکان،

سەیرێکی باڵاخانە سپییەکەی نەخۆشخانەکەی دەکرد. ژاپۆنییەکان، شەو و رۆژ وەک مێروولە و جاڵجاڵۆکە پێوەی وەدەنووسان، ئیشیان دەکرد تا زوو تەواوی بکەن. ئینجا دەچووە دیار خانووەکەی، ئەودەمانەی ئەو لەوێ دەمایەوە:
بەزازێکی باڵابەرزی حاجی رەنگ رەوشنی زۆر خاوێن، بەڵام تاساو! فیتەرێکی دەست بەروونی شەرواڵ بەرین و گەورەی ماندوو، بەڵام خەمبار! ئاغایەکی پشدێن ئەستوور بۆن رەشەرەیحانی لێ دەهات، بەڵام دڵی هەر لەکن کوڕە گەورەکەی بوو! مامۆستایەکی ئامادەیی کوردستان، شانی بە تۆزی تەباشیر سپی ببوو. ئەوان، لەوێ لەنزیک وەستا و کرێکارەکان، لە دیار عەمیدەکە، بەڵام بەجلی کوردەواری، بەپشدێنە گرێ گرێیەکەی وەستابوون. روومەتی لووس وەک روون دەبریقایەوە، لەسەری کۆڵانەکەیان، سەربازێک دەست بەچەکەوە بۆ پاراستنی سەیری دووری دەکرد. هەموویان، میوانەکان، بەزازەکە، ئاغاکە، فیتەرەکەی زۆر شارەزای مەکینەی قەڵاب و لۆری ئەلبی بوو، مامۆستاکە، دەیانویست:
عەمیدەکە، کوڕی ئەو، بکاتە ئینزیبات لەناو بازاڕی هەولێر. با هەموو فیرارەکان بگرێت، بەڵام بە خۆی ئێواران بگەڕێتەوە ماڵەوە. لەگەڵ باوکی حیساباتی قازانجی بۆ بکات.
ئەوی تریان کوڕەکەی لە بەرەی شەڕی «دیزەفول» بۆ بگوازێتەوە تەجیند. گرینگ نییە کام تەجنید. تەجیندی یەکەم یان دووەم، شەقڵاوە یان مەخمور با تەجنیدی رومادییش بێت. بەس لەو شەڕە دوور بێت.
یەکێک لەو پیاوانە داوای دەکرد و دەیگوت:
هەموو مەسرەفی حەلان، بەردەکەی لە موسڵەوە بۆت دەهێنن. دەرگا و پەنجەرەکانی ئەو خانووە گەورەیە دوو نهۆمە، بەژێرزەمینەوە، لەبەر چاوی تۆ، لەبەر خاتری تاج و نەجمەکانی سەرشانت من دەیکەم، بەس کوڕەکەم لە بەرەی شەڕی «نەوسود» و «پێنجوێن» بگوازنەوە نەخۆشخانەی عەسکەری هەولێر بە سەلامەتی، نەک بە بریندار، بە کوژراوی!
ئاغاکە شەرمی دەکرد بڵێت کوڕەکە بگێڕەوە ناو شار و نزیک ماڵەوەمان، ئەو دەیگوت:
کوڕی من لە تۆ زیاتر نییە، با لەگەڵ تۆ بێت. لە بارەگای فرقە، لەناو ئوتومبێلەکەت، نزیک بارەگاکەت، لەگەڵ تۆ بچێت، لەگەڵ کاروانەکەی تۆش مانگانە بە مۆڵەت

بگەڕێتــەوە. مەرجــی پیــاوان باڵەخانەکــەم تەواو بێــت دوو دوکانی بدەمــە برازا و ئامۆزاکانت. (ئەو نەدەیزانی رۆژێکیان پاش شکانی سوپاکە و گرتنەوەی موحەمەرە و شــوش، ئــەو قۆڵبەســت دەکەن، بــە دادگاییەکی ســەرپێی تیربارانــی دەکەن و دەیکوژن).

***

لە شــەڕە گــەرم و ترســناکەکانی ناوچەی بەســرا، عەبادان، شــوش و موحەمەرە. ئێرانییەکان، سوپای ئێرانی بە لەشکر و پاسدار و حەرەس سەوری و «بەسیج»ەوە، لە شەڕێکی گەورە و چەندان هێرشی ئاوی، زەمینی، ئاسمانی و گیانفیدایی. دەتوانن رووبــاری کاروان ببەزێنن، لەســەر ســوپای عیراقی بســوڕێنەوە، ژمارەیەکی زۆر لە لەشــکرەکە تێکبشکێنن و برووخێنن، زۆریان:
فــەوج فــەوج بە دەســتی بگــرن. لیوا لیوا بە چــەک و دەبابە و زرێپۆشــەوە بگرن. شــکانەکە گەورە بوو، نەبەردییەکە یەکەم ســەرکەوتنی ســوپای ئێرانی بوو. زووتر فڕۆکە کۆنەکانی ئێرانی، نەیاندەتوانی شارەکانی عیراق، بەتایبەتی بەغدا و کەرکوک و موسڵی ستراتیژی هەراسان بکەن. سەربازگەکان، ناوچە ستراتیژییە ئابوورییەکان ئاگرباران بکەن. موشەکەکانی وەک موشەکی عیراق ئاسمانی نەدەبڕی و زیانی نەبوو. بەڵام لەو شــەڕە، هەموو ئاراســتەکان، بــەرەکان و دوارۆژی تاکتیــک و پەیوەندییە دەوڵییەکانیش دەگۆڕێت.
ئەگەرچی ســوپا عیراق کەمتەرخەم نەبوو. ماوەیەکی زۆر بەرگری کردبوو. قوربانی گیانــی زۆری دابــوو. چەکــی زۆر نــوێ، رێگا، ســەنگەر، زمانەرێگا، دروســتکردنی گــۆم، دەریاچــە، پڕکردنەوە و گۆڕینی بەکارهێنانــی ناوچەکانی بەکارهێنابوو، بەڵام دەشکێت. بۆ ئەو شەڕە:
بــۆ شــەڕەکە، دۆخەکە، ئەهوارەکان دەکەنە وشــکایی. وشــکاییەکانی مەترســییان لەســەر بوو دەکەنە ئەهوار. ئەهوارەکان بێ ماســی، باڵنــدە، قامیش، بەلەم، کوخ، بەلەمی نووک باریکی درێژ، تەندووری نان، وردە ماســی برژاندن دەمێنێتەوە.
لــەورۆژەوە بەشــێکی فراوانی چــاوی ئەهــوارەکان کوژانەوە. چیتــر جووتیارە پێیە قەڵەشــتییەکان، ناتوانــن بــە بەلەمەکانیــان شــتلی برنــج بگوازنەوە. کیــژەکان بە لەرەی مەمک و چاوە رەشــەکانیان گامێش بدۆشــن، شیرەکەی بکەنە قەیماغ، تا لە

چایەخانەکانی سـەر ڕێگا سەرەکییەکان. سەربازە برسییەکان بە نانی گەرم بیخۆن.
شـەڕەکە تـەواو دەبێت، بە لێشـاو سـەرباز و ئەفسـەرە دیلـە عیراقییـەکان لەناو ئێـران پۆلیـن دەکەن. ریسـوایان دەکەن. شـیعەکان لـە سـونەکان جیادەکەنەوە.
ئەوانـەی ناگیرێن، ناکوژرێن، ناخنکێن، بەسـک نادەن، خۆیان ناکوژن. بە بریندارى لـە دەشـتەکە، لەنـاو خوێ و توورگ و قەڵەرەشـەکان جێدەمینێـن و نادۆزرێنەوە.
سەربازە هەڵاتووەکان، بریندارەکان، دەگەنەوە سەنگەر و بارەگاکانی پشتەوە، لەناو دووکەڵی شـکان و شـەرمەزاری چاویـان دەکەنەوە، دەگەنەوە بـەر گوللەی تفەنگی تووڕەیی. ئەفسـەرەکانی ئیستخبارات و لیژنەکانی ئیعدام بواریان نادەن:
نیتاقـی پشـتیان بکەنـەوە. پۆسـتاڵەکانیان لەپێ بکەنـەوە. بۆ ئـەوەی بزانن پێ و پەنجەکانیـان مـاوە. بواریـان نـادەن، دەسـتێک بۆ کیـر و گوونیان ببـەن بزانن نەبڕاوەتەوە. ناهێڵێن، جارێکی تر پاش ماندووبوونێکی زۆری ناو دۆزەخی شەڕەکە.
لە شـەوێکی بەهەشـتی ئارامی سەر بە سەرینی شەو بکەن و پشووێک بدەن.
دەگەنـەوە، لەپشـتەوە زوو دەیانگـرن، ئەوانـەی نەکـوژراون و نەگیـراون. ئەوان، دەیانگرن، ئەوان، بە فەرمانی راسـتەوخۆ سـەدام حوسێن و کوڕە خاڵەکەی وەزیری بەرگری دەیانکوژن. دەیانگرن، بەپەلە، سـەرپێی دادگاییان دەکەن و دەیانکوژن:
بە قائید فەیلەقەکە لیوا روکن سـەلاح قازی دەڵێن:
تۆ وەک بەرپرسـی فەیلەقەکە، چۆن ئەو ناوچەیەت رادەسـتی فارسـە مەجوسەکان کرد؟
ـ هێرشـەکە گەورە بـوو، هەموو شـێوازێکی بەرگرییمان پەیڕەو کـرد، نەمانتوانی بەربەستیان بدەینەوە.
ـ نازانن سـەربازی گەورەمان سـەدام حوسێن نابێ بکشێتەوە، ئەوە دوو ساڵە ئێمە بەس سەردەکەوین.
ـ (ئەگەرچی ئەفسـەرەکە پلەی سەربازی وەک ئەو نەبوو)، پێی دەڵێت:
گەورەم، فەرمانتە، راسـت دەفەرموون، بەڵام خۆمان کردبووە قوربانی فەرمانەکانی ئەو.
(دیارە ناوێرێت بڵێت لە شەڕ سەرکەوتن و شکانیش هەیە! گەورەمان سەدام حوسێن کـە لە قاهیرە بووە، خەباتـی منی هیتلەری خوێندبـووەوە، دەبوایە زۆرترین کتێب لەسـەر مێژووی جەنگی دووەمی جیهان بخوێنێتەوە، بەوەش دەیزانی و تێدەگەیشت

و فێر دەبوو: ئەگەر سوپا زۆر پەرت بوو، ئەگەر زۆر دوورکەوتەوە، دەشکێت!).
ئەفسەرەکە، بە دارەکەی دەستی، بێ ئەوەی پرس بە دوو ئەفسەرەکەی تەنیشتی بکات، ئاماژەیەک بۆ بردن و کوشتنی دەکات.
هەر چەند لیوا روکنەکە لە ئەفسەرەکە دەپاڕێتەوە، خۆی بە قوربانی سەدام و شۆڕش و بەعس دەکات. دەیبەن و دەیکوژن و بە ترسنۆک (جبان) وەفاتنامەکەی بۆ دەردەکەن.
_ تۆ بەرپرس بوویت، لە شکان و رووخاندنی ئەو پردانەی لەسەر ئاوەکە دایدەنێن!
_ ئێمە پێنج هێرشی ئەوانمان تێکشاند، بەڵام دوایی پشتیوانییمان نەما، لە دووری ئێمە پەڕینەوە و بەسەرمان سووڕانەوە.

***

لەو دادگاییە سەربازییە، چوار ئەفسەری گەورەی سوپاکە فەرمانی گوللەبارانکردنیان بۆ دەردەچێت. بەڵام. ئەفسەری چوارەم تالع ئەلدوری لەبەر خزمایەتی لەگەڵ عیزەت ئەلدوری سزای گوللەبارانەکەی هەڵدەوەشێتەوە. چونکە لە ساڵانی شێستەکان، کە عیزەت ئەلدوری لە بەغدا لە زیندانەکانا گیراوە. باوکی ئەو ئەفسەرە، مامی ئەو ئەفسەرە بە شاهیدی عەدنان خەیروڵای پورزای سەدام، کە لەگەڵ خوشکی ساجیدە سەردانی سەدامی کردووە. باوک و مامی ئەو ئەفسەرە سڵاو و پشتیوانیان بۆ عیزەت لە زیندان ناردووە. بۆیەش ئەفسەرەکە نازناوی عەشیرەتەکەی ئەلجبوری بەکارناهێنیت و ئەلدوری پێ باشتر بووە.
بەڵام ئەفسەرە کوردەکە، ئەوەی لە سەرەتای شێستەکانەوە بنەماڵەکەیان، دژایەتی شۆڕشی کوردیان کردووە و دڵسۆزی بەغدا و حکومەت بوون. دەکوژن و بێمنەت و سەرکەشانە، وەفاتنامەی ترسنۆکی لەگەڵ تەرمە نەپێچراوەکەی بە ئاڵای عیراق، بۆ بنەماڵەکە و هەولێر و ناوچەکەیان دەنێرنەوە.
پاش ئەوەی تەرمی عەمید روکنەکەی هەولێر، دەگاتەوە ناوشار. لە حزبەوە داوا دەکەن، لیژنەی ئەمنی بە سەرۆکایەتی پارێزگار کۆببنەوە، بڕیاری ئەوە بدەن، چۆن تەرمی ئەفسەرە ترسنۆکەکە بدەنەوە خێزانێک: زۆرتر لە سەد چەکداریان لەناو شارەکە هەیە. هەموویان بەردەوام دەمانچەیان سوارە! خەڵکی چەندین گوند و ناوچە و عەشیرەت، سوێند بە سەری پیاوە گەورەکانیان دەخۆن. زۆریان لە دەزگا

ئەمنییەکانی شــاری هەولێر دەســتیان هەیە. چۆن تەرمەکە بدەنەوە ئەو بنەماڵەیە؟ ئەگەر ئەو لە بەرەکانی پشــتەوە لە شــاری عیمارە، لە بەغداش وەفاتنامەکە بەناوی (جبان) و ترسنۆک تۆمارکرابێت!؟
ئەگــەر ئەوانیــش لە وەفاتنامەکەی نەیاننوســیبێت ترســنۆکە و ســزادراوە، خۆ زۆر لــە پاســەوانەکانی، هاوڕێیەکانی، ئەوانەی لێی نزیک بــوون هەولێری و کورد بوون، ئەوان شاهیدی دەدەن و ئاگاداریش بوون، چۆن دەیگرن و چۆنیش دەیکوژن و هەر بەوانیش تەرمەکە بێ ئالای عیراق، ئەو ئالایەی، هێشــتا ســەدام بە دەســتی خۆی وشــەی «الله الآکبر»ەکەی لەسەر نەنووسیبوو، دەنێرنەوە.
ئەو دڵی خەڵکەکەی نەدەشــکاند. ئەفســەرە هەولێرییەکە، زۆر لە خزم و ناســیار و کەســایەتییەکانی لە خۆی نزیک کردبووەوە. خزمەتی ناســیارەکانی کردبوو، بۆیەش ژمارەیەکی زۆر لە پاسەوان، بەردەست، شوفێرەکانی کورد و خۆیی بوون. ئەوانیش بەدڵشکاوی و بەتاسەوە تەرمەکە دەهێننەوە. بەڵام لەجیاتی ئەوەی بیبەنەوە ماڵەوە، یــان مزگەوتێکــی نزیــک خۆیان. لەســەر یەکێک لــە لاندکــرۆزە خاکییەکانی خۆی، دارەمەیتەکە دەبەنە پێش بارەگای فرعی حزبی بەعس لەسەر شەقامی شێستمەتری. لەبەردەم دیواربەندەکەی وێنەی ســەدامی بەجلی ســەربازی، کە کۆمەڵێک نیشــان، تــاج و مەدالیای پێوە بوو، رادەگرن.
پیاوەکە، باوکی تەرمەکەی ناو تابوتەکەی، بۆیان نەبوو سەری هەڵبدەنەوە، ماچێک لەنیوچەوانی بکەن. ژنەکان لەسەری بگرێن و بنوزێنەوە. بۆ وەرگرتنەوەی جەنازەکە، بــرا گەورەکانــی چەندیــن تەلەفۆن دەکــەن و دەپاڕێنەوە، چەکەکانیــان هەڵناگرن، بێچــەک بــێ دەمانچــە بەتەنیا و بێدەســەڵات، دەچنــە ماڵی هەموو بەرپرســەکانی شــارەکە. داوا دەکەن و تەلەفۆن بۆ ناســیارە کۆنەکانی بەغدایان دەکەن. ئەوانەی لە رۆژانی مانەوەیان لە بەغدا هاموشــۆیان کردبوون. ئەوانەی سالانە ماست، پەنیر، هەنگویــن، هەنــار و ســرکەیان بــۆ دەناردن. ئەوانــەی هاوینان مانــگ مانگ، کیژ و کوڕەکانیان بۆ ســەیران دەناردە کوێســتانەکانی زۆزک و سیدەکان! پێیان دەڵێن:
تەرمەکەمان بدەنەوە، بە هەموو بڕیار و مەرجەکانی ســەرۆکی فەرماندە رازی دەبین و ممنونیــن. ئــەو بــاوک و برا گــەورەی هەموومانە. ئیمــڕۆ نییە ئێمــە، هەموومان دڵســۆزی ئەوان بووین. دەیبەینەوە گوندەکەمان، نامانەوێ لە گۆرستانە گەرمەکەی نزیــک کارگەی قیرەکە، ســووتانە گەورەکەی لێی نزیــک بێت. تەرمەکەی دەبەینەوە

بـن داربەڕووەکان، بەر سـێبەری کەسـک. هەرگیز گوند، کوێسـتان، ڕێگاوبانەکانی ناوچەکەمـان وا بـاش لەبن دەسـت نەبووە. لەوەتی بووینەتە سـەربازی دڵسـۆزی سـەرۆک سـەدام، ناوچەکە لەبن دەسـتی خۆمانە. بۆیە دەمانەوێ تەرمی ئەفسەرە بـەژن زراڤەکە، پیاوەکەی ناوقەدی وەک بلوێر بوو، لەوێ بنێژین.

***

سـێ ئەفسـەرە گەورەکـە گوللەبـاران دەکەن، بـەڵام ئەفسـەرەکەی خزمی عیزەت ئەلدوری بوو ناکوژن، پێش ئەوەی بیانکوژن بە ئەفسـەرە گەورەکان دەڵێن:

چەنـد ئەفسـەری گەورەمان خۆیان کوشـت. چەندیـان، تا دواگوللـە تەقەیانکرد و شـەهیدبوون و نەگەڕانـەوە. ئامیـری لیـوای پیادەی پـازدە عەقیـدی روکن ماجید عەبدولحەمیـد وەک ئێـوە نەبـوو! چەنـد ئەفسـەر و سـەربازەکان شـاهیدی ئەوە دەدەن ئەو خۆی کوشـت، مەیدانەکەی چۆڵ نەکرد. خۆی کوشـت و خۆی رادەستی ئێرانییـەکان نەکرد، تا وەک ئێوە (جبان) نەبێت.

تەرمـی عەمیدەکـە بێدەنگ، بێ پرسـە و گریان و لافیتە نووسـین دەنێژرێت. کەس لە ناشـتنەکە لەوێ نەبوو. کەس بەخێرهاتنی پیاوەکانی سـەر قەبرانی نەکرد. ردێن سـپییەکی خۆیـان داوایـان لە ژنـەکان نەکرد، بەسـە قژتان مەڕنێنەوە. بەسـە لە سینگتان مەدەن، ئەوە کاری خودایە، لەگەڵ کاری خوداش هیچ ناکرێت، دوعای بۆ بکەن باشترە، خێری بۆ بکەن!

***

بەڵام! یەک مانگ پاش تێپەڕبوونی ناشتنی عەمیدەکەی بە ناوی «جبان» و ترسنۆک دەنێژرێت. لەهەمان باڵەخانە، لەبەردەم هەمان پارێزگار و دەسـتەی لیژنەی ئەمنی شـارەکە. پیاوەکەی کورەکـەی کفنی زەرد نەببوو، ئەگەر کفنیـان کردبێت، ئامادە دەبێت. بەڵام ئەو جارە لەسـەر قەنەفەیەکی نزیک لە مێزەکەی پارێزگار. لەتەنیشت بەڕێوەبەرە عەرەبەکەی پۆلیسـی هەولێر دادەنیشـێت. چایەکی تاڵ و دیشلەمەی بۆ دادەنێن. جگەرەیەکی رۆسمنیشـی بۆ رادەگرن و پێی دەڵێن:

ـــ ئاغـا، بـرا و کوڕ و برازاکانت و خەڵکی گوندەکانت هەموویان دڵسـۆزی سـەرۆک سـەدامن خودا بیپارێزێت، تەمەنی بۆ هەموو نەتەوەی عەرەب و موسـلمانەکان درێژ

بـكات، داوای دیمانـەی تـۆی کردووە. دەیـەوێ بچیتە بەغدا، لە کۆشـکی کۆماری سەردانی بکەیت.

ـــ لـە خزمەتم، هەموومان گیانمان فیدای ئەو دەکەین.

***

پیاوەکـە لەکاتـی دیاریکـراو دەگاتـە بەغدا. شـەوێک، دوو شـەو لـە هوتێل بەغدا دادەبەزێـت. ئێوارەیەکیـان سـواری ئۆتۆمبێلێکـی تایبەتـی دەکـەن و دەڕوات. ئۆتۆمبێلەکە چەند شـەقام و ناوچە دەبڕێت. ئەویان دەگۆڕێت، سواری یەکێکی تری دەکەن، ئەویش لەناو دارسـتان و باخی زۆری سـەر کەناری دیجلە. لەبەر سـێبەری دارخورما دەڕوات. بێ ئەوەی یەک بنیادەم، یەک ئاسـکەکێوی، یەک پشـیلەی چاو کەسـک، یەک ئۆتۆمبێلی گەورە یان بچووک ببینێت. دەڕوات و قسـە ناکات. ئەویش دەگـۆڕن و دەڕوات تـا لەبـەردەم، دەروازەی کۆشـکێکی خەوتووی نـاو باخێک لە پرتەقاڵ و گێلاس دادەبەزێت. دووبارە دەیپشکنن، لەناو سالۆنێکی گەورە، بەرامبەر ئاوێزەیەکی گەورەی هەڵواسـراوی رووناک دادەنیشێت. زۆر چاوەڕوان ناکات، سەدام دێتە ناو سالۆنەکە. دوو ئەفسەری پلەدار لەدوای دەڕۆن. ئەویش دەمانچەکەی قەدی کەمێک هاتبووە پێشـەوە، سەبر سەبر بۆ گاڵتەپێکردن بە ئامادەبووان دەلەرێتەوە. بەڵام زووتر پێیان گوتبووی:

کاکە، بەس بۆت هەیە شـانی ماچ بکەیت، تۆ قسـە ناکەیت، پرسیار ناکەیت، تا ئەو نەپرسێت. ئەویش دەڵێت:

باشـە، دەزانـم، دوو جاری تر هاتووم! دەزانـم ئەتەکێتەکە چۆنە. هاتووم جارێکیان بۆ وەرگرتنی نوتی شـجاعە. جاری دووەمیش بۆ هێنانی دوو کیلۆ زێڕ بۆ پشـتیوانی و یارمەتی قادسیە، هاتووم دەزانم!

سـەدام، وەک هەڵۆیـەک باڵەکانـی دەکاتـەوە، وەک شـێرێک ملـی دەجوڵێنێـت. لەگەڵ پێکەنینە درۆزنانەکەی بێرییە رەشـەکەی سـەری، لەسەر ئەژنۆی دادەنێت و چرووتێکـی کوبایی بۆ دادەگیرسـێنن. لەگەڵ یەک قووم و دووکەڵ بەباکردنەکە روو لە ئاغاکە دەکات:

کاکە، من کوردم خۆشـدەوێت، دەسـتدرێژییان ناکەمە سـەر، خاڵم حاجی خەیرولا و باپیـری عـودەی، ئـەوەی منی بەخێوکردووە و نازی کێشـام. لەنـاو کوردان ژنی

هێنــاوە. ســێیەم ژنی کــورد بووە. لە هەولێر ژنی هێنــاوە، (بەڵام ژنەکە زۆر لەلای نامینێتــەوە و رادەکات. ــبەپێکەنینــەوە، دیارە کورد ئازان بەرەو چیاکان رابکەنــ ئەو بۆ دۆزینەوەی دێتە هەولێر، شار و دەزگا ئەمنی و حزبییەکانیش بۆ دۆزینەوەی ســەرقاڵ دەکات، بــەڵام مایەپوچ دەگەڕێتەوە. بۆیەش لەنــاو هەولێر دەعمێکیش بە ئۆتۆمبێلەکــەی دەکات) ئێــوە نەوەی ســەلاحەدینی ئەیوبیین! ئەوەی لە شــارەکەی ئێمــە لەدایکبــووە. کــورد و تکریتییــەکان خــزم و هاوخوێنــن. (ئاغا بــۆی نەبوو، بڵــێ وایــە، یان بڵێ بەڵــێ) کوڕەکەی تۆ ســەربازێکی ئازا بوو، ئەفســەرێکی مەرد خوێنی ســەلاحەدینی لە دەمارەکانی دەگەڕا. راســتە ئێمە کوشتمان، راستە ناومان بە ترســنۆک نووســی و شــەهید حیســاب نەکراوە. بەڵام لەئیمڕۆوە ئیتر کوڕەکەت شــەهیدە. کوڕەکەت لە ســەعات، کات، رووداو و پێشهاتی تووڕەیی کوژرا. تووڕەیی کوشتی. شەهیدی کوشتنی تووڕەییە. هەر ئێستا فەرمان دەکەم کوڕەکەت شەهیدە، ئێوە و منداڵەکانی هەموو موســتەحەقاتی شەهیدی وەردەگرن.

من کوردی شیمالم خۆشدەوێت. بڕیارمداوە لەوێ، لەسەر شاخە بەرزە سەرکەشەکان کۆشــکی پشــوودان، ئیسراحەت و میوانداری دروســت بکەم. واخەریکین لە «جەبل گارا» دروستی دەکەین. لە «ئێنشکێ» بەرامبەر سەرسەنگ هەواری گەورە دروست دەکەین. بیرمان لەوە کردیتەوە لەســەر «حســن بگ»یش کۆشــک و تەلار دروســت بکەیــن. (ئەودەمانە شــەڕەکان لــەوێ نزیک بــوون، بۆیە لەوێ دروســتیان نەکرد. چونکە بادینان دوور بوو لە ســنوورەکان ئیران، بۆیە لەوێ هەواری شــاهانە دروست دەکەن).

لەو رۆژەوە کوڕەکەت شــەهیدە. کە گەڕایەوە ســەڵام لە خەڵکی شــیمال بکە! تۆش باوکە شــەهیدی و هیوادارم دڵت هیچ نەکات! چاوەڕوانی لیســتی شــەهیدانی نوێی ئیدارەی ئەفسەرانی وەزارەتی بەرگری بکە.

***

هاتنــەوەی تەرمــی عەمیدەکە، زۆری نەمابوو دانیشــتنی برادەران لە یانەی ســەکەک تێکبــدات. بــەڵام باش بوو، بەرپرســی گەراجەکــە بەیەک تەلەفــۆن، فەرمانەکە بۆ بەڕێوەبەرەکەیــان رادەپەڕێنێــت. کوڕەکــە بەپەڵە لە ژوورەکــە دەردەچێت و کرۆنا ســپییەکەی لە گەراجە درێژەکەی هەردوولای مورتک و گوڵە ئەشــرفی ســوور بوو،

پشتاوپشت دەردەهێنێت. بە سێ چوار دەقە دەگاتە ناو گەراجە گەورەکەی بەردەم ڕێستهاوسەکەی، بەشێکی ببووە باڕێکی سیحراوی. کە لەناو دارە بڵند و گەورەکان لە دوورەوە دیوار و بەرد و دەرگاکەشی دیار نەبوو. سکرتێرەکەی ئەنجومەن دەگاتە سەر مێزەکە. بەڵام هەموو دەزانن لە هاتنەکەی دواکەوتووە.

_ ها بۆ دواکەوتی، خۆ پەنچەر نەبوویت؟

_ نەخێر، ئۆتۆمبێلەکەم پەنجەر نەبوو! خۆم پەنجەر بووم! شارەکە و شکۆی بنەماڵەیەکی گەورەی ئەو شارە نەک پەنجەر دەبێت، دەتەقێت! لەو سەعاتە فیلمێکی سەیرم بینی! (بە گارسۆنەکە دەڵێت، دوو بیرەی ساردی فەریدەم بۆ بێنە، با زوو بگەمەوە برادەران).

_ فیلمی چی! (گارسۆنەکە لەگەڵ دانانی دوو بیرە ساردەکە، پاکێتێکی سۆمەریان لەبەردەم رادەگرێت. پێیان دەڵێت، برادەران لەسەر مێزەکەی بن دینگەکە، دوو کەسەکە، ئەوەی شەش شووشە بیرەی لەپێشە، ئەو پاکێتەکەی ناردووە. لەگەڵ دەرهێنانی جگەرەکان هەموویان بەیەکەوە دەستیان بۆ کابرا بڵند دەکەن. ئەویش دەستی رادەوەشێنێت، بەخێرهاتنی سکرتێرەکە دەکات).

_ فیلمەکەی ئیمشەو، دوو گرتە بوو، هەر نیو سەعاتێک دەبوو. فیلمێکی حەربی و سیاسی و کۆمەڵایەتی کورت بوو. بەڵام تراژیدیایەکی مێژوویی و سیاسی دەگەیاند.

_ بەر لەوەی قسەکانت تەواو بکەیت شخاتەکەمان بدەرێ. با جگەرەیەک بەدیار فیلمەکەت داگیرسێنین. (تا هەموو ماسولکەکانی ببین. ئەو، زستانانیش بەیەک قەمیس دەهاتە دەرەوە. بۆیەش برادەران ناویان نابوو، پاڵەوان).

_ قسەکە بۆ گێڕانەوە نییە! (لەبەر خاتری دائیرە و بەڕێوەبەرەکە، نایەوێت هەواڵەکە لەسەر زمانی ئەو بڵاوببێتەوە).

_ دیارە پەیوەندی بە ژنانەوە هەیە، تێگەیشتین!

_ نەخێر، ئەو جارە بەزمەکە پەیوەندی بە هیچ ژنێکەوە نییە. (سکرتێرەکە لێوە ئەستوورەکانی دەقوچێنێت، بەنەرمیش سەری رادەوەشێنێت، یەکەم پێک دروست دەکات، هێشتا کەفی بیرەکە نەنیشتبووە، بەرداخەکە هەڵدەدات).

***

پاش خواردنەوەی بیرەکان و پاچەکەی شەوانی چوارشەممowان، بەجوانی و تایبەتی

لــەو بــارە دەکرا، پارەکە دەدەن. بەڵام نیگەرانن، بەو شــەوە چۆن بڕۆن و بگەنەوە ماڵــەوە. دەیانەوێ بزانن، کام ڕێگا بگرنەبەر، ســەیتەرەی «جیشــی شــەعبی» لێ نەبێت. ئەوان دەخۆنەوە و پاچە دەخۆن تــا بچنەوە، پاڵ ژنەکانیان. خۆیان ڕووت بکەنــەوە، بچنە ناو باوەشــیان. ژنەکانیش لەبن ســکە گەرمە مەســتە چەورەکانیان بتوێنەوە، قوربانی یەکەم ســاتی زەوق و ئۆرگازمی بن.

گەنجــن و دەیانــەوێ زوو بگەنەوە ماڵەوە. تا ژنەکانیان بــە جلە پەمبە تەنکەکانیان زۆرتــر چاوەڕوانیــان نەکــەن. لەبــەر ڕووناکــی گلۆپی ســفری ژووری نووســتنیان، دوو جــار جووتبوونەکەیــان تەواوبکەن. دەیانــەوێ بگەنەوە، نەک لەنــاکاو تارمایی ســەیتەرەیەک. ســەرێکی بەستراوی بە جەمەدانی و کاســکێتی کەسک. جامەکانیان پــێ بهێنە خوارەوە، ســەریان لێیــان بێنە ژوورەوە. بە زمانــی عەرەبی، بەتووڕەیی داوای ناسنامەیان لێ بکەن.

ئەوان ســێ کەس بوو، سێ ڕێگای دەرچوون و گەڕانەوە هەڵدەبژێرن.

یەکێکیــان دەڵێــت: بچینــەوە ســەعدوناوە، لەوێش نزیــک منارەی چۆلــی، بەردەم شــەقامەکەی ئەمن. دووبارە بچینەوە بن قەڵات لەناو شارەوە بڕۆینەوە.

ئەوی تریان دەڵێت:

زۆر باشە، بەڵام نەچینەوە فولکەی سێتاقان و پردی سەیداوە، پێش نەخۆشخانەش بەردەوام مەفرەزەی لێیە.

کوڕەکــەی دوو ڕۆژنامــە و کتێبێکی نوێــی کڕیبوو، پاڵێکیان پێــوە دەنێت و تووڕە دەبێت:

ســواربن و بڕۆن شــەرم ناکەن، تــا کەی ترس. من ماڵم نزیکــە بەپێیان دەپەڕمەوە و دەچمەوە پشــتەوەی هوتێل هەورەمان. لەوێش، بە کۆڵانەکانی ســەیداوە، بندیوار و بندیــوار، تــا دەگەمــەوە ماڵــەوەش بۆن و سەرخۆشییەکەشــم نامینێــت. لە هەر کۆڵانێکیــش میــزم هات بیادی مندالی، میز بەدیــوارە قووڕەکانی کۆڵانێک دادەکەم. بەڵام پاڵەوان، ئەو بە بەرازیلییە سپییەکەی بەرەو حەی عەسکەری دەڕوات. تا زوو بگاتە ژنی نائیب زاپتەکەی شــێتانە و بەرووتی چاوەڕوانی دەکرد!

***

بەیانی هەرســێکیان ئیمزا لەســەر دەفتەری ئامادەبوونی ئیســتعلامات دەکەن. لەناو

دائیرەکـە یەکتـری دەبینـەوە، سـەیری دەموچـاوی یەکتری دەکەن. دەزانن شـەو تەرمـی ئەفسـەرێکی گـەورەی بنەماڵەیەکـی نزیک لـە حکومەت نێـژراوە، بەنهێنی شـاردراوەتەوە. چونکـە لە بەرەکانی شـەڕ بە جبـان «ترسـنۆک» ناودەنرێت، بە گوللەبارانکردن سزادەدرێت.

پاش ئەوەی حکومەت تێدەگات، هیچ دەنگ، قوورگ، رەنگ، هەناسە، هەڵسوکەوت، ناڕەزایـی، گلەیـی، خەم، پرسـەیەک لـەو بنەماڵـەیـە بەدی نەکرا. «ترسـنۆک»ی ئەفسـەرەکە بە «شـەهید» دەگۆڕن. دووبارە تەرمەکەی وەک شـەهید دەنێژنەوە، بـەڵام بەئاشـکرا و بەئامادەبوونی خەڵکێکی زۆر، لەناو گۆڕسـتانی بنەماڵەکەیان و پرسـەیەکی گەرمی بۆ دادەنێن، کاروان کاروان خەڵک بەشـداری پرسـەکە دەکەن. چای گەرم دەخۆنەوە، جگەرەی رۆسـمنیش لە پرسەکە پێدەکەن.

***

# هەولێر ـ قەرەچوغ

## بەشی چوارەم      ژن و مێرد

له شـــەوی دانیشتنەکەی یانەی «ســکەک»ی، ناو کۆنە مەحەتەکەی هەولێر. چەندان ســاڵ ئەو شــوێنە گەشــتیارییە. شــوێنی ســـەفەر، جانتا، دیمانە و گەڕانـــەوە بووە. تەقەتەقی ئاســن و بارکردن و ســووتانی مەکینە بووە. سەفەری دووکەڵی مەکینەکان بووە. لەجیاتی ســارێژ و ســازکاری بکەن، وێرانی دەکەن. تیماری ناکەن، تا قامەتی ســکەکەکان لاردەبێتەوە، دارەکانی ژێرەوەشی دەچنەوە ناو خاکوخۆڵەکەی ژێرەوەی. وردە بەردەکانی ژێر سکەکە، بە دووکەڵ و سووتانی خۆرتاوەکە رەشهەڵدەگەڕێن.

چەنـدان ســاڵیش شــوێنەکە. ســکەک، باڵەخانە ســەرەکییەکەی، کەوانــە و هەیوانە بەردینەکانی، بنیمچە بەرزەکەی. دەبێتە زیندانی سەرەکی و گەورەی شارەکە. بەرد و دارەکانی ماون، ئەگەر قســە بکەن، دەتوانن کەســایەتی و سەربردە و رۆژانەکانی ئەو زیندانە بگێڕنەوە. هەرگیز، بیر لەوە ناکرێتەوە سەردەمانێک، ئەو شوێنە، رێستورانت، باخ، سێبەر، وێستگەی گەشت و گەشتیاری شارەکە بووە.

شەوەکەی، تەرمی ئەفسەرێکی پلەداری ئەو شارە، بەناحەق لە سێدارەدراو دەنێرنەوە. بـۆ ئەوەی بەدزی. بەشــەویش لەلایەن شــارەوانی بنێژێت. شــارەکە، لەناو ســوپایە یــەک ملیۆنییەکــەی عیــراق، ئەفســەرێکی تری لەو پلەیــەی تێدا نەبوو. ســەدام، لە گەرمەی شەڕەکان، ئەفسەرەکە گوللەباران دەکات. ئەگەرچی خۆی، رووبەڕوو و لەدیار ژمارەیەکی زۆری ئەفسەری پلەدار و پیاوانی دەوڵەت، پێی گوتبوو:

ـ وەرە شانم ماچ بکە، چونکە تۆ «قەعقاع»ی منی! من سەعدم!

ـ گەورەم شــانازم شانت ماچ دەکەم. من ئەو قەعقاعەم، مەجوسەکانت بۆ دەبەزێنم. سەری «رۆستم»ت بۆ دەهێنم.

***

لەو شـــەوە، باســی یەکێـک لە کوڕەکانی ســەر مێزەکەی ناومان نابـوو پاڵەوان کرد.
پاڵەوان، بەڕاستی پاڵەوانی دەستوەشاندن بوو.
شەڕی زۆری کردبوو، شەڕ و شەقەکانی زۆریان لەسەر حەق بوون. دەستی دەوەشاند، ئەوانەی شەقی ئەویان پێکەوتبوو دەیانگوت:
دەستی گرانە، بنەگوێ کاس دەکات!
زۆریش، هەر لە ترسی سەرشێتی و گیانبازی و شەقەکانی خۆیان لێی لادەدا. چونکە، دەسـتی ئەو، دەسـت نەبوو کوتکێکی بەزەبر بوو. ئەو، دەسـت و ملی خەڵکی زۆری لە دەسـتگەمەکان ئازار دەدا. بەڵام ئەوەشـی هەبوو، لە خەڵکی بەستەزمان و لاواز و سادەی نەدەدا.
کـە تـوورە دەبـوو پاڵێکـی پێوەدەنـا و دووری دەخســتەوە. بەڵام لەگـەڵ ئەوانەی لووتیـان بـەرز بوو، پۆسـتان هەبـوو، چەکیان پێ بـوو. هەرگیز سـڵی نەدەکردەوە دەستی دەوەشاند. بە قەرد نەدەترسا. حیسابی پاشەرۆژ و دەرئەنجامەکەی نەدەکرد.
شـەقەکانی، جێدەسـتی ماوەیەکی زۆر بەسـووری و بەمۆری و بەژان و حەسـرەتەوە دەمایەوە.
ئـەو نـەک دەسـتی، کورتـە دارێکی سپیشـی بـەردەوام لەتەنیشـت گیـرفی بیجۆیە پرتەقاڵییەکـەی، هەر چوارلای سـوبغ و دەعـم و پۆلیش و لەحیم بوو دادەنا. بیجۆکە ئێسـتا مابوایە، لەبەر کۆنی خەڵکی هاڤانا، دەوڵەمەندەکانی وڵاتە دوورەکەی، سەرما و گەرماش نایناسن، دەیانکڕی، دەیانکردە تاکسی بۆ گەشتیارە کەندییەکان. ژنە نیوە رووتەکانی سـوید و ئەڵمانەکان. سـواری دەبوون، بۆن و رووتی و سـینگ و سـمت و نازیان لەناو جێهێدەهێشێت.
بەپێکەنینەوە بە برادەرەکانی دەگوت:
ئەو دارەی منیش، وەک دارەکەی حەزرەتی عیسایە. لەتەنگاویی و خۆدەرهێنان دەبێتە مار! رووباری نیلیش شەق دەکات.
ئەو، لەبەر ماسـولکە گەورە و چەور و بە دەماری شـینە ئەسـتوورەکانی، زسـتانیش قەمیسی نیوقۆلی تەنکی لەبەری دەکرد. بەردەوامیش، دوو سێ قۆچپەی سەرەوەشی دەکردەوە، ئارەقەش بن هەنگڵی تەڕ دەکرد!
لەبـەر ئـەوە نەبـوو. برادەرەکانـی، فەرمانبـەرەکان، مودیر و بەرپرسـی خۆیەتی و

ژمێریـــاری. دوایی لەماڵەوەش، براکانی، دوو ســێ جیرانی نزیــک خانووەکەی باوکی بەگەنجی بەکرێ تێدا بوو. یا مردنیشی ئەوان هەر بەکرێ تێدا دەژین، ئەوانیش پێیان دەگوت پاڵەوان.

***

زۆریـــان نەیاندەزانــی بۆچی ئەو نازنــاوەی وەرگرتووە. کێ ناوەکەی بەدوخســتووە. یەکێــک، دوو ســێ برادەر ناویان نابــوو، پاڵەوان. زۆرتر لەبەر ئــەوە بوو، چونکە بێ ئەوەی بترسێت، یان کەمێکیش شەرم بکات، دووڵیش بێت، دەتوانێت:
چەندان شــەو، بە پانتۆڵ و چاکێت و گیرفانی بە پاکێتی جگەرە و کلیلی دەرگاکانی ماڵــەوە و دۆلابــی دائیرەکەی. بەپێڵاوە نوێیەکەی، لە دیــوارە بلۆکە لەبخنەکراوەکەی کۆڵانەکــەی ئەودیویان، ماڵــی (نائیب زاپت)ەکە ئاودیو دەبێــت. خانووەکەی دوولای کۆڵان بوو. ســێ پەنجەرەی بەرین و پان و شووشــەبەندی بەسەر باخچە و کۆڵانەکان کرابوونەوە. واتە نیوەی ژوورەکان، بەئاسانی لە ژوورەوە دەرەوەیان دەبینی. کە ئاودیو دەبێت، دەســتەکانی، نەرم نەرم لەیەکتری دەخشــێنێت، تۆزی پانتۆڵ و چاکێتەکەی دادەوەشێنێت. جوان و باش ئەوەی دەکرد، دەترسا نەوەک لە ماڵەوە بپرسن:
بــۆ پانتۆڵە نوێیەکەت ســەرچۆکێکی دڕاوە ؟ لەکێ بەربوویتــەوە؟ بۆ ناولەپت زامدار بووە، نیوەڕۆ کە نانت خوارد هیچی نەبوو؟ بۆ نووکی پێڵاوەکەت تەقیوە؟
دەترسا بپرسن، یان زیندەخەوێک، رازێک، گومانێک، لێی بپرسێت:
بۆ وا درەنگ هاتوویتەوە؟ بۆ شەو، کە گەڕایتەوە لەسەرچاو کەوتی؟ بۆ رووت لە ژنە گەنجەکەت، ئەوەی ســێتێک جلی شــەوی نەرمی شینی سینگ والآی لەبەرە، نەکرد!؟ بۆ بە ماسولکە و دەستە ئەستوورەکەت، ژنەکەت لەسەر خۆت هەڵنەپەڕاند.
ئیمشەو، بۆ وەک شەوانی تر، پاش تەواوبوونی فیلمە میسرییەکە. یان سەما شەرقییەکەی تێدا ســمتی ژنەکە، یەک بە شاشــەکە دەردەکەوێت. ناچێتە ژوورەکەی ســەرەوە. کە ژنەکە دوو سێ سەعات بوو، سۆبا عەشتارەکەی، گلۆپە سفرە کەسکەکەی داگیرساندبوو و چاوەڕوانی تۆ دەکرد؟ ژنەکە، سیســەمەکەی بە سەرپۆشــەکەی وێنەیەکی گەورەی تاوســێکی لەسەر بوو، داپۆشیبوو. سەرپۆشــەکە، بەنەرمی و رەنگەکانی هەردووکیان گەرمتــر و بە جۆشــتر دەکرد، دەچوونە ناویــەک و پەلەیان دەکرد زووتر تەواو بن. بۆ ئــەوەی ژنەکە زۆرتر پرســیار نــەکات، دڵی خۆش بێت، لێی دەپرســێت، یان بەبیری

دەهێنێتەوە:

ـ ئەو سەرپۆشە نەرمەی زەوقی لەسەر دەکەین، کێ بۆی هێنابووین!؟

ـ پوورم! وادەزانی لەبیرم نەماوە! (ژنەکە لەسەر پشتە، هەردوو قاچی زۆرتر کردیتەوە).

سەرپۆشەکەی، ئەو بەزمەی لەسەر دەکرا. ئەوەی پلکە گەورەکەی بەدیاری هەفتانەکەیان بۆی هێنابوون. پاش هەشت ساڵ، لە کۆچڕەوەکە، ژنەکە لە یەکێک لە کیژە ساواکانی لوول دەدات، لە ئیران، زۆر سەرپۆشی نوێتر و جوانتر دەبینێت، بەڵام دڵی نایەت بیفەوتێنێت، یان بیگۆڕیت. لەبیری بچێت و یان ونی بکات، موستەحیل بوو.

ژنەکە. ئەوەی سەرپۆشەکەی لە هەفتانەکە بۆیان بردبوو، لەکن دایکی بووکەکە گوتبووی:

ئەوەم تایبەتی لەبەر ئەوان، لەناو دەیان سەرپۆش، (ژنان هەندێکیان بە کەمەری قەدیفەش ناویان دەبرد)، لەکن حاجی سەبیحەم هەڵبژاردووە. کە هەڵمبژارد، هێشتا پارەکەم نەدابوو:

ئەو سوێندی خوارد لەناو مەکەی پیرۆز کڕیویەتی. سوێندیشی خوارد لەوەیان یەک درهەم قازانجی نەویستووە. مادام بۆ سەر سیسەمی کیژی خوشکتە. مادام دیارییە. دڵی ناسکی بووکێک خۆشدەکات، منیش قازانجم نەویست.

ـ قازانج وەرناگرم، کوێر بم ئەگەر درۆ بکەم!

(حاجی سەبیحە دوو ساڵ جارێک دەچووە حەج. بە هێنانی کەلوپەل و زێڕ و جلی ژنانە. نەک پارەکەی دەردەچوو، قازانجی باشیشی دەکرد. بەر لەوەی بەڕێبکەوێت ژنانی ماڵەکەی و خزمەکانی. هەفتەیەک بۆ سازکردن و دانانی خواردەمەنی و پێویستییەکانی لەلای دەمانەوە. لەبن دەستی بەزەوقەوە هاتوچۆیان دەکرد. چونکە دەیانزانی دیارییان بۆ دەهێنێت. پاش گەڕانەوەشی، ماوەیەک بۆ ئاوی زەمزم و پیرۆزبایی و دەستماچکردن و ئاوەدانییەکەی، ماڵەکەی، دوایی بۆ فرۆشتنی کەلوپەلەکان، دەبوو مەیدان و دیداری زۆری ژن و کیژانی جیران و خزم و منداڵەکانی خۆشی. هەر لەو میوانداریيانە. لەو گەرمە بازاڕە، زۆر چاوی ڕەش ناسراوە. زۆر کابانی باش دیتراوە. زۆریش باسی کوڕان لەوێ کراوە).

قافلەچییەکە، پیاوەکە، حاجییەکەی سالانە چل پەنجا کەس: پیرەژنی ڕەشپۆش و چاوکز. ئەوانەی بیریان لەوە نەدەکردەوە چاوکزییەکەیان بە چاویلکەیەک چارەسەر

دەبێــت. دەتوانن بەئاســانی دووبارە، داو تەڕ بکات و لە نووکی دەرزی هەڵکێشــێت.
پیــاوی بــێ ددان، ژنی دەســت و مەچەک ماندووی تەمەن و ئاگــر و کارکردن، دەباتە ماڵی خودا. قازانج لەو، لە چەند ژنی تر، دوو پیاویش وەرناگرێت. چونکە باری خۆی بەوان دەناردەوە. ئەو دەیزانی چی لەناو بارگە و باول و پرێســکەی، ســێ چوار ژن و دوو سێ پیری خزمی خۆی پەستاوە.
ـ حاجی سەبیحە هەشت دینار زۆرە!
ـ کچێ بەگۆڕی جوانەمەرگی پارەکەی خۆیم پێگوتی.
ـ کچی سەبیحە، بزانم زۆرترت وەرگرتووە، پەتی درێژی سودانییەکانی لەوێ نیشانیان دابوویت تێتدەبڕم.
ـ (بەپێکەنینەوە) دەنا پارەی زیادم گوتووە، با ئی ئەوانەم بەرکەوێت!

***

حاجییــە قافلەچییەکە، لەو ســاڵەی نەیتوانی پیاو و ژنەکانــی گوندەکانی موکریان و ســابلاخ و خانە، بەناوی عیراقی بباتە حەج. زیانی لێ دەکەوێت. خەونی قازانجەکەی با دەیبات.
ئەوان، ناگەنە حەج. ئەگەرچی ماوەیەکی زۆریش لە گوندەکانی دەشتی هەولێر. لەناو ماڵە جووتیارەکان بە میوانی چاوەڕوان دەبن.
ـ کــە گەڕامــەوە خەناوکەت بۆ دەهێنم. کەســک و زەرد و وردە زیویشــی تێدا بێت.
(ژنەکەی دووگردێکی ئەستووری بە پشتی دادابوو. بەدیار نانکردنی کیژەکە دانیشتبوو).
ـ بەڵام زۆر درێژ نەبێت. چونکە ئێمە بەردەوام دەستمان:
لەناو قووڕ، هەویر، خەنە، لەودە، هەوێز، کەف، ریخ و سابوونە. ئێمە زۆر دەچینە: سەربان، سەربیر، سەرجۆخین، سەربێر، سەرئاو و ... ( کیژەکە لە خۆشییان ڕوومەت و نــان و باســک و ئەوەنــدەی قاچــی کە بەدەرەوە بــوون، بە ئاگر و گفتەکە ســوور دەبێتەوە). مەڕۆ و هەڵمەستە کە لێبوومەوە ناسکەنانێکت بۆ دەکەم!
ـ بەختت باش بێت! ناسکە نان چییە؟
ـ کە بەگەرمی خواردت دەزانی. لەوێش دوعای باشم بۆ دەکەیت.

***

قافلەچییەکە. خۆی خەڵکی یەکێک لەو گوندانە بوو. زووتر، لەبەر ئەوەی گوندەکەیان بەناو دەرەوەی شار بوو. بەڵام ئەوەندە لە شاریش نزیک بوو. زۆر لە پیرەکان، بەیانییان نوێژیان بە دەنگی بانگی مەلاکانی ناو هەولێر دەکرد. بانگدانی مزگەوتی حاجی بەکری زێڕینگر و حاجی مورادی بنجوو ... لەو ساڵانە ئەو دوو سێ مزگەوتەکە بەرامبەر ئاقارەکەی ئەوان بوو. رەمەزانان، پارشیوویشیان بە دەهۆڵی کۆڵانەکانی شارەکە دەکرد. لە گوندەکە، چەند پیرەمێرد و ژنی بەتەمەن رەمەزانان دەیانتوانی بەرۆژووبن. گەنجەکان بەتایبەتی کوڕ و کیژان کەمتر.

زووتر، ئەو، لەوێ قاچاخی دەرمان و تووتن و چەک و قوماش و جلوبەرگ و خەنە و سەماوەر و چاکێتی ژنانی دەکرد. کە ئەو کاسبییە کەساس دەبێت. زوو تێدەگات و کاسبییەکە دەباتە ناوشار. لەوێ، لەناو شار دوکانێک بۆ کوتاڵ، سیفێک بۆ گەنم و جۆ، گەراجێک بۆ جێب و پیکەبی گوندەکان، نیوە ئاشێک بۆ ئارد و ساوەر، نێرینێکی لە هێڵی بەغدا، ماوەیەکیش دوو خانوو بە قۆنتەرات، لە رووناکی لە مامۆستاکان بە مەرجی وەرگرتنی سولفە و بەشێک لە موچەکانیان دەگرێت. لەودەمانە، دەست لەگەڵ بەرپرسەکان تێکەڵ دەکات. دەیەوێ ئەوانە، بەناوی عیراقی بباتە حەج.

ئەوانە، لە مەرزی حاجی ئۆمەران و دواییش کەس نازانێت، سەرقافڵەچییەکە و پیاو و ژنەکانیش، نەیانزانی چۆن گەیشتنە ئەو گوندانە. ئەوەندەیان دەزانی، هەر چەند هەڵدەکشان گەرمێن بوو. زۆرتر خاکەکە وشک و کژوگیا و سێبەری کەمتر دەبوو. دوایی زانیان ئەو دەشتە، دەشتی هەولێرە!

هەندێکیان هەولێریان بە «رەسووڵ گەردی» دەناسی. دوو سێیەکیان ناوی «فارس باوە» و خاڵە رەشەکەی روومەتیان بیستبوو. ژنێک، زۆر لە ناوی گوند و کەندولەندەکانی لە حەیرانەکان بیستبوو. بە حەیران لە موکریانەوە گەیشتبووە قەراج و بناری قەرەچوغ. گوند بە گوند، دەگەیشتە کەندێناوە. گوند بە گوند هەڵدەکشا و دەمایەوە. دەگریا و ئاسوودەش دەبوو. حەیران وایە، ژان و ژیانە! حەیران سەمای بەر دامێنی قەرەچوغە.

***

لە دوو سێ گوندی ناسیاری. بە پەیوەندیکردن بە کوێخا، مەلا، کادیرەکانی حزب، خاوەنی جێب، پیکەب و تراکتۆرەکان. پیاو و ژنەکان، ژن، مێرد، خوشک و برا

پیرەکان. بەسەرماڵەکان بە خۆشی خۆیان، وەک خێر و ئیسلامەتی و کوردایەتی و میوانداری و بۆ ناسین و دیتنی کوردەکانی ئەودیو رادەگرن. خۆیان، نەدەچوونە ماڵی خودا، بەڵام میوانەکانی بەردە رەشەکەی کەعبە و ئاوەکەی زمزم، بەخێودەکەن. پێشوەختیش شان و دەستیان ماچ دەکەن.

ئەوانیش، لەودەمەی لە مەرزەکە ئاودیو دەبن، دەگەنە «بارزین» و «کۆنەخانان» و هەست بە حوکمی کورد و مەلا مەستەفا دەکەن. وادەزنن گەیشتوونەتە حەج. ئەدی بۆیەش یەکتریان بە حاجی بانگ دەکرد. ناویان دەبێتە حاجی مینەی سەمەدی، حاجی سەید ئاغای عەبدوڵای کانیکەوان و ... ببوونە حاجی بەڵام کەشیدەیان نەبەستابوو. بەنیەتی حەج هاتبوون، کەواتە بوونەتە حاجی. حەجی خۆیان زوو کرد، کەعبەیان ماچکرد و ئاوەکەیان خواردەوە. لەو گوندە، ئاوهێنان، ئاو پەیداکردن ئەوەندە زەحمەت و بە ئازار و راکێشان و رۆحدان بوو. بۆیە ئاوەکەیان وەک زمزم پیرۆز و موتفەرک بوو.

ـــ ئەگەر نەچووینە مەکە، ئەو ئاوە دەبەینەوە!

ـــ ئاوی چی؟

ـــ ئاوی ئەو بیرانە. دەبینی بە چ زەحمەتییەک ئاو دەردەهێنن. گوریس چەند شۆردەکەنەوە. شان چەند زامدار دەکەن. کەرەکانیان چەند ماندوو دەکەن. خۆشیان چەند پیرۆز دەستی پێوە دەگرن!

***

ئەوان، چەند هەفتەیەک لەو گوندانەی کارەیان نەبوو، گلۆپی ئاسمان و تریفەی مانگ و چراکانی هەولێر رووناکی دەکردنەوە. ئەو گوندە قوتابخانەشی نەبوو، منداڵەکان کیژ و کوڕەکانیان، دەچوونە گوندەکەی ئەوبەری بەستەکە، ئەودیوی گوندەکە بۆ خوێندن. بەڵام تەنیا دوو منداڵ، دوو کوڕە بێوەژنی بەناوی دایکیان ناونرابوون، لەکن مەلاکە جزو دەخوێنن. بەڵام! مەلاکەی بەردەوام مەندیلەکەی سپی سپی بوو، لچکی کەوا شینەکەی باڵەفڕەی دەکرد. کوڕەکانی، یەکێکیان لە شار لە ماڵی پلکیان، گچکەکەش لە قوتابخانەی گوندەکەی ئەوبەری دەیانخوێند.

خەڵکی گوندەکە، بە ئازایەتی و ئامۆژگارییەکانی مەلا و پیاوە قافڵەچییەکە. حاجییەکانی نەچووبونەوە ماڵی خوداش، گەرمای بیابان و سودانییە رەشەکانی حەجیان نەدیبوو، رادەگرن و بەخێویان دەکەن. بە نزیکبوونەوەی کۆتایی کاتی

دیاریکــراوی حەج. ســەرقافڵەچییەکە، کــە نەیتوانی لەگەڵ حکومــەت رێکبکەوێت و گوند بەگوند، ماڵ بەماڵ سەردانیان دەکاتەوە و پارەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەوانیش، ئەگەرچی پارەکانیان وەردەگرنەوە:

بەڵام، بە گریان و ســووتانی خەونەکانیــان گەڕانەوە. دەگریان، چونکە خەونی دیتنی کەعبەیان نەهاتەدی. سپیپۆش، نەچوونە تەواف و رەجمی شەیتانیان نەکرد. ئەگەرچی هیچیــان کێشــەیەکی گــەورەی دێرینیان، لەگەڵ شــەیتانیش نەبــوو، گەڕانەوە. بەڵام سەفەرێکی تریان کرد، هەتا ماون دەیگێڕنەوە.

ئەوان، لەو دوو هەفتەی، لەو دوو سێ گوندە چەقێنە خاوێنە دەشتاییە دەمێنێنەوە. لە چەند ماڵێک، نان و ماستیان خوارد. تا دەمرن تامی ماستەکە لە دەمیان دەمێنێتەوە. لەبەر سێبەرێک پیاوەکان دامەیان دەکرد، وادەزانن براوەبوون و ئەگەرچی نەبووە ئاغای داما و گەمەکەی. لەســەر خۆڵ خەتەکانی راکێشــرابوون. خەتەکە، بەیەک ناودەســت ســڕایەوە. هەموویان، لە گوند و هەوارەکانیان ئاغا بوون. بەڵام، لەو دامەی عەســران دەیانکرد، نەبووە ئاغا.

پاش زۆرتر لە بیســت ســاڵ، هەندێک لە ماڵە هەولێرییەکان، لە کۆچڕەوەکەی بەهاری ١٩٩١ میوانــی ئــەو ماڵانــە ببوون. کــە هاتبوونە دەشــتی هەولێر تا لەگــەڵ کاروانی حاجییەکانــی هەولێر، بە تەزویر و پاســپۆرتی ســاختە بچنە بــەر قاپی و ماڵی خودا و مزگەوتــی پێغمبــەر. لەوێ بۆیــان دەگێڕنەوە. کە دوو هەفتــە زۆرتر مانەوە. بەڵام، بەداخەوە بەس لە دوورەوە قەڵاتی هەولێریان بینی، نەچوونە ناو شــارەکە، یەکێکیان گوتبووی:

ئێمە، بە کاروانێکی ســەختی ســامناک سنوورمان بڕی. بەشەو ئاودیوبووین. بەرۆژ لە ئەشکەوتەکان دەماینەوە. لێرە بەشەو دەردەچووین. لە ماڵەوە لە ئێران دەیانگوت: دایکوباوکمــان، مــام و خاڵۆمان چوونەتــە تەورێز. لەوێ لە نەخۆشــخانە ماونەتەوە.

یەکێکی تر، لە گوندێکی تر گوتبووی:

رۆیشتوون، بزانن، لە شاری رشت برنج چۆن دەکرێت.

***

دوو لەوانــە، لــە گوندەکە، کە دەگەڕێنەوە موکریان. پیاوێکیان بە بیانووی نەخۆشــی رۆژێکیان دەیبەنە دکتۆر. لەوێ، پاش ئەوەی ســەلامەت دەبێت. دەرمان و دەرزییەکە

چارەســەری دەکات. ســوێند دەخــوات لەجیاتی بەرد و تەوافەکــەی کەعبە لە دەوری قەڵات بسووڕێتەوە. بەبیانووی سڕبوونی شوێنی دەرزییەکە، خولێکی تەواو لە دەوری قەڵاتەکــە دەدات. لەگــەڵ گەنجەکەی قوتابی ئامۆژگەی مامۆســتایان بوو، ئەو تەوافە پیرۆزە دەکات. ئەوەش دەبێتە بیرەوەرییەکی جوانی تەمەن و ســەیرانەکەی. پیاوەکە گوتبووی:

ســوێند بە خــودا. وادەزانم لــە دەوری کەعبــە دەخولێمەوە. قەڵاتەکــە خۆڵە، بەڵام پیرۆزە، کوڕەکە پێیدەڵێت:

دەزانی ئەو قەڵاتە پێش پەیدابوونی خوداش هەبووە!

ـ چــۆن قســەی وا دەکەیــت. لــە خــودا ناترســیت، ئــەو قەڵاتەمــان بەســەردا بڕووخێنێت! (ماوەیەکی تر لێرە بمێنینەوە دینەکەشمان لەدەست دەدەین).

ـ ناترســم ئەو قەڵاتــە چوار خودای هەبووە. شــوێنەکان، وڵاتــەکان، حوکمەتەکان، پاڵەوانەکان یەک خودایان هەبووە. ئەو قەڵاتە، چوار خودای هەبووە، بۆیە ماوەتەوە. بۆیە بە گەردەلوولێکی رەش و تاڵان و داگیرکردن نەڕماوە و نەفڕیوە. بە شەڕەنووکی باڵنــدەکان. بە گریانی باران و بروســکی مەرگــی رەش نەتواوەتەوە. خودای زۆر بووە ئەو قەڵاتە! بۆیە سەرکەش ماوەتەوە!

لــە چــواردەورەی قەڵاتەکــە، وەک مــزراح، جەنجەڕی جۆخین و کەشــیدەی ســەری ئایندەیــان دەخولێتەوە. حاجییە موکریانییەکە، ســەیری بەرزایــی قەڵاتەکە و دیوارە کەڕپووچەکانی دەکات. پەنجەرەکانی چاویان لەســەر شــارەکە بوو. ســەربانەکانی لە ئەستێرەکانەوە نزیک بوون، لەدڵەوە دەڵێت:

تۆ بەرزی، ژنەکەی ســەربانەکە. پیاوەکەی نزیک مێردرەوەکە لە خودا نزیکی، بۆمان بپاڕێــوە، (تازە گەنجەکەی ئەوی بردوتە نەخۆشــخانە و تیمــاری کردووە، کەبابی بۆ کڕیوە. کفرییەکی گەورەی کرد و گوتی: ئەو قەڵاتە پێش خوداش هەبووە. ئێســتاش ئەو دەیەوێ بەیەکێکی سەر بانێکی قەڵات بڵێت: پێی بڵێ، تۆ بەرزی بە خودا! بڵێ: هاتووم ســەردانت بکەم، من، وڵاتێک، ســنوورێک، ڕێگاوبانێکی زۆرم بڕیوە، بەس بۆ ئەوەی بتوانم بگەمە کەعبە.

ئەوە بۆ دیمانەی پیرۆزت وا سەختە! دوعایەک دەکەم، سەردانی ئەو قەڵاتەم بە حەج بــۆ قبــووڵ بکە. کە لە چواردوەرەی دەســوڕێمەوە. بۆنی خۆڵەکەی دەکەم. ســەیری نەخشــی کەڕپووچەکانی دەکەم، تا ســەرم زۆر بەرزنەکەمەوە سەرەوەی نابینم. لەبەر

خاتری ئەو قەڵاتە، خودایە، میواندارییەکەمان تێکمەدە، قبووڵی سەردانەکەمان بکە، هاتووین ببینە خزمەتکاری ماڵەکەت، دەرگامان بەسەر بکەوە).

***

ئەو، پاش ئەوەی لەناو شارەکە دەگەڕێت و عەسر دەگەڕێنەوە. باسی سەفەرەکەی لەناو خەڵکەکە دەگێڕێتەوە. خزم و هاوڕێیەکانی بەیەکەوە هاتبوون بچنە حەج. بەڵام گومان دەکەن، سەفەرەکەیان سەربگرێت و رەنجەکەیان بەرهەمی هەبێت. بۆیە، پەرۆشی دیتنی هەولێر دەکەن:

لەسەر سەکۆکە دانیشتبوون، پیاوەکەی لە هەموویان بەتەمەنتر بوو. شیراز و ئەسفهانیشی دیبوو. ئینجا زۆر پەرۆشی دیتنی هەولێری دەکرد، دەیگوت:

دڵم خەبەری داوە، ناچینە حەج، با هەولێر ببینین، لە دەوری قەڵاتەکە بخولێینەوە!

بە پیاوەکەی ساقۆیەکی پۆلیسی قۆچپە گەورەی رەنگ زەردی، لە سێ دانە تەنیا یەک دانەی پێوە مابوو، رەنگە خۆڵەمیشەکەی بۆ ئەوە باش بوو، تۆزوخۆڵی زۆر پێوە دیار نەبوو، دەڵێت:

ـ باش دەزانم حەجەکەمان نابێت. دەترسم حەجەکەی قەڵاتی هەولێریشمان نەبێت!

ـ من دەتبەم! رۆژێکیان دەچین، گفتم بە ماڵی خوشکم داوە، گەنمی ساوەریان بۆ بەرم، دەچین. لەوێ، لە کەندەکە دەپەڕینەوە، دەچینە ناو شێخەڵا، گوێ لە بەزمی دەلاڵەکان دەگرین. ئەگەر حەیدەرە کەچەڵ بە تورکیش قۆڕیات بڵێت، تێدەگەیت!

ـ ئەو حەیدەرە کێیە؟

ـ پیاوێکی چاوشینی سووروسپی و کەلەگەتە. چوارشانەیە. دەنگی ئەوەندە ساف و بێگریە، شووشە، لێی دەترسێت. هاوارکردنی دوور دەڕوات. دڵی وەک شووشە شەرابەکانی شەوان دەیخواتەوە جوانە. دەلاڵەکە، شفتی، سەندوقە تەماتە، فەردە پیاز، بامیا، شلیفە سلق، توور، فەردە لۆبیا، پاقلە، خاس و کەلەم و ... لە دوکانەکەی ئەو بە گۆرانییەکانی بە دەنگە سافەکەی:

جوانتر، شیرینتر، هەرزانتر، بۆندارتر و بە هەڕمێنتر دەفرۆشرێن. هەموو کڕیارەکان، دوکاندارەکان، فرۆشیار و سەرخۆشەکانی درەنگ بەئاگادێن، خۆشیان دەوێت! ئەویش بە رۆژ لە بازاڕی کڕین و فرۆشتنە، شەوانەش بە ئاهەنگ، بەزمی برادەران شیرین و جوان و پیرۆزتر دەکات.

مـن دەتبەمە هەولێر: ئامۆژگەی مامۆسـتايان، قشـڵە سـپییە دوو نهۆمـە گەورەکە، نافوورەکەی، هەموومان دیومانە، ئاوی کەسکوسووری هەڵدەداتە ئاسمان و رەنگەکان دەبنە کۆڵکەزێڕینە، پشـدێنەی ناز و جوانی و قەڵاتت نیشـاندەدەم. کۆڵان بە کۆڵان لەناو قەیسەری دەگەڕێن. بۆنی بەهارات دەکەین، کەبابیش لەوێ دەخۆین، لەوێ:

گوێمان لە ئازاری شـکانی دار و تەختەکان دەبێت. کە دەبنە: لانک، شـەنە، دەسـکە بیـور. خەمی سـەر پانکردنەوەی مـس و فافۆن دەخۆین. پێکەنین و درەوشـانەوەی مەنجەڵ و خوانچە زەردەکان دەبینین. پاش ئەوەی ئاگر نەرمیان دەکات ... سەفارەکان سپیان دەکەنەوە. لەبەر ترس و گەرمی و توندکاریی سەفارەکان، شەوقی سپیبوونەوە و بریقەکانیان دەلەرێتەوە. لەوێ لەناو کۆلانێک، گاسـن بە رەنگی زەرد و سـوورەوە دەبینین. مقەسـەکان، چۆن کوتاڵەکان دەبڕن، بـۆ کیژ خۆی پێ برازێنێتەوە، لەگەڵ کوڕ بیسووتێنێت. زێڕینگرەکان، گوارە دەفرۆشن، تا لە گوێی ژنان بلەرێتەوە. بەیەک ڕۆژ، هەموو شەقام و گەڕەکەکانی شارەکەت پێدەکەم:

ــ بۆ هەولێر ئەوەندە بچووکە بەیەک ڕۆژ تەواو بێت!؟

ــ بەڵێ، بەیەک ڕۆژ دەچینە: تەیراوە و سەیداوە و سێتاقان، هەموو کۆڵانە باریکەکانی خانەقـا، دەچینە سـەر قەڵاتیش. ئەگەر حەز بە شـیعریش بکەیـت، دەچینە خزمەت «مەلا مەسـعودی بێبەش». لە مزگەوتە بچووکەکەی ناوشار، چەند شیعرێکی جنێوی پێ دەخوێنینەوە. لە قاوەخانەی عەبۆش، مامۆسـتا سەرسـپییەکە، «بێدڵ» لەگەڵ بەردەکانی شەترەنج، بەردەوام دەڵێت:

**خۆزگە ڕۆژگارێ لەگەڵ یار، ساڵ دەبوو**

**دەست لەسەر مل، یان لێموی کاڵ دەبوو**

**یان سکاڵای دڵ دەبوو، یان پێکەنین،**

**یان مژینی لێو و کوڵمی ئاڵ دەبوو**

مامۆستا بێدڵ، لەوێ بەردەوام شیعری لەدەم دەبارێت. لەگەڵ مەلا، گەنج و مامۆستاکان، بەزم و یاری شەترەنجەکەش گەرم دەکات. تا ئەودەمانەی کوڕێکی لەو دۆخە ناڵەبارە دەڕوات. شـەوێکیان، بـێ ئەوەی پرس بە باوکی بکات، خۆی دەپێچێتەوە، لە شـار، وڵات و لەنـاو زەوقـی باوکـی دەڕوات، بۆیەش ئەو نیوە دڵەکەی دەمرێت و بەڕاسـتی بێدڵ دەبێت.

ــ باشە هەولێر هەر ئەوەندەیە، وەک شیراز و ئەسفەهان نییە!

ـ نەخێر، شـاریکە چەندان سـاڵە بێگانە حکومی دەکات. وا نییە، لەو دوو سێ ساڵە یـەک دوو کارگەیان تێدا دروسـتکردووە. ئەگەرنا شـاریکی بچووک و سـەربازگایەکی گەورە بوو.

ـ هەر لەبەر گەورەیی ئەو قەڵاتە شتێکیان بۆ کردبوایە!

***

ژنەکە لەسـەر سیسـەمەکە، زووتر پرسـیار و وەڵامەکانی بۆ قوتابییانی پۆلی پێنجەم و شەشـەمی سـەرەتایی دانابوو. لە نووسـینەوەیان دەبێتەوە، کاربۆنەکانی نێوانیان رادەکێشـێت و کۆیاندەکاتەوە. دووبارە هەڵدەسـتێتەوە، لەدیار ئاوێنە بازنەییەکەیان دەوەسـتێت. ئاوینەکەی پشـت بەتاڵ بوو، باش بە دیوارەکە نەچەسـپیبوو، بۆیە بە جولەیەکی سووکیش دەجولا. بەڵام ژنەکە، بووکەکە بە موڵکی دونیای نەدەگۆڕییەوە. وایدەزانی لەو ئاوێنەیە دونیا دەبینێت. ئەگەر بەرامبەر ئاوێنەکە سـەیری سـکی بکات دەزانێت دووگیانە.

یان هێشـتا مانگێکی تری ماوە، واباشـە رێنماییەکانی دکتۆر «سـەبری قوبانی» لە گۆڤـاری «تەبیبوکە» پەیڕەو بـکات. لەوێ زۆرجار بۆ رەواجـی گۆڤارەکەی، بابەتی لـەو جـۆرەی بە زمانێکی ئاسـان و سـادە بڵاودەکرایـەوە. زۆر لە گەنجـەکان نێر و مـێ. لەو سـاڵانە زەوقی زۆریان لێی وەردەگرت. مانگانـە دەیانکڕی، یان لە برادەران وەریاندەگرت. بەو مەرجە وێنە رەنگاورەنگە ورووژێنەرەکانی لێ نەبڕن، پیسی نەکەن، زووش بۆیان بگێڕنەوە.

پەردەکەی ژووری سەرەوە لادەدات و سەیرێکی دەرەوە دەکات:

(ئەو پیاوە چی لێ هات، ئیمشەو زۆر دواکەوت).

نائومێد پەردەکە دادەتەوە:

(بەس مەفرەزەی جیش شەعبی نەیانگرتبێت!).

ژنەکە، دەزانێت شەوان مێردەکەی چۆن دەیکوشێت. چۆنی دەیمژێت، هەموو شوێنێکی دەلیسێتەوە. بەسەیرکردنی ئاوێنەکە دەزانێت. جەستەی چی بەسەرهاتووە. دووگیانە، یان مێردەکەی شەوانە هەموو توانا و ماسولکەکانی لەگەڵ بەکارنەهێناوە. یان لەدەرەوە پاڵەوانە، لەماڵەوەش فس دەبێتەوە؟!

ئاوێنـە سـیحرە، کیـژان بە کەرەسـتەی خۆشـگوزەرانی دەزانن. ژنان بـە دەرمان و

چارەسەر بۆ زۆرتر شەیداکردنی مێردەکانیان. لەوێ، بەئاسایی روویان هەڵدەگرن و شەرم ناکەن، سووراو دەکەن و جوانتر دەبن، دەبینن پیاوەکان چۆن هەڵگێڕوەرگێڕیان دەکەن. چۆن قاچەکانیان لێکدەکرێنەوە. دەبینن، پیاوان چەند ئارەزوو دەکەن بچنە ناو ژنان، ناو هەناویان!

ئەو لەبەردەم ئەو ئاوێنەیە. سەیری مکیاژەکەی دەکاتەوە. یەخەی ژێرکراسەکەی لەسەرشانی راستدەکاتەوە. بۆ ئەوەی دڵی دیار و شاراوەی لەسەر یەک دەربکەون. دەیەوێ بزانێت مەمکەکانی چەند دیارن.

سەیریان بکات، چون ئەو گومبەتە گۆشتە سۆزدارەی پڕە لە شەهوەتی ژن. پڕ شیر دەبێت، پیاو و منداڵی کۆرپە دەیناسێتەوە. مەمک گەورە و بچووک، بە هەردوو رەگەز پەرۆشی دەبن. ژنەکە، دەیەوێ مێردەکەی زوو بگەڕێتەوە. تا بزانێت جلەکانی ئوتوکردنی دەوێت، دەیەوێ بزانێت کەی سەنەدی ئەرزەکەیان دەردەچێت. پارەکەیان هەموو داوە. نزیکەی چوار سەد دینار، شەش بازنی زێڕی دەستگیرانی بۆی فرۆشتووە!

***

بەڵام لەودەمانە، پیاوەکەی لە یانەی سەکەک زۆری خواردیتەوە. زۆریش باسی سیاسەتیان کردووە. بێ ئەوەی هیچ لە شرۆڤە و لێکدانەوەکانیان راست دەربچێت. نە شاری بەسرا دەگیرێت. نە ئێرانیش، دەگاتە ئەهوارەکان، شیعە و شیوعییەکان لەوێ دانەبەزێنێت. ئەوەی گوتوویان، وا دەرنەچوو:

نەک لەبەر ئەوەی ئەوان گەنجی ساویلکەن، سەریان لەو سیاسەتە دەرناچێت. گەورەکانیش، ئەوانەی چەندان ساڵیش سیاسەتیان کردبوو، شیوعییەکانیش، رامان و مەزندەکانیان هەڵە دەرچوو، چونکە:

سەدام، حزبی بەعس و قەومییە عەرەبە سوننەکان، (لەودەمانە لەبەر رەشی پەردەکان و تەماویی رەوشەکان. جوان شیعە و سوننە دەرنەدەکەوت) جنێویان بە ئیمپریالیزم دەدا، واتە ئەمریکا و خۆرئاوایان بە دوژمن دەزانی. فرۆکەی سۆخۆ و باجەرەکانیان سۆڤیەتی، هەندێک لە تانکەکەیان سۆڤیەتی بوون. جلوبەرگ، پۆستاڵ، نیتاق، بێریەی سەریان و جلی بنەوەی سەربازەکانیان، رۆمانی و ئەڵمانی خۆرهەڵاتی بوون. بەڵام، چەکە کوشندەکەیان، نەخشەسازییەکان هەموو خۆرئاوایی و ئەمریکی بوون. سەرکەوتنی شەڕەکانی عیراق، زۆربەیان بە ستراتیژ و فێڵ و ئاگر، بەرگەی،

نەخشەکانیان خۆرئاوایی، بە پارەی شێخەکانی دوورگەی عەرەبی بوون.
شەڕەکە، بەردەوامییەکەی لەلایەن سەرکردایەتی عیراق دووفاقی روون و فێڵبازانە بوو. چەند ئیرانییەکان توند و تاڵ دەبوون بەرامبەر خۆرئاوا، سەدام زۆرتر لەسەر داوا و پێشنیاری شێخەکانی نەوت و سامانەکەی دوورگەی کەنداو، دەبووە خۆرئاوایی و پڕچەکتر دەبوو.

***

پیاوەکە، پاڵەوانەکەی بە پێکەنین و گاڵتەکردنیش دڕ و توند بوو. درۆ نییە ئەگەر بڵێم زاپت ئەمنی دائیرەکەش لێی دەترسا. کە دەمانچەیەکی تاریقی رەشی بە نیتاق لەسەر بەدلە زەیتونییەکە دەبەستا. ئینجا لە دەست و زلەی ئەو دەترسا.
ئەو، بەو شەوە ئاودیوی دیوارەکە دەبێت. خانووەکەی لە سەرەوەی، یان بە زاراوەی ئەندازیاریی نهۆمی یەکەمی، ژوورێک و بەیتونەیەکی لێ دروستکرابوو. لە ژوورەکانی خوارەوە، بە زاراوەی ئەندازیاری نهۆمی خوارەوە، ژن و کوڕێکی مێردمنداڵی تێدا بوو، دەیویست لە ژوورەکە، بە ژنەکەی چاوەڕوانی دەکرد بڵێت:
چیتر چاوەڕوانی مۆڵەتی مانگانەی مێردەکەت مەکە! کێ دەڵێ ئەو دەگەڕێتەوە! راستە ئەو کاتی دیاریکراوی بۆ مۆڵەت و هاتنەوە هەیە. راستە مرۆڤە، تۆش وەک ژنێکی گەنجی گەرم و خۆشی! پیاوەکەت، بیر لە ژن و سێکس دەکاتەوە، بەڵام مەرج نییە، مسۆگەریش نییە بگەڕێتەوە.
(کێ دەڵێ ئیمشەو، بەو تاریکە، ناگەڕێتەوە، لە دەرگا ئاسنەکە نادات!)
(نا ناگەڕێتەوە. هیچ سەربازێک، با سەربازێکی فیراری بێ ئیجازەش بێت. سەیتەرەکەی کەرکوک، زووتریش لە «سەلمان باک» و «خورماتو»ش ناهێڵێن، لەترسی پێشمەرگە، ناهێڵن دەرچن. ئینجا نائیب زاپتێکی مەدفعیە هەر ناهێڵێن. ئەو خۆشی ئەو گیانبازییە ناکات، بەو شەوە لەو رێگایە نادات).
ـ هاتووم پێت بڵێم ئەو لەبیربکە! من شەوێک لەگەڵت دەبم. ئەو شەوە، بەشی سەد مانگی هەنگوینیت دەکات. ئاسمان یەک مانگی هەیە، منیش ئیمشەو. مانگەکەت بۆ دێنمە ناو ئەو ژوورە! (پاڵەوان، گەیشتووتە ناو ژووری ژنەکەی دڵنیایە، بە شەو، مێردەکەی ناگەڕێتەوە، شێتە، دەیەوێ پیاوێک بیگەوزێنێت).
ـ وەرە، بەس وەرە، من زۆری نەمابوو دڵم بتەقێ. ئەوەندە چاوەڕوانت بووم، لەکێ

بووی هەی سەر گەورە! (ژنەکە پێی دەڵێت).
_ هاتم درەنگە! (پاڵەوانە بە ژنەکە دەڵێت).
_ منیش دەزانم درەنگە، زوو بە!

***

ســەربازی قادسیە، ئەفســەرەکانی نائیب زاپتەکانی عەریفەکانی مەدفعیە و لاسلکی و خەستەخانەکانیش، مۆڵەتیان مانگانە و یەکجارە. (پاڵەوان دەڵێت) یەکجار زۆر کەمە. بەڵام من شەوانە مانگێک لەگەڵت دەبم. پاش دەی شەو. کە کوڕەکەت دەخەوێت. کە جیرانەکانت دەکوژێنەوە. باشە ژمارەیان کەمە، دەتوانم بەیەک شەو بەشی یەک مانگی دووری و چاوەڕوانی، ئاسوودەت بکەم. من تاقەتم هەیە.
ئەو کە دەگەڕێتەوە ترساوە، بریندارە! ئەوەندە راچڵەکیوە، چیتر زەوقی هەڵناستێت. ئەوەندەی شــەوانە، هەڕەشەی مردنیان لەسەرە. ئەگەر قاچێکیان نەبڕابێتەوە، ئەگەر چاوێکیــان دەرنەپەڕیبێت، ئەوەندە ســەرمای بــووە، هەموو گیانی ســڕبووە. ئەوەندە ماندووە، بەئاسانی زەوقی هەڵناستێت. دەمینێمەوە، زۆریش دەمینێمەوە، کە گەڕامەوە بە ژنەکەم دەڵێم:
مانــدووم و لە دائیرە بووم. دواییش دەســتەیەک برادەر چووینــە خواردنەوە. زۆرمان خواردەوە برادەرێک، مەزاجی تێکداین:
بووە شــەرمان. لەســەر ئەوەی پاش ئەوەی ئێرانییەکان موحەمەرەیان گرتووە، رەنگە بەســراش بگرن. دواکەوتین، لە ترســی ســەیتەری جەیشــی شــەعبی چەند شەقام و گەڕەکمان کردووە. ئەوان، شــەوانە خۆیان دەپێچن و بە دوو ســێ پیکەبی دائیرەکان. زۆربەیــان فەرمانبــەرن، ئۆتۆمبێلی دائیرەکانیان بۆ حزب بەکاردەهێنن، دەوەســتن و خەڵک دەگرن.
بــە ژنەکــەم دەڵێم، (پاڵەوان دەڵێت): قســەمان زۆر دەکــرد، خواردنەوەی زۆرترمان داواکــرد. بیرەی فەریــدە و لوئلوئەمان تێکەڵکرد. لەبلەبی و جاجک و پاقلەمان کردە مەزە. دوایی یەک تەشت پاچەمان خوارد. بۆیە دواکەوتم!
دواکەوتم و هەناومان، وەک قەتارەکەی لە چلەکان و پەنجاکان لەو شــارە. لەوێ، لە سکەک گەرم دەبوو، فیشکەی دەکرد. مەکینەکەی دەکولا و بەرەو بەغدا بەڕێدەکەوت. ئێمشەویش، رێخۆڵە و گەدە و سکمان دەهاتودەچۆ. زۆرمان خواردەوە و فارگۆنەکانمان

دەکرانەوە، دەبووە تەقەتەق. بەڵام لەسەر سکەکە دەمانەوە . لەو شەوە هێمنە، لەناو دارەکان، لە ناوچە چۆڵەکە، بەس قەسـەرەکەی ئەحمەد چەڵەبی لێیە. لەو لاوشـەوە شارەوانی و باڵەخانە سپییەکەی نەقابەی عومال و کەلاوەکەی شیراتۆن بەرزدەبێتەوە . لەوێ فارگۆنەکانمان جیرەجیرپیان بوو.
فارگۆنەکان شەقەشەقیان بوو. بەیەک دەکەوتنەوە، لەیەکتری گیردەبوون و دەکرانەوە و تەقەیان دەهات! درێژدەبوون، دەپچڕان و دەبەسترانەوە، راکێش راکێشمان بوو. لەو شـەوە، میزمان وەک ئاوی قیتارەکە بەگەرمی دەهاتەخوارەوە، هەڵمی لێ هەڵدەستا، وەک قیتـار درێـژ بوو هەڵدانی میزمان. بەو شـەوە درەنگە، پـاش تێپەڕبوونی زۆرتر لە پازدە سـاڵ، بەسەر نەمانی هێڵەکە، نەڕۆیشتنی شـەمەندەفەرەکە، هەڵگرتنەوەی تەختە دارەکانی سـکەکە، فرۆشـتنی بۆ سـووتاندن و رەژوو دروستکردن. لەو شەوە، لەناو دارەکان. لەنزیک خانووە بەردە نەوییەکانی مەحەتە. نزیک شەقامە سەرەکییەکە. لەناکاو، یەکسەر، بێ ئەوەی کەس لەوێ بێت، کرێکارێکی بەدلە شین، بێ ئەوەی چاو و دەستی لەوێ بێت.
فارگۆنە ژەنگاوییەکان دەبەسـترێنەوە. یـەک یەک فارگۆنەکان لەیەکتری گیردەبنەوە. فارگۆنی شـینی قەبارە گەورەی گران، لەسـەر سـکەیەکی ئاسنی رەق، نەرم نەرم بە دەستی ئەو، بە داوای ئەو، دەبەسترێنەوە، ریزدەبن و چاوەڕوانی نەفەرەکان دەکەن، کێ دەڕوات بۆ بەغدا:
لـەو شـارە، رۆژانە لـە نەقلیاتی سـەرەکی. بـە پاسـە ژاپۆنییەکانی ناویـان ناوبوو «مونشـەئە». رۆژانە، بەڵام رۆژانی پێنجشـەموان و رۆژانی هەینی. سـەدان قوتابی زانکـۆ. فەرمانبـەری ئیفادکراو. سـکرابچییەکان. ئەوانەی کەبابخانەیـان لە مەیدان و شـەقامی سەعدون داناوە. دوو کەس نەخۆشـێکیان کە «مدينه الطب» خەواندووە. چاوەڕوان دەکەن، پاش هەفتەیەک لە نەشـتەرگەرییەکە دەریبکەن و بگەڕێتەوە. سـێ چوار کەس دەچنە سـەردانی زیندانی ئەبو غەرێب. لەوێ. لە گەرمەی رۆژی سـەردانی زیندانی ئەبو غرێب. هەزارەها ژن و پیاو و منداڵ، دەست:
بە فەردە، زەمبیل، جانتا و عەلاگە. لەسـەر شەقامە سەرەکییەکە دەوەستان، زۆریش سوپاسـگوزارن، ماندوون و قەرزارن و زۆریش دڵیان خۆشـە. وەسـتاون بەو گەرمایە، تۆزوغوبـارەش گەرووی وشـک کردون. نایانەوێ شـەربەت و ماسـتاوەکەی هێناویان بیخۆنەوە. چونکە بۆ گیراوەکانی ژوورەوەیان هێناوە. ئەوانەی لە گۆڕەپانەکەی لمێکی

بەستووی سپی داپۆشیبوو، دەستەدەستە کۆدەبنەوە. نان، ئاو، گۆشت، برنج، کۆکا، ژن، منــدالّ، کتێب و رۆژنامە، پارە و پێویســتییەکانی رۆژانەیان، لە میوانەکان، نەک لە حکومەت وەردەگرن.

***

لەوێ. لە شــەوی یانەکە، هەمووەمان هەلْم و بوخار و غازات لە گەرووومان هەلْدەســتا. ترِمان دەکرد. میزمان وەک ئاوی قیتارەکە فیشــکەی دەکرد، بن دارەکانمان کردبووە جۆگە و رووبار. لەوێ ماینەوە، لەســەر ســکە ئاســنە ژەنگاوییەکان، تەختە دارەکانی چەنــدان ســالّە. شــانیان لەبەر بــەردە رەقەکان. بە بزماری ئاســنی گــەورەی نووک تیژی سەرگەورە، بە فەرمان، بەرنامەی ئینگلیزەکان بەستراو بوو، ماینەوە. ماینەوە، وەک ســکەکان وشــک و رەق ببووین. وەک گەرووی قیتارەکە دووکــەلّ لە قوورگمان دەردەچوو. ژنەکە بۆیە دواکەوتم!

ژنەکــە دەزانم دواکەوتم، بۆیــە نەهاتمەوە، قیتارەکە لە دەشــتاییەکە تێپەڕی، چاوی منــارە و قەلاْتمان لەســەر نەما. لە نزیک «پردێ» نزیــک دەبووینەوە. لەوێ. لەناکاو وەستا، شکاو و دووکەلْی نەما و خنکا! پێشمەرگە هاتنە سەر سکەکە و قیتارەکەیان راگــرت. هاتنــە ناو فارگۆنــەکان، فارگۆن فارگۆنــە دەهاتنــە ژوورەوە. ناویان پێبوو، لەنــاو خەلْکەکــە دەگەڕان و برِنۆ درێژەکانیان، جەمەدانییە گەورەکانیان، بە شــەرواڵ و ســاقۆیە پۆلیســییە گەورە و پان و فشەکانیان، قسەیان بۆ خەلْکەکە دەکرد. شەش کــەس بوون. بەلاْم لەناو قەڕەباڵغی فارگۆنەکان ببوون بە پەنجا کەس. شــەش چەک بوون، بەلاْم لە ترسانا. بۆ خەلْکەکە ببوونە دەبابە و رەشاش و تەیارەش. عەسرێکی درەنگ بوو، کردیانە رۆژی رەشی حەشر و قیامەت.

بەو شەوە، لە شوێنی قیتارەکە. ئێمە دەمانخواردەوە، ئەوان هاتنە ناو بارِەکە. وتیان ناخۆینەوە، برسییمان نییە، نانی خۆمان، ئاوی خۆمان پێیە. لەمێژە نەوس و چەوری و مەستی و سەرخۆشییمان لەبیرکردووە. نە دەخۆین و نە دەخۆینەوە. هاتووین لەناو قیتارەکــە، لەنــاو نەفەرەکان، دوو کادیری ئێمەی تێدایە بــە مەئموریەتی دوو پۆلیس دەگوازرێنەوە بەندینخانەی بەعقوبە.

(یەکێــک لــە پۆلیســەکان دەســتی خۆمانــە، ئەندامی حزبــە. لەمێــژە داوا دەکات، تفەنگەکەی بێنێت و بێتە دەرەوە. بەلاْم، ئێمە گوتمان راوەســتە تا رۆژی خۆی دێ.

ئیمشــەو رۆژی ئێمەیــە . ئێســتا کاتی کودەتاکەیــە . هاتووین دوو کادیــرە گیراوەکەی نــاو فارگۆنەکان دەبەینەوە . پۆلیســەکەش دێتە ناو ریزی شــۆرش. بەر لەوەی بڕۆین دەمانەوێ بزانین پیاوخراپێک، داواکراوێکی ناو شۆرش، ئەگەرچی لە هەولێر پیاوخراپ و پیاوی حکومەت، دەســتدرێژ و دەســتی تاوان کەمە . بەڵام یەک بەیەک فارگۆنەکان دەپشــکنین) ژنەکە بۆیە دواکەوتم. هەمووومان بووینە فارگۆنی کەســکی ئاسنی سەر سکەکان. قایشی پانتۆڵی یەکترمان بەریز گرتبوو. بەیەکەوە بەیەک ریتم دەمانگوت:

چک چک دەڕۆین بەرەو بەغدا!

چک چک، زۆرمان خواردووە لەناو ئەو فارگۆنانە نەبێت، پاچەکە هەرس نابێت.

چک چک دەڕۆین، کەس داوای ناسنامە و دەفتەر خدمەمان لێ ناکات، سەیتەرە نییە و دەگەینەوە ماڵەوە.

پشــتی یەکترمــان تونــد گرتبوو. بەیەکــەوە، بۆیەکان و خاوەنی بارەکــە، دوو پیاوی کاســبی فیتەریش لەوێ مابوون. گیرفانی شــەرواڵەکانیان پــڕ دینار و درهەمی چەور بوو. ئەوانیش پشــتیان گرتین! بەیەکەوە چەک چەک دەڕۆیشتین. تا گەیشتینە نزیک بەرازلییەکەمان. هەموومان دەرگامان نەدەدۆزیەوە، نەمدەزانی سویجەکە لەکن کێیە. کێ شوفێرە، کێ لە پێشەوە دابنیشێت.

کێ قۆڵی لە جامەکە دەربهێنێت. منی پاڵەوان. باســک و ماســولکەی من، شایستەی پێشەوە بوو، درەنگمان بەسەرهات.

کەســیش نەبوو ببێتە کاپتن. کاپتن ســەردارە، بڕیار دەدات! لەســەر هێڵە ئاسنەکە، رەقە ژەنگاوییەکە بمینێتەوە. یان ملی قەتارەکان بۆ دەشتاییەکە بسوڕێنێت. ناوچەکە ســەخت و دژواریش نییە، بۆ لێخوڕینی شــەمەندەفەر، بەڵام هەر دەبێت کەسێکی وریا و لێزان، لەسەر سکەکە رابگرێت و بڕوات.

بە ژنەکە دەڵێم (پاڵەوان لە ژوورەوەیە و دەڵێت):

شــار گەورەبووە، حەی عەســکەرییش دوورە. تاریکە و رێگاکانی قووڕە و سەیتەرەش هەیە، راماندەگرن و تەشــقەڵەمان پێدەکەن! بۆیە ئیمشەو دواکەوتم. ئەگەرنا، ژنەکە، ئــی ئەوەیــە دوابکــەوم. بــەر نەینۆکی تۆ، گەرمی و خۆشــی تۆ، ئــی ئەوەیە درەنگ بگەڕێمەوە ؟!

***

ژنەکە، چاوەڕوانی دەکرد. کوڕەکە خەوتبوو، یان خەریکی خوێندن و کتێبە گەورەکانی بـــوو. دایکەکەش، جەســـتە ئەســـمەرەکەی لەبەر گەرمی ئاگــری ژوورەکە ببووە گۆمە خوێنێکی ســـوور. ببووە شـــەرابێکی کۆن. جەســـتەی ژن، پێویست ناکات شەرابەکەی زۆر زۆر کۆن بێت.

چەند کۆن بێت، پیرتر بێت ڕەونەقی کەم دەبێتەوە. کەمتر پیاو سەرخۆش و مەست دەکات! بەڵام ژن هەیە، شەوانە جەستەی، هەناسەی کۆن دەبێت و چەندان پێکی لێ دەخورێتەوە و یەکســـەر دەترشـێت، ســـوورتر دەبێت، ڕەنگی دەگۆڕێت، تامی خۆشتر دەبێت، شێت و هار دەبێت بۆ ئەوەی قووڕگی پیاوێک بیخواتەوە.

ژن، واتە ماچکردن و ڕووتبوونەوە.

کە شـــەو داهات، ژن دەیەوێ ڕووتببێتەوە. ژن، لە منداڵدانی ژنێک هاتووتەدەر، بۆیە شـــێتانە، دەیەوێ بچێتە ناو باوەشـــی پیاوێکی دڕ و هار و شـــێت. نازانم چۆن ئەوانە دەوێرن ناســـکییەکانی جەســـتەیان، خۆ هەموو ئەندامەکانیان، ناســـک، شـــل، خاو و نەرمن، بدەنە بەر کەڵپە و چڕنووکی پیاو. زۆریان دەڵێن نەرمی ئێمە، بۆ دڕی ئەوان دروستکراوە. دەرئەنجام هەموو نەرمەکانی خۆیان، لەناو نەرمی ئێمە دەکەن.

***

کوڕەکە، پاڵەوان، لە یانەی سکەک هەڵدەستیت، بەرەو ماڵەکە بەڕێدەکەوێت:

لـــە پەنایەکـــی تاریـــک. لەناو کۆمەڵە بلۆکێکـــی دڕی نوێی نووک تیـــژی بۆش. ئێوارە ترکتۆرێکی نوێی ســـووری تایە گەورە، شـــوفێرەکە ئەوەندە لەســـەر کوشـــنە بچووکە ڕەقەکـــەی هەڵپەڕیبـــوو، وەک بلۆکەکان وشـــک ببووەوە. عارەبانە لـــەدوای عارەبانەی لەســـەر یەک، دوور لە یـــەک، ڕوودەکات و کۆڵانەکەی گرتبوو. لـــەوێ ڕوویکردبوو. بە ڕۆژ، بلۆکەکان لەوێ ڕوونەکرابوو. بەو شـــەوە، ئەو کێوە ســـەختانە، ئەو بلۆکانە لەکێ هەڵتۆقین؟

دەگاتـــە بەر دەرگاکـــە. دەیەوێ بچێتە کن ژنەکە. ئەویش شـــێتانە چاوەڕوانی دەکرد. بلۆکەکان، شـــوێنەکەی شـــپرزە کردبوو، بەڵام! ڕووناکی ژووری ســـەرەوەی خانووەکە دەبینێت، بۆن دەکات، هەســـت دەکات و زەوقی دەجولێت. لەناو بلۆکی دڕ، تاریکی، ترس، دوودڵی و مەســـتی ســـەری، زەوقی هەڵدەســـتێت. کام زانای دەروونناس، ئەوە شرۆڤە دەکات. لەبەر ئەوەی کەسێکی پاڵەوان بوو، یان شەوەکە تاریک و ناوچەکەش

چۆڵ بوو، ناترسێت. سەیری پشتەوە و دیوارە بەرزەکەی بەرامبەری ناکات. بە هەستکردن، گوێی لە رازی ژنەکە دەبێت:
وەرە ون نابێت، تاریکیش بێت، بۆنت دەکەم، من دەتدۆزمەوە! وەرە هەنگاو بەهەنگاو، ئاگات لەو گۆمە بێت. چاوت لەو کۆمەڵە کەرپووچە بێت. هاوسێیەکەمان بۆ ستارەکەیان لە موسڵ هێناویەتی، وەرە عاشقێک بۆ ماچ هاتبێت ون نابێت.
ـ من بۆ ماچ نەهاتووم! (پاڵەوان دەڵێت).
ـ ئەدی چیت دەوێ شێتە!
ـ زۆرتر لە ماچ!
ـ ئازا بە وەرە، هەموو شتم پێیە، شیرن، تاڵ، وشک، نەرم، لیچ، گەرم، بەموو و تاشراویش. بەڵێنم داوە، شەوانە دەرگا لەکەس ناکەمەوە بەڵام سینگم، جلی ژێرەوەم، ژووری نووستنم، خۆم، بۆ تۆ، لەناو ژوورەکەم دەکەمەوە! مەرجم لەگەڵ خۆم کردەوە. ئەوەندە بۆت رووتببمەوە، بزانم کام بەشی جەستەم زۆرتر دەمورووژێنێت و تاسم دەکات. ئەمجارە پەنجەکانی تۆ، دەکەمە پێوەری هەستی مێینەی جەستەم. بە پەنجەکانت دەزانم کێندەرێم زۆرتر گەرم و بەچێژە!

***

ژنەکە، زۆر دڵنیابوو، مێردەکەی بەو شەوە ناگەڕێتەوە، نەخەوتبوو. خەوی لێ ناکەوێت، چۆن خەوی لێ دەکەوێت! چاوەڕوانە بە نیگایەک، هەستێکی ناسکی پێ گوتبوو، بۆیە پاڵەوان، لەسەر دیوارەکە بۆی ئاودیو دەبێت.
دیوارەکە دارگوێز نەبوو، ئەو سمۆرەیەکی کلک زەرد ناو کتێبەکەی خوێندنی سەرەتایی بێت. ئەو، کەسمان هەرگیزیش سمۆرەمان نەدیبوو. بەڵام دەیزانی دارگوێز لە شاخەکان و گوندە ساردەکان و بەر جۆگە و کانییەکان دەڕوێت.
ئەو ئاودیو دەبێت. شەوە ئاودیو دەبێت. گەڕەکەکە گەڕەکی حەی عەسکەری بوو. بەڵام لەناو هەموو کۆڵانەکان. شەقامە بەرینەکانی یەک دەبابە، زرێپۆش، یەک کلاشینکۆف، یەک دەمانچەشی تێدا نەبوو. پاڵەوان بۆ بترسێت، دیوارێک لە ژنێکی چاوەڕوان جیایدەکاتەوە.
دە ریز بلۆک، لە دوو مەمکی تەقیووی چاوەڕوانی تیمار و مەساج، لە جەستەیەکی گەرم و سەر سیسەمێکی ئاوریشمی نەرم جیایدەکاتەوە. دەچێت، ئاودیو دەبێت، ئەو

پاڵەوانە، شــەو بۆ ئەو وەک ڕۆژە، بەڵام، شەوان ژنەکە تاریکی گەرمی دەکات، شێتی پاڵەوان هاری دەکات.

***

ژنەکە چاوەڕوانە و دەکوڵێت:

وەرە، من بێبەشــم، تینووم، برســیم. ژنی «نائیب زاپت»ێکم، زۆر دڵنیام میردەکەم ئیمــڕۆش نەکوژرێــت، هەفتەیەکی تر، لەو هێرشــەش بەدیل نەگیرێــت، لە یەکێکی بە برینداری دەگیرێت. وەرە، لەوەتی شەڕە من بێوەژنم. لەوەتی شووم کردەوە، دە شەو لەســەریەک بەیەکەوە نەخەوتووین. لەوەتی شــەڕە، بێوەژنم! مێردم گیراوە، کوژراوە، مردووە، چووکی مردووە، گونەکانی پووچ بوونەتەوە!

وەرە، شــەو کورتە، ئاســمان فێڵبازە. هەورەکانیش ژنی موحەجەبەی درۆزنن، لەناکاو ڕووت دەبنەوە! وەرە، پاڵەوان، پاڵەوانێکم دەوێت لەو شەڕە، لەو مەیدانە بمشکێنێت. من شــکانم دەوێ، گیرانم دەوێت، پێویســتم بەوەیە، یەکێک توند بمگرێت، ماڵی دزراو لەناو دەستم دەربهێنێت، شیری مەمکم، ئاوی لەشم بکوشێت:

شــەڕ منــی دۆڕانــد. قادســیە، منی کافر کرد. لە قادســیەی یەکەم لەســەر دەســتی «ســەعدی کوڕی وەقاس»، ئەگەر ناوەکەی ڕاست بێت. زۆر بڕوام بەوە مێژووە نییە. بووم بە موســڵمان، ژنێکی نوێژکەر! بەڵام ئەو شــەڕە ئیمانی لاواز کردم، زینا دەکەم، لەگــەڵ پیاوێکــی بێگانە، لەو خۆم بچووکتریش دەخەوم. جووت دەبم. شــەڕە، ئەدی شەڕەکانی ئەوانیش، بۆ ژن نەبوو!

وەرە، من، بە شــەڕەکە، مێرد و کوڕ و ســولفەی عەقاری و تویوتای ســەربازیم لەبەر چــاو کــەوت. وەرە پاڵەوان، قەڵاتم بگرە. بمروخێنە، بمگــرە، بمکوژە، بەیانی زیندوو دەبمــەوە و بــا زینــا بکەین. بەیانی تۆبە دەکەم ڕووت دەبمــەوە، پاش دەقە جلەکانم لەبەردەکەمەوە. دێمە دەرەوە، قژم دادەهێنم، مکیاژێکی ناسکی تەنک دەکەم. با هەموو ژنە عەسکەرییەکان، ژنی نائیب زاپتەکان، بزانن، درۆ دەکەن هەموویان حەسوودییم پێ دەبن! با بەیەکەوە لەبن دیوارەکان، لەدیار عارەبانەکەی میوە و سەوزەی لێ دەکڕن. کە زۆرتر ســەیری ناو شــەرواڵی میوە فرۆشەکە دەکەن. زۆرتر لەناو تاکسییەکانی پێ دەچنە ناو بازاڕ و شــێخەڵا. لەناو ڕیمە شــڕە درێژە بەدووکەڵەکان، بیریان لەکن گێرە درێژەکەیە. درۆ دەکەن، من درۆ ناکەم، وەرە پاڵەوان وەرە:

چیم لێ دەکەیت، رووتم، برسییم، سەرمامە، گەرمامە، منداڵ و گەورەم، ژنم و کیژێکی چواردە ساڵییم، بێوەژنم. ژنی سەربازێکی قادسیەم، لە مانگی یەکەم چەند شاری ئێرانیان گرت. پاش چەند مانگێک خۆیان نەگرت، تێدا شکان، چل پەنجا هەزاریان بەیەک شەو، لەسەر ئاوەکەی «کارون» گیران.

من ژنی پیاوێکی بەزیوم، بەسە، منیش چیتر خۆم نادۆڕێنم، خۆم نافەوتێنم، چیم حەز لێ بێت دەیکەم. وەرە هەی پاڵەوانی بێ غیرەت. دوو سێ سەعاتە لەو ژوورە تاریکە رووناکە، لەو گەڕەکە بەسامە، لەناو ئەو ماڵە چاوەڕوانت دەکەم. هەموو جەستەی سەربازیی خۆمت رادەست دەکەم. بە چی دەمگریت، بە کێم دەفرۆشیت، لەکێ دیلم دەکەیت! ئامادەم. بیوەژنێکی پاکیزەم، پەردەم ماوە، مەمکم مەمکی کیژێکی زانکۆیە! بەس تۆ پیاو بە وەرە، دوودڵ مەبە. ئەگەر پارەت دەوێ، خیانەت بکە، بە پارە دەتکڕم، سواری خۆمت دەکەم، ئاوت دەمژم، گونت دەکوشم، بە پارە حیزت دەکەم! لەگەڵ سووتان و بانگەوازەکە، پاڵەوان، ئەو شەوە لەسەر دیواری حەوشەیان ئاودیو دەبێت. زوو دەگاتە ژووری نووستنی ژنەکە. پاڵەوانی خۆی لەگەڵ دەکات، لەسەر دیوارەکە ئاودیو دەبێتەوە، بەڵام ئەو جارە دوو بلۆکی لەبن پێیەکانی دانابوو، دیوارەکەش نەوی تر ببوو.

❋❋❋

ئەودەمانە خانووەکانی «حەی عەسکەری»، زۆریان کەلاوە بوون. زۆریش لە زەوییە دوو سەد مەتری سەربازەکان، دوو سەد و پەنجا و سێسەدییەکەی نائیب زاپتەکان بەتاڵ بوون. خانووەکان دروست نەکرابوون. یان بە بادلۆیی و سەری نەگیراو مابوونەوە. ئەگەرچی زەوییەکانیان بەخۆڕایی وەرگرتبوو، بەڵام خانوو دروستکردنیش: کات و پیاو و هاتوچۆی دەویست. زۆریش لە سەربازەکان خەڵکی هەولێریش نەبوون. بەڵام لەبەر پارەی عەقاری و پاداشتەکە، دەبوایە خانووەکانیان دروست بکەن. بەڵام دروستکردنی خانووێک، تەواوبوونی و کارەبا بەستان بۆ ئەوان، وەک شەڕەکە، لە بەرەکان سەختر و زەحمەتتر بوو. ئەگەر وەستا و کرێکاری هەبوایە، ئاوراکێشان زەحمەت بوو.

چیمەنتۆ وەرگرتن: پەلامار، هێرش، ئارەقەڕشتن، دەستماچکردن، چاوسوورکردنەوە، تەنازلی زۆری دەویست و ئاسان نەبوو. گەیشتن بە ناو ئەرزەکان، پەیداکردنی خەباتە،

کرێکار، وەستا، نەجار ئاسان نەبوو، پیاوەکان: سەرباز بوون، یان ئیفلیج و برینداری ناو نەخۆشخانە، لەماڵەوە لەسەر قەرەوێڵەکان بوون.

***

پاڵەوان، بە پارەی خانووە کۆنەکەی گەڕەکی تەیراوە. خانووێکی گەورەی دروستکراوی سەر سێ سەد مەتری بۆ خۆیان لەو گەڕەکە بەکرێگرتبوو. خانووەکەش، زۆر دوور نەبوو لە ماڵی ژنەکەی، مانگانە چەند شەوێک مێردەکەی دەهاتەوە. کە دەگەڕایەوە، دیارە زۆر تاقەتی جووتبوون و هەوەسی نەبووە، بۆیەش ئەو پیاوەی بەرازیلییەکی سپی نوێی هەبوو، سمێڵی لە کلافە ئاوریشم و بەژنی دارێکی بەرز بوو دەبینێت. بە هەر شێوەیەک بێت ئەو قسەی لەگەڵ دەکات:

دەزانێت لەکام دائیرە کاردەکات. دەزانێت لە راپەڕینەکەی مەرکز تەدریبی هەولێر، ئەویش لەگەڵ بەردبارانەکەی سەربازگەکەی کردبوو، پاش ئارامبوونەوەی مەرکەزەکە لەگەڵ هەموو کوردەکانی تری ناو سوپای عیراقی تەسریح بووە. زووتر خوێندنی تەواو کردووە و دامەزراوە. بە فێڵێک بەناوی پرسیار و دۆزینەوەی کار، ژنەکە ناوی کوڕەکەی پرسیبوو. دەیزانی لەکام ژوورە، سەعات چەند دەگاتە دەوام و کەی تەواو دەبێت. دەیزانی بەرازیلییەکەی لەبەر کام سێبەریش رادەگرێت.

بەڵام ئەو، پێش ئەوەی بگاتە ناو دائیرە چاوەڕوانی دەکات. لێی دەچێتە پێش، سەر، قژ، چاو، هەردوو دەست، نیوەی سینگ، لوتکەی مەمک، دەشتایی سینگ و برۆکانی چاوە رەشە شێتەکانی، بۆ پیاوەکە، سمێڵی ئاوریشمییەکی دەباتە ناو ئۆتۆمبێلەکە. بەوە دیمانەیە، بەزمی سەر دیوار و ئاودیوبوونەکانی شەوانەیان دەست پێدەکات.

***

ئەو شەوەی کوڕەکەی ناویان نابوو پاڵەوان. لە ترسی کوڕی ژنەکە، لە ترسی چرای ماڵەکەی بەرامبەریان. کە ئادیو دەبێت و دەچێتە کن ژنەکە. ئاودیوبوون و چوون ئاسانە، بەڵام گەڕانەوە سەختە. هەڵتەکاندنی دوو بلۆکی ریزی سەرەوەی دیوارێکی نوێ، بۆ پاڵەوان ئاسان بوو. نەرم بلۆکەکان دەهێنێتە خوارەوە، لەسەر یەکیان دادەنێت، لەسەر دوو بلۆکەکە ئاودیو دەبێتەوە.

بەڵام بەر لەوەی ئاودیو بێت. لە ناو حەوشەکە، باخچەکە، تەنیشت ریزە کاشییەکەی

لە کارگەی گەڵاڵە بە سـەد دەسـتماچکردن، دوو هەزار کاشـیی سی بە سی، دارێژراو بە بەردی گەڵاڵە وەرگیرابوو. سەیرێکی پەنجەرەکە دەکات. دەیەوێ بزانێت ژنەکە، لە درزی پەردەکە چاوی لەوە، یان لەسەرچاو کەوتووە، خاوبوویتەوە.
ژنەکە ناتوانێت، لەکاتی ئاودیوبوون، ڕۆیشتنی میوانە گەرمەکەی بێتە دەرەوە. نەوەک بـەو شـەوە تاریکە، لـەو ترس و نیگەرانییە، ڕۆبە شـینە تەنکەکەی لـە لقی دارێکی باخچەکـە گیربێـت. لقەکە هاوارێک بکات: دز و چێژی شـەوەکەی لێ ئاشـکرا بکات. کوڕەکە، جیرانەکان، خوداشی لێ بەئاگابێنێت. ناوێری بێتە دەرەوە، چۆنکە ئارەقەی زۆری کردبوو، ماندوو ببوو، لەسەرچاو کەوتبوو.

***

ناتوانێت، بۆ ئاسانکردنی ئاودیونی کوڕەکە دەستی بگرێت. ئەو، لە ژوورەوە لە نهۆمی یەکەمـی خانووەکە چاوەڕوانی دەکات. ئەگەر دەیتوانی دەهاتەوە دەرەوە، میوانەکەی لەسەر دەستان دەبردەوە ژوورەکەی، دەیبردەوە سەر گوڵاڵەی سەر سیسەمەکە. بەڵام پیاوەکـە، لـە دیوار و ترس و زەبریش بەهێزتر بوو. تازەش لەناو کۆنە فارگۆنێکی ناو کۆنـە مەحەتەکە دابەزیبوو. کە پێشـمەرگەکان هاتبوونە نـاو قەتارەکە. پاش ئەوەی کادیرە گیراوەکە، دوو پۆلیس و دوو تفەنگەکە دەبەن. یەک بەیەک لە خەڵکە دەپرسن، لـەوێ دەربـازی بووە، زۆری خواردیتەوە. لەسـەر شـەقامەکە، دەگاتـە مەفرەزەکە، جامەکەیان بۆ دەهێنتە خوارەوە و پێیان دەڵێت:
زۆرم خواردیتەوە، تازە لەناو فارگۆنێک دابەزیوم بەرەو عەبادان دەڕۆیشـت. من گوتم مەلەوانی نازانم و ئاوی کارون دەمخنکێنێت!
چەکدارەکانـی لە ناوەڕاسـتی شـەقامەکە وەسـتابوون. سـەرما، تـرس، ماندووبوون و نیگەرانـی پەریشـانی کردبـوون. بە بۆن و قسـەکانی دەزانن سەرخۆشـە. جەیش شەعبییەکان شەپێک لە دەرگای بەرازیلییەکە دەدەن. ئەویش بەو شەپە رادەچڵەکێت، دەیـەوێ دۆ و دۆشـاو تێکەڵ بـکات! بەڵام لەگەڵ ژنەکە ژووانـی هەیە، دەبێ بڕوات، لەسەر دیوارەکە ئاودیو بێت، ئەو حیزبیە قبووڵ دەکات.
لەسەر دیوارەکە ئاودیو دەبێت. بە نووکی کلیلەکانی گیرفانی لە جامی ژووری نووستنی ژنەکـە دەدات. دەیزانی کوڕەکە لە ژووری سـەرەوەیە. ژووری نووسـتنیش لەو جۆرە خانووانـە دیارە، لە پشـتەوەی خانووەکەیە، پەنجەرەکانیـان بچووکترە لە پەنجەرەی

هۆل و پێشـــوازییەکە. ژنەکەش وەک پشـــیلەیەک، بە جلە نەرمەکەی شـــەوانی، بەرەو دەرگاکە دەچێت. دەرگای پێشـــوازییەکەی دانەخستبوو، ئەگەرچی ماڵەکە تاریک بوو، بەڵام پاڵەوان لە تاریکییش دەیبینی. ژنەکە پەنجەی لەسەر دەم داناوە، ئاماژەیەک بۆ پێیەکانی دەکات تەقە نەکات. نەرم نەرم بێتە ژوورەوە. دەرگای نووسینەکەش کرابوو، کلیلەکەش لە پشتەوەیان بۆ داخستن ئامادەکردبوو. کلیلێکی سی نووکی باریک. بەڵام وەفای نەبوو لەکاتی داخســـتنی تەقەیەکی هـــەر دەکرد، جیڕەیەکی لێ دەردەچوو. لە کردنەوە و داخســـتنی و دووبارە کردنەوەکەشـــی شەرم ناکات. دەرگا بۆ شەرم بکات، کلیل بۆ شـــەرمەزار بێت، پەردە بۆ بلەرێـــت، دۆلاب بۆ دەرگاکانی دابخات، دیواری بۆ نەبێتە ئاوێنە، ئاوێنە بۆ ببێتە پارچەیەک بەرمیلی ژەنگاوی، دوو عاشق هاتوون رووت ببنەوە.

ئـــەو، لەســـەر دیوارێکی کۆنکریتی، دوو بلـــۆک بە رەزامەندی وەســـتاکەی دیوارەکەی دروســـتکردووە، کرێکارەکـــەی ســـێ جار ئـــاوی داوە، دەهێنێتە خوارەوە. پێ لەســـەر بلوکـــەکان دادەنێت، بەئاســـانی ئاودیودەبێتەوە. دەگاتەوە بەرازیلییە ســـپییەکەی کە لەپەنا دیوارێک، لە تاریکییەک رایگرتووە و پێی گوتووە:

مـــەرد بـــە! هەتا دێمەوە پەنجـــەر نەبیت! زووش ئیش بکەیتەوە، تـــا بەپەڵە بگەمەوە ماڵەوە. لێرە تایەکت نەچەقێت، بەنزینت تەواو نەبێت، شـــەرمەزاری گەڕەک و ماڵەوە و موختاریشـــم نەکەیت. بەیەکەم ســـولف ئیش بکەیت. مەردە بە، چۆن منت هێناوە، مەردانەش لە کۆڵانەکە، لە زیناکردنەکە، لە ترسەکە دەربازم بکە.

***

پاڵەوان لەگەڵ ژنی نائیب زابتەکە رووتدەبنەوە. ژنەکە ناترسێت لەکێ بترسێت. هەموو دونیا داوای بکات، نیوەی وڵاتی ئێرانیش لەلایەن لیوا و فەوج و خودی مێردەکەشـــی بگیرێت، مۆڵەتی مێردەکەی نادەن. ئەگەر مۆڵـەتی دوو ســـێ رۆژیشـــی بدەن ناگاتەوە ماڵەوە.

_ ئەسمەرەکەم درەنگ هاتی!

_ ئا، درەنگە، بۆیە زوو بە! (لەگەڵ کردنەوەی زنجیری پانتۆڵەکەی).

_ دیسان زۆرت خواردیتەوە؟

_ ئەگەر نەخۆمەوە، دەگەمە ئێرە. لە ناو قیتارێکی بە گێچەڵ دەربازم بووە!

ــ قیتاری چی، هەی سەرخۆش! (بۆ خۆی رایدەکێشێت).
ئیمشــەو، ژنەکە بۆ میوانەکەی رووتدەبنەوە. لەســەر پشت راکشاوە و بانگی دەکات.
ئەوەندە پەرۆشــە، ئیماندارێکیش ئەوە بە زینا و کوفر نازانێت. لێی دەپاڕێتەوە. بەر لەوەی پانتۆڵەکەت لەبەر بکەیتەوە، پێش ئەوەی گوێی بە دیوارەکە وەبنێت، لە کونی دەرگاکــە ســەیری تاریکییەکە بکەیــت، وەرە ناوم. هەموو جێگەیەکــی تۆم دەوێت و زۆریش پێویستم پێیە. پەنجەکانت، دەستت، ددانت با ئیمڕۆش بە فلْچە و مەعجونیش نەشــوورابن. هەمــوو شــوێنێکی تۆم دەوێ بــەس هی پیاو بێــت. پیاوێکی حەرام، لە پیاوە حەلالەکە هیچم نەبینی. شەڕ و دووری و تەماحی دایکوباوکم و چاوچنۆکی ئەو. هیچم لەوانە لەگەڵ ئەو نەبینی. وامدەزانی ژن و پیاو بەجلەوە لەدایکبوون. وایدەزانی منیش ســەربازێکی موکلفی بن دەســتی ئــەوم. نەیدەزانی لەگەڵ مــن نان بخوات. لە پیاڵە، چای شیرین بخواتەوە. فێربوو چای بە چیلکەی دار تێکدەدا. خواردنی برنج و شلەی بەیەکەوە دەخوارد. برنجی و شلە و گۆشتەکەی لەیەک قاپ دەکرد. نەیدەتوانی لەژێر لیفی پەمۆی پەمبە بخەویت. پێی ئاســایی بوو بە پۆســتاڵەوە لەگەڵم بخەوێت. فێری شــەڕ و داپلۆســین و تۆقاندنیــان کردبوو. فێریان کردبوو، بــەرد و دار بخوات. نەخەوێت و باران تەڕی نەکات، بەفر و کڕێوە و شەختەش زەفەر، بە پەنجە، نینۆک، کیر و گونەکانی نەبات. ئەو لەجیاتی رووتبونەوە و ناز، دەیەوێ «ئیســتاعید» و بە ســڵاوکردن بۆی بوەســتم. حەزی نەدەکرد دابنیشم، پاڵبکەوم، خۆم بشۆم و رووتیش ببمەوە!

***

ئەو سێ بیرەی خواردبووەوە. گەنجە و ناترسێت. هاتووە و دەیەوێ باخێک ئاو بدات. موڕەبایەک لو میوەی تەڕ، ســێو، هەرمێ، گێلاســی چاو، شــفتی سمت، هەنجیری ناو ڕانەکانــی بگرێتەوە. دەســت لە رانی دەدات. پەنجەی لەســەر مــووە نەرمەکانی پاش هەڵکەندنی بە شیلەکە هاتوونەتەوە، بدات. تازە سەریان دەرهێناوە بۆ دیتن و زانینی بەزمی شەوەکە. پەنجەی لەسەر گرێیە نەرمەکان رادەگرێت. ئەوە نەبوایە کێ هەستی بەو وردە گرێیانەی سەر رانە نەرمەکە و کەفەڵی ژنەکە دەکرد:
چەند ســاڵە ژنی ئەو پیاوەم، هەرگیز رانم و نێوان هەردوو رانم، بنهەنگڵم و سەرســک و بنسکم وا بۆی لووس نەکردووە! منداڵ بووم، منیان بەگچکەیی داوە بە دوو تەختە

ڕەشـــەکەی ســـەر یەخـــەی. نەفام بـــووم، منیان داوە بـــە موچە باشـــەکەی، بە بەژنە زراڤەکـــەی وەک ســـتوون هەڵچووبوو. هەرزەکار، ئەویش تەمەنـــی زۆر لە من گەورەتر بوو.

ژنەکە، لەگەڵ چێژە خۆشـــەکە. ئاوە گەرمە زۆرەکەی. لەســـەر گوڵ و کەمەری نەرمی سەر سیسەمە دوو نەفەرییەکە، بە دڵ، بە ڕاستی، بۆ ساڵانی بەبابردەی دەگریت:

ئەوە یەکەمجارە ڕەحەت دەبم. هەرگیز نەمزانیبوو پیاو ئەوەندە خۆشـــە! نەمزانیبوو، ڕووتبوونەوە نیوەی چێژوەرگرتنە. کە دانە دانە جلەکانم بۆ ئەو لەبەردەکەوە هەســـتم دەکـــرد، زۆربـــەی ئەندامی جەســـتەم، ئەوانـــەی لەوەتـــی بوونیان هەیە نـــەورووژاون، نەجووڵاون، دەبنە ئاو و ئاگریش.

من منداڵ بووم، نەمزانیبوو مێردکردن چییە. نائیب زابتەکە خۆی کەم کەم دەهاتەوە. شەوانە سەرجێیەکەمان زوو و بەپەلە تەواو دەبوو. کاتی ئەوەی نەبوو، یان نەیدەزانی منیش ڕەحەت بکات. منیش نەمدەزانی یان شەرمم دەکرد! شەڕ و سوپا و دڵڕاوکێیەکانی ســـەربازی، تەمەنی کردبووە کەڤرێکی ڕەقتر لە بەرد و شـــەختە. لەوەتی ســـەربازە و ڕۆژانە بیســـت ســـەعات، پۆســـتاڵی ئەگەرچـــی خاوێن و ڕەش و تونديـــش بوو، لەپێی نەکردیتەوە.

بـــەڵام ئیمشـــەو، ئـــەو کوڕەی لەســـەر دیوارەکە بـــۆم ئاودیو بوو. بەنەرمی لە ترســـی کوڕەکەی دەیهێنێتە ژوورەکەی. تینوویەتی و حەســـرەتی مێینەی پازدە ســـاڵی بەیەک شـــەو تێر دەکات! زۆریـــش تێردەبێت، بیردەکاتەوە ئەوەندە تێـــرە، ئەگەر مێردەکەی دووجار لەســـەریەک مۆڵەتەکەی بداتە یەکێکی تر، یان بیفرۆشـــێتەوە، هەر پێویســـتی پێی نییە. بەڵام ژنەکە، بەیانی لە خەوە قووڵەکە هەڵدەســـتێت کوڕەکەی ڕۆیشـــتووە. تەلەڤزیۆنەکە خەتی ڕەشوسپی لەسەر یەک وەردەگێڕێت و خشەخشییەتی.

هەڵدەستێت بورکانە، ئاگر و دووکەڵی دەگاتە ناوشار. هار دەبێت، دەیەوێ کوڕەکەی شـــەوەکە، بەزمەکە و ڕووتبوونەوەکە بدۆزێتەوە. شـــەو وایدەزانی بەشـــی ســـێ مانگ، پیاوی خواردووە. بەشی دوو مانگ ئاودراوە. بەڵام دەرچوو، لەوەتی چاوی کراوەتەوە. حەزی لێیە، پەرۆشـــە. دەیەوێ بگەڕێتەوە و لەســـەر دیوارەکە نا، با لە دەرگاکە بێتە ژوورەوە.

ژنەکە، نەمامە، دارێکی ناو باخەکەیە، ئاو، بەس ئاوی ناوێت. دەیەوێت، بەڵام لەگەڵ ئاو، نەمام، ناوقەد، گەڵا، گوڵەکانیش، ئاو، ســـێبەر، شـــوورە، شـــەوورۆژ، شـــنەبا و

جاروبار دەستی لاساری بایەکی بۆ گەیاندنی تۆ و گوڵاڵەکان دەوێت. وەرە پیاوەکە، کوڕە شێتەکە بەس ئاوم ناوێ. سێبەر، توندوتیژی و سەرکەوتن بەسەر قەدم دەوێ. بەردەوام تۆم دەوێت. بۆیە ژنەکە بەیانی زوو بەحەسرەتەوە، چاوەڕوانی ریمە گەورەکە دەکات، پڕ بێت و بچێتە ناوشار. ئەو زووتر، پێش ئەوەی بگاتە شێخەڵا دادەبەزێت، ئیتر بەزمەکە درێژەی دەبێت...

***

پاڵەوان، نەک ئەو دیوارە، شوورەی بەرینتر و پانتریش دەرووخێنێت. لەو دیوارەوە دێتە ژوورەوە. دێتە ناوەوە. ئیشی خۆی دەکات، نەرم نەرم بێ غەڵبەغەڵب دەکشێتەوە و دەربازیشی دەبێت.

_ ناڵێن بەو شەوە لەکوێ بوویت؟

_ (سەری دەلەقێنێت) دەڵێم چووبووم لەکن ژنێکی ئەسمەر خۆم چەور بکەم!

_ بەڕاست حەیوان، مەکە فشە؟

_ جنێوو مەدە، دوایی موختار، جیران و خەڵکی هەموو گەڕەکەکەت بەسەروەدەکەم. من پاڵەوانم.

_ پێش ئێستا دەمگوت حەیوان پێدەکەنی، دەبینم تەواو بوویت و بوویتە ئینسان! بەڕاست دەڵێیت لەکوێ بووم؟

_ دەڵێم لە سەیتەرەیەک گیرابووم. منیان بشکنی، منیان رووتکردەوە، منیان برسی و بەدبەخت کرد. منیان کوشی، هەموو ئاوی جەستەیان دڵۆپ دڵۆپ لێ چووراندمەوە! کافر بوون، ئەوانە پیاویان نەدیبوو، برسی بوون نان و ئاویان نەدیبوو، منیان وشک کردەوە. دەڵێم گیرابووم، ئازایانە لەسەر دیوارێک بازم داوە، هەرگیز بڕوا ناکەیت. ئاودیوبووم و کەسیش منی نەبینی. ژنەکە من پاڵەوانم، لەو گرتووخانە گەرمە، لەو کوشینە بەئازارە، لەو مردنە نزیکە دەربازم بوو. لەسەر دیوارەکە ئاودیوبووم و هەڵاتم. سەیری پانتۆڵ و پێڵاو و قەمیسەکەم بکەم!

***

پاڵەوان، زۆرتر لە سەعاتێک لەکن ژنەکە دەمینێتەوە، ژنەکەش دەڵێت:
لەوەتی شووم کردەوە، یەکەمجارە پیاو بناسم. لەگەڵ مێردەکەم خەوتووم و دووگیان

بووم، مانگانەش خوێنم بینیووە، سەری مەمکم خوراوە و حەزم لێ بووە، بەڵام هەرگیز ئەوەم نەکردووە.

ئیتر پاش ئەو شەوە. ژنەکە شەیدای پاڵەوان دەبێت، لێی دەبێتە شێری ناو قەفەس. بەردەوام وەک بت بۆی دەوەستێت. چاو لە چاوی دەنێت، خۆی بە برادەرەکانی دەناسێنێت. خۆی دەگۆڕێت و چاوی ڕەش دەکات. تەنوورەیەکی کورت لەبەردەکات. قەمیسەکانی تەسک دەکاتەوە. سێگۆشەیەکی سینگی لەسەر قەمیسەکەی دەردەهێنێت. کە مێردەکەی لە شەڕێکی دژواری «فاو» دەکوژرێت. پاڵەوان هەموو مامەڵە و هاتوچۆی دائیرەکان، بۆ ژنەکە دەکات. ماوەیەکی زۆر، تا کوڕەکەی گەورە دەبێت، ژنەکە شەرم لە سمێڵە ڕەشەکەی دەکات. ماوەماوە، لەناو ماڵەکەی. یان لەسەر کوشینی پشتەوەی بەرزایلییەکەی. لەسەر ڕیزە بلۆکی کەلاوەی خانووێک. لەناو دەغڵ و بەرسێبەرێک. لەناو خانووە بەردەکانی مەسیف، ڕۆژانە بە حەوت دینار بەکرێی دەگرت، سێ چوار سەعات تێدا دەمانەوە. بەپەلە لەگەڵی جووت دەبێت، کە تەواو دەبن، دوور لە ماڵەکەیان ژنەکە دادەنێت.

❊❊❊

# هەولێر ـ قەرەچوغ

**بەشی پێنجەم   کرێکار و فەرمانبەر**

بینایە زەردەکەی نەقابەی عوماڵ، بەناوی یەکێتی نەقابەی کرێکاران، یان خەڵکەکە هەر بە فرقەیەکی حزبییان دەزانی. بینایە کۆنکریتییە گەورەکە. لەسەر شوێنەواری «ئاوی میری» و باخ و رەزی موڵکدارەکانی ئەو شارە دروست دەکرێت. شوێن، بۆن، تام، سێبەر، ئارەقە و شنەی باخەکانی، لەبیری زۆر لە پیرەکان مابوو. کە بینایەکە لەو شوێنە، لەناو چاڵەکە، بەرزدەکەنەوە.

شوێنەکە پێشان زوو، زۆریش درەنگ و کۆنیش نییە. شوێنی سەیران و خواردنەوەی مەستی، گۆرانی و سەرخۆشەکان بوو. لەناو چاڵێک، لەوێ کرێکاران: بە دەست، نینۆک، ئارەقە، قازمە، پیشەقان، پێمەڕە و ماندووبوون، بە پارەی کەم و سوخرەش هەڵیانکۆڵیبوو. باڵەخانەی نەقابەکە دروست دەکەن. لەسەر قۆچەکانی نهۆمی سەرەوەی بینایە بەرزەکە، تیژە باتونە چیمەنتۆیە رەنگ زەردەکە، دروشمەکانی حزبی بەعس باڵیان کردبووەوە، تا بەرزایی ئاسمان دەفڕین. لەدوورەوە، بەس بۆ هەڕەشە نووسرابوون. ئەگەرنا، ئەوان و خەڵکەکەش دەیانزانی، ئەو دروشمانە، لەو هەوارە پیادە نابن!

بینایەکە، یەکێک بوو لە باڵەخانە گەورە و دیزاینە ناوازەکانی ئەودەمانەی شارەکە. بەڕاستی وابوو. هێشتا قشلە سپییەکە، بە دیوارە بەرینەکانی، بە ژوورە تەسک و پەنجەرە باریکە بڵندەکانی، زۆربەی دەزگا و بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەستڕۆیشتووی تێدا بوو. پەروەردەی هەولێر، لەناو کۆنە خانووێک، دوایی دەچێتە ناو بەشی ناوخۆی قوتابییان، بۆ گەرمبوونەوە پشتی دابووە شەقامی شێستمەتری. تەجنیدیش، هەر رۆژێ لە کۆلانێک کرێچی بوو. لەوێ زۆرتر، ناوی بەعس و قائید دەهات.

سەرۆکی نەقابەکان، _هەموو نەقابەکان، بەناو ژمارەیان زۆر بوون _ بە جلی زەیتونی ئێواران دەوامیان دەکرد. بەرۆژیش لێرەولەوێ حزبایەتی سارد و شەرمنانە و ترسنۆکانەیان بەسەر «فەراش»ێکی شانشکاو. «فەرمانبەر»ێکی خنکاوی ناو ئیزبارە و دۆلابی شڕی دەرگا شکاو و جگەرەی توند و ژەهراوی پاکێتی بەغدا. «بەڕێوەبەر»ێکی دزی چاومۆنی مێباز . «شوفێر»ێک مانگانە دوو تایەی ئۆتۆمبێلە حکومییە باشەکانی لە بازاڕ دەگۆڕییەوە، بەوەش بڕە پارەیەکی لە گیرفانی دەئاخنی.

ئەوانە، زۆری وەک ئەوانە، لە دائیرەیەک دوو کەس. لە بازاڕێک یەک کەس. لە قەزایەک دوو کەسیان دەکردە بەعسی. دەبوونە حزبی، ماوەیەکی زۆر بە پلەی «نەسیر» و دواتر «نەسیر موتەقەددم» دەمانەوە. بەئاسانیش نەدەبوونە رەفیق! بەڵام نەسیریش، ملکەچی هەموو فەرمانەکانی حزب دەبوو، لە هەموو دەسکەوتەکانیش بەشدار دەبوو:

هەموویان وەکو یەک دەبوایە، ببنە جەیشی شەعبی، کلاشینکۆف، چوار مەخزەن و قەمسەلەیەکی تەنکی سەربازیش وەربگرن. هەموویان مەتری بەیەک دینار حەقیان هەبوو، دوو سەد مەتر زەوی لە شارەوانی وەربگرن! بەڵام لە گەڕەکە نوێیەکان و دووری شارەکە. پاش تێپەڕبوونی چەندان ساڵ، دەبێتە گەڕەک و ئاوەدانی تێدەکەوێت، بەڵام راکێشانی ئاو، کارەبا و قیرتاوکردنی شەقامەکانی وەک بارێکی گران، وەک ئەرکێکی زۆر و قوورس. پاش راپەڕین، دەکەوێتە سەر شانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بارە ئابوورییە ناهەموارەکەی. کە چەندان گەمارۆشی لەسەر بوو. چونکە بەعسییەکان، ئەفسەرەکان، رەفیقەکان، ئەوانەی دیارییەکانی حزب و دەوڵەت و سەدامیشیان لەو ئەرزانە وەردەگرت. زوو زەوییەکانیان دەفرۆشتەوە خەڵکی شارەکە. کرێچییەکان، ئەوانەی خانوو و هەواریان نەبوو، لێیان دەکڕینەوە. ئیتر گەڕەکەکان ببوون بە گەڕەکی میللی پەراوێزکراو!

هەر بۆ گەشەسەندنی ئەو نەقابەیە. بە بڕیارێک، زۆربەی دەرچووانی «پەیمانگە و ئامادەییە پیشەییەکان» فەرمانبەرەکان، دەکەنە کرێکار، دەبنە ئەندامی ئەو نەقابانەی ناو یەکێتیی نەقابەکانی کرێکاران. دەرچووانی پیشەسازی بە بەشەکانی کارەبا و میکانیک و دارتاشی. کوڕە گەنجەکانی قژیان لەبەر هەتاو دەبریسکایەوە، پەنجەکانیان نەرم، دڵیان تەڕ و زۆریان شاعیر و هونەرپەروەر دەکەنە ئەندامی

نیقابەی میکانیک!
پیاوێکی ئەسمەری سمێڵ سیسی زەردی بەر دووکەڵی جگەرە، دەنگ نووساوی ناو بەفر و عەرەق، ئەو بە خۆشی پێکەنینی بە بەدلە زەیتوونییەکەی بەری دەهات، کوڕە گەورەکەی، کیژەکەی تازە ددانی کەوتبوو، دوو ژنی هاوسێیان پێیان گوتبوو: وەستا، قوربانت دەبین بەو جلوبەرگە، بەو ڕەنگە، بەو نیتاقەی پشتت، بەو کەتافییە، بەو کلاشینکۆفە ڕەشە ژەنگاوییە، ڕوو لە کۆڵانەکەمان مەکە. بەردەرگەکەمان، ناو ماڵەکەمان، ناو دوکانەکەمان، بن عامووودەکەمان، نزیک مەحەویلەکەمان، بەر سێبەری دار پرتەقاڵەکەمان، تۆیان بەو ئاکارە ناوێت.
ئەو هەرگیز نەیتوانیبوو دوو ئیمزای وەک یەک، لەسەر ناسنامەکان بکات. دوو خەتەکە، پیتی یەکەمی ناوەکەی دەلەرینەوە کە ئیمزای دەکرد. کە ئیمزایەکی تەواو دەکرد، خەتخەتێنەکەی بەس لە ئیمزا نەدەچوو. ئەوەی لەسەر سەری دەوەستا، ئەوەی چاوەڕوانی دەکرد، لەدڵەوە قەریب فەرەجێکی بۆ بانگ دەکرد.

❊❊❊

بە بڕیارێک ڕەتکردنەوەی نەبوو، بڕیارێکی پۆلاین و بێ بەرنامەی شرۆڤەکراو و بێ پلانی وردبینکراو، سەدام کرێکاران دەکاتە فەرمانبەر. بەوەش، ئەندامەکانی ئەو نەقابانە. لە زۆر دەسکەوتەکانیان بێبەش دەبن.
بێبەش ببوون و بەڕاستی نەببوونە فەرمانبەر. کەسیان نەبوونە ئەفەندی، لەسەر کورسی و مێزی فەرمانگەیەک دانەنیشتن، کەسیش چایەکی گەرمی لەبەردەمی ئەو فەرمانبەرانە دانەنا. چونکە هەموو کرێکارەکان، چایەچییەکان، فیتەر و شوفێرەکان، ببوون بە فەرمانبەر! بەڵام، بەناو، بۆ کەمکردنی دەسکەوتەکانیان بڕیارەکەیان بۆ دەردەکەن. لەوێ، لەسەر چوارڕیانەکەی نافوورە، ڕووبەڕە ڕووناکەکە، شەوانە مەفرەزەی جەیشی شەعبی خەڵکیان دەگرت!
بەڕۆژ، باڵەخانەکە خەڵکی کەم تێدا بوو. بەڵام ئێواران ئاوەدان دەبووەوە. هەر نەقابەیەک دوو سێ کەس، دوو مۆر، یەک ژمێریار، پەنجەرەیەکی کراوە، دۆلابێکی شڕ، دوو کورسی، سێ چوار تەپڵەی جگەرە، وێنەی لە چوارچێوەگیراوی سەدام، ڕیزبەندێکی کاشی ڕووزەردی تەڵخگرتووی پازدە بە پازدەی گۆشە شکاو. دەرگاکانیان، بەڕووی دوو کەس و سێ ناسنامە وەرگرتنەوە، یەک کەس بۆ

واسـیتەكردن، چاخواردنەوە، جگەرەكێشان، دانیشـتن و گەڕانەوە دەكرانەوە. بەڵام بەشـەو لەو باڵەخانە بەرزە، باڵەكان لە ترسـانا، دەنیشـتنەوە. چاویان كز ترساو، شـێری رۆژەكە دەبوونە ریوی، مریشـك، مشـك و كرمیش. بەرۆژ و ئێواران و كاتی دەوامكردن و ناسـنامە دروسـتكردن. لەوێ، باڵەخانەكە تەنیا كرێكاری تێدا نەبوو، تەنیـا كرێـكار بەڕێوەی نەدەبـرد، بەڵام كرێكارێـك چایەچی، باخـەوان، فەراش و دەرگاوان بوو.

سەرۆكی یەكێتییەكە، نەك نەقابەكە، كەم دەوامی دەكرد. زۆرتر خەریكی كۆنگرە و داوەت، سەفەر، میوانداری، سمێڵ رەشكردنەوە و بەزمەكانی خۆی بوو. سەرۆكەكە، بە قاتە زەیتونییەكەی و جەمەدانییە سـوورەكەی ملی، درەنگتر لە فەرمانبەرەكەی، جێگرەكـەی، چایەچییەكەی دەهات. بەپەلە سـەیری ناسـنامەكانی سـازیانكردبوو، دەموچاوی كابرا، ناوی سییانی دەكرد.

كەسـی لەوانە نەدەناسـی، ئەوانیش ئەویان نەدەناسی. بەڵام ئەوان ناویان دەزانی، ناسـنامەی كەسـی رەتنەدەكردەوە، لێكۆڵینەوەی لەگەڵ كەسـیان نەدەكرد. داوای پسولە، بەڵگە و بلانكیتی نەدەكرد. بۆیەش مۆرێكی رەقی لە وێنەی سەر ناسنامەكەی بۆیان كردبوو دەدا. ئەگەر سومغەكەش وێنەكەی چەسپ نەكردبوایە، ئەوە زەبری مۆرە هێڵكەییەكە وێنەكەی توند دەكرد. كەپسـكردنیش نەبوو. خاوەنەكەی، ناسنامەكەی لەناو پارچە كاغەزێكی ئەسمەری فڕێدراوی بن پێی سەرۆكەكە لوولدەدا. لە گیرفانی دەئاخنی و دەسـت بەجگەرە دەچووە دەرەوە.

***

شـەوانە شـارەوانی، تا نزیكەی سـەعات هەشـتیش، لە دوو سـێ ژووری رووناكی هەبوو. بەڵام یانەی ئیعلام، بیناكەی گۆشـەیەكی بە خاترانە، لەبەر چاوی دوو سـێ فەرمانبـەری بەنـاو رۆژنامەنووس، لەناو رووبەڕی شـارەوانی وەرگرتبـوو، باڵەخانە سـادەكە، شـوێنە گەرمەكـە. لەو رووبـەرە نوشـتەییە، خەڵكێكی باش و ناسـیار، شـەوانە بەدیار عەرەق، بیرە، تەشـریب، كتێب و شـانۆ برادەرایەتی كۆدەكردەوە. جاروباریش گۆرانی سـووتان و عیشقیشی تێدا دەگوترا.

رۆژنامەنووسـەكان، ئەوانەی نووسـینیان بڵاودەكردەوە، ئەوانەی دەیاننووسی بەڵام چـاپ نەدەبوو. هونەرمەندەكان، زۆریان ئەوانەی دەیانتوانی لە موچەكەیان شـەوانە

چەند دینارێکی لەو یانەیە سەرف بکەن. بە تاکسییە لادا شڕەکەی بەردەرگاکەش، کە زۆربەی خەڵکەکەی دەبردەوە! دوو دوو و سێ سێ سەرخۆش، بەو تاکسییە، یان بەپێیان و بەنیگەرانی دەچوونەوە. یانەکە ژوورێکی گەرم و دەفتەرێکی نووسراو و بەرنامەیەکی دووبارەکراو بوو.

نێوان سەرۆکایەتی شارەوانی، دواناوەندی گەلاوێژی کچان. کە مامۆستا «عەزیز گەردی»، تازە بە مامۆستایەتی زانکۆی موسڵی تەواو کردبوو. داغستانەکەی رەسول هەمزاتۆڤیشی کردبووە کوردی، یەکێتی نووسەرانی بۆی چاپ دەکەن. ئەگەرچی زمانی فەرەنسی خوێندبوو، بەڵام جاروباریش بەجلی کوردی وانەی ئینگلیزی تێدا دەگوتەوە. نێوانی دوو بینایەکە چۆڵەوانی بوو، بەڵام چەند خانووی یەک نهۆمی بێ ئاکاری نەوی بەبەردی حکومی تێدا بوو. لەبەر ئەو خانووانە، بەردەوام کرێنشینەکانی، ئەوانەی مانگانە چەند دینارێکیان لە موچەکانیان دەگێڕانەوە. هەندێکیان ببوونە بەعسی، بەڵام زۆریان مابوونەوە، هەڕەشەی خانووەکانیش سەری نەوی نەدەکردن!

خانووەکان، لە ناوەندی رووبەرە بەتاڵەکە دانرابوون. رۆژانی هەینی، کە یانەی پۆلیسی هەولێر، یان هەڵبژاردنی هەولێر، گەمەیەکی فوتبۆلی لە ستادیۆمەکە دەکرد، خانووەکان دەکەوتە بن دەستوپێی گەنج، کوڕانی بە نەعلَ و کالە و پێڵاوی لاستیک. لە تەیراوە، لە خانووەکانی نزیک تەنکییەکەی رێگای عەنکاوە، لە مەنتکاوە و بەستەپیازە و شوقەکانی ئیسکان دەهاتن. بەتایبەتی ئەو رۆژەی، ئێوارەیەکی وەرزی بەهار.

کە یانەی رەشید، تیپەکەی سەر بە عودەی (لە رۆژانەی پرۆسەی رزگارکردنی عیراق، کە زۆر لە عەرەبەکان بە رۆژی داگیرکردنی عیراق ناوی دەبەن، هەڵات و خۆی شاردەوە. بەڵام زۆر نامینێتەوە و فێڵی لێ دەکەن و دەگیرێت و دەکوژرێت. وێنەکەی لەگەڵ براکەی بەمردوویی، پێش ئەوەی لەبەردەم خودا، فریشتە و دادوەرەکانیش راگیرێت، سەدان کامیرا وێنەی دەگرن، بەمردوویی، نیوەرووت، پینەکراو، تاشراو و خەوتووی ناو مەرگ، نیشانی دەدەن و بەردەوام باسی دەکەن) تیپەکەی، ئەلرەشید، گۆڤارێکی زۆر شایستە بە چاپ و دیزاین و بەرگیان بەو ناوە هەبوو.

تیپەکە، دەکەوێتە بەرامبەر یانەی ئەربیل. ناوی ئەربیل بوو، تێدا رەشید، ناتوانێت

رەشـــیدانە تۆپەکە بباتە ناو گۆڵەکەی هەولێر. هەشـــتا و نۆ دەقە کۆشـــش دەکەن، تونـــدکاری دەنوێنن، بەڵام هەر ناتوانن تۆڕی یانەی ئەربیل بهەژێنن و گۆلی بردنەوە تۆمـــار بکـــەن، ناتوانن: بەرامبـــەر هەزارەها کەس، هەموو نەعـــڵ و فانیلەی عەلاگە، شەڕواڵی فش، کالەی سپی، پێڵاوی لاستیق، یەلەگی نیوقۆڵ، دەموچاوی بە زیپکە، قەڵەم جافی سەر گیرفانی قەمیس، پانتۆڵی بەرین و بەرامبەر حەشاماتەکە، هەموو هەولێر، گەنجەکان، پیرەکانیش، منیش یەکەمجار بوو، دواجاریش بوو بچمە ناو ئەو گۆڕەپانە، لە چوونیشم پەشیمان بووم.

لـــەوێ کە دەزانن، رەشـــید، واتە عودەی کوڕی ســـەدام گۆلیان پـــێ ناکرێت. ئەگەر لە زۆر شـــت گۆلیان کردبوو، بەســـەر ســـوپای ئیران و خاکی ئیران و حزبی شیوعی و دەعـــوەی شـــیعەکان و حزبەکانی لەنـــاو قەندیل و باڵەکایەتـــی و دۆڵی جافەیەتی بارەگایان هەبوو، شـــەڕی دەکردن و زۆریش ســـەردەکەوت. لەوەیان گۆڵیان بەرامبەر هەولێر پێ ناکریت. ناوبژیوانە بەســـتەزمانەکە، لەو پەتەی ملی دەترســـا فیتفیتەکەی پێ بەسترابووەوە.

دەترســـا، بـــەو دۆڕانە و لەبەر ئەو شـــکانە گەورەیـــە. بەو پەتـــە بیخنکێنن، ئەگەر یانەی رەشـــید گۆلی بردنەوە نەکات. لەدوا ســـاتەکانی یارییەکە .. نازانێت چ بکات، لەلایەن هەزارەها رەشـــورووتی ئەو شـــارە. دەست رەق و ئەسمەر و بەهێزەکان، قاچ و پێیە گەورەکان، قوورگە لەریوەکان، هەموو لەوێ بوون. دەترســـا، کافر بە حاڵی ئـــەو نەبێـــت، رەشـــیدیش نەباتەوە! رەشـــید لـــە یانەیەکی وەک هەولێر بشـــکێت، چ ئابڕووچونێکە بۆ یانەکە. بۆ باڵەخانە و گۆڤارە رەنگاورەنگە کاغەز لووســـەکە بەرگ نازدارەکە!

رەشـــید بەناوی هارون رەشـــید کراوە، بەغدا بەو ناوە دەناســـرا! ئەوەی لە _هەزار و یەک شـــەوە_ بە خەلیفەی مەی، ژن، شـــەوچەرە، رەنگ و ســـەما ناوی هاتووە. چۆن ســـەرنەکەوێت! ئەگەرچی مێژووی ئیســـلامی، بەیەکێک لە خەلیفە بەتواناکانی ســـەردەمی زێڕینی عەباسییەکان و حوکمڕانی ئیسلامی دەزانێت.

_ تۆپ، دەسەڵات و پارە ناناسێت، لەبەردەم، لەبەر زەبری پێ، بۆ راهێنەری باش، بۆ دڵســـۆزی تیپەکە ئیش دەکات! (گوڵەبەرۆژەی بە مســـت لەناو گیرفانی شەرواڵە رەشـــە شووشـــەییەکەی دەردەهێنا، کەم کەم هەتا دەســـتی دەگەیشـــتێ لە مســـتی خەڵکە نزیکەکەی خۆی دەکرد).

ـــ دەزانــم یاســاکە وایــە! بەڵام مەســەلەکە جیاوازە! (بە جلوبــەرگ، قژ، تەمەن و نیــگای چاوەکانی دیار بوو زۆرزانتر بوو).
ـــ هیــچ جیــاواز نییە، من دەزانم دەیبەینەوە و تــەواو! (کوڕەکەی گوڵەبەرۆژەی لە دەمی دەتەقاندەوە).
ـــ دەزانم، بەڵام کێ لەپشــت ئەو تیپەیە!
ـــ کێ!؟
ـــ پارە!
ـــ نا
ـــ ئەدی کێ؟
ـــ سەدام و کوڕە گەورەکەی!
ـــ ئەوانە گەیشتنە ناو تۆپانێش!
ـــ بەڵێ، تۆپانێش دەکەن، تا..
ناوبژیوان، خیانەت دەکات، پێ لە جەرگی خۆی دەنێت. لەبەر ئارەقە و راکەراکە و ســەیرکردنی نەبوو، رەش هەڵگەڕابوو. نیگەران، ترســاو، بەر لەوەی بڕیارەکە بدات، فیکەکــە لێ بــدات، خۆی شــەرمەزار بکات. ســەری بەرزدەکاتــەوە، دەزانێت لەکن کوردەکان خودا نزیکترە. لەکن موســلمانەکانی هەولێر خودا میوانە. داوای غوفرانی لێ دەکات، لەدوا خولەکەکانی یارییەکە یەک ســزای پەنەرتی. یەک درۆ، یەک فێڵی بەقۆچ، یەک خیانەتی سێکســی، لە تیپی هەولێر دەگرێت.
ئەوانیــش قاچــە رەشــەکان. فێڵبــازەکان. بــە بــزە و پێکەنین و سەرکەشــییەوە، یارییەکــە دەبەنــەوە. حەقیــان بوو، ســەریان لە تاشــین، روویان لە تــف، قوونیان لــە شــاپ، دایکوخوشــکیان لــە کێــر، باوکیان لە شــەرەف و ماڵیــان دەپارێزێت و گوڵی بردنەوە دەکەن. هێشــتا گۆلچییەکە هەڵنەســتابووەوە. هێشــتا تۆپەکەیان بۆ ناوەندی ستادیۆمەکە نەبردبوو. هێشتا یاریزانەکانی رەشید یەکتریان ماچ نەکردبوو. دادوەرەکــە، حەکەمەکــەی فانیلەیەکــی زەردی لەبەردابوو. رەشــتاڵە مل درێژەکە، فیکەی کۆتایی یارییەکە لێ دەدات!
فیکەکە، فیکەی رۆژی حەشر بوو. کۆتایی هەناسەی ناو گۆڕەپانەکە بوو. دوا ساتی ئارامــی نەعــڵ و فانیلــەی عەلاگە و پانتۆڵی بەرین و جنێــوی کوڕەکان بوو. فیکەی دۆڕاندنــی هەولێر بوو، فیکەی توورەیی و تۆڵەش بوو.

ـ درۆیە، فێڵە، ســەگباب خوشک حیز حەکەم! سەگباب!
ـ درۆیــە، ناکــرێ! (هەڵدەپەڕی و قووڕگی زوو دەنووســێت، بــە هەموو هێزێکەوە مستی لەسەر خۆی دەدا).
ـ بیکوژن ئەو حەکەمە!
ـ هەموویــان بتولخێنەوە! هەموویان بگرن!
نــەڕۆن، بیانگــرن. دەی بەیەکــەوە بۆ نــاو گۆڕەپانەکە. بۆ ســەر ســەریان، فانیلە کەســکەکەیان لەبەر هەڵزڕێنن. دەرپێیەکانیان لەبەر بکەنەوە! لۆ هارون رەشــیدیش تەمبێیان بکەن! لێیاندەن.

***

گۆلەکــە لە هەولێر، لە شــارەکە کرا. لە قەڵات گــۆل کرا. هۆلاکۆ لە گۆڕەکەی نزیک دەریاچــەی ورمێ ســەر بەرزدەکاتــەوە، شــکانی هەولێر و قەڵاتەکەی دەبیســتێت. هۆلاکۆ شاناز و کەیفساز بەڵام گومان دەکات، قەڵات بشکێت، بڕوا ناکات و لە هەموو گۆڕ و مەزارەکانی نزیک خۆی دەپرســێت:
ـ راســتە هەولێر داگیرکرا، قەڵاتەکەی دۆڕا!
ـ بەڵێ بە فێڵ، بە درۆ! (کێلێکی ماندوو، کەلەگەت، بێ ناونیشــان، بەڵام تیشــکی خۆری روومەتی دەبریسکایەوە).
ـ ئەدی خەڵکەکە، ئەدی دەســت، شــەرواڵ، کەوا، کلدان و تەشی ژنەکان!؟
ـ دۆڕان و شــکان، بەیەک دەســتدرێژی گوللە و تەقەی ئاســمانی. دووکەڵی ترس رەوینەوە و دووەمیش باش بوو شــەڕی خۆترپێنیان نەکرد.
پــاش ســافیرەکە، فیتفیتەکە و پەنەرتــی و گوڵکردنە و فیکــەی کۆتاییەکە. بەڵام! لەودەمانــە، خەڵکەکــە، لەناو قەڵات دابەزیبــوون. خەڵکەکــە پیاوەکانیان هاتبوونە ناو ســتادیۆمەکە، هێشــتا خۆڵ و نیوە چیمەن و فریز بوو. یەکســەر پاش گۆلەکە، پــاش لێدانی فیتەی ناوبژیوانەکە: دەســتەکان، هەموو پێیەکان، هەموو ســەرەکان، هەموو ئەوانەی هاتبوون بە دوو دەست، بە دڵ، بە برژانگ و بە پێیەکانیشیان هانی هەولێــر و تۆپــە خڕەکە بدەن. دەرێژێنە ناو گۆڕەپانەکە، ســەر خۆڵەکە، نزیک دوو ســتوونەکە، ســەر هێڵەکەی بە کێچ رەنگرێژکرابوو. دەگەنە ناو یاریگەکە، لەجیاتی بیست و دوو کەس:

ده هەزار کەس، ده هەزار هەولێری. لەجیاتی یەک ناوبژیوان. ده هەزار کەس لایەنی هەولێـر دەگـرن. لەجیاتی فیکەیەک، ده هەزار قوورگ. لەجیاتی گۆلێک سـی هەزار شەق. لەجیاتی یەک فێڵ، ده هەزار ناڕەزایی دەگەنە ناو گۆڕەپانەکە. گۆڕەپانەکەی وەک ئاوێنە لووس و خاوێن بوو، گۆڕەپانەکەی تەنیا بیست و دوو کەسی تێدا بوو. یەکسـەر و لەناکاو، لەبەر زەبری فێڵ و درۆ و ناڕەزایی ده هەزار کەس دەرژێنە ناو گۆڕەپانەکە:

ئەگـەر مەغاویرەکان، کلاشـینکۆفەکان، گوللـەکان، مەدرەعـەکان، کەلەبچە، دار و پۆستاڵەکان نەبوایە. یازده یاریزانەکەی عودەی، یازده هەڵبژاردەکەی هارون رەشید و بەغدا. زووتر ناوبژیوانەکە لەناو حەشاماتەکە دەتوانەوە، دەبوونە هەویر، دەبوونە ماسـتاو، نەدەبوونـە بیـرەوەری و یـادگار، بـەڵام! لەودەمانە کـە خەڵکەکە هێرش دەبـەن، پەلامـار دەدەن. یەکسـەر و تەیـار مەغاویرەکان، مودەرەعـەکان، تفەنگ، دەمانچە، حزب و وەحدە و حوریە و ئیشتراکیە دەگاتە ناو گۆڕەپانەکە: بە ئاگر، بە خوێن، بە هەرەشـە و زۆردارییەکان، مێژووە خوێناوییەکەیان، پەرتە بە ئاپوورەکە، تووڕەییەکـە دەکـەن. وەک چـۆن گۆڕەپانەکـە بەیەک چرکەسـات، ده هەزار کەس پەلاماری دەدەن. بەیەک چرکەسـاتی گولله و دڕندەیی گۆڕەپانەکە چۆڵ دەکەن!

❊❊❊

غـاردەدەن و تەنگاون، بەڵام قەڵاتیان لێوە دیـارە. یەکێکیان تاقەتی ئەوەی مابوو، قسەیەک بکات و بڵێت:

ـ با لەو ماڵە، لەو دەرگایە باریکە ئاسنە بدەین، داوای قوومێک ئاوی سارد بکەین! (هێشتا دەنگی تەقەش دەبیسترا).

ـ کوڕە با بڕۆین، زووتر بگەینەوە ماڵەوە، رەنگە خەڵکی ناو ئەو خانووە حکومییانە چەکداریش بن. بزانن رەشـیدمان ریسواکردووە، نەفرەتمان بکەن!

ـ کـوڕە بابـە نەفرەتی چی! ئەوەیان دەرگا شـینەکە. ئەوانـەی چەند تەنەکەیەک رەیحانیان لەسـەر سـتارەکەیان دانـاوە. خزمی خۆمانە، دەچین ئـاو دەخۆینەوە و ئاویکێـش بـە نەعلەکانمان، بە دەموچاومان دادەکەین. نەعڵ و دوایی دەموچاومان! پاش تەقەکردنە هەواییەکە، کلاشینکۆفەکان روو لە ئاسمان دەکەن و ئاگر دەبارێنن خەڵکەکە دەترسێنن.

چـۆن بزانـن تەقەکان هەواییـە. لەناو ئاپوورەکە، لەگەڵ راکردنەکە. لەبەر تەسکی شـوێنەکە، کەس کەسـی نەدەبینی، کەس دەسـتی کەسـی نەگرتبوو، کەس ئاوڕێ نەدەدایـەوە. مەغاویـرەکان، تفەنگەکان، بەعسـییەکان پشـتیوانی بردنەوەی یانەی رەشـید بـە گولله دەکەن. خەڵکەکە لەنـاو گۆڕەپانەکە، یاریـزان و ناوبژیوانەکە بە گولله و هەڕەشـە لەناو دەسـتوپێی خەڵکەکە دەرباز دەکـەن. دەرگاکە، کۆڵانەکە، دەروازەکە بەشـی هەڵاتنی بیسـت دە هەزار کەسی نەدەکرد. بۆیە هەموویان بەسەر سـیمە بەرزەکە هەڵدەگەڕێن، ئاودیو دەبن، هەموویان دەبنە:

خشۆک، باڵدار، مار، کرم، مەل، سسوکە، کەنغەر و کەو دەفڕن و باز دەدەن. ئاودیو دەبن. سـیم و تێڵە دڕەکە نەوی دەبێت. تیژەکە نەرم دەبێت. رەق و توندەکە نەرم دەبن! تا هەموویان، ئاودیودەبن، دەگەنەوە سـەر شـەقامە سەرەکییەکە. لەوێش بە سـەر هەموو شـەقامەکان، بەرەو هەموو گەڕەکەکان بڵاودەبنەوە. چەند هەزارێکیان، لەوانە تا دەگەنە سـەر پردەکەی سـەیداوە، ئاوڕ نادەنەوە. بەڵام بەر لەوەی بگەنە «فرقەی فاروق» لەناو کۆڵانەکان پێچدەکەنەوە.

دەچنە ناو تاریکی بن دیوارەکان، چڵکاوی بەردەرگا و گەراجەکان. بندیوار و بندیوار لە فرقە حزبییەکە دووردەکەونەوە. دەگەنە بەردەم پۆلیسـەکەی پاسـەوانی ئالیات، گەراجـە شـڕەکە، دوو کۆنـە موسـەلەحە و جێبێکـی وەرگەڕاوی پۆلیسـی دەکرد. سـڵاوێکی لـێ دەکەن، ئەویـش جگەرەیەکی لەنێوان دوو پەنجەیان نیشـان دەدات. داوای ئاگریـان لێ دەکات، یەکێکیان دەڵێت:

_ کاکـە هەمـوو شـتمان پێ بوو، بەڵام لەو غاردانەی نـاو مەلعەبەکە هەموومان لێ کەوت!

_ غاردانی چی (پۆلیسەکە دەڵێت).

_ دیـارە ئاگات لە هیچ نییە.

_ چ بووە، دە راوەسـتن بابزانم چ بووە!

_ دوایی هەموو شـتەکان دەزانیت. (نەعلەکەی پسابوو، لەگەڵ رۆیشتن خشەخشی دەهات).

گەنجەکان، لەویش دووردەکەونەوە، دوو لەوانە: لەسـەر کەندەکە، لەپشـت گومرگە شووره بڵندە زەردەکە. لەگەڵ بۆنی سەوزە، میوە، خورمای بن جەمەلۆنەکان لەوان دادەبڕێن. ئاوێتەی دەنگ و بەزمی شـەوانەی کوڕانی سـەیداوە و سێتاقان دەبن. کە

شـەوانە بە سـەدای مامڵێ و برایانی زیزی و فەرهاد زیرەک و جەلال سـەعید. دوو گەڕەکـی ناو خۆڵەمێش، بـێ نەوت، غاز، کارەبا، فیـراری و چاوەڕوانی گەڕانەوەی کـوڕە سـەربازەکانیان، دەبوژانـدەوە. تا بەزمـی گۆرانی و تەپڵەکە تـەواو نابێت، راکـردن و تەقەکانی ناو مەلعەبیان بۆ ناگێڕنەوە.

پێیـان ناڵێـن ناوبڕیوانەکە، بە غەدر هەولێری دۆڕانـد. پێیان ناڵێن، چۆن دە هەزار کـەس پەلامـاری تۆڵەکردنەوەیانـدا. تا گۆرانییەکـە، تا دوا پێکـی عەرەقی گەنجە رەنگ ئەسـمەرەکەی، لەسەر کەندی سەیداوە، گۆرانی بۆ کیژێکی ئەسمەری تەیراوە دەگـوت تەواو نەکرد. نەیانگوت، هەولێر یارییەکەی دۆڕاند. ئەگەرچی ئەوان ئاگایان لەو یارییە هەر نەبووە.

❊❊❊

بەرامبەر قوتابخانەکەی کچان. هێشتا باڵەخانە زەردە دوو نهۆمەکە دروستنەکرابوو. دوایی کە دروست دەکرێت نهۆمی سەرەوەی بەناوی «کات»، یەکەم ئۆفیسی سەفەر، بلیت و فڕۆکەوانی لێ دەکرێتەوە. نە من، نە برادەرەکانیشـم. کەسیشـم نەدەناسی، ئیشـی بـەو ئۆفیسـە هەبووبێـت. بەڵام دیارە ئیشـی هەبـووە، بلیتی فرۆشـتووە، فەرمانبـەری هەبـووە. کیژێـک، تەنوورەکـەی یەک بسـت درێژ بـوو. چاوەکانی لە پەنجەرەکانەوە شـەوقی دەدایە دواناوەندی گلاوێژی کچان. ئەوانەی رەنگی تەڵخی، دەوام و بیـرکاری، فیزیا و ئابوورییان بە رەنگیانەوە دیار بوو.

لەوێ ئاغایەک. کە زووتر بۆ ئاهەنگی «ئوم کلسوم» دەچێتە قاهیرە. قائیمقامێک، بـۆ کڕینـی بۆینبـاخ دەچێتە بەیروت. کوێخایـەک، پاش دوورنە و فرۆشـتنی چەند سـەرەمەڕ و بزنێـک دەچێتـە مەکـە. کـوڕی بەزازێکی کـەوا زەردی سـمێڵ نەرم. فیتەرێکی مەکینە، لەگەڵ تۆرەنچییەک. کیژی بنەماڵەیەکی ناسـراو.

برازای دوکاندارێکی عەتاری پشـدێن توندی باخەڵ گەرم. دەلالێکی میوەفرۆشەکانی ناو گومرگ. قەسـابێک، بە لۆری حەیوان دەباتە بەغدا، خۆی و پیاوە شوانەکەشـی منداڵیـان دەنێرنە: پۆلۆنیا و رۆمانیا و لەندەنیش.

لەوێ، لەو وڵاتە دوورانە. بە چوار سـاڵ، زمان، هەندەسـە، شـەهادە و زانستەکەش تـەواو دەکـەن، بە سـتایل و ئـاکاری نوێ دەگەڕێنـەوە. بۆیەش، کـە دەگەڕێنەوە کوڕەکە، لەجیاتی ئەوەی ببێتە ئەندازیاری ئیشغاڵ و رێگاوبان و شەریکەی مقاولاتی

ئینشـائی، کـە سەرپەرشـتی باڵەخانـەی ئەنجومەنـی تەنفیـزی دەکات. دەرچووی ئەندازیاری رۆمانیا، ئەوەی بە چوار سـاڵ زمان، ئەندازیاری، نەخشەسـازی و دیزاین تـەواو دەکات. کـە دەگەڕێتەوە، دەبێتە سـەرکاری کار، پـارە و بەرنامەکانی باوکە نەخوێندەوارەکەی. کارگەیەک بۆ بەفر، ئاشێک لە ئۆردوگای برسییەکان لە بنەسراوە دادەنێـت. یان وەک بەزازێک، فیتەرێک، یان بە سەرپەرشـتیاری گەرماوێک خەریک دەبێت.

لـەو نووسـینگەیە، بلیـت بـۆ هەنگاریـا، رۆمانیا، یەکێتی سـۆڤیەت، یۆگۆسـلاڤیا بـازاڕی گـەرم بوو. لەوێ لە «کات»، کاتی سـەفەرەکان دەزانن، بەڵام، شـوێنەکە بۆ زۆر کەس، لانەیەکی شـاراوە، گۆشـەیەکی حەرامزادە، پێکێکی مەستی بوو! لەو قوتابخانەیـەش، قوتابییەکانـی نایانـەوێ ببـە رەفیقـە و ماجیـدە و مقاتلە و نابنە بەعسـی! ئەوانیـش کاریـان بەو «کات»ە نەبـوو. دیارە لەبەر خوێندن و سـێبەری ماڵەوەیان. کاتی ئەوەیان نەبووە، بیر لەو تابلۆیە بکەنەوە کە لەسـەری نووسـراوە، کات بۆ گەشتیاری!

گردەکـەی قاڵینـج ئاغا، رووت، پان، دڕکاوی، لەبەر تاسـەی ئامانە شـەقەکەی لە مەنتکاوە دەهات. لەبەر ریمەکانی لە ئازادی و شوقەکانی زانیاری و گەڕەکی زانیاری دەهاتن. تاکسییەکانی لەنزیک ئەو تەپڵەیان دەردەچوو، ملیان خواردەوە. ئەو گردە زۆرتر مات و کەسـاس و پیرتر دەبوو.

لەبـن دیوارەکان، لە تەنیشـت کەرپووچەکانی هەزاران سـاڵ بـوو، درێژی و پانی و قەبارەیـان مابووە. لەکن دیوارە پانەکـەی، باڵەخانەیەکی کۆنکریتی بەرزکرابووەوە. هەیکەلێکـی بـەرز: بـێ پەنجەرە، بـێ دەرگا، بـێ تواڵێت، بێ بالکـۆن. ژوورەکان تەلەفۆنیـان بـۆ دانەنرابـوو. پەنجەرەیان نەبوو و شووشـەیان نەبـوو. لەو ژوورانە، کـەس، هیچ پیاوێک، بەژنی تەڕی هیـچ ژنێک، مەمکی کیژۆڵەیەک رووتی نەمژیبوو. باڵەخانەکە نەیتوانیبوو، شـکۆ و مێژووی هەورامان بشـکێنێت. باخچە گەورەکەی... بیرە ساردەکەی.

کـە جاروبـار لە باخەکەی، نەک لە هەورامانە راسـتییەکە. ئاهەنگی هاوسـەرگیری تێدا سـاز دەکرا. تازە «جەلال سـەعید» و «سەلاح نەجمەدین» و «زایەر عومەر» و «نەجمەدین ئاوارە» و «یوسـف کوردسـتانی» فێربببوون شەوانە ئاهەنگیان تێدا گەرم دەکرد. بەڵام، بەر لەوەی خەڵک سـەرخۆش بکەن. خۆیان مەسـت و حەیران

ســوورهەڵدەگەڕان. هەیکەلــە رووت و بەرزەکــە مابووەوە، تــا دوای راپەڕین دەبێتە «چوارچرا».

تازە باڵەخانەکەی شــارەوانی تەواو ببوو. دوو نهۆمەکە، رووبەندە بە پەنجەرەکانی. پەنجــەرە، پــان و بەرینەکانی کە هیچ شــارڤانێک، ئەفەندییە ئەندازیارەکانی دەبونە شــارڤان. نەیاندەهێشــێت، یەک شووشــەی لاکێشــەیی پەنجەرەیەک، بــە بەردێکی لاســاری رەق، بە باڵی وشکی کلۆیەکیش بشکێت، فەرمانیان دەدا:

فەراشــەکان، کرێــکاران پەنجــەرەکان پاک بکەنــەوە. ئەوانــەی دەیانڕوانییە هەموو نێرینەکانــی دەچوونــە بەغدا. ئامانەکانی دەچونە گەڕەکــی ئازادی. لەوێ بە جوانی قەڵاتــی لێــوە دیار بوو. کە نەخشــەکەیان دانابوو، حیســابی ئەوەیان کردبوو، وەک تاکە باڵەخانەی دوو قاتی بەرامبەر قەڵات بمینێنەوە. بۆیەش کە هوتێلی هەورامان، لە ســاڵانی حەفتاکان دروست دەکەن، پشتی دەچەمێنەوە، داوا دەکەن:

هوتێلەکە پێشــەکەی باخچەیەکی گەورە بێت. رووی کە دەڕوانێتە شــارەوانی دار و باخ و سەوزە بێت!

❊❊❊

بــۆ ئــەوەی هەیبەتی قەســەرەکەی «ئەحمەد چەڵەبی» و بــاخ و دیوارە بەرزەکەی چەڵەبییەکان بشــکێنن. شــارەوانی گەراجەکەی دەخاتە پشــتەوە. بەرامبەر ئاش و کارگەی بەفرەکەیان. چەڵەبییەکان، پیاوە دەوڵەمەندەکەی پێش حکومەت، مەلیک، موتەسەریف، ئۆردی و بریتانییەکان: کارەبا بۆ رووناکی دەگەیەنێتە ئەو شارە. ئەو گەرمی، رووناکی و ساردی گەیاندوتەوە ئەو شارە! ئاشی بۆ نان و گەنم هێناوەتەوە ئەو شــارە. کۆشکەکەشــی دیزاین و رووکارێکی شایســتەی بە بیناســازی شــارەکە بەخشیبوو.

بەڵام! ئەوان خۆیان، چەڵەبییەکان پێش ئەوەی شــارەوانی پشــتەوەی باڵەخانەکەی بکاتە گەراج، ســکراب و کەلاوە. خۆیان، لەنزیک کۆشــکە قاوەییە دوو نهۆمەکەیان، ئاشــێک و کارگەیەکــی گەورە قیتدەکەنەوە. (ئێســتا رووخــاوە، زۆر لەمێژیش بوو فرۆشرابوو. دواییش رووخێنرا، کە دەفرۆشرێت. دوو ژنی رەشپۆش و چاوی گریاو و دڵی مردوو لەناوەوە، لە ژوورەکان، نەک لە باخەکە هەناسەیان دەدا). حەزم دەکرد، پێم باش بوو، زانیارییم هەبووایە، ئارەزووش دەکەم، بزانم کێ نەخشــەکەی داناوە.

کێ دیوارەکانی قیتکردیتەوە. ڕەنگەکەی بە زەوقی خۆی بووە، یان برادەرێک، ژنەکەی، میوانێکی پێشنیاری کردووە. یان لە دەرەوە لە بەیروت، لەندەن، ئەسینا، کۆشکێکی لەو شێوەی دیوە.

کۆشکەکە، پاش ئەوەی دەکەوێتە بەر سێبەری شوقە بەرزە بەردەکانی پێیان دەگوت، یان ناویان نابوو، زانیاری. یان دەکەوێتە بەر تەم و لێشاوی غوباری هاتوچۆی شێستەمەترییەکە پشتی پێ دابوو، سەخڵەتی دەکات. کۆشکەکە بەنهێنی زۆر، بە ڕووداوی خۆڵەمێشی و شاراوە سەبر سەبر، نقوومی بن زەوی بوو.

جوانی و نازدارییەکەی ئاو دەیبات! یان ئاسمان شەوێکیان، بۆ ڕۆژێکیان، ڕۆژ بوو، خۆر وەک چاوی گورگ و پشیلە بە دەرەوە بوو. پاسەکان هاتوچۆیان بوو. لە سەر سنوورەکانی وڵاتەکە. لەنێوان دوو وڵات و لەناو وڵاتەکەش شەڕێکی دژوار لە ئاردابوو. کۆشکەکە هەڵدەکێشن، ڕووبەرێکی زەوی لووسی تەختی لێ دەمینێتەوە! بەڵایەک، پەتێک، مەل، سێبەر و هێلانەکانی ناو باخەکەی هەڵدەفڕێنن. ئینجا سەرکەشانە، بێ منەت و شەرم ناکەن، ناترسن و پرس بە کەسیش ناکەن. بەرزی دەکەنەوە.

یان پاڵەپەستۆی لەسەر دەکەن، نوغرۆی بنی بنەوەی زەوی دەکەن! کۆشکەکەی «ئەحمەد چەڵەبی»، زووتریش قەسرەکەی «عەتولا ئاغا» و «مەلا فەندی» لە باداوە، ون بوون و دزران. کۆشکەکان، شپرزە ببوون. ساپیتەکانیان، کاریتەکانیان، نەخش و نافوورەکانیان دەرزین، درز دەبەن. ڕەنگی ساپیتەی کۆشکەکان تەڵخ دەبن. دووکەڵی ئاگرکردنەوەی ڕۆژانەیماڵێک کە پاسەوانی دەکرد. خێزانێک زوو باوکیان، مامێکیان، سەرکار و جووتیار و پاسەوانیان بووە. کۆشکە گەورەکان، ئەگەر نەکرێنە مۆزە، دەبێتە لانەی لانەوازان، زووتر نۆژەن نەکرێنەوە، دەبێتە کەلاوە.

لەناو کەلاوەکان من، ڕەنگی شکاوم دیوە، کاریتەم بووە بەربوویتە. پەنجەرەم دیوە شووشەکانی بۆ ڕەوشەکە گریاون و وردوخاش بوون، کەس پەنجەکانی زامدار نەکردووە نەرم نەرم دڵۆپ دڵۆپ، ئەستێرە بە ئەستێرە وردە شووشە گریاوەکە کۆبکاتەوە. لەو کەلاوانە، ژوورێک بە نایلۆن و کۆنە بەتانی عەسکەری داپۆشراوە. کۆشکم لەو هەولێرە دیوە، دارەکانیان بۆ ئاگرکردنەوە بڕیوەتەوە! شوورەکەی لەبەر دەمی شۆفڵ قیژاندویەتی، زۆر لە کەرپووچ و خشتەکانی لەبن دیوارێک خۆیان

ماتکردووە، خۆیان حەشـــارداوە تا بار نەکرێن. لاسار، بزێو بوون، نەکەوتوونەتە بەر دەم و ددانی ئەلماسی شۆفڵەکان.
خاوەنــی کۆشــکم ناســیوە، بــە رووخــان، کەلاوەیــی و تێکچوونــی کۆشــکەکەی، نەخشــەکانی باخە گەورەکەی شادمان بووە. گلەییکردووە لە حکومەت. تووڕە بووە لــەو ئەندازیارەی بواری رووخاندنەکەی دواخســتووە، ئــەوەی لەمپەری لەبەردانـاوە.
لالووت، زۆریش تووڕە، لەو مێژوونووســەی دەڵێت:
ئەو کۆشکە شاکارە، دەبێ نۆژەن بکرێتەوە. دەبێ شاناز بێت، ناکرێ بڕووخێندرێت!
هەمــوو نــاوەکان، هەمــوو تەمەنــەکان. نێــر و مێیەکانیــان، ئەوانەی لــە هەولێرن. ئەوانەی لە بەغدان و زمانە کوردییەکەیان باشــە. ئەوانەی لە دەرەوەش بوون ئیمزا کۆدەکەنەوە، ناویان دەنووســن، سکاڵانامە دەدەنە ئەمین عامی شارەوانی، سەرۆکی شــارەوانی، پارێزگار، دەڵێن و داوا دەکەن:
موڵکەکەمان، کۆنە قەســەرەکەی بابوباپیرمان، کەلاوەکــە، بێنازە، ئێمە نەمانتوانی و ئێــوەش خەمێکتان لێــی نەخوارد! داواکارین رەزامەندی بفەرموون کۆشــکەکەمان بڕووخێنیــن. چەندان لیژنەی تایبەت هاتوونەتە دیاری و ســەیریان کردووە. وێنەیان گرتووە.
دەســتی نازیان بەســەر دارودیوارەکەی، پەنجەرەکانی نەخشی دەرگا دارگوێزەکانی، داربەڕووەکانی داهێناوە. ســەریان بەرزکردیتەوە و ســەیری نەخشــەکانیان کردووە. بە نافوورەکەی سەرســام بوون. نەخشــەیان کێشــاوە، راپۆرتیان لەســەر نووسیوە. ئێمەیــان بینیــووە، ئێمەش دوو دوو، دەســتە دەســتە ســەردانمان کــردوون. بەڵام سوودی نەبووە، لەجیاتی شوێنەوار و شارەوانی، لەجیاتی نەخشەسازی و کەلەپوور، لەجیاتی نۆژەنکردنەوە و ئیســتملاککردن. ئێمە وەک خاوەنی کۆشکەکە:
داواکارین بفەرموون و قبووڵ بکەن، لاریتان لەســەر رووخاندنی نەبێت.
ئەو کۆشــکە کۆنەی باپیرانمان دەڕووخێنین. زەوییەکەی بەشــدەکەین، دەیفرۆشین، پارچە پارچەی دەکەین. هەتا دیواری نەخشــین بوو، تا بنمیچی رەنگین، حەوشــەی گەورە و نەخشی سازکار بوو. بۆ ئێمە، بۆ هەموومان درهەمێکی سووتاوی نەدەهێنا. دینارێکی دڕاوی نەدەکرد. ناوێکی گەورە، ئاغایەکی بەبریقە، ســوودی چییە!

***

کۆشـکەکە دەرووخێنـن و دەبێتـە باڵەخانەیەکـی سـێ نهۆمی، ژێـرەوەی دوکان: دوو لەوانـە دەبێتـە جامچی، بەیـادی جامی رەنگینـی پەنجەرەکانـی. هەر بەیادی حەوزەکەی، نافوورەکەی بە فیسفسـا داپۆشرابوو، دوو سێ دوکانی دەبێتە لەحیم و تەنکەچی و تەنکیفرۆش و کاشیفرۆش.

نەخشـەکان لەبیرناکـەن. دوکانێـک چوارچیـوە و وێنـەی گەورە و کاشـی رەنگین دەفرۆشـێت. لەسـەر پارچە ئەرزەکەی زووتر کۆشکێکی شاناز بوو، دوو سێ دوکانی بەیـادی دیـوار و کەرپووچەکانی دەکەن نمایندەی شـیش، دەرگا، پەنجەرە و گێچ. باخەکەی، سێو و پرتەقاڵ و دارتووەکانی دەبڕنەوە، مێوەکان دەشکێنن، رەیحانەکە تـۆ ناکەنەوە، گوڵەکان ئاونادەن، باخەکە دەکەنە گەراجێکی گەورەی بەردرێژکراوی وشـک. گۆڕەپانەکە دەبێتە گەراجی ریمەکانی کەسنەزان.

تاکسـییەکانی ناوشـار. گەراجـی لۆرییـە گەورەکانی، قەسـپ و خورمـا دەهێنن. پیکەبەکانی زووتر هاتوچۆی خۆشـناوەتییان دەکرد، دوایی رۆژانە: بارێک، یان دوو بار لەناو شار. دوو بۆڕی ئاوی درێژ. تەنکییەکی چوارگۆشە. سولاوکەیەکی تەنەکە. دوو کیسـە چیمەنتۆی سـەرچنار و بادوش. دوو دەڕابی لەبخچی و بەرمیلی شـکاوی نەجارەکان و ... دەگوزانەوە.

❊❊❊

بەرامبەر خۆیان، وەک ئاوێنەیەک، رۆشناییەک بۆ چاوی رووناکی شارەوانی و خەیاڵ، شیعر، دووکەڵی جگەرەکانی پیرباڵ مەحمود. پیاوە رەشتاڵە رەنگ گەنمییەکەی بە هەموو زمانەکان وەک تەیر شـیعری دەنووسی!

بەرامبـەر ئـەو و تابیعە کۆنەکـەی (رەنگە چرکەچرکـەی تایپکردنەکە. تاپیکردنی نووسـراوە رەسـمییەکان، ئەمری ئیدارییەکان، سـولفەی مقاولـەکان، تەندەرەکان، زۆر لـە چەشـەی شـیعری رەواندبێتەوە) لەوێ بیرێـک بۆ ئاو لێـدەدەن. ئاوێک لە قـوورگ و جۆگەکـەی زار موفتـاح هەڵقولابیت. ئەوان دەزانن لـەوێ چاوی ئاوەکە، فرمێسـکەکە، شـیلەکە، ماچەکە نزیکە. دوایی ئەو بیرە، لەو چاڵە، لەو بەرامبەرە، بەڵام لە گۆشەیەکی شەقامی هیلالی، کە دوایی دەکەوێتە بەرامبەر هوتێلی زەیتونە، ژێرزەمینەکەی، بەو پەنجەرە باریکە تەسـکە درێژەکانی، دەبێتە بارِ.

لەوێ میوانەکانی، کەم کەم، دوو سێ گەنجی سەرکەشیش بە قاڵدرمەکەی بە مافوور

راخرابــوو، دەچنــە خوارەوە، ویســکی بە فســتق دەخۆنەوە. لەوێ لەســەر مێزێکی گۆشــەیەک دادەنیشن. شەرم دەکەن داوای بیرەی فەریدە بکەن. ئەودەمانەش لەوێ عەرەقی «عەســری» و «نەخلە»یان نەبوو، ویســکی بانگ دەکەن. دوور بەدووریش ســێ ئەندازیار، دوایی دەزانن ئەڵمانن. هاتوون مەکینەکانی کارگەی رســتن و چنین لە کوران، بەرامبەر خانووە نەوییەکانی ناو چڵکاوە رەشــە ســەر بە کرم و قەوزە و تەپاڵە و بۆگەنییەکانی گێمەدی. لەســەر پانتاییەکی بەرینی گەورە لەو بۆشــاییە وشــکە دروســتکرابوو، دادەمەزرێنن. لەبەر ئەوەی، کە دانیشــتن بارەکە چۆڵ بوو. بۆیــە حەز دەکەن، بێنە ســەر مێزی گەنجەکان، هەردوولا بە نیــوە ئینگلیزییەکەیان قسە دەکەن، باسی نەورۆزیش دەکەن!

❊❊❊

تازە رەنگەکانی ئاوی نافوورەکە تێکدرابوو. کەســک و ســۆر، ســۆر و کەســک، بە ڕووناکــی ئــاو و نافوورەکەیــان رەنگ کردبوو. پۆلیســێکی مرور، بە ســافیرە نیکلە باریکەکــەی، لــە چەند کونێک دەنگێکی بەهێزی تیژی بەزیقە زیقی لێوە دەردەچوو. لــەوێ، بــە رۆژ تا ئێوارەیەکی درەنــگ دەمایەوە. لەناو باخچەیەکــی بازنەیی، بەڵام لەژێــر بازنەیەکی کۆنکریتی دەوەســتا. رەنگی شــینی قاتەکــەی، نە لە باران، نە لە هەتاوەکە دەپاراست!

ئەو فولکەیە، فیکەی پۆلیسەکە. ئیشارەتی دەستی و سەر راوەشاندێکی نەرم بەس بوو، ئامانەکە، دوو تاکســییەکە، پیکەبێک بە باری ســەندوقی مریشکەوە بچێتە ناو شــار. یان راســت بڕوات و دوو ســەد شــفتییەک لە گوندی گعێتلەوە، بباتە گومرگی ســەر کەندەکە. یەکێکی تر بگاتە بەنزینخانەکە.

لەوێ بەر لەوەی بگاتە ســەر پردەکەی، خەڵک و ئاوەدانی و هاتوچۆی لە زێراب و چڵکاو و پیسایییەکانی باکووری شارەکە دەپاراست: بەشێکی گەڕەکی خانەقا، هەموو سەیداوە، بە هەردوو بەشی، سێتاقان سەروو و خواروی. گڵکەند و بەلاشاوە، ئیتر تا دوورتر و زۆر دوورتر و دەگەیشتە بنەسراوەش. هەموو پاشماوەکان، زۆریش پیس نەبوون. هێشتا کەرەستەی نایلۆن، پلاستیک، باغە، مشەما، قودی، شووشە، نیکل، تەنەکە، چینکۆ، بزمار، بورغی، روون، گریز، بۆن، پاشــماوەی پێســت، کەللەسەری بــەرخ و کاری قوربانی و ... بەو کەندە دانەدەهات.

کیســەکانی چیمەنتـۆی ئەودەمانــە، کۆدەکرانــەوە و دەفرۆشــرانەوە، دەکــران بە زەرفــی میوەفــرۆش و عەتــار و بەقاڵــەکان، دوایيــش دەبوونــە بەرگــی دەفتەر و کتێبــی قوتابييــەکان، لەناو دەســتی ئەوان دەرزین، لەو کەندە لەگەڵ پاشــماوەکان فڕێنەدەدران.

کەندەکە: ئاوی پاشــماوەی دەســتنوێژی دوو پیری سەرکەندەکە. ئاو و کەفاوی ناو چەند تەشتی شووشتنی شەرواڵ و کەوا و جەمەدانییەک. چۆڕاوی بن دارتووێک. ئاوی توانەوەی چارەکە بەفری ناو کەرتە کوشــێک. ئاوی بســمیلکردنی پاش خشەخشەی ژن و پیاوەکان بوو.

***

دوو ئەندازیار، بە تورکی و بە عەرەبی قســە دەکەن. نەخشــەیەکی دڕاوی شــڕپیان لەبەردەســتە. دەم نادەمی ســۆتەکی جگەرەکەی دەستی ئەندازیارەکەی بە عەرەبی قســەی دەکرد، هێڵەکانی نەخشەکە دەشاردەوە. ئەندازیارەکەی بە تورکمانی قسەی دەکــرد، لەبــەر ئەوەی منداڵی لە هەولێر و گەنجی لە ڕۆمانیا و ژیانی لە ئەســتنبۆل بەســەر بردبوو، ملی دەخوراند، بە عەرەبییە شــڕەکەی، دەیویســت بە هەموو بەڵگە و پرنســیپە زانســتییەکان، ئەندازیارە کەلەگەتە سەر کەچەڵە عەرەبەکە رازی بکات. بۆشــاییەکەی نێوان یانەی مامۆســتایان و بیرێکی ئاوی خاوێن ناو چاڵەکەی ببووە هۆبــەی ئــاو و چاککردنــەوەی تۆڕەکانی ئاوی ناوشــار، بکرێتە هۆلێکی شــانۆیی و نمایشکار.

ئێواران، شــەوانەی هاوین، پاســەوانی بیرەکــە. ژووره نەوییەکەی بــە چەند پایەی قاڵدرمــە پێــی دەگەیشــتی. ژوورێکی بچــووک، مێزێک و تەلەفۆنێکــی رەش، چەند کورســییەکیش بۆ دانیشتنی کرێکارەکان، لە دەرەوەش بیجۆێکی کۆنی جامشکاویش بۆ هەموو چالاکییەکان بەکاردەهات. ئەوە دائیرەی ئاوی هەولێر بوو، کە سەرپەرشتی هەموو ئاوی ناوشــاری دەکرد. پاســەوانەکە، ئەوەندە جوان لەسەر کورسییەکی شڕ دادەنیشــت. کەس نەیدەزانی دەشەلێت. ئەو هەموو مەشروبخۆرەکانی دەهاتنە نادی موعەلمین دەناســی. دەیزانی، کێ لەوانە زوو دێتە نادی.

کێ بە تاکســییە شــڕەکە، لاداکــەی بەردەرگاکە دەچێتەوە. کــێ لەوانە دەپەڕێتەوە و ســواری پاســی ئازادی و مەنتکاوە دەبێت. کێ لەوانە لەبەردەم نادییەکە ســواری

پاسەکە دەبێت و دەچێتەوە رووناکی. بەر لەوەی لە پیاوەکەی سەری یەک داوەمووی پێوە نەمابوو، بپرسن، ئەو دەیزانی کێ هاتووە، کێ ئیمشەویش نایەت.
دەیانویست، لەسەر ئەو پارچە زەوییەی لەناوی وەستابوون. پێشنیار بکەن و بەزووترین کات رەزامەندی ئەمانەتی گشتی شارەوانی و گەشتوگوزاری پێ وەربگرن. بە پانی و درێژیی و رووبەری تەواوی پارچە زەوییەکە، وەڵامی ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری و لاوان بدەنەوە و پێیان بڵێن:
موڵکەکە رووبەرەکەی بەپێی ویست و نەخشەکانی ئێوە باشە، بۆ دروستکردنی هۆلێکی گەورە بە باخچە و پارک و دوو ئاراستە. رووێکی لەسەر شەقامی هیلالی و ئەوی تری بکەوێتە بەرامبەر نەقابەی عوماڵ. ئێمە وەک شارەوانی هەولێر لارییمان نییە، پارچە زەوییەکەش بەخۆڕایی بۆ ئەو پرۆژەیە تەرخان دەکەین.
دوو ئەندازیارەکە، بە زمانی عەرەبی و تورکی قسەیان دەکرد. یەکێکیان جگەرەی زۆر دەکێشا و بیری زۆر لەکن ژنەکەی بوو. ماوەیەک بوو گەڕابووەوە ئەستنبۆل. گوتبووی دەچم قژم لەوێ دەبڕم و جلەکانم دەدوورم. ژنەکە بە هیچ شێوەیەک دڵی لەو هەولێرە نەدەکرایەوە. ئەوی تریان ئەندازیارە عەرەبەکە، بالابەرز، کەلەگەتەکە. هەموو داوە مووەکانی سەری لە هێڵکارییەکانی نەخشەسازی سەرفکردبوو، بێ ئەوەی هیچیش لە ئەندازە بزانێت. هاتبوو ماوەیەک بمینێتەوە، کونێک بدۆزێتەوە راژەکەی بگوازێتەوە موسڵ. بەڵام کە نازی هەولێرییەکان بە ژنەکەی دەڵێت، کە پارە باشەکەی نیشانی خزمەکانی دەدات، کە برادەرەکانی دەزانن هەولێر گەنجینەیە بۆ بێگانە، دەمینێتەوە. چاوەڕوان دەکات ئەرزەکەش وەربگرێت و بیفرۆشێتەوە، ئینجا بگەڕێتەوە موسڵ.
ئەو دەڤەرە، چەقێکی زیندووی شارەکە بوو. شارەکە و سەنتەرەکە چاوەڕوان بوو. شیراتۆنەکە تەواو بکرێت. ئینجا بە رەنگ، رووناکی، سێبەر و تابلۆکان، ئاوی کەسکوسوورەکە زیندوو ببێتەوە.
لەچی دەگەڕێیت!؟ ئەوانەی ناویان هاتووە نەماون. قەسرەکەی ئەحمەد چەڵەبی، هوتێلەکەی هەورامان، ئاوبارەکە، نادی ئیعلام، نەقابەی کرێکاران، مەحەتە، قیتار و سکەک و... هەموو پاش کوژانەوەی ئاوی کەسکوسوور، هەڵگرتنەوەی بەژنی درێژی ژەنگاوی سکەکە نەمان، تەنیا لەو رۆمانە ناویان ماوە!

***

# هەولێر ـ قەرەچوغ

## بەشی شەشەم    نان و شەراب

وێنەیەکی روونی ژنە سـترانبێژەکەی باکوور. ژنەکەی لە ئامەد لەدایک دەبێت، پاش کاروانێکی دەوڵەمەندی بەسـۆزی ستران، سـووتان و ماندووبوونی کاری هونەری، لە کونجی دائیرەی پۆسـتی ئەزمیر نەخۆشـدەکەوێت. لەوێ، لە شاری ئەفسانەکانی «ئەلیـازە» و «ئۆدیسـی هومیـرس»، کـە دەمرێـت داوای کردبـوو ، تەرمەکەی بگوازنەوە تەنیشت گۆڕی دایکی. ئەو ژنەی لە گۆرانی گوتن و کوردایەتی پشتیوانی کردووە.

ئیسـتاش یاسـەمینی کیژی بەو داخەوە دەنوزێتەوە. لەو شارە دوورەی کوردستان، لە رۆژی ١٨/١٢/١٩٩٦ ئایشەشـان بە کانسـەر دەمرێت. لەوێش لە شارە کۆنەکەی یۆنانییەکان، شـوێنەوارە شـانازەکانی «تـروادە» و لەناو هەوارێکـی دڵرفێن بەڵام خەمبار بۆ ئەو، خۆی و خۆزگەکانی دەنێژن. وێنەکەی لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکە دانرابوو. چاوە رەشـەکانی، برۆیە رەشـەکانی بێ دەستکارییەکی زۆر دیار، رەونەقی زۆرتری بە چاوە گەشـەکانی دەدا. خاڵە رەشـەکەی هێما و کەسـایەتی دەگەیاند. لەگەڵ چرینی گۆرانییەکە، گوارە گەورەکانی سـەمایان بۆ سـۆزی سترانەکە دەکرد. گوارەکانـی لەگەڵ ملوانکەکەی گەردەنە تەختە سـپییەکەی. جووتی ناو یەک تاخم، دەستە و دیزاین بوون.

بۆ دڵنیابوون و سەلماندنی رەسەنایەتی گۆرانییەکە، ریکۆردەرە ئەڵمانییەکەی دوو بەکرەی لەسـەر بوو و دەخولانەوە. یەکێکیان دەنگەکەی دەگەیاند، ئەوی تریش، تا دەنگی ژنەکە پیر نەبێت. وشـە، سـووتان و خەمەکانی کۆن نەبن، سـتران، ئاواز و جوانی ژنەکەی هەڵدەکردەوە.

***

لەسەر بەکرەی یەکەم، بە قەڵەمێکی رەشی پانی ئەستوور نووسراو بوو. ئەرشێفی «ئەمیر کەبابچی!». ناوەکە، «ئەمیر»ەکە، لەگەڵ بەردەوامی گۆرانییەکە، ئەستێرەی چاوی ژنەکە دەخولایەوە. چەند گۆرانییەکە بەردەوام بوو، بەکرەکەی شەریتەکەی دەپەڕاندەوە سەر زمانە و پردەکە. لەوێش بۆ ناو بەکرەی دووەم ناوی ئەمیر کەبابچییش دەخولایەوە. دەخولایەوە بێ ئەوەی ماندوو بێت. دیارە کۆنیش بوو بێ ئەوەی بپچڕێت، بێ ئەوەی ئاڵۆز و شپرزەش بێت.

سۆزی گۆرانییەکانی ژنەکەی لە هەولێر گۆرانی گوت، «هۆڵی گەل»ی هەژاند. لە دەرەوەش گەنجەکان، ئەوانەی درەنگ هاتبوون فشار دەکەنە سەر دەرگا دارە سوورە بەرینەکەی و دەیشکێنن. تا بچنە ژوورەوە، بزانن سۆزی ژنێک لەناو بەفری باکوور، چۆن دووجار شۆرشی کردووە، یەکەمیان بە کوردی گۆرانی گوتووە. دووەمیش ژنێک بووە سووتانی میللەتەکەی بەخەمگینی و بە لاوکی ناسک چریوە. هەژموونی دەسەڵاتی تورکی شکاندووە، بە کوردی چریوە. ئەو بەکرەیە، بەشێکە لە ئەرشێفێکی دەوڵەمەند، بەردەوام خزمەتکراوە، نوێکراوەتەوە، پاک و خاوێن و پیرۆزیش راگیراوە.

نووسینی ناوی سەر بەکرەکەی دەسووڕا، دەنگی ئایشەشانی ژنەکەی چاوە رەشەکانی زۆریان دەگەیاند، نمایش دەکرد. ئەرشێفەکە بەو شێوەیە دەستپێدەکات:

کاروانی ئەو بەکرەیە، ئەرشێفەکە، بە چەند _هەوار، شەوچەرە، سابات، دیوەخان، هەیوانی فێنک، سەرما و گەرمای وەرزەکان_ تێپەڕیوە. کاروانەکە، لە شاری کۆیە دەست پێ دەکات. دەگاتە شاری رانیەی رازاوەی بن کێورەش. دووبارە دەگەڕێتەوە کۆیە. بەڵام لەوێ زۆر نامینێتەوە ئەمجارە بەرەو هەولێر دێت.

پیاوە گەورە بەزەوقەکە، لەورۆژەی تیپی مەولەوی بۆ نمایشی گۆرانییەکانی هونەرمەند «قادر دیلان» لەساڵی ١٩٦١، پێش شەڕەکانی شۆرشی ئەیلول، پاش ئەوەی کۆنگرەی یەکلاکەرەی پارتی بە سەرۆکایەتی مەلا مەستەفا لە کۆیە، بە میوانداری کاکە زیادی کۆیە دەبەستریت، ئاهەنگەکە تۆمار دەکات. لەو ئاهەنگە، دوو سەعات لەسەر بەکرەی باسیف، بەو ریکۆردەرەی بە قیستی مانگانەی پێنج دینار کڕابوو، تۆمار دەکرێن.

_ کاک ئەمیر، ئەوە هەمووی بەرهەم و کۆششی خۆتە؟

_ هەموو شانازییەکە دەگەڕێتەوە، بۆ زەوق، پارە و ئاوەدانییەکانی باوکم، وەستا

موحمەدی کەبابچی کۆیی.

ـ دەنگی خۆش بوو؟

ـ بەزمیشی خۆش بوو!

زووتر پێش ئەو پیاوەش، کەشـە سیحراوییەکەی کۆیە، بەزمی خواردنەوە، سەیرانی نـاو چەم، سـەر رووبـار و باخەکان هەر هەبووە، بەڵام هێشـتا پیـاوە کەبابچییەکە تسـجیلەکەی نەکڕیبوو. بەڵام دوایی ئامراز، کەرەسـتە، زەوق، ماڵ، منداڵ، خەون، سـەیرانەکان دەگوازێتەوە هەولێر. دەچێتە ناو دوکانەکانی بن قەڵاتەکەی بەردەوام، دەسـت، پەنجە و قەڵەم، قسـە، نووسین، خەم، درۆ و شانازی زۆری پێوە دەکرێت. دەیانـەوێ بیکەنـەوە بە قەڵاتەکـەی جاران! ئەوەندە ماندوویـان کردووە، ئارەزووی نەماوە!

ئەوەنـدە لەمێـژە دەیشـێلن، دەیکۆڵـن، دەیرووخێنـن، دەیهەژێنـن، دەخەملێنـن، دەیرەنگێنن، دەیسازێنن.

ئەو قەڵاتە، سەروبنی دەکەن. دیواری بۆ هەڵدەبەستن. داری لێ دەڕوێنن. شوورەی بۆ دەکەن. دوکانی لەژێرەوە دروست دەکەن، هەر بە خۆیان دوکانەکان دەرووخێنن! دروشمی لەسەر دەنووسن. ئەو قەڵاتە گلۆپی گەورە و بڵندی بۆ رادەگرن. ئالایەکی بەرزی لەناوەندی دەچەقێنن.

ئـەو قەڵاتە بووە بە شـاناز و شـەرمەزاریش کـراوە. بووە بە سـومبول و هیچی بۆ نەکراوە.

ئەوەی باشـە، ناتوانن قەڵاتەکە: درێژ، پان، باریک، ئەسـتوور، بڵند و نەوی بکەن. خـۆی وەک خودایەک، ئـەو قەڵاتە لە بەرزی راگرتووە. هەر وەرزە و خودایەک، بەو چوار خودایە ماوە و نەفەوتاوە!

***

بەکرەکـەی دەسـووڕا و دەنگەکـەی دەگەیانـد. موڵـک و خاوەنداریەتـی بەکرەکە، پیاوێکـی باڵابـەرزەی دەنگ بەلەرزینی بە ژمارە، مێژوو، رۆژ و سـاڵانێکی زۆر بوو. ئێستاش، بەرامبەر باڵەخانە نوییە کۆنەکەی پەروەردەی هەولێر. لە شەقامێکی زۆر ئـاوەدان و ئاڵۆز بە هاتوچۆ، بەڵام بەداخەوە. کەم کەس دەزانێت شـەقامەکە ناوی ئاراسـە. ناوەکەی کۆنە، کۆنترە لە سـەردەمی حوکمی ئێستای سیاسی وڵاتەکە.

لەوێ، ئەو پیاوە ئۆفیسێکی سادە و بچوکی بەرووبەند، جامخانە، دیکۆری بێ تابلۆ، ناونیشانی کردوتەوە. ئێواران، ئەگەر سەفەری ناو گۆرانی و پشکنینی نەبێت لەوێیە. سڵاو لە هەموو خەڵکەکە وەردەگرێتەوە. چاوێکی لەناو ئۆفیسەکەیە، چاوەکەی تری سەیری خەڵکەکە دەکات. ئۆفیسە سادەکە، بەڵام زۆر دەوڵەمەندە بە گۆرانی، موزیک و بیرەوەری. لەوێ، پیاوەکە پاش سڵاو و بەخێرهاتن، چەپکێک گۆرانی، رووبارێک ئاواز، دەفتەرێک شیعر و قەڵاتێک ئەڤینت، لەناو چەند سیدییەک بەدیاری و بەخۆڕایی پێشکەش دەکات.

ـ هەموو سیدییەکی هەیە؟

ـ هەموو گۆرانییەکی هەیە.

ـ هەر بەخۆراییە؟

ـ بەڵێ بەخۆرایی، باسی پارەش بکەیت تووڕە دەبێت.

زۆریش شاناز، ئەو پیاوە. مێژووی سەربردەی ئەو بەکرەیە، هەموو بەکرەکانی لەناو ماڵەکەی باش، دروست پاراستووە، بەکرەکان و ئەرشیڤەکە بەندە بە:

پیاوە کەبابچییەکەی ساڵانێکی زۆر، لەبەر ئاگردان، سووتانی کەباب، سماق، بیبەر، بەهارات و بەزی مەڕی ئەو دەشتە بەپیتە، شەیدای عەرەق بووە. هەموو جۆرەکانی عەرەق، رەش، سپی، مستەکی، زەحلاوی، سوریی و هەتا قاچاخەکەی: رۆژانە، بە باری کا و لەناو شووشەی کەسک. لە هەموو شارۆچکە و گوندە کریستیانەکانی دوور و نزیکی هەولێر، دەهاتە دوکانەکەی نزیک خۆیان.

ـ شووشەی عەرەق بە بار دەهاتە هەولێر؟

ـ بەڵێ بە بارە کا، بە کاروان ئێواران دەهات.

دەهاتە نزیک گەراجەکەی، خاوەنەکەی پاش رووخان، نەمانی گەراج و کاسبییەکەی دەچێتە ئەڵمانیا. کارگەیەکی پلاستیک دەهێنێت، لە ناوچەی پیشەسازی دایدەمەزرێنێت، بە قسەی خۆی، پاش ئەوەی ئەندازیارە ئەڵمانەکان دایدەمەزرێنن، ئەو باش پیشەکەیان لێ وەردەگرێت، بەیەک ساڵی بەرهەمیش، پارەکەی بەزیادەوە دەردەهێنێتەوە!

پیاوەکە و شەوەکانی، لەبەر عەرەقیش شەیدای ئاواز، بەزمی گۆرانی و تاوانەوەی دڵ بووە. لەبەر گۆرانی گەرم و بەسۆزەکان شەیدا و دۆستایەتی (تایەر تۆفیق) ی کردووە. تەمەنێکی زۆر، وەک کەبابی سەر ئاگردانەکەی، بۆ گۆرانییەکانی تایەر

تۆفیق سووتاوە و شانازیش بووە.

ئەو دوو کەسە، شاناز بە شارەکەیان، کۆیە، ناویان بەیەکەوە هاتووە. هونەرمەندی گەل و موحەمەد کەبابچی. عیشقی گۆرانی و دانیشتنەکانی هونەر، خواردنەوە، شیعری تەڕ و ناسکەکانی وەک لاولاو و میوەی مێخۆش ئامادەی سەر خوانەکانیان دەبوو. دەگاتە ناو ماڵەکەیان.

ئەو خانووەی لەسەر شەقامە سەرەکییەکی گەڕەکی تەعجیلی ناو کوورەچییەکان. ئێستاش کەس نەبوو پێم بڵێت، ئەو ناوە «تەعجیل»، لەکام زمانەوە هاتووە. کوردییە، عەرەبییە، عیبرییە، سریانییە، فارسییە، کلدانییە، یان لەوانەش کۆنترە. لەوێ، بەرامبەر ماڵە جوولەکەکانی دەنگیان نەدەهات: چونکە کاریان دەکرد، یان دەیانخوێند، هەموو بابەتێکیان دەخوێند. بۆیەش کچ و کوڕەکانیان دەبوونە: هونەرمەند، دکتۆر، مامۆستا، کادیری شیوعی، خاوەن سامان، موڵک، پەیڤی بەسوود و زانیار.

بەکرەکان، لەو شارە چەند گەڕەکی کردووە. لەگەڵ پیاوەکە، خاوەن ماڵ، کوڕ و کیژەکانی، لەگەڵ میوان، شووشەی شەراب، سیر و ماست، ترێ و هەناری مەزە دەگوازرانەوە. بەڵام، بەکرەکان و ئەرشیفەکە، نەک ون نابێت، زۆرتر و پاکتر و دەوڵەمەندتر دەبێت. بەکرەکان وەک شارەکە گەورەتر دەبێت، گوندەکانی وەک: بێرکۆت، باداوە، تووڕەق، حەسارۆک، دارەتوو، کونەگورگ، خاتووناوە، رەشکین، گردەرەشە و ... دەکەونە ناو شار، زۆریش لە گوندەکانی تر لە شارەکە نزیکتر دەبنەوە!

❊❊❊

ئەرشیفەکە، دەکەوێتە ئەو ماڵەی کە خۆی دروستی دەکات. ئەو لەوێ، لە گەڕەکی پیشەیی کشتوکاڵان خانووەکە دروست دەکات. هێشتا گەڕەکی باداوە، یان بڵێن گوندەکە. دە دوازدە ماڵەکە، گۆڕستانە بچووکەکە، دارخورماکەی سەرما لاری کردبووەوە. گومبەتەکەی کۆتر و باڵندەکانی لە وڵاتانی ساردەوە بەهاران دەهاتن، وەک هێلانەکانیان خۆشیاندەویست. موڵکەکەی «مەلا فەندی» و ئامۆزاکانی نەبووە، گەڕەکێکی هەزار ماڵی گەورە گەورەی بە باخ و باخچەی بەرینی گوڵزار بوو.

ماڵی ئەو پیاوە، دوا خانووی گەڕەک و شارەکە بوو. لە دووری دوو سەد مەترێک، هەر

لەپشتەوەی خانووەکەیان غەسالەکەی قووم و چەگڵی بەڵێندەرەکە، بۆ قیرتاوکردنی شەقامەکانی ناو شارەکە بەکاریدەهێنا مابوو. کارگەکە بە رۆژ تەپوتۆزی نەرمی دەناردە، ئاسمانی شینی شارەکە. سەر گەڵای کەسکی دارە بەرزەکانی ناو شوورە بە کەرپووچەکانی گەڕەکی رووناکی.

هەموو بەیانییەک، ماستفرۆش و کاروانی گوندەکانی نزیک خۆیان. بە پیکەبە کەسکەکە، بە شەقەشەق و لەسەرخۆ، وەک موژدەی ژیان و ئاوەدانی تری دەرەوەی شاری دەهێنا. پێش ئەویش، بە چرکەچرکە و تەقەتەقی ناڵی کەرەکانیان، وەک زەنگ بەیانییان لە خەو هەڵیاندەستاندن. دوایی کە گەڕەکی باداوە لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان، یەک یەک و کۆڵان بە کۆڵان پەیدابوون. بە شەو دروستکران. لەو ماڵانە بە دزی کارەبایان رادەکێشا، بە چەند ماڵێک وایەرێک. چەتاڵیان دەکرد، ئاگریان لە وایەر، فنجان و مەحەویلە لارەکان هەڵدەستاند.

لەوێ، لە خانووە نوێیەکانی خاوەنەکانیان، زۆربەی فەرمانبەر و زۆریش ژنەکانیان مامۆستایی سەرەتایی بوون، هەموو خێزانێک کوڕێکیان ناوی هێمن (لەوڕۆژانە بوو ناڵەی جودایی، جۆلانەکەی بە دەنگی گۆرانیبێژەکانی وەک تایەر تۆفیق، ناسری رەزازی و نەجمەش بەجووتە بە سمێڵی رەشی گەورەوە، لەناو ریزەکانی کۆمەڵە ماندووببوون، هاتبونە ناو شارەکان، یان مۆڵەتیان وەرگرتبوو، بۆ ئەوەی بەرەو دەرەوە بڕۆن. ئەوان و حەمە جەزا، ئەویش هێشتا ناوی سەربازی نەهاتبوو. لەناو شارەکە ئاگری دەکردەوە، نەڕۆیشتبووە شاخ و نەگەیشتبووە هاوشانی برا کادیرەکەی ناو یەکێتی.

لە سابڵاخیش موحەمەدی ماملێ، برا، برازا و کوڕەکانی و عەزیزی شاهرۆخی و زۆری تریش شیعرەکانی ئەویان زۆرتر ناساندبوو)، یان کوڕێکیان ناوی کارزان بوو (منداڵە کەمانچەژەنەکەی سلێمانی لەناو کۆستەرەکەی وەردەگەڕێت، کارزانی تێدا دەمرێت)، خەڵکی گەڕەکەکە، لەو ماڵانە ئاویان دەبرد. خەڵکی باداوە، بۆ دانیشتوانانی ئەو خانووانەش، جاروبار کێشە و سەرئێشەیان پەیدا دەکرد.

فەرمانبەرەکە، لەساڵی ١٩٦٨ەوە ئەندامی ئەو سەندیکایە بووە، کە پارچە زەوییەکانی دابەشکردبوو. مانگانە شەش دیناری بۆ بەشداربوون و وەرگرتنی زەوییەکە دەدا. پاش وەرگرتنی زەوییەکەش پەنجا دیناری بە دوو قیست داوە. جاری یەکەم بیست و دووەمیش سی دینار. ئیتر دەبێتە خاوەن پارچە زەوییەکی گەورە، بە سوود

وەرگرتن لە قەرزی عەقاری و پاشکەوتی مانگانەی خۆی و هاوسەرەکەی، خانووێکی گەورەی بە نەخشـەی نوێی لەسەر دروست دەکات.
ڕۆژانەش بە مۆسـکۆڤیچ نوێیەکەی، دەچێتە دەوامی ئاسـایی خۆی. لەو دائیرەیەی لەنـاو خانووێکـی گەورەی ئاغایەکی هەرکییان کرێنشـین بوو. دائیرەی کشـتوکاڵی هەولێـر، بـە هەموو بەشـەکانی سـامانی ئاژەڵی، دارسـتان، رووپێـوی، زەویوزار، کۆنتراکتی جووتیارەکان و بەشـی موڵکە کشتوکاڵییەکانی هەموو پارێزگاکە. هەموو دائیرەکە، هەموو پسـپۆڕییەکانی لەوێ لەو خانووە دوو نهۆمە گەورەیە بوو.

***

مامۆسـتا تایەر تۆفیق، لە کەبابخانەکەی بەهار، لەسـەر کورسـییەکی داری توند و خاوێن، لەتەنیشت وەستا موحەمەد کۆیی دادەنیشێت. ئێوارەیە، خاوەن کەبابخانەکە بە وەستا و شاگردەکانی دەڵێت:
کـوڕم ئـەو گۆشـت و قیمەی ماوەتەوە، بـۆ خۆتـان بیبرژێنن، بیخۆن یـان بیبەنە ماڵەوە. درەنگە، منیش لەگەڵ مامۆستا دەچینە ئازادی! (سەیری وەستاکە دەکات، دەستماڵێکی شینی هێڵداری لە ملی دەبەستا، کەسیش لەناو کەبابخانەکە نەیدیبوو، چاکێتێکـی لەبـەر بووبێـت، چونکە ئـەو بـەردەوام بەدیار وچاخەکـە ئاگری گەش دەکردەوە، کەبابی دەبرژاند).
ئەویان، یان یەکێک لە وەسـتاکان دەڵێت:
_ تەمەنـت درێژ بێت وەسـتا. کـە هاتم کیـژە گچکەکەمـان داوای کەبابی دەکرد. (هەنگاوێـک نزیـک دەبێتەوە. ئەویش جوان سـۆزی لە ناو بیلبیلـەی چاوەکانی بە دووکەڵی بەز و گۆشـتی برژاو بۆر ببوو، دەبینێت).
وەسـتا موحەمەد، دەیویسـت دەسـتی بۆ کەللەسەری تەلەفۆنە ڕەشـەکەی تەنیشتە خـۆی درێژ بکات. ئـەوەی ژمارە «٥٣٩»ی بە خەتی پان لە ناوەندی نووسـرابوو. تەلەفۆنێک بۆ ماڵەوە بکات، هەڵوەسـتەیەک دەکات:
باشــە هەی سـەگباب، (لەبەر خۆشەویسـتی و بـرا گەورەیی جنێوی شـیرینی پێ دەدات) بـۆ خۆت باسـت نەکرد. باش بوو مـن بیرم لەوە کردەوە، منداڵی تۆ حەزی لـە کەبـاب بووە، قسـەت نەکـردووە! جارێکی تر قسـەی وام گوێ لـێ ببێت لێرە ئیشـت پێ ناکەم، من (دەسـتی لەسەر سـینگە بەمووە پانەکەی دەدات) چۆن دڵم

دەیـەت وەسـتایەکم چاوی لـەوە بێت، یان بیر لەوە بکاتەوە، چەند شیشـە کەباب، تەماتەیەک، تۆزێک سماق، پیاز بۆ منداڵەکانی بباتەوە، من! چۆن خێری لێ ببینم، گوناحە، داخوا چەند جاری تر منداڵەکانت داوایان کردووە و قسـەت نەکردووە!
وەسـتاکە، بزەیـەک دەکات، تەلەفۆنە رەشـەکەی بۆ نزیک دەکاتـەوە، وایەرەکانی کۆدەکاتەوە تا لەبن پێیان نەئاڵێت.
_ هەلوو، باشـن، نازدارەکەم، نانتان خوارد؟
_ نەخێر، وەستا موحمەد نانمان نەخواردووە، چاوەڕوانت بکەین. (ژنەکەی دەڵێت).
_ ژنەکـە، دیـارە کە تەلەفۆنم کـردووە واتە ناگەڕێمەوە. لەگەڵ مامۆسـتا دەچینە ئـازادی، بە ئەمیر بڵێ با بێت بمانباتە نادی! لە ماڵەوەیە!؟
_ نەخێر، ئێسـتا لـە ماڵەوە نییە دەرچوو، ئۆتۆمبێلەکەی لـە گەراج دەرهێنا. ئەو زووتر گوتی دەچم باوکم دەهێنمەوە، یان دەیبەمە ئازادی، ئێسـتا بەڕێوەیە.
_ باشە باشە، تەمەنی درێژی بێت، چاوەڕوانی دەکەین. تا ئەویش دەگات، دەستمان بەتاڵیش دەبێت. (دەسـی گرانی تەلەفۆنەکە دادەنێتەوە، تەقەکەی کەمتر نەبوو لە کەوتنی پەرداخێک و وردبوونی).
مامۆسـتاش لەبـەر دەرگای دوکانەکە، بەرامبەر دەرگاکەی قـەڵات لەگەڵ دوو گەنج وەسـتابوو. (ملی دەسـووڕێنێت، سـەیری نـاو دوکانەکە دەکات، دەیـەوێ بزانێت زۆریـان مـاوە بڕۆن) لەگەڵ دوو سـێ گەنجـی خاوێن، زولف و قژ درێژ وەسـتابوو. باسی رۆژانەی تۆمارکردنی گۆرانییەکانی ئێستگەی بەغدای بۆ دەگێڕانەوە. کە چۆن راسـتەوخۆ، لەگەڵ ژەنیارە عەرەبەکان گۆرانی دەگوت، بڵاودەکرایەوە، دەیگوت:
ئەودەمانـە بەغـدا خـۆش بوو. شـەوانی بەغدا رووناک بـوو... مانگانـە چەند جار دەچوویـن، بەرنامەمـان هەبـوو، لەگـەڵ «مامە سـێوە» چـووم، لەگەڵ رەسـول گەردییش زۆر دەچووم. تا لە مەیدان و شەقامی رەشید دەڕۆیشتین و لەسەر پردەکە دەپەڕینەوە، دەگەیشـتینە سـاڵحیە، رەسـووڵ بەردەوام قسەی خۆشی بۆ دەکردم. سـەربردە خۆشـەکانی تەواو نابێت. بەتایبەتی بەزمی خۆی و نەسرین شێروان، ئەو بە نەسرین شێروانی دەگوت خۆخێ!
یەکێکیان پێی دەڵێت: مامۆستا نامیلکەی «گوڵی سەربەستی» لە هەموو نامیلکەکانی ترت، لە هەر شەشـیان باشـترن، چاپ، زمان و بەرگەکەی، پێشەکییەکەشی جوانە.
_ مامۆسـتا «کەریم شـارەزا» نووسـیویەتی. من زۆریش شـیعری خۆی و براکەی،

«ئەحمەد دڵزار»م کردووە بە گۆرانی. ئەوان و زۆربەی شاعیرە کۆییەکان. لەودەمانە «جەلال خەلیل» بە مارسیدسەکەی لە گەراجەکەی دەردەچێت، سەری بۆ دەردەهێنێت و پێی دەڵێت:

ماموستا فەرموو هەتا نادی ئازادییت ببەم.

ئەویش بە دەنگە گەورەکەی پێی دەڵێت:

لەگەڵ وەستا موحەمەد دەڕۆم. ئەمیری کوڕی ئێستا پەیدا دەبێت، سوپاس، وەرە میوان بە. لەوێ دوو تەرەقەش گەمە دەکەین. تازە مەغریبە چ دەکەی لەماڵەوە شەو چۆن تەواو دەبێت! یان کاکە ئێوە دەفتەر و حیساباتی گەراج، بازاڕ، بەغدا و موسڵیشتان هەیە!

ـ (جەلال خەلیل دەڵێت) ئیشم هەیە، بەنیازم بەیانی زوو بڕۆم بۆ بەغدا. لە دانیشتنی تۆ هەر تێر نابم. بەتایبەتی ئەگەر وەستا موحەمەدیش لەوێ بێت. دوو پیاوی کۆیی بگەنە یەک بەزمەکە خۆشتر دەبێت!

ـ (بەپێکەنینەوە) دوو کۆیی وەک ئێمە! ئەوە چەند ساڵە بەیەکەوە دەخوێنەوە.

ـ خودا تەمەن و دانیشتنەکانتان درێژ و بەردەوام بکات. (جەلال خەلیل پێ لە بەنزینی مارسیدسەکەی دەنێت. تا دەگاتە نزیک هوتێل سندبادیش دەستی هەر بۆ ماموستا بەرزکردبووە).

***

مۆسکۆڤیچەکە لەبەردەم دوکانەکە دەوەستێت. کوڕەکەی ڕۆژانە هاتوچۆی کەلەکی یاسین ئاغای دەکرد. خەریکی دەواجن و بەرهەمی ئاژەڵی کشتوکاڵی هەولێر بوون. دێتە خوارەوە سڵاوێکی گەرم لە کەریمی چایەچی، نامیق کۆیی، سەرتاشەکەی تەنیشتیان دەکات، ماموستا پێی دەڵێت:

ـ دەرگای ئەو گەراجت نەگرتووە، کوڕم.

ـ بۆ دیارە ناڕۆین، ئێوارەیە، وا دوکانەکان یەکەیەک هەڵدەگرن و دەڕۆنەوە. بەرەو ڕۆیشتنەوەیە. کێ دەمینێت. لەکێ ڕابگرم ئەو ناوچەیە هەمووی گەراجە. گەراجی بەغدا، مەخمور، کۆیە گەراجەکان هەموو لێرەن!

وەستا موحەمەد کەبابچی، ماموستا تایەر تۆفیق لە پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکە سوار دەکات، خۆشی دەچێتە پشتەوە، بە کوڕەکەی دەڵێت:

ـ باژۆ، بۆ ئازادی! (دەستێکی باوکانەی نەرم لەسەر شانە گەورەکەی کوڕی دادەنێت. پاش ماندووبوونی ڕۆژە درێژەکەی بەر دەخیل و چاودێرییەکەی پشتی دەداتە پشتەوەی کوشنەکە، هەردوو لینگی لێکدەکاتەوە، پشدێنەکەشی کەمێک شل دەکاتەوە).

کوڕەکەش دەستەسرێکی لە پشتەملی قەمیسە سپییەکەی دانابوو، وەڵامی نەداتەوە، وەک ئەوەی قسەیەکی لە دڵ بێت.

***

دوکانەکانی بەرامبەریان «عوسمانی کارەباچی»، ئەوەی کەرەستەی کارەبایی و ئامێرەکانی ئەودەمانەی دەفرۆشت. گلۆپ، وایەر، پانکە، ئۆتۆی کارەبایی، پلاک و سلکێت، نەیدەزانی بە گلۆپەکانی لەسەر شەقامەکان دەبەستران بۆ پێیان دەگوت گونە بەران. ئەگەرچی جاروباریش تووڕە دەبوو، بەڵام بەو ناوە تووڕە نەدەبوو! پاش عەسرێکی درەنگیش «ساڵح سیفۆن» بە پیکەبەکەی، سەندوق سەندوق سیفۆنی لەناو شار و گەڕەکە دوورەکان دابەشدەکرد، بە کۆمەرە ئەمریکییەی دەچووەوە ماڵەوە.

ـ کاک ساڵح باشی!؟ (وەستا موحەمەد پێی دەڵێت).

ـ باشم سوپاس، ئیشەکە باشە، بەڵام شوێنەکەم تەسکە، بۆ گەراجێک دەگەڕێم. شوێنم دەستکەوێت، دەتوانم جۆرێکی تر و تامێکی تریش دروست بکەم.

ـ باشە، بۆ لە موسڵەوە کۆکا و خواردنەوەی تر بهێنن، یان لە کەرکوک. بزانە ئێمە دەهێڵین کەباب لە شوێنێکی تر بێت، وا کەباب دەبەینە شارەکانی تر!

ـ ڕاستە وەستا! منیش بیرم لە کەبابەکەی ئێوە و کەبابچییەکان کردیتەوە! (شوفێرەکە کۆمەرەکەی بۆ ڕادەگرێت و سوار دەبێت، ماڵئاواییان لێ دەکات و دەڕوات).

مەلاکەی تەزبیحی دەفرۆشت، کێشوسەروای شیعرێک و خوێندنەوەی کتێبێک، زۆرتر لەناو دوکانەکەی دەهێشتەوە. ئەگەرنا، لەبەر ئەوەی ماڵی دوور بوو زوو دەڕۆیشتەوە. زۆریش بەزەحمەتی کرێی هەشت و نۆ دیناری ساڵانەکەی دەستدەکەوت. بەڵام بەرگدوورەکە، دوکانەکەی بەردەوام ڕادیۆیە گەورەکەیان دەنگی دەهات. کە دەبووە هەواڵ و بەیانێک، دەنگی چکەچکی مەکینەکەی کەم دەکردەوە. هەردوو

برا وەستا «مەعسوم» و «مامە»ش ئێواران بێجگە لە ئیش، بڕین و دوورینی جلە کوردییەکان، لە ناو جامخانەکەیانەوە دیار بوو، بەردەوام دوو سێ پیاوی جەمەدانی گەورە، یان ئەفەندی خاوێن، بۆینباخی باریکیان دەبەستا لەکنی دەمانەوە. لەگەڵ قسەی گەورە گەورە جگەرەیان بەبادەکرد، باسی وەزعی سیاسییان دەکرد.

ئەمیر، پاش ئەوەی دڵنیا دەبێت باوکی و مامۆستا تایەر تۆفیق دەرگاکانیان باش داخستووە، دەڕوات.

لەبەردەم هوتێل سندباد ڕەتدەبێت. دەگاتە حەمامی عەلی ئاغا. حەمامەکە، کە نیوەڕۆیان تایبەت بوو بە ژنان. ژنانی کۆڵانە باریکەکانی خانەقا، هەندێک لە ژنەکانی قەڵات، تەیراوەش دەهاتنە، ئەو گەرماوە گەرمەی، لە دروستکردنی، یەک کیسە چیمەنتۆ، بلۆکێکی دڕی، شیشێکی ئاسنی تێدا بەکارنەهاتبوو. گومبەتەکەی، بەهاران لە کڵاوی پیاوانی دەشتی هەولێر دەچوو، سیم و ئاوریشم و سانتی و تێل و سیمەکەی گوڵزارێکی هەمەڕەنگ بوو.

لەوێش بە شەقامەکە، بەرەو تەکیە و ماڵی شێخ کاکە دەڕوات. ڕاست دەڕوات، لەبن دیواری قەبرستانەکەی شێخ ئۆمەر و قوتابخانە کۆنەکە چەند مەترێکی ڕێگاکە زۆر تاریک بوو.

نەرم نەرم دەڕوات و دەگاتەوە خانووە نوییە بچووکەکانی ئیدارەی مەحەلی، تا قەسرە گەورەکەی عەتولا ئاغا و ئاغاکانی عوزێریان لێ بەدەردەکەوێت. هێشتا نەگەیشتبوونە بەردەم هوتێلی فەرید. کوڕەکە ئۆتۆمبێلەکە ڕادەگرێت بەر لەوەی قسە بکات، بە نیگایەکی خێرا سەیری دەموچاوی باوکی دەکات، دەبینێت ئاکاری شیرینە و ماندووبوون و بۆنی دووکەڵ و سووتانی گۆشت هەراسانی نەکردووە. بۆیە ڕوو لە مامۆستا تایەر تۆفیق دەکات و پێی دەڵێت:

_ بە ڕوخسەتی باوکم، مامۆستا بۆ نەگەڕێینەوە ماڵەوە، ماوەیەکی زۆرە هیچمان تۆمار نەکردووە. لەمێژە، با ئێمشەو شتێکی باش بکەین، دەچینەوە.

_ ئەویش، لە وەڵامدا، بەدەنگە گەورەی دەڵێت: لە ماڵەوە عەرەق هەیە، ئەگەر نییە، یان کەمە، یان بگەڕێینەوە عەرەق بکڕین، دوکانەکەی نزیک باخی شار هەر ماوە! پێش سینەمای حەمرا.

_ ئەگەر لەبەر عەرەقت بێت عەرەقمان هەیە. ماست و خەیارمان زۆرە. گۆشتیش هەیە، دەچینەوە، بەڵام نازانم ئەمیر دەیەوێ چ تۆمار بکات، تۆ چ بڵێیت!

_ عەرەق هەیە، ماستیش هەیە!
_ بەڵێ زۆریشە.
_ کەواتە لێخوڕە بۆماڵەوە، منیش زەوقم هەیە، شتێک هەر دەڵێن.

***

لەساڵی ١٩٧٢ مامۆستا تایەر تۆفیق ١٩٣ دەقە، چوارینەکانی خەیامی شێخ سەلامی گوتووە. ئەمیر کەبابچی تۆماری کردووە. شەوانەش عەرەق خوراوەتەوە. کەمان و عودیش تارەکانی بە قامک، پەنجە و سۆزی «باکووری» و «واحید مەرجان» و «مەستەفا رەئوف» بەسۆز و بە سەرخۆشی لێدراوە. تۆمارەکان بە دە شەو کراوە، ٢١٦ چوارینە گوتراوە. کەشەکە خەیامی بووە.
شاعیرانە، هێمن و دۆستانە بووە! مامۆستا دەبووە خەیام و شەوانە گۆزەی مەی دەخواردەوە، حەقی نەبوو، خەیام بانگخواز، مولحید، یان هەوستباز بووە. خەیام زانا بووە، یان وەک باوکی خەریکی رەشماڵ و خیوەتسازی بووە.
لەو بەزمە، لەو کەشە خەیامییانەدا، شەوانە یانەی ئازادی، بەرامبەر خانووە نوێیەکان. لەگەڵ بۆنی مورتک و گوڵزاری باخچە گەورەکان. دەنگی مامۆستا، نادییەکەی کردبووە گۆمێک لە شەراب، سەری هەموویان ئەوانەی یاری کاغەزیان دەکرد، ئەوانەی رۆژنامەی «ئالتەئاخی» یان دەخوێندەوە، هەموویان سەری خۆیان و گۆزەکانی شەرابی خەیام و دەقەکانی شێخ سەلام و هەژار لەنزیک خۆیان دانابوو، بەڵام! هەندێکیان بە جەبر و زانستەکانی خەیام لە سەمەرقەند فێری ببوو، حیساباتی دروستکردنی خانووەکانیان دەکرد.
ئەو شەوەی مامۆستا تایەر تۆفیق لە نادی ئازادی، کڵاووجەمەدانییەکەی لەسەر مێزە بچوکەکەی تەنیشتی دادەنا. بۆ خۆی، لەگەڵ کرانەوەی چەشە و ئارەزووەکانی دەنگی هەڵدەبڕی.
نادییەکە گەرم دەبوو، ئەوانەی بەنیازبوون زوو بچنەوە دەمانەوە. ئەوانەی هاتبوون بەس گەمەی کۆنکان و کاغەز بکەن دەیانخواردەوە. ئەوەی هاتبوو، باوکی بباتەوە، برادەرێکی ببینێت و بڕوات، دادەمەزرا و دەیانخواردەوە و گوێیان لە شکۆ و سەرفرازییەکانی تایەر تۆفیق رادەگرت. ئەو لە ئازادی تەواوی ئازادی هەبوو. لەسەر مێزەکان پاشا و پەیڤدار بوو. قسەکەر و دەنگ و سووتان بوو: بەتایبەتی کە ناڵەی

جودایی بڵاودەبێتەوە!
ئەم شەرابە تاڵە دەرمانی خەمە
لێی حەرام بێ ئەو کەســەی دەردی کەمە!
لەگەڵ ئەو بەیتە، لەگەڵ ســووتانی هێمن و دەنگە جوانەکەی ئەو، هەموو نادییەکە، هەموو پێکەکان بەرزدەکرانەوە و دەیانخواردەوە.

***

پێشـتر، یـان دوایـی هــەر لەوماڵــەوە، لەبــەر پیرۆزیی ئـەو خانەوادەیــە، هەموو چوارینەکانی خەیام. ئەوانەی مامۆسـتا «هەژار» کردویەتی بە کوردی تۆمارکراوە.
ماوەمــاوەش بــۆ پشــوودان و جەوگۆڕین مامۆســتا باکــووری گۆرانییەکــی موحمەد عەبدولوەهابی «عندما یاتی المســاء» بەگەرمی دەگوتەوە:

**عندما يأتي المساء، ونجوم الليل تنثر**

**إسألوا لليل عن نجمي، متى نجمي يظهر**

ئەوەی لە کۆتایی ســییەکان لە ئاوازی خۆی تۆماریکردووە.
بە ئازایەتی و خۆشەویســتی «شــێخ محیەدینی زینوەیی»ی مامۆستا تایەر تۆفیق و هێمــن لە هەولێر کۆبوونەتەوە، دەنگیان تۆمارکراوە.
کە ئایشەشــان، هاتووتە هەولێر و گۆرانی لەگەڵ تایەر تۆفیق و رەســوڵ گەردی و حەیدەرە کەچەڵ و تەحســین تەها گوتووە، ئاهەنگەکەیان تۆماکردووە.

***

(لــە دانیشــتنێکی تایبەتــی، شــەو تــا درەنگیش ماینــەوە، مــەزە و خواردنەوە و قســەکانیش تەواو بوو، سەربردەی ئەرشیفەکە تەواو نەبوو).
_ هەموو ئەرشــیف و دەنگی مامۆستا تایەر تۆفیقت هەیە؟
_ بەڵێ، لەگەڵ ئەوانەش، بیســت ســەعات دەنگی تایەر تۆفیقم ئێســتگەی بەغدام هێناوەتــەوە. زۆرم هەیە، هەموویان لە ماڵەوە پارێزراوە.
_ چۆنت پەیدا کرد!؟
_ ئاســان نەبوو، بەڵام دەبوایە ئەوە بکەم!
ماڵەکەی ئەو، خانووەکەی، شووشــە و دەفرە فەفخووری و لێوانە شووشــەییەکان،

چەنگاڵ، چەقۆەکانی ناو مەتبەخەکەی: بوون بە ئامێری ژەنین. هەموویان شووشە، پلاستیک، کانزا، کرۆم و سیرامیکەکان بوون بە کۆمبارس!

هەموو ئاوازێک دەژەنن. بلۆکەکان نەرم بوون، لەبەر ئەوە نییە زۆر لەمێژە بڕاون و دروستکراون! لەبەر دەنگی گۆرانییە، لەبەر دەنگدانەوەی گۆرانییەکانە نەرمن، بلۆکی نەرمن و راوەستاون و بنمیچی کۆنکریت، نهۆمی سەرەوەشیان راگرتووە. دیواری ئەو ژوورە گۆرانییەکان، ئاوازەکان، مەقامەکان دەباتە ژوورێکی تر، ناو رۆحی وشکی دیوارێکی تریش.

پەنجەرەکان بەو بەزمە دەلەرێنەوە. ئاوازەکان سەردەکەون، دادەبەزین، شەو و رۆژیان نییە. گۆرانی، موزیک، یادکردنەوە و هەڵدانەوەی ئەرشیفەکە، شەو و رۆژیان نییە. کۆن و نوێ نییە. کۆیە، هەولێر، تیپی مەولەوی، شەهابە و شاهرۆخی لەیەک جیاناکاتەوە! هەموو منداڵەکان، هەموو جیرانەکان، هەموو تەمەنەکان، نەوەکانی، میوانەکانی، ئۆتۆمبێلەکانی، قات و دەستە گەورەکەی. دەمە شیرینەکەی، چاوە گەشەکەی، خەریکی هەڵگرتن و پاراستنی مێژوویکی شکۆمەندی هونەری موزیک و گۆرانییە.

***

رۆژی تەنگانەی زۆرمان بەڕێکرد، خاوەنی کەبابخانەکە دەڵێت: تەقینەوەی کەبابخانەکەی مام سەید. رۆژە رەشەکانی حەرەس قەومی. ئەو ساڵەی مەڕی ئەو دەشتە گەنمی ژەهراوی دەخۆن. رۆژێکی رەش و کارەسات بوو. جووتیارەکان لەجیاتی گەنمە ژەهراوییەکە تۆ بکەن، ئەوەی حکومەت بە هەرزان و پشتیوانی بە سەر جووتیاران دابەشیکردبوو، دەفرۆشنەوە.

لەجیاتی ئەوەی گەنمە ژەهراوییەکە بە بەیار و زەوییەکانیان دابکەن، دەیدەنە مەڕ و بزنەکانیان، گا و گولکەکانیان. ئەوانەی دەیخۆن، بۆنی دەکەن دەمرن، نەخۆش دەکەون. بۆیەش دکتۆرەکان، چاودێری تەندروستی گۆشت لە فرۆشتن قەدەغە دەکەن. کەبابخانەکان ماوەی سێ مانگ دەوەستێت. بۆنی کەباب لەو شارە نامینێت. هەولێر، بێ کەباب بێت برسی دەبێت، کرێکار و جووتیار و زاواکان کەباب نەخۆن، کەساس دەبن، بۆیە شارەکە خامۆش و پەریشان رۆژانەکە بەڕێدەکات.

ئەو رۆژەی پیاوە ئەمنەکە، کە چەنگاڵی دەستی دەشکێت، یەکێک لە شاگردەکانی

پێی دەڵێت:
گلەیی مەکە، هیچ نییە دروستکراوی عیراقییە!
ئەمنەکە تووڕە دەبێت، جنێو دەدات، هەڕەشەمان لێدەکات، شەق لە شاگرەکە دەدات.

بەو قسەیە زەبرێکی زۆر بە کەبابخانەکە دەکەوێت، ماوەیەکی باش، بە نەیاری و دژایەتی حکومەت، چاوی غەزەبیان لەسەر دەبێت و گێچەڵیان پێ دەفرۆشن! بەڵام بەزمی گۆرانی، خواردنەوە و شانازییەکان هەر بەردەوام بووە.
تایەر تۆفیق قبوولی نەبووە، کاتی تۆمارکردن و گۆرانی گوتن یەکێک بڵێت: بژیت، دەنگت نەرزی و تەمەن درێژ بیت.
هەرگیز بۆ کەس گۆرانی نەگوتووە تایەر تۆفیق. بە پارە، دەعوەت و شاباش گۆرانی نەگوتووە تایەر تۆفیق. نەچوویتە سەر مێزی کەس، تایەر تۆفیق. لەکەس نەپاڕاوەتەوە لووتی بەرزیش نەبووە تایەر تۆفیق. بەناز و ناسک نەبوو تایەر تۆفیق! بۆیەش ناونراوە هونەرمەندی گەل.

***

ئەو ماڵە، ئەو دوکان و کەبابخانەیە، دانیشتنی شەوانە، سەیرانە بەهار، گەرمی دانیشتنی بەر ئاگردانەکان. لەکۆنەوە تەسجیلی تیدا بووە. زوو لەساڵی ١٩٦١ تەسجیلێکی گرۆنیگی ئەڵمانی تێدا بووە، بە ٤٥ دیناری کڕاوە. ماڵەکە بەوە شانازە، ئەوەیان هەڵگرتووە، لە هەموو رەوشەکان، گۆزەگۆز و بارکردنەکان هەر ماوە. بەکرەکان دەنگیان سازە، قەپێڵکیان ماوە، لەسەریان نووسراوە، کەی تۆمارکراوە. کێ لەو دانیشتنە لەوێ بووە. کێ سەری باداوە. لەگەڵ سەربادانی بوتڵی شەراب مەست بووە.

***

شارەکە، گەڕەکەکە بە عیشقی ژن و پیاوێک جوان بوو. خانووە بەردەکانی سەیداوە. ژوورە نەوییەکان، بەردە رزیوەکان، خانووەکانی سەر چڵکاوەکەی سەیداوە، نزیک گۆمەکەی گامێشەوانەکان حەساری گەورە گەورەیان لێ دروستکردبوو. پێش دروستکردنی پردی سەیداوە و پڕکردنەوەی کەندەکە، سەر کەندەکە. بەهاران

جۆگەلـە ئاوێکـی نـەرم وەک باڵی کۆتـر، کەزییە ئاوێکـی پێدا دەهاتـە خوارەوە. سـەرکەندەکە حاجیلە، گوڵەنیسـان، پوونگ، قامیشەلانێکی فێنک بوو: لەوێ بەقەد سـەدان سـتۆدیۆ، ئاهەنگ، ئەگلەنجە، سـەیران، بـەزم و خواردنـەوەی نادییەکان: گۆرانی، ئاواز، بەند و بەسـتەی تێدا دەگوترا.

لەوێ بەرامبەر ماڵە قووڕەکانی سەیداوە و سێتاقان گۆرانی لەسەر گوتراوە. گەنجی هونەرمەندی گەورە و ناسـراوی لێ دەرچووە. ئەو سەر کەندە، سەر ئەو جۆگەلەیە. پێـش کردنـەوەی ئامۆژگـەی هونـەرە جوانەکان. پێـش تیپە هونەرییـەکان. پێش سـتۆدیۆ و بەرنامە هونەرییەکان، سەکۆیەکی هونەری بوو:

گەڕەکەکـە، خانووە بەردەکانی ئیدارەی مەحەلی سـەیداوە، بە راز و گەورەیی دادە «حەوا» و مامۆسـتا «تایەر تۆفیق» پیرۆز بوو. کەم ژن و مێرد هەبووە عەشـقیان وا پیـرۆز بێـت! کـەم پیاو هەبووە، بە قەد مامۆسـتا تایەر ژنی خۆی خۆشـبویت. سـوێندیان خواردبوو بەیەکەوە بمرن، بەیەکەوە بژین. بەیەکەوەش نەخۆش بکەون، بـەڵام بەیەکەوە گۆرانییان نەدەگوت. زۆریش دەڵێن:

تەمەن، عەرەق، خەم و نەخۆشـی تایەر تۆفیقی نەخسـت. پەکی نەکەوت، کەساس و خەمبـار نەبـوو، تا دادە حەوا، ژنەکەی نەمرد. بـە مردنی ژنەکەی، تایەر تۆفیق، کەسـاس و تەنیا دەبێت. ئەگەرچی لەو شـارە، ماڵی زۆری هەبوو. هەواری گەرمی هەبـوو. بـەڵام هیچیان وەک بەهەشـتەکەی حـەوا نەبوو. حەواکەی ئەو، شـەیدای قرتاندنی سـێوەکە نەبوو، ئارەزووی دەکرد تەمەنی خۆی بۆ هونەر و شـکۆیی تایەر تۆفیق بقرتێنێت، بۆیەش زووتر مرد!

حـەوای ئەو، لە قووڕ، دروسـت نەکرابـوو، ئادەمی ئەویش، قـووڕ نەبوو، مرۆڤێکی شـکۆمەندی ئاڵتۆن، دڵێکی سادەی هەور بوو.

مامۆستا تایەر تۆفیق، زۆر «سادق هەریری» خۆشدەویست، چونکە کە گۆرانییەکانی ئەوی دەگوتەوە، بە دەنگ و سـووتان دەبووە تایەر تۆفیق. قورگی، هەناسـەکانی، کەسـایەتی، سـۆزی وەک ئەو گۆرانی، کوردایەتی و شـیعری بەرزی لێ هەڵدەقولا. هەموو گۆرانیەکانی ئەوی دەگوتەوە لە «گوڵی سەربەستی» نەدەترسا. لە گوتنەوەی «شـیرین بەهارە»، دەبووە عاشـقەکە و شیرینی دەیویسـت و نەیدەویست بگاتەوە زسـتان. هەر لە بەهارەکە بەیەک شاد بن!

هـەر لـەو وەرزە بەیەکـەوە نێرگز بچنـن، وەک ئەو، «ناڵـەی جودایی» دەچڕی،

«کـراس زەردە»کەی لەبەر یار و جوانییەکان دەبینی، گۆرانییەکەی بۆ دەگوت.
لە هەموو بۆنەکان، کە مامۆســتا نەخۆش بوو، کە پیر ببوو، هەریری گۆرانییەکانی ئەوی دەگوتەوە. بۆیەش کە مامۆستا نەخۆش دەکەوێت و شارەکە، بازاڕەکە دەزانن نەخۆشــە. چەند جارێکیش بە جلی ماڵەوە لەناو بازاڕ بینرابوو، دەزانن تاقەتی نییە جلە کوردییەکەی، قاتەکەی لەبەر بکات.
بە دەستی خۆی بۆینباخەکەی ببەستێت. خۆ دادە حەواش نەمابوو، بۆی ببەستێت، بیگۆڕێــت، بــە بێجاما دەرچــووە. ڕۆبەکەی لەبەرکــردووە و بە پەتەکــەی ناوقەدی بەستاوە، هاتووتەوە ناو بازاڕ و لەبن قەڵات، لەناو دوکانەکان بینراوە. جلە کوردییە ناســکەکانی لەبەر نەکردووە، هەڵیگرتووە، پاراستوویەتی چونکە:
ویســتوویەتی جلەکانی کۆن نەبن. جەمەدانییەکەی گوڵینگەکانی هەڵنەوەرێن. بۆنی ڕەیحانەکــە لەســەر شــانی نەتکێت. تــا بەخاوێنــی بەجوانی و پوختی پێشکەشــی مامۆستا سادق هەریری بکات. پشدێنەکەی دەکردووە و دەدایتە دەست کۆلکەزێرینەی ئاســمان. تا مامۆستا سادق هەریری بیبەستێت.
لــە بۆنەکانا لەبەریان بکات و شــیرین بەهــارە، بە جلەکانی ئەو تەواوە. گوڵەکان بە جەمەدانییەکەی سەربەســت دەبن. کیژەکانیش لەبەر خاتری جلە کوردییەکەی ئەو، گۆرانییەکانی کراســی زەرد لەبەر دەکەن.کە دەمرێت، کە مامۆســتا دەمرێت، سادق هەریری، ســاڵانە لە کۆیە ئاهەنگەکە گەرم دەکات، (هەتا ســادق هەریری لە ژیاندا مابوو) بە جلوبەرگ و جەمەدانی و سۆز و هەستی گەرمەوە گۆرانییەکانی دەگوتەوە.
کــوڕە گەورەکــەی کەبابچییەکەی زۆر لە نەمر نزیک بــووە، بەرهەمێکی بە خەڵات و دیــاری بەســەر هەمــوو میوانەکانی ئەو یادە، لە ئێــوارەی ٢٠ی ئۆکتۆبەر، لە کۆیە، بەدیار هەموو چاوە جوانەکانی کۆیە، باواجی و هەیبەت ســوڵتان: دەداتە، ئەوانەی لــە شــارەکان هاتــوون، ئەوانەی خۆیان گۆڕیوە، بۆنیان بۆ یادی مامۆســتا لە یەخە داوە.
ئەوانــەی لــە هەندەران گەڕاونەتەوە، یەکــە یەک قوتابییە نەشــمیل و نازدارەکانی هونەرە جوانەکانی کۆیە، ئەندامانی یەکێتی نووسەران، بنکەی گەلاوێژ و عاشقەکانی زانکــۆ و کرێــکاران، عەرەقخۆرەکانی پاش تەواوبوونــی یادەکە ئاودیو دەبن، دەچنە هەوارەکەی چنارۆک، دووبارە گۆرانییەکان دەڵێنەوە، شەوەکە درێژ و دۆستایەتییەکە بۆ یادی تایەر تۆفیق لە دیوەخانە بەرین و گەورەکەی پیاوە شــاعیرەکەی باوکیشــی

شاعیر بووە. گەرمتر دەکەن!

❊❊❊

دووجار گۆرانی و سووتان و پەیامی قەڵبی منی «سامی عەودالّ»مان تۆمار کردووە، (ئەمیر کەبابچی لە دیمانەیەک گوتوویەتی)، جارێک بە مۆزیک، جارێکیش وەک شەو، مەند و بێدەنگ و نەرم، لەسەر مەقامی دەشت لە زستانی ساڵی ١٩٧١ تۆمار کراوە:

قەڵبی من چەشنی لالە و بێتو نەوتی تێ بکەن
ئاگری دوژمن بێتە گیانم وەک چرا من پێ بکەن
شەق شەقکەن گۆشت و ئێسقانم یەک بەیەک خوێی تێ بکەن،
بێ ترس من دێمە مەیدان حوکمە ئازادییم دەوێ
گەر نەسووتێم و نەخنکێم چۆن هەژارم سەرکەوێ؟

❊❊❊

بەزمی ئەو پیاوە کەبابچییە، مەشروب و تایەر تۆفیق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٤٢و شاری کۆیە، دوایی دەگاتە هەولێر. لەو شارە گەشە دەکات و دەوڵەمەند دەبێت. مێژوویکی دێرین بۆ هونەر، بەتایبەتی هونەرە مەزنەکەی مامۆستا تایەر تۆفیق تۆمار دەکات.

یەکێک لە شانازییەکانی خانوویکی گەڕەکی موفتی ئەو پیاوە، لەوێ شیعرەکانی هێمن لەلایەن مامۆستا تایەر تۆفیقی تۆمارکراوە. ئەوان، گۆرانییەکانی مامۆستایان، لە زۆر لە گەڕەکەکانی هەولێر تۆمارکردووە، ئەو ماڵە دەبێتە خاوەنی چل و پێنج سەعات تۆمار، دەنگ، راز و کوردایەتی مامۆستا تایەر تۆفیق.

بیست سەعاتی تۆمارەکانی رادیۆی بەغدا هەر لەو ماڵە شاناز دانراوە. هەر لەو ئەرشیفە ٢٥ سەعاتی تۆماری مامۆستا تایەر، لە هۆلی گەل و لەگەڵ پیاوە سەرسپییەکەی ناو بازاڕ عەبدۆک و کەریم کێشکە و حەیدەرە کەچەڵ، ئەوەی بەداخەوە کەم دەنگی تۆمارکراوە، دانراوە.

❊❊❊

# هەولێر ـ قەرەچوغ

## بەشی حەوتەم        بەرزی و نزمی

«مـن» و «ڕۆژ» لە نهۆمـە بەرزەکەی باڵەخانەکە سـەیری گەڕەکەکانی هەولێرمان دەکرد. بەر لەوەی سەربردەی یەک کەس و دوو بنەماڵە بگێڕمەوە. باسی کردنەوەی دوکانێک و وەکیلێکی سوق مەرکەزی لە کۆڵانەکە بکەم. ئەوەی بەردەوام کەلوپەل و پێویستییەکانی ناوماڵی بە هەرزان وەردەگرت.

دەیفرۆشـتە، ناسـیار و مەعمیلەکانـی. ڕۆژ، زوو چاکێتە درێژەکـەی لەبەردەکاتەوە، لەسەر کورسییەکی داپۆشراوی بە مەخمەلێکی سپی دادەدات، بە قەمیسێکی نیوقۆڵی لـە کۆریای باشـوور بە نرخی هەرزان لەگەڵ جلوبەرگـی زۆر کڕیبووی دەردەکەوێت. ژنەکە بە ئاخێکەوە باسی خوشکی دەگێڕێتەوە. لەوەیان، لەو ئاخە، لەو سەربردەیە، مێژوویەکی تاڵی خەڵکێکی زۆری دەگەیاند:

هەمـوو گەنجەکانی بە مەوالید (گەنجە هەژدە سـاڵییەکان، دەرچووەکانی ئامادەییە پیشـەیی و ئامۆژگا و زانکۆکان)، ئەوانەی ئیحتیات لە مەوالیدەکانی ١٩٥٧ و ١٩٥٦ تا مەوالیدی ١٩٤٥یش، بانگی سـەربازی دەکران. زۆریان دەچوون، کەمێکیان بیریان لەوە نەدەکردەوە سـەردانی تەجنیدیش بکەن. ئەوانەی دەچوون:

تا ڕۆژانی مەرکز تەدریبی کەرکوک و موسڵ، هەموو سەربازگەکانی بەغداش، دەمانەوە. دوایـی کە ڕەوانەی بەرەکانی شـەڕیان دەکردن، کە دەچوونە نـاو ئاگرەکە. تێدا بێ قیمەتـی مرۆڤ، فەرمـان و قوربانییەکانی دەردەکەوت. کـوردەکان فێریان دەکرد! گیانبازییان دەکرد و ڕایاندەکرد، نەدەترسـان و فێریان دەکرد.

بۆ بترسـن، بمینێنەوە هەر دەکوژرێن. شـەڕەکە گەورەترین مەکینەی هاڕینی جەستە

و چوارپەڵ و کەللەسەری گەنجەکان بوو!

ـ ئەدی خۆت؟ (رۆژ دەپرسێت).

ـ (بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، پێویستی بە هەڵوەستە، بیرکردنەوەش نەبوو، قسەکەی زۆر گێڕابووەوە، دەیزانی چ دەڵێت) منیش لەوانە بووم، چوومە تەجنید، بە قەڵەمێکی نووک پانی حوبر فەرمانی ناردنەکەم، لەیەک لاپەڕەی دەفتەرەکەم دەنووسن. چووین و ماینەوە تا ماندوویان کردین. ئێمەیان کوشی، برسییان کردین. پیسیان کردین. زۆریش رەزیل و ریسواشیان کردین.

ـ چۆن قبووڵتان دەکرد!؟

ـ قبووڵمان نەکرد، بۆیە فیرارمان کرد.

فیراریان دەکرد: لە ماڵەکان، لەناو خانووە تاریکەکانی گەڕەکە میللییەکان، لە قاعەکانی دەواجن، سەربیر، ناو ناعوور، باخچە و شینایییەکان. لە گوندەکانی دوور، لە ناوچە رزگارکراوەکان، لەناو حزبەکانی شەڕی رژێمیان دەکرد، بە بڕوا و هزرەکانیان بڕوایان بە رووخاندنی رژێم هەبوو، دەمانەوە. لەسەر سنوورەکان، لەناو گوندەکانی خزم و ناسیارێکیان هەبوایە دەمانەوە. زۆریش بە نیازی دەرچوون و چوونە دەرەوە دەڕۆیشتن! بە پارەیەکی کەم، بە پاسپۆرتێکی کۆن: یەکێک باوکی چووبووە حەج، پاسپۆرتەکەی دەهێنێت، لەناو فڕۆکەخانەی تاران. بەر لەوەی سوار بێت، بەرەو مۆسکۆ، بولگاریا، سوید، سوریا و... بفڕێت ئاشکرا دەبێت، بەحەسرەتەوە دەگەڕێتەوە، بۆ تەزویرێکی تر و پاسپۆرتێکی تر.

ئەوان، دەستکاری وێنە، ناو، ئەدرێسەکانیان دەکرد و سەفەریان دەکرد. ژنەکە بۆم دەگێڕێتەوە:

بەڵام، ئەوان، ناسیارەکان، خزمەکان، برادەرەکان بەر لەوەی بەرەو تاران بەڕێبکەون، سەرێکیان لە ماڵی ئێمە دەدا. لەوێ دەهاتن هەگبەیەکی گەورەی تاڵ، نائومێدیم پەشیمانی، کەمێک خۆزگە و هیوایان لەبەردەم دایکم و میوانەکانی تر، ئێمەی منداڵ هەڵدەڕشت. دایکم لەناو پەیڤەکان، لە گێڕانەوە و باسکردنی کۆڵانەکانی شارەکە، چاوەکانی لە «مانگ»ی کیژی دەگێڕا.

***

بۆنی گەردەنی ئەوی دەویست. دەیویست، یەکێک لەوانە لە قوتابخانەکەی ئەوان

مامۆستا بووبێت. دایکم پەرۆش بوو بە هەموویان، بەتایبەتی ئەوانەی لە هەولێرەوە دەهاتن، خەڵکی بەستەپیازە، خانەقا، کۆڵانە باریکە کۆنەکانی عەرەبان، ئەوانەی لەناو حەوشەکانیان، لەبن سێبەر و چیمەنتۆی هەیوانەکەیان. لەسەر قاڵدرمەکەی هاوینان بۆ خەو بەرزی دەکردنەوە. بەیانییان خۆرەکە، هەتاوەکە بە پەلە رایدەپەڕاندن. قەدی منارەیان _منارەی چۆڵی_ لە قەد و بەژنی باوکیان زۆرتر دیوە. بڵێت: کەستان «مانگ»ی منتان دیوە؟ کەسیان دەیناسن؟

تا یەکێکیان، پیاوێکی خۆڵەمێشی بۆر. پیاوێک، ئەوەندە مووی دەموچاوی هەڵتەکاندبوو، دەرهێنابوو، دەموچاوی ببوون بە پارچە چەرمێکی لاستیکی. ئەو جانتای پێ نەبوو، بەڵام هەموو گیرفانەکانی بە شتەکان ئاخنیبوو. بڕوای بە جانتا و کۆڵەپشت نەبوو، ئەو پێی دەڵێت:

لە کۆڵانەکەی ئێمە، لە خانووێکی سێ ژووری، لە ماڵی بێوەژنێک، (ژنەکە، سەرە گچکەکەی لەناو چارۆگە رەشەکەی، بەقەد سەرەتەشییەک مابووەوە. لەو سەرە کزە کەساسە، برۆ و روومەت و گۆناکانی باش لەیەک جیانەدەکرانەوە. بەژنێکی باریک و سیس، کەساس، بەڵام سەربەرز. ژنەکە پاش ئەوەی مێردەکەی، (ع... رەش) لەناو عەجەمەکانی قووڵایی ئێران. بە نامەیەکی کورت، بەڵام بە کوردی نووسرابوو. بە چرپەی برادەرێکی تازە دەیناسی زووتر و پیشتر نەیدیبوو، زووتر لە کاروانی ژیانی نەیناسیبوو، ئەو منداڵەکانی ماچ دەکات و دەگەڕێتەوە سەرسنوور، ماچیان دەکات. دەڕوات، ئیتر ناگەڕێتەوە، نەگەڕایەوە، نە خۆی، نە جەستەی بریندای، نە تەرم! نە هەواڵیشی لەناو بەفر و بەستەڵەک و شەڕە ناوخۆییەکەی هەکاری ون دەبێت.

چۆن پیاوێکی گەورە، تفەنگێکی دیاری دەشتی هەولێر. مێژوویێکی شایستەی ناو هەموو شەڕ و نەبەردییەکان. وا بە پەلە و بەیەکجاری ون دەبێت؟ ژنەکە زۆریش دەپرسێت، لەکوێ بپرسێت، کەسی نەبینی، کە نائومێد دەبێت، دڵنیا دەبێت مێردەکەی، ناوەکەی، دەنگە گەورەکەی نەماوە.

ون بووە، لەناو بەفر، لە کاروانە درێژەکە نەگەڕاوەتەوە. بۆیە، زوو پەلی منداڵە رەشتاڵە ناسکەکانی دەگرێت، بێ ئەوەی پرسێک بکات، پرس بە کێ بدات، دەگەڕێتەوە هەولێر. پارێزەرێکی شەریف، مەردانە و بێ پارە، دوایی لە گەرمەی شەڕی ناوخۆ شەهید دەبێت، خزمیان نەبوو، ناسیاریشیان نەبوو، بەڵام پێیدەڵێن:

ئەو ژنە، دایکی ئەو چەند گندۆرە و چاو کەلاشووشانەیە. ئەوانە منداڵی پیاوێکی

ئـازا بـوون، میلی تفەنگی پیاوێکی مەرد بوون. هاتوونەتەوە، بۆ ئەوەی تەرم و نامە و ناوی لە لیسـتی شەهیدانەشی ببینن، هاتونەتەوە.
پارێزەرەکـە، داوای دیکومێنتەکانـی خانووەکـە دەکات. ماوەیەکـی باش دڵسـۆزانە خەریک دەبێت، قەرەبووەکەیان بۆ وەردەگرێت.
ژنەکە، هێشـتا قەرەبووەکەی وەرنەگرتبوو، تازە هاتبووەوە، خەم و کەساسـییەکانی لەسەرشـان و لەناودڵان بوو. کە دەچێتە سـەر کـەلاوەی خانووەکەیان. لەوێ ژنەکە وا هەسـت دەکات، چاوەکانی پیاوە رەشـتاڵەکەی، لەسـەر دوو پەلکە وردی پوونگ «نەعناع»ێکـی نـەرم خەویـان لێکەوتـووە. ــ پوونگ، ئەگـەر زووتـر یۆنانییەکان، گریگەکان وەک شـاناز و قردێلە لە سەریان کردبێت ــ.
ئـەوە ئەو پیاوە رەشـتاڵە، بەردەوام بۆنی پوونگـی لێ دەهات. زوو، کە ئەو خانووە لەپشـت چۆلەوانییەک و بەرامبەر لە ئاوەدانی دروسـت دەکات. پیاوەکەی رەشـی و رەنگـە خۆڵەمیشـییەکەی زۆر لێ دەهـات. چونکە پیاوێکی کەلەگـەت، چاو گەورە، سـمێڵ نـەرم، روومەت لووس و ئاورینگ، بەڵام تۆزێـک کەپووی گەورە بوو، ئەوەش لەگـەڵ پێکهاتەی دەموچاوی گونجاو بوو. لەسـەر جۆگەلەیـەک، لەناو مێرگێکی تەڕ ــ رەگـە پوونگێـک، برۆیـە پوونگێـک، بۆنە پوونگێـک ــ لە: چاوی خـۆی و باخی خانووەکە دەچێنێت!
ــ تۆ بۆ ئەوەندە شـەیدای پوونگی؟
ــ مـن لەناو دەشـتێکی بەریـن گەورە بووم، لە بناری چیـای قەرەچوغ. لەوێ بۆن، وەک مانـگ و تریفەکـەی دووریش بوایە دەگەیشـتە من. عاشـقی بۆنێک بووم دوایی زانیم پوونگە!
بەڵام، ئەو نەیدەزانی پوونگ چل و زۆرتریش جۆر، رەنگ، بۆن، پێکهاتە، ناو و پەڵکی هەیە! کوڕەکەی، سەربردەی دایکی دەگێڕێتەوە، ئێستا ئەو پیاوێکە، ساڵ، کارکردن، هیوا و خۆزگەکان بەشێکی زۆری تەمەنی بردووە، هیچ بیرەوەرییەکشی لەگەڵ باوکی نەبـووە. بەڵام دەزانێت باوکی شـەیدای پوونگ بووە. ئـەو لە گوندەکەیان، لە بناری قەرەچـوغ، نزیک بۆنی باوکی، هەوارێکی شایسـتە دادەمەزرێنێت، بۆ ئەوەی لەنزیک حەوزەکە لەسـەر روومەتی جۆگەلەکان، لەبەر سـێبەری دارتووەکان پوونگ بچێنێت، قەرەچوغ پڕ بکات لە بۆنی پوونگ، بە تەمی بۆنی پوونگیش ئەو شـاخە دابپۆشـێت. ئەو شاخە، ئەو بەرزاییە لەو دەشتاییە.

بەردەوام بێ شــکان، کودەتا و گۆڕانکارییەکان، پاشــایەکی بەهاری نازدارە، بە بۆنی پوونگ گەرمای هاوین دەرپەوێنێتەوە. لە ماڵی جنۆکەکانی ناو قەرەچوغ، لە «چەمی رەمــە»، بە پوونگ، جادووەکان بەتاڵ دەکات، تەپڵ لێدەرەکانی شــەوانە جنۆکەیان هەڵدەپەڕاند، ژیر دەکاتەوە.

لە هەموو گوندە گەرمەکان. لەسەر جۆخینەکان، پاش ئەوەی حەیران ماندوو دەبوو. شــەماڵ بۆ ســەمای شــەنەبا بەلەنجە هەڵیدەکرد. پاش رۆژێکی شــاناز لە بەرهەم و شــەیدایی ژیان. پیاوە رەق و باریکەکان، گەنجە موونەرم و تۆلاژەکان. هەنــگاوی یەکتــری هەڵدەگــرن، لە کەشــە جوانییەکانی هاوینی ئەو چیایە. مەست دەبوون و تا بەیانی، تەپڵیان بۆ شایی ئەستێرەکان، یان بۆ جنۆکە لێداوە، خەڵات و شاباشــیان مســتیک زێڕ و خۆڵ بووە. چونکە خۆڵی ئەوێ بەهادار بووە. خۆڵەکەیان بە گەوهەر زانیوە. پوونگ و بۆنەکەی، دەتوانن جنۆکەکان بترســێنن و چیتر شــوان و باڵندەیەکــی تینــووی بەر «گەڵی چکچکە» نەترســێنێت. لەســەر گردە خڕەکەی «بێژینگ بەســەر» ئاورینگە ئاوەکە، شــیلە نەرمە فێنکەکەی، ئەو چکچکەیە قەدر و پیرۆزییەکــەی دەردەکەوێت، وەک بۆنی پوونگەکەی ســینگی ئەو پیاوەی رۆیشــت و ئێستاش نەهاتەوە.

کوڕەکەی دەڵێ نازانم بۆ باوکم نەهاتەوە! خۆ من زۆر منداڵ بووم، دایکم گەنج بوو، خوشکەکانم ساوا بوون. هەموومان نازانین ئەو رۆیشت. دەمەوێ لەو قەرەچوغە بۆی بگەڕێم، لە هەموو ســیبەر و ئاوە بەهارییەکانی، بزانم رەگە پوونگێک، نەپەڕیوەتەوە بن سێبەرێکی تەڕ! ئەگەر ئەو رگە کەسکە بدۆزمەوە، بێ گومان و بەدڵنیاییەوە ئەوە باوکی منە.

***

ژنەکــە لــەوێ، لەســەر کەلاوەکە داوای قەرەبوو دەکاتەوە. ئــەو بە تاپۆ و ناو حەقی هەبــوو. ئەویــش داوای قەرەبووی خانــووە گەورەکەیان، خانووەکــەی دەکەوێتە ناو پــرۆژەی خانووەکانی ئەمین عام و پیاوانی بەعس دەکاتەوە.

کە خانووەکە دەرووخێنن، ئەوان لەوێ نەبوون و ئاگاداریش نەکراونەتەوە، دەیرووخێنن، ــچــۆن ئاگاداریان بکەنەوە، ئەو، ژنەکەش، نەیدەزانی پیاوەکەی، خاوەنی خانووەکە لە کوێیە، بۆ رۆیشت و بۆ هەر نەهاتەوە، رێگاکەی دوور بوو، یان لە ناوەندی رێگاکە

بزر بوو_ پارێزەرەکە، بڕێک پارەیان بۆ وەردەگرێت، ئەویش پارەکە بەو خانووە دەدات، بە خانووێک بەرامبەر کۆنە قەسەرەکەیان، ئەوەی مێردەکەی دروستی کردبوو. لەوێ دوورناکەوێتەوە، _بە پەنجە شوێنی خانووە رووخێنراوەکە، کۆڵانەکەی ژنەکە خانووێکی تێدا دەکرێت نیشانی «رۆژ» دەدات_ ئەو ژنە، لەو خانووەی بە پارەکە دەیکرێت. ژوورێک، لەناو خانووەکە بەکرێ و پیاوەتی و خاترانە، دەداتە ژنێک و کیژێکی پارچەڵە، تا بەیەکەوە دڵی تاساو و حەسرەتیان ئاسوودە بکەنەوە). ژووری بەردەرگاکەیان بەکرێ دابووە ژنێکی ئەسمەر:

زمان، جلوبەرگ، کوتانی چەنەگە، شێوە، ناو، تام و کەرەستەی خواردەمەنییەکانی، لەگەڵ هاوڵاتیانی کۆڵانەکە: گەڕەکەکە، سەرکەندەکە، نزیکە مزگەوتەکە، ماڵەکانی تازە عەرەب، گوندەکانیان لە قەراج و کەندێناوە و بناری قەرەچوغ سووتاندبوون، جیاواز بوو.

نیوەڕۆیان، زۆربەی رۆژە گەرمەکان. پیاوەکان، شەرواڵ و سینگی رووتیان لەیەکتری هەڵدەکرد، لەناو یەک دەبووە شەڕیان، بەڵام! ئێواران ئاشت دەبوونەوە، شەوانە دەچوونەوە ماڵی یەکتر و باسی گوندە گەرم و شەوە فێنکەکانی دەشتە گەورە و پانوبەرینەکەی خۆیان دەکرد!

پیاوەکان لەدیار دامەکردنا، سەر و سینگ و ملیان دەخوراند، ناوی عەرەبەکانیان دەگوتەوە: ئەوانەی ماڵەکانیان تاڵان دەکردن. ئەوانەی بەرخ و کارەکانیان بردن. ئەوانەی بۆ دۆزینەوەی تفەنگەکان، خەنجەرەکان، دەمانچەکانیان دەگەڕان و کاریتەکانیان هەڵدەتەکاند. _عەرەبەکان_ دەیانزانی لە بناری ئەو قەرەچوغە، بەردەوام تەقەی راوشکار لەو گوندانە هەبووە. عەرەبەکان، دەیانزانی شان، دەست، ماڵ و رەشماڵی کوردەکانی ئەو گوندانە، بێ تفەنگ نەبووە، بێ خەریتە و پاکێتە فیشەک نەبووە.

_ کوا چییان لێ هات؟ (عەرەبێک دەقیژێنێت، دشداشەکەی بە ددانی گرتووە و دەخولێتەوە).

_ چییان لێ هات؟!

دەیانپرسی و لەبەر خۆیان دەیانگوت: بۆ بەژنی تفەنگەکان، تروسکایی زەردەی گوللەکانیان نەما! هەموو خانووەکان، هەموو گوندەکانی شانازییان بە قەرەچۆخ دەهات پشکنی، رووخاند، سووتاند، داوەشاند، هیچمان نەدۆزییەوە. لەو تاڵانە،

بێجگە لە مەڕ، بزن، گاسن، هەوجار، جاجم و دووگردەکان، جنێوی ژنەکانیان دەستدەکەوێت! پیاوەکانی ڕۆژانێکی زۆر سەپانیان بووین، سالانی باران و بەهات جووتیاریان بووین. شەوانێکی دووروودرێژ لەو قەرەچوغە شوانیان بوو، ئەوانەیان دەستکەوت!

ژنەکەی، ژوورێکی لەو خانووە وەرگرتبوو. هەموو شت و مۆراڵ و ئاخاوتنیشی لەگەڵ ئەوان جیاواز بوو، کیژێکی پارچەڵەی خوێن شیرین، چاو کەسک و خورمایی لەناودەست، لەبەر کەوا و لەناو چاوان بوو: ژنەکە زیرەک بوو، هەموو پێناسەکانی کیژەکەی گۆڕیبوو، ناوی باوکی، لەکام شار هاتوون، کەی و بۆ هاتوون. هەمووی گۆڕیبوو، بەڵام، ناوەکەی نەگۆڕیبوو، کیژەکە ناوی «مانگ» بوو.

***

زوو دایکم دەیپرسی، بەڵام نەیدەزانی چ بپرسێت، دڵی بەوە خۆش بوو، کیژەکە ماوە. بەڵام زۆر زۆریش دڵنیا و ئاسوودە نەبوو، کیژەکە، مانگی خوشکم مابێت. ئەو بژیت و گەورە بێت، چووبێتە قوتابخانە. لەو میوانانە بپرسێت ئێوە نایناسن. نەتاندیوە. کیژێکە ناوی مانگە، کیژێکی ڕەنگە ورد و ناسک بێت. ڕەنگە تا چووبێتە بەر خوێندنیش وایزانیوە کیژی ئەو ژنەیە، باوکی نەماوە، کەسی نییە، بەڵام دوایی زانیویەتی، کیژی نووسەرێکە، قەڵەم و سمێڵی لەناو کوردستان و دەرەوەش ناسراوە. لەکێ بپرسێت کیژەکەی ماوە. لەو شارەی بوویتە مۆڵگەیەکی گەورەی سوپا و حزب. ڕۆژانە بارەگاکانی زۆرتر دەبن.

ماوەیەک حزبی شیوعی بەشداریان دەکات، دوایی بەپەلەپەل، لە ترسی ڕۆحی خۆیان لەو جیهانە بڵاودەبنەوە. هەندێکیان _شیوعییەکان_ دەگەنە ئەریتریا و یەمەنی دیموکراتیش، بەڵام کوردەکان زۆریان بەئاسانی، دەگەنە قەندیل و ناوزەنگ. شارەکە، وڵاتەکە ڕۆژانە، شەوانە ڕووداو و پێشهاتی سەیری تێدا ڕوودەدات. لەو گێژاوە، کێ کیژەکە بۆ ئەو ژنە دەدۆزێتەوە. خۆی ماوەیەک لە کەرەج، دواییش لە ڕەزائیە لەگەڵ دوو لە کیژەکانی دەژیت:

دایکەکە بە میوانەکە دەڵێت:

من بە پێخواسی هەڵاتم، دەستی منداڵەکانم گرت، لە هەولێر دەرچووم!

خوشکی بەڕێز، من لەمێژە دەرچووم، بەڵام هەر بۆن و هەواڵی هەولێرم پێوەیە. بەو

جلانەوە هاتم، خۆم نەگۆڕیوە. لە ئەسفهانەوە هاتووم، هاتووم پارە بگۆڕمەوە، بچمە زێوە و سەر سنوور!

_ لە ئەسـفهانەوە هاتوویت! (دایکی مانگ بەحەپەساویی لێی دەپرسێت، دەیزانێت، ئەسفهان چەند لە ڕەزائیە دوورە).

_ بەڵی لەوێ هاتووم. زۆریش دوورە، دەزانم دوورە. هاتووم ئاشنای ڕۆیشتنی ڕێگای دوورتـر بـم! دەزانـم دەبێ چەند بڕۆیـن و هەر بڕۆین. (پیاوەکە شـێوە و ڕەنگی لە ئێرانییـەکان دەچوو، بەوەش باش بوو هەموو زمانەکانی ناو ئێران فێر ببوو).

_ بۆچـی هاتوویـت؟ (کیژە گەورەکە بە پرسـیارەکانی دایکی نیگەران دەبوو، پێی خۆش نەبوو).

_ دەچم و دەگەڕێمەوە. لەوێ، یەک دینار نزیکەی شێسـت تومەن دەکات. سـەدان کیلۆمەتـرم بڕیـوە. نەهاتووم بزانم لەسـەر سـنوور چ هەیە. نەهاتـووم نامەیەک بۆ ماڵەوەمـان بنووسـم و بنێرمەوە! هاتـووم پارە عیراقییەکەی لەگـەڵ خۆم هێنابووم بگۆڕمەوە! دەمەوێ بڕۆم، بەرەو پاکسـتان، ئەوەی ڕۆیشـتووە نەگەڕاوەتەوە، ڕێگاکە بـەس بۆ چـوون و دەرچـوون و دوورکەوتنەوەیە، کەس نەهاتووتەوە تـا بزانین لەو پاکستانە چ دەگوزەرێت!

لـەو وڵاتــە بەرینە، لەو وڵاتە برسـییە، چۆن ئاوارە کـوردەکان دەژین! چۆن وڵاتێک ڕووبارێک، زۆرتر لە سێ هەزار کیلۆمەتر بەناویدا دەڕوات و پاک نابێتەوە. ئەو وڵاتە، ئەو هەوارە، نازانم چۆن دڵی من دەشـواتەوە، خەمەکانم دەبات، بەڵام هەر دەڕۆم و ناگەڕێمەوە.

هەموو خەڵکەکە لەوێ بێزارە، باشە بۆ مانگەکەی من! کیژەکەی من بێزار نەبوو! لەو خەڵکە بووە بە دۆزەخ، گەرماییەکەی نەگەیشتووە ناو جەستە و چاوەکانی. شارەکە بووە بە دیوەزمە و سـامەکەی نەگەیشتووەتە ئەو! (دایکەکە بەردەوام دەیگوت).

لەو وڵاتە، کەس نەهات، باسی سەفەری مانگێکت بۆ بگێڕێتەوە. خێزانێک نادۆزیتەوە، عاشقێک نییە بۆنی دووکەڵی سووتانەکەی هی دە ڕۆژ بێت! ئاوارەییەک، دوورخراوەیەک بڵێت، شـەش مانگە دەرچووم، بەڵام پێنج مانگ بیرم لە گەڕانەوە دەکردەوە.

کەس نییە، بڵێت کە دەرچووم پارەکە بەشی کردم، تا گەیشتم و زۆریش لە ڕێگاکەم یارمەتی خەڵکم دا. هەموو ئەوانەی ڕۆیشتوون درۆیان لەگەڵ کراوە. پارەیان خوراوە. سەرەتا پێیان گوتن بە چاوان، پارە هەر عەیبە بەیەکەوە مەسرەفی ڕێگاکە دەکەین.

بەڵام لە ڕۆژی دووەم، لە نیوەی یەکەمی قۆناخەکە، داوای پارە و مەســرەفی زیادی کردووە، بیانووی بۆ دۆزیوەتەوە!

***

ڕۆژ، جانتاکەی دوور لە خۆی دانابوو. دەستی لەسەر سەرەوەی کورسییەک دانابوو. من، زۆر سەیری دەموچاو و سینگ و دوگمەکانی قەمیسەکەی بەری، شوێنی زنجیری پانتۆڵەکـەم کردبوو. کە گوتی ببوورە دەچم لەناو جانتاکەم جگەرەیەک دەهێنم.
جگەرەیەکی داگیرساند، گوتی:
دوو ســاڵ بوو چووبومە مەکتەب. تەمەنم دە ســاڵێک دەبوو. ئەو ڕۆژەی ئەو پیاوەی لە ئەســفهانەوە، بۆ پارە گۆڕینەوە دەچێتە سەرســنوور. گوندەکانی، بەفر و ســەرما و پێشــمەرگەی تێـدا دەژیا. لەوێش، نامەیەکی باوکــم دەهێنێت، لەگەڵ نامەکە، یان بڵێن لە نامەکە نووسیبوی لە هەولێر پیاوێک هاتبوو، بەڕێکەوت بینیم. ئێوارەیەکیان، چوومە ناو گوندەکە. لەوێ ویســتم هێلکە و شووشــەیەک دۆشــاوی شیرین بکڕم. لە دوکانەکــە دەرچــووم، گەنجێکــم بینی، ڕێگا، نائومێدی و ســەرگەردانی، هەر ئەو نا، هەموومان سەرگەردانن، تەڕی کردبوو:
_ وەرە بچینەوە، وەرە وشــکت بکەمەوە! (باوکم پێی گوتووە).
_ لەکـوێ، منــی تەڕی ســەرمابردووی ئــەو کاروانە دوورە، خۆم دەزانـم لەوەتی لە هەولێر دەرچووم چیم بەســەرهاتووە، لە باران و ئاویش تەڕترم. کێ؟ منی پێ وشک دەکرێتــەوە؟ هاتــووم هەر پەشــیمان، بەڵام بۆ گەڕانەوە ســەد جاریش پەشــیمانم!
(لەمێژ نەبوو لە هەولێر دەرچووبوو، بەڵام زۆر ماندوو و کەســاس بوو).
_ وەرە ژوورم هەیــە، ئاگــرم هەیە، نانم هەیە. (ڕۆژ، گوتی باوکم پێی دەڵێت).
(کوڕەکــە هات، خــەم و ماندووبوون و نائومێدییەکانی هێنایە ناو ژوورە تاریک و چڕ و داگیرســاوەکەم. دانیشــت. گەرم بووەوە. نانی خوارد. گۆرییەکانی وشک کردەوە. ســەیرێکی ژوورەکەی منی کرد. تەباخە بچووکەکە، فانووســەکە، کتێبەکان، باولێکی کەســکی داخراو بە قوفلێکی بچووک. وێنەکانی ســەر دیوارەکەی بە نایلۆنێکی شــین داپۆشــرابوو، بــە بزمار داکوترابــوون. من پرســیارم لەو نەکرد، خۆتــان دەزانن من ناپرسم، ناویش ناپرسم.
لە چاوەکانی مرۆڤ دەڕوانم بەئاســانی دەچمە ناو دڵی، ناو مۆراڵی! ئەو بەو شــەوە،

هەولێری کۆڵان بە کۆڵان لەو گوندە ساردە، لەو سەرچیایە لەبەردەمم دانا. خۆی داتەکاند، شارەکەی هەڵوەشاندەوە. ناوەکەی گوت، ڕۆژانەکانی گێڕایەوە).

ئەو گوتی:

_ چەند ساڵە هەولێرت نەدیوە؟ (بەڵام! نەیدەزانی پرسیار لەکوێ دەکات. ئەوە کێیە گەرمی کردیتەوە. نانی بۆ داناوە. چرای فانووسەکەی پاککردەوە. دەنگی رادیۆکەی نزم کرد. قەڵەم حوبرەکەی لەناو دەفتەرەکە دەرهێنا. هەندێ نامە و پارچە کاغەزی کۆکردەوە، لەناو زەرفێکی ئەسمەری کاغەزی دانا. زەرفەکە لە دەرەوە هاتبوو، پولەکانی هەر پێوە مابوو).

***

منیش گوتم، پاش ساڵی ١٩٧٤ دەرچووم و نەگەڕاومەتەوە، ئەوە بوو بە چەندان ساڵ، بەڵام لەبەر ئەوەی لەسەر سنوورم، بۆنی شارەکە دەکەم. بەردەوام میوانم هەیە. خەڵک هەیە دەگاتە ئێرە هەفتەیەکە دەرچووە. هێشتا بۆنی مەعجوونی ئادەمی ریشتاشینی پێوەیە. هاتووە هێشتا یەخەی قەمیسە شینەکەی، چڵک و دووکەڵ و گەردی سێتاقانی پێوە بووە.

قسەکانی نوێ بوون. کوڕێکی وریا بووە، دەیزانی لەو شارە چ روودەدات، لە سەر سنوورەکان چ دەگوزەرێت، باش تێیگەیشتبوو، ئاگادار بوو. دەیزانی دەزگاکانی حکومەت لەناو هەولێریش چۆن کار دەکەن. ئەمین عامەکان، جێگرەکانیان، بۆ دادەنرێن و دەسەڵاتیان چەندە! منیش لێم پرسی:

لەو شارە لێی هاتووی. لەو گەڕەکانەی شارەزاییت تێدا هەیە، خۆتان تێدا ژیاون، خزم و کەسە نزیکەکانت، لەوانە:

ژنێک ناناسیت، مێردی نەبێت وشووی نەکردبێت. کیژێکی تەمەن شەش حەوت ساڵانەی لەگەڵ بێت!

ئەو، هێشتا پرسیارەکەی تەواو نەکردبوو، کابرا ویستی بڵێت:

هەزاران ژن، لەو شارە مێردیان نییە. سەدان ژن، مێردیان پێشمەرگەیە، ژنانی زۆر چاوەڕوان دەکەن، هەیە چاوەڕوان دەکات، دەزانێت کابرا ماوە، بەڵام نازانێت چەند دوورە، چاوەڕوانە و نازانێت کەی دەگەڕێتەوە، گەڕانەوەی شەرەفمەندانە کەمە! دایکی زۆر، باوکی زۆر چاوەڕوانن، شار، وڵات، مرۆڤن بۆ چاوەڕوانی، لە قووڕەکەی

ئادەم و نەوســەکەی حەواوە، ئەوانە بۆ چاوەڕوانی کەوتوونەتەوە!
(خەڵکی هەولێر نەبێت، لەوێ کیژێکی لەگەڵ بێت کیژی خۆی نەبێت. کە من دەرچووم ناوم نابوو مانگ، بەڕێکەوت هاوسـێی خۆتان پووریکتان، خزمێکتان نەبووە؟!).
ئەو شەوەی لەگەڵ من، کە لە ژوورەکەم گەرمدەبێتەوە. چایەکی شیرین دەخواتەوە. لە پارەی گیرفانی دڵنیا دەبێت. لەبیری دەچێت هاتووە بڕوات، هاتووە بگاتە ئەورووپا. یان دەرچووە، لەناو ئیران سەرگەردان بمینێتەوە، بەیانییان زوو بە موشەکی سەدام کە تارانی هەراسان کردبوو، ساروخەکانی حوسێن و عەباس، لەوێش ئاسوودە نەژیت. کێ لە ئاوارەیی ئاسوودە بووە؟
(لە میوانێکی تر، خێزانێکی تریش دەپرسـێت):
تـۆ کیژەکەت دیوە، ژنەکـەی بەخێوی دەکات، دەزانی پووریەتـی. دەزانیت خەڵکی هەولێر نین و لەوێ دەژین.
_ بەڵـێ! لـە کۆڵانەکەمـان بەیانییـان کیژێکم دەبینـی، دەچووە مەکتـەب، هەموو کۆڵانەکە شانازی پێوە دەکات، دەیانگوت:
کیژەکـە نـاوی مانگە، باوکی پێشـمەرگەیە! هەمـوو منداڵەکانی کۆڵانەکە دەیناسـن. ژنـەکان دەیانـەوێ لەجیاتی پلکی پرچی دابهێنـن. دوکاندارەکەی لەناو خانووەکەی، لەتەنیشت دەرگا ئاسنە تەسکە ڕەنگ زەردەکەی، قەپەنگێکی باریکی بەقەد دووگردێک پـان، لەناو حەوشـە بچووکەکـە و بەرهەیوانەکە، لەپشـتەوەش وەک کولانکە، وەک پەنجەرەیەکی چوارگۆشە، بۆ هاتوچۆی ناوماڵەکە کردیتەوە، ئەویش زۆر کەم، پارەی شیرینی، لەو کیژە وەردەگرێت!

***

چەند سـاڵ بـوو، دایکم نوزەنوزی بوو، دەگریا و گلەیی لـە باوکم دەکرد. ئەگەرچی ئـەو کەمیـش لە ماڵـەوە بوو. بەڵام کـە دەگەڕایـەوە. ئەگەر بەتەنیـا بوایە، ئەگەر پیاوێکی نەخۆش، کادیرێکی هاوڕێی، خێزانێکی هەڵاتووی لەگەڵ نەبوایە. بەس بواری هەبوایە: لەسـەر نان. لە کاتی ئەوەی خاولی بۆ وشـکبوونەوە بۆ ڕادەگرت. کە کتێب و دەفتەرەکانی کۆدەکردەوە.
یان، پاش ئەوەی میوانەکانی بەڕێدەکرد. پێش ئەوەی جێبەکە بێتە پێش دەرگامان، سـمێڵ، کتێب، خەون و پەرۆشـییەکانم باوکم بباتەوە. پێش ئەوەی، لە دەرگا بچێتە

دەرەوە، جانتاکــەی هەڵبگرێــت، چونکە قبووڵی نەبوو کــەس جانتای بۆ هەڵبگرێت، دایکم دەمی دەکرایەوە:

لەو دونیایە دایکێک هەیە، منداڵێکی لێوە دوور بێت و بەسک نەدات! نەمرێت، بەسە! خــۆت لەناو شــۆڕش بیت، کیژێکی منداڵت لەناو هەولێــر بمینێتەوە. بەناوی خۆت و بــەردەوام وتار دەنووســیت، دەنگت بــەرزە و ناوت دیارە. کیژەکەم بــۆ بهێنەوە، لە خەباتی تۆ تەنیا ئەو داوایەم هەیە.

کۆشــش بۆ ئەوە بکە. بۆ ئەوە بنووســە. بۆیان ملکەچ مەبە. ســەر دامەنێونە، شــل مەکە، بەس بۆ ئەوە هەموو شــتێکم بۆ بکە! بەســە، ســاڵەکان تەواو بوون، تەمەن خۆی چەندە!

کە باوکم دەگەڕایەوە، سەیری چاوەکانی منی دەکرد. کە منی لەسەر رانێکی دادەنا، رادیۆکەی لەســەر رانەکەی تری بوو. بێگومــان بیری لەوە کردیتەوە دەبێ چاوەکانی «مانگ»یش، وا بدرەوشــێتەوە، وەک چاوی منە. نەرم نەرم، بە دەنگە کەوتووەکەی دەپرسی:

ــ رۆژ، کیژم دەزانێت خوشــکێکت هەیە، لە هەولێرە، لەوێ لەکن پوورت دەژیت!؟

ــ بەڵــێ، باوکە چۆن نازانم، چاوی وەک چاوی من جوانە.

خــەم و ترســەکانی ئێمە زۆر بوون. ماوەماوە فڕۆکــەی عیراقی دەهات. بەڵام ئەوەی باش بوو، شارەکەمان وەک تاران نەکەوتبووە بەر زەبری موشەکەکانی سەدام. ترس، لــە هەموولایەک گەمارۆی دەدایــن. من ئەوەندە گەورە نەبووم خەم بخۆم. نەمدەزانی زۆر رووداوەکان شــرۆڤە بکــەم. ئەوەندەم دەزانی ژیانمان ئاســوودە نەبوو. لە باوکم دەترســاین، ئەو لە گوندێکی ســەر ســنوور، لەنــاو بارەگایەکی دیــار و بەرچاو بوو، دەترساین:

فڕۆکەی ســەدام و کۆماری ئیسلامی بۆردومانیان بکات. حزبەکانی دژایەتی حزبەکەی ئەویان دەکرد. دەترســاین، رۆژێکیان ژەهرخواردیش بکرێت. دەترســاین، بچێتە سەر کانی بۆ خۆشووشــتن و ئاوخواردنەوە نەک بۆ دەســتنوێژ، لەوێ کانییەکە ژەهراوی کرابێت. لەوەش دەترســاین، گەنجێک، پیاوێکی ســیخور، یەکێک بە پارە دەســتێکی لێ بوەشێنێت.

نانــم دەخوارد، دایکم، دەیویســت خوشــکەکەی هەولێرم، ئــەوەی بەجێماوە و لەکن پلکێکم بەتەنیا دەژیت. ماوەی شــەش حەوت ســاڵیش نفوسی نەبووە، ساڵێکیش لە

خوێندن دوادەکەوێت. ئەو، لەگەڵ من لەسەر خوانەکە بێت. دوو قاپی دادەنا، دوو کەوچکی بۆ من دادەنا، دوو پارچە نان. بەختم هەبوو، بەردەوام جلی زۆرم هەبووە. چونکە دایکم، باوکم، میوانەکانیش فێرببوون دوو دوو شتەکانیان دەکڕی. دوو دوو دیارییان دەهێنا. دانەیەک بۆ من، دانەیەکی تریش بەهەمان ڕەنگ، بەهەمان پێوانەش بۆ ئەویان دەکڕی!

دەچوومە مەکتەب، تا دەرگاکەشم دادەخست دایکم لەدڵەوە، بە چاوەکانی دەیگوت. چاو و دڵی دایکمم دەبینی: دەستی خوشکت بەرنەدەیت، بەیەکەوە بڕۆن و دەستی یەکتری بەرنەدەن.

منیش، سەیرێکی دەستی خۆم دەکرد. قەڵەمێکم لەناو دەستە، پەنجەوانەکەم لە دەستە، جانتا ڕەقەکەم لەناو دەستە، نەک دەستی «مانگ»ی خوشکم. ئەوەندەی بەو هوڕێنە و هیوایە، دایکم بانگی منی کردبوو، پەرۆش بووم بزانم دەستی ئەو خوشکەی من چۆنە! بۆ دەستی ئەو لەو دوورەیە! لەپشت ئەو هەموو چیا و تێڵبەند، سەنگەر، ئاگر و کارەساتە خوێناوییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتەیە!؟

ئەو چۆن دەستی دەگاتە دەستی من. دەبێ دەستی مانگی خوشکم، (کەزی کیژە عاشقەکە بێت، ئەوەی لەناو کۆشکێکی بڵند، لەناو قەڵاتێکی سەخت، دڵ، چاو و حەزیان بەند کردبوو، بەندی دەکەن، چونکە دڵدار بوو، ئەویش کەزی، کیژە بەندکراوە عاشقەکە، کەزی بۆ هەڵکێشا، ڕاکێشان و گەیشتنی سمێڵە نەرمە ئاوریشمەکە، لە پەنجەرەیەک، لە درزی دیوارێک، لەگەڵ تیرۆژی هەتاوی ڕۆژێکی بەهار، شەوێکی بەستەڵەک توند، پتەو و خۆراگر کەزی شۆر دەکاتەوە، تا کوڕەکە پێی هەڵبگەڕێت و بگاتە باوەش و هەناسە و ماچەکانی. بەڵام! کە دەزانن کوڕەکە بەو کەزییە ئاڵتونییە سیحراوییە، شەوانە دەگاتە ناو کۆشکەکە، قەڵاتەکە، نامەردانە کەزییەکە دەبڕن، کەزی مانگیش بڕاوەتەوە، بۆیە ناگەتە دایکم، ناگاتەوە ئێمە!).

بۆ دەستی خوشکم ئەوەندە درێژە، بگاتە ناو دەستی من!؟ تا بەیەکەوە لە شەقامەکە بپەڕینەوە؟! بەیەکەوە ئاوی گێلاسەکانی هەموو کۆڵانەکە بدەین. بەیەکەوە دەستمان بۆ ئاسمان بەرزبکەینەوە، لە ئیمامی حوسێن بپارێینەوە، دوعا بکەین باوکمان زوو بگەڕێتەوە و سەلامەت بێت.

ـــ دایە، چ دەستی خوشکم بگرم؟

ـــ کیژم، گوتم دەستی خوشکت بگرە؟ (کەمێک دەنگی بەرزدەکاتەوە، جۆگەلەیەک

ئەسـرینیش، لە چاوەکانی وەک زیو دەبریسکایەوە).
_ بەڵێ دایە، گوتت دەسـتی مانگ بگرە، ئاگاتان لەیەکتری بێت!
_ ئـا، ڕۆژ کیژم ئاگات لێی بێت!
دوعام بۆ باوکم دەکرد و نەمدەزانی لە کوێیە. دەمپرسی بۆ کەم دەگەڕێتەوە. منداڵم و کچم و بەتەنیام. کە دارە بەرزەکان گێلاسیان پێوە دەمینێت، دەستم لەناو لقەکان پێیان نەدەگەیشـت، بیرم لـە هاتنەوەی باوکم دەکردەوە. کـە هەنارێکی بەرز، بەرز وەک چۆلەکەیـەک لەسـەر لقێکی باریک، شـلک و بەناز لەنجـەی دەکرد، دەلەرییەوە و دەمایەوە، دەسـتم نەیدەگەیشـتێ، بیرم لەوە دەکردەوە مانگی خوشکم لێرە بوایە دەچووینە سەرشـانی یەکتری! دەمویسـت باوکم لەماڵەوە بوایە، ئەو دەیزانی کەی بـاران دەبارێت، کتێبـی زۆری خوێندیتەوە، ئەو دەبووە ئەتلەس، خشـتەی لێکدان، کتێبـی فیزیـای من، ئـەو لێزانیش بوو لە جیهانی جەلالەدینـی رومی. دەزانێت کەی ساماڵە، بەفریش چەند دەکەوێت!
درۆ نییە، ئێسـتا لەو تەمەنە. لەو بەرزاییەی بەیەکەوە وەسـتاوین، سـەیری هەموو دەمارەکانی شـارەکە دەکەین. هەمووش ئێمە دەبینن و گوێیان لەو رازیە. راستییەک دەدرکێنم، ئەوە یەکەمجاریشە ئەوە دەڵێم. گەورەش نەبووم، منداڵ بووم، بەڵام باش دەمزانـی کچم، دەمزانی کوڕان! ئای لە بزێوی کوڕان! کچیان دەوێ و تێگەیشـتبووم کیژ هەر دەبێت کوڕێکی هەبێت. کیژ، ناکرێ جەسـتەی بۆ خۆی بێت، تێدا زسـتانان سڕ و هاوێنان برزێت!

***

دەترسام نەوەک گەورە بم. مەمکەکانم گەورە بن. چاوم ڕەش و سینگم پان و بەژنم بگاتە قەدی دار هەنارەکە. بەو تەمەنە، بەو عەقڵە حەز لە کوڕێک بکەم. ئەویش زۆر حـەزم لێ بکات. بەیەکەوە لە پەناداریکی ئەسـتوور. شـارەکە. کۆڵانەکان داری پیر و ئەسـتووری زۆری تێدابـوو. دوور بەدووری لە ڕێـگای قوتابخانەش یەکتری ببینین، دووریش نییە، ماچیشم بکات.
جارێـک دوو جـار، ڕەنگە ماچەکان وەک ڕەنگەکانـی کۆلکەزێرینە درێژ ببنەوە،وەک کوورەی ئاگر بسووتێت. وەک هەنار شیرین بێت. دایکم بزانێت، ناوی کوڕەکەشی پێ بڵێم. ئەویش _کوڕەکە_ ناوی من: بە دایکی، خوشـکەکانی، دوو برادەریشی بڵێت:

ـ ڕۆژ، دەترسم، ئێوە بچنەوە عیراق!
ـ نازانم!
ـ کەی دەچنەوە نازانم!
ـ ئەگەر چوونەوە، منیش دێم!
ـ نازانم!
ـ تۆ بەو نازانم نازانمە، منت کوشتووە! (کوڕە عەجەمەکەی چاوی ڕەش بوو، ئەسمەر و دەنگی سۆزێکی گەرمی تێدا بوو).
ـ هیچ نازانم، ئەوەندە دەزانم باوکیشم، هەر دەڵێت نازانم.
دەترسام، گەورەبم، حەز لە یەکێک بکەم، لە زۆر شت دەترسام، دەترسام. بۆ بترسم! کیژم و حەز لە کوڕێک دەکەم. ئەو کە ناوم دەهێنێت، نازانم ناوی من، یان بانگی فریشتەیەک دەکات. یان قسە لەگەڵ کۆترێک، باڵندەیەک دەکات. وادەزانم لە هەور دەپاڕێتەوە، لەسەر هەموو باخ و گوند و شەقامەکان ببارێت، بەس قژی من نەشێوێنێت! ئەگەر کوڕەکە کورد نەبێت، باوکم قبووڵ نەکات، ئەو هاوبیری ئاینی منی نەبێت، دایکم بگرێت و ڕازی نەبێت!
چ بکەم، دەترسام، منداڵ بووم و دەترسام. ڕەنگە مانگی خۆشکیشم، لە هەولێر ئەو ڕازەی هەبووە، ئەویش لەوێ بیری لەوە کردبێتەوە: ئەگەر کوڕێکی خۆشویست، باوکی سەر بە حکومەت بێت، سەرۆک جاشێک بێت! یان پیاوێکی دەوڵەمەند و ساماندار بێت، کابرا بزانێت ئەو کیژە پێشمەرگەیە، قبووڵ دەکات، یان چۆن ئەو دەخوازێت! منداڵ بووم و زۆریش دەترسام!

***

دەترسم، کوڕێکم خۆشبوێت، کورد نەبێت. هاوئاینی من نەبێت. چ بکەم، تاوانی من نییە، باوکم منی لەو شارە داناوە، لێرە چاوم کرایەوە، سینگم گەورە بوو، خۆم ناسی، چی بکەم...! لە شارێک، عەجەمی زۆرە، بە فارسی دەخوێنم، شیعری فارسیم لەبەرە، جیرانەکان. مامۆستا و دەستەخوشکەکانم کەمیان کوردن. ئەوەی کوردیشە، لەگەڵ من: زمان، کەلتوور، ئاین، زاراوە، سیاسەت، ڕامان و جلوبەرگی جیاوازە! من دەسەڵاتم چییە. کوردم و باوکم پێشمەرگە بووە.
ئینجا لە بەغدا و لەناو گەڕەکێکی شیعەنشینی نزیک مەزارەکەی ئیمام موسا کازم

لەدایکبووم. ساوابووم هاتوومەتە ناو ئیران. لە کەرەج و تاران و ئێستاش لە رەزائیە زمانم بە فارسی کراوەتەوە. دەرسم بە فارسی بووە. شیعرم بە فارسی نووسیوە و خوێندیتەوە و لەبەرم کردووە.

دەمم بە تامی خواردنی ئەوان خۆش بووە، لە خواردنی بێ خوێی ئەوانیش راهاتووم!

لەو مەملەکەتە، لەو تاریکستانە، لەو رۆژە رەشەی تێیکەوتووین، نازانم خۆم بدۆزمەوە.

لەناو گێژاوێک بووین، تاڵ و شیرینیش.

لە وڵاتێک بووین، دۆست و دوژمنیش.

کە گەورەش بووم، تێگەیشتم، وڵاتەکە تەنیا هاوسێیە! فڕۆکەکانی لە شارەکانی کوردستان دەدات. کوڕەکانیان بە ماتۆرسیکل و گەردەن بە کلیل، بەرەو داگیرکردنی وڵاتەکەم هێرش دەبەن. چەک و پارەش دەدەنە حزبە کوردییەکان. پشتیوانیان دەکەن بۆ شۆرش، کوردەکانی خۆشیان لە سێدارە دەدەن، کۆمەڵکوژییان دەکەن. دەست ناپارێزن لە کوشتنی کورد، نازانم ئێمە لەو وڵاتە دۆستین یان نا!

ئەوەی بڕوام نەدەکرد من بگەڕێمەوە... بەو رۆژە سامالە جوانە، لەو بەرزاییە سەیری شارێکی گەورە بکەم. وا سەبر سەبر یادەوەری، برادەر، ژان و سۆزم تێدا دەخەملێت. هەستدەکەم چاو دەگێڕم. حەز بە سێبەری دەکەم، کۆڵان هەیە زۆرتر رامدەکێشێت. ناو هەیە دەمورووژێنێت. دەزانم سەر مێزی کام رێستورانت تامی خواردنی خۆشترە. هەموو کەبابخانەکانم تاقیکردیتەوە. دەست بە سەر دەموچاوم دادەهێنم، تۆزغوباری جارانی پێوە نەماوە.

وادەزانم کوردییەکەم باشتر بووە. دڵیشم، نازانم ئیشی دڵە، چاوە، یان شوێنی ترم، شتێکی دەوێ. بۆنێک، نیگایەک، هەست و بەڵێنێکی گەلاڵە کردووە. وادەزانم، یەکێکم پەیداکردووە، بەڕاستی و بێ شاردنەوە و فێڵکردن بایەخی پێدەدەم، گرینگە من دەمەوێ! ئەو زۆرتر منی دەوێت.

***

گەورە دەبووم، پێڵاوەکانم تەسک و گچکە دەبوون. دایکم دەیگوت ئێستا، «مانگ»یش پێیەکانی گەورە بوون. دەبێ پوورت پێڵاوی گەورەتری بۆ بکڕێت؟ گۆرەوی گەرمی لەپێ بکات؟ بەیانییان جوان قژی دابێنێت؟ من دەگریام، داوای شیرینیم دەکرد، دەگریام و بروسکێک لە ئاسمانەوە شریخەی دەهات. دەگریام، ساروخێکی عەباس

لە تارانی دەدا. دەترسـام و دەگریام زۆریش دەگریام. دایکم زۆر بەو گریانە شـپرزە دەبوو، لەناکاو ئەو دەیگوت:

بێدەنـگ کیژم، «مانگ» بۆ دەگریت! وەرە «رۆژ»، بەیەکەوە یاری بکەن!

برسـیم دەبوو، نانی بۆ من دادەنا: زەیتون، ماسـت، کونجی، شەکر، کولێرە، پەنیر، هەنگوێنی کوێسـتان سپی و نوێ بەشانەوە، دەیگوت:

دەی «مانـگ»، بەیەکـەوە لەگـەڵ «رۆژ» نانتـان بخۆن. باش بخـۆن و دوعاش بۆ باوکتان بکەن، دوایی ددانتان بشـۆرن و دوانەکەون.

لـەو چەنـد سـاڵەی نەمدەفامی، هێشـتا بچووک بووم. شـوێنی خەوتنـم گەرم بوو. بالیفەکـەم گـەورە، چراکەم رووناک، جلم زۆر و پۆشـتە و زۆریش رەنگین و مۆدێرن بـوو. قەڵەمـم نوێ. زۆر مـاچ دەکرام، میوانـەکان، دایکم، جیرانـەکان، بەڵام باوکم کەم لەوێ بوو! زۆر بۆنم لێ دەدرا، چونکە بەشـی ئەویش بەر من دەکەوت. بەتەنیا نەبووم، هەموو شت، شوێن و خوانەکانم بۆ دوو کەس بوو. خۆم و سێبەرەکەم. رۆژ و مانگ، یەکمان بە بەیانییان، ئەوی تریشـمان ئێواران: کازیوە،سـپێدە، سوبحەدەم، گزنگ، نەوشەفەق زەردپەڕ، نواڵە، تریفە بووین.

❊❊❊

بوونی ئەو خوشکە و نەبوونی خوشکەم بۆ من، بەردەوام خەم بووە. بەمنداڵی، لەبەر ئـەوەی دایکـم بەردەوام نوزەنـوزی بوو. لەگەڵ باوکم پرتەپرتـی بوو، جنێوی دەدا، تووڕە دەبوو، هەر لە خۆییەوە دەیگوت:

کێ دەڵێ ئێستا ئەو ژنە، لە هەولێر نازی «مانگ»ی کیژم دەکێشێت! جل، دەست، پەنجـە، نینـۆک و قـژی پاکوخاوێـن رادەگرێت؟ کێ دەڵێت پووری تێـر نان و ئاوی دەکات؟ دوایـی ئـەو چـی هەیە، بە چ بیژێنێت، رەنگە لە دڵەوە نەفرەتیشـی بکات، بڵێت لەبەر ئەو بوو من شـووم نەکرد.

ئەوەی سـەیری منـی کردووە، وایزانیوە بێوەژنم و منداڵێکـم هەیە، لەبەر کەزی ئەو کچە، لەبەر نازی ئەو منداڵە بیر لە پیاو ناکەمەوە. نامەوێ پیاوێک شوێنی ئەو کیژم لـێ بگرێت، ئەو لەجیاتی کیژەکە بێتە ناو باخەڵم!

باشـە ئەو ژنە بۆ دەستی کیژەکەم ناگریت و نایهێنێت. ئەوە ئێمە ناتوانین بچینەوە، نووسـینەکانی پیاوەکـەم دیارە دەخوێندرێتەوە. قەڵەمی ئـەو، لە هەموو چەکەکانی

نا حزبەکە گەرمتر و دڵسـۆزترە! مانگی رابردوو دوو خوشـک: یەکێکیان دوا سـاڵی خوێندنی پزیشکی بوو لە زانکۆی موسڵ، هاتن، رایانکردبوو. بەڵام هەموو کەرەستە، کەلوپەل و ژمارەیەک کتێبیشیان پێ بوو. هاتن، ئەلبۆمی وێنەکانیان هێنابوو، وێنەی خۆیان بە تەنوورەی کورت و قەمیسـی نیوقـۆڵ هێنابوو. هەموو خەڵک دەگاتە ئێرە و ئاسانیش دەڕۆن. دەمینێنەوە، دەژین.

ئەوە چەند ساڵە حکومەتی عیراق بە هەموو چەکێک، بە دژوارترین شێوە پەلاماری ئەو وڵاتــە دەدات، دەیەوێ خاپــووری بکات، کلیلی گەردەنی کوڕە ئیمانداره چەکدارەکان بپســێنێت. ئیســلام لــەو وڵاتە شــەرمەزار بکات. مــەلا و ئایەتولاکانی کــردوون، بە مەجــوس و ئاگرپەرســت. ئینجــا کەس رۆژێــک نەفرەتی لە ئێمە نەکــردووە! چونکە دەیانزانی ئێمە عیراقی نین، ئێمە بەعســی نین و دژایەتی دەکەین و ...

***

لە بەرزاییەکە خەیاڵ ببووم، هەموو کۆڵانە کۆنەکان، پردەکەی سەیداوە، تانکییەکەی ناو گەڕەکەکەم لێوە دیارە. لە شـوێنی شـوقەکانی ئیسـکان، تێدا رەسـووڵ گەردی لــە شــوقەیەک بەتەنیا، بەڵام ئاوەدان، بە میوانــی ژن و پیاوەوە دەژیا. لەوێ هەژدە ئەلبۆمەکەی، هەموو وێنەکانی. هەموو دەستە جلە جوانەکانی. قسە زۆر شیرینەکانی دەژیا. رۆژانە سێو و پرتەقاڵێکی بۆ کوڕە چاورەشە گەنمییەکە دادەنا، دەستنووسی شیعرەکانی بۆ دەنووسیەوە.

ســەربردەی ســێو و پرتەقاڵەکە، چەند ساڵ دەخایەنێت، هەموو دیوانە شیعرییەکانی بەو دوو میوە جوانە، بۆ دەنووســێتەوە. رەســووڵ گەردی پێش ئەوەی ماڵ و ژیان و ئەلبوم، جلەکانی بەناچاری بباتە ناو ئەو شوقەیە. لەناو خانووێکی کۆنی شارەوانی، لەنــاو جەرگەی شــار، لە گۆشــەیەکی بەرچاوی تەیــراوە، خەریکی چیمــن، ئاودان، ســڵاوکردن و میواندارییەکانی بوو. پێشوازیکردنی گەرمی کوڕە نووسەرەکە و هەموو میوانەکانی دەکرد!

بەمەرجێک پێڵاوەکانیان لەدەرەوە دابکەنن. لەگەڵ قسە خۆشە و سەربردە جوانەکانی ناو هەولێر و بەغدا، شــیعرەکانی بۆ دەنووسیەوە. ئەو لەو شوقەیەش مرد.

کە دەمرێت، ئاسمان بۆی گریا. رەش ئەسمەرەکان نەمابوون، کەزی و بسک گەورەکان دیار نەبوون، کە رەســووڵ گەردی دەمرێــت، بۆیە بارانێکی جوان زۆر بۆی دەبارێت.

شــەماڵ ســائیب، لەوێ کەســاس و نەخۆش دەژیت، لەوێ لەو شــوقانە. بە هەموو بەزمــە جوانەکانــی «جەلال بەیار» بــە قاتە جوانەکانی، ملپێچە ســوورەکەی، گوڵە گەشــەکەی، دەنگە گەورەکەی، دڵە بێگەردەکەی دەژیت! تەمەنێکی دوورودرێژ لەوێ بەڕێدەکات. بەڵام ئێستا ئەو هەوارە شڕ و کۆنە، بوون بە چەند ئاپارتمانێکی گەورە، بڵنــد، ڕەنگین و ناوی نوێی بۆ زیادکراوە.

***

# هەولێر ـ قەرەچوغ

**بەشی هەشتەم    شار و گوند**

لــە هەولێــرەوە هاتــووم، (کوڕەکەی هاتبوو بچێتــە ئەورووپا). شــەوێکیان بە ناو و ئەدرێس دەگاتە ماڵەکە. ئەو ماڵەی کیژێکیان، منداڵ بوو، دوو ساڵی تەمەنی تەواو نەکردبــوو. بەناچاری و لەتەنگاوی جێیدەهێڵن. کیژەکە لە هەولێر دەمینێتەوە. کەم کەم هەواڵی دەگاتە دایکوباوکی.

ئەوان، دەزانن ماوە و دەژیت. کیژەکە پاش کۆششێکی زۆر، دەچێتە بەر خوێندن، چونکە ناوی لە _قەید و نفووســی شــارەکەدا_ نەبوو. لە هەمووش ناخۆشــتر، نە دایکی، نە باوکی لەوێ نەبوون! بۆیەش ساڵێک لە خوێندن دوادەکەوێت، بۆ پووری، خوشــکەکەی باوکی دەبێتە هۆگری و ئاسوودەیی.

دوو خوشــکەکە جمک بوون. یەکێکیــان لەگەڵ دایکی دەڕوات، دەگاتە ئیران. ئەوی تریــان دەمینێتەوە. بەڵام خێزانەکە نازانــن کیژەکەیان لەکام گەڕەک دەژیت. نازانن ئــەوان دەناســێتەوە، یــان نــا! پلکەکەی بۆی باســکردووە، ئەو لەگەڵ خوشــکێکی جمــک بــووە، بەیەکەوە لە بەغدا لەدایکبوون. لەبەر ئــەوەی باوکی یەکێک بووە، لە سەرکردەکانی شۆرشی کورد و دەچێتەوە شاخ. ئەگەر پرسیارێکت هەیە، (بە ژنەکە دەڵێت) ئەگەر دەتەوێ دۆخی سیاســی شار بزانیت. کاردانەوەی شەڕی عیراق ئیران و بەرەکانی باشووری وڵات بزانیت! من هەمووی دەزانم و باش ئاگادارم، وەک ئەوەی ڕۆژانەکانم نووســیبێتەوە، هەر منیش نیم ڕۆژانەکانم دەنووسیەوە.

***

لــە کۆڵانەکەمــان، لەناو خانوویێکی دوو نهۆمی بە کەرپووچی دروســتکراوی ســاڵانی کۆتایــی هەفتاکانی، ناو گەڕەکەکەی ســەندیکای پیشــەوەرەکانی کشــتوکاڵ. دوور لــە خانــووە گەورەکانی گەڕەکی موفتــی، بەتایبەتی ئەو خانووەی دەرگا، حەوشــە و باخەکــەی زۆر مانــای دەگەیاند، کۆشــکێکی دیــاری ڕۆژەکــە و ناوچەکەش بوو. خاوەنەکــەی، جەستەکەشــی زۆر بە جەســتەی خەڵکەکە نەدەچوو، کەللەســەرێکی بچووک لەســەر شانوملێکی گەورە و پان و ئەســتوور دانرابوو. ئاساییە ئەگەر بڵێت ســەری، بەڵی کەللەسەری بەشێک تەواوکراوی ملی بوو، پیاوەکەی گوتبووی:

(من دەبابەم بۆ حکومەت دروستکردووە!).

پیاوەکە لەبەر ئەو قســەیە. شــەوێکیان پێشــمەرگە، تازە دانە دانە، بە مەفرەزەش بەدەردەکەوتــن، زەبریــان لــە حکومەت، جــاش و موختارەکانی ناو شــارەکە دەدا. ئەوانە، بڕوا بە راز و قســەکانی دەکەن. یان، دەیانەوێ بیترســێنن و چیتر فشەی وا نەکات. دەیگرن و جەستە گەورە قەڵەوەکەی، چەند ڕۆژێک بەپیادەیی لەگەڵ خۆیان بەو دەشتە و چیاوچۆڵە دەسووڕێنەوە.

ماندووی دەکەن، پاش ئەوەی باجێکی موستەحەقی لێ وەردەگرن، بەڕەڵای دەکەن. ئینجا ســیس، داماو و پیاوێکی بۆری ماندوو، ئێوارەیەکیان لە گوندێکی بن هەولێر، کە قەڵاتی لێوە دیار بوو، بەڕەڵای دەکەن. ئەویش بەتەنیا و ملشــۆڕ، دەگەڕێتەوە. پــاش ئەوەی ئــازادی دەکەن، لە _دائیرەی ئەمــن_، ئیفادەکەی خۆی دەدات، چی دیوە و چی بەســەرهاتووە ورد و درشــتی، ئەوەی دەیزانی دەگێڕێتەوە. ئینجا دوو ســێ ڕۆژێک لــە ماڵەوە دەمینێتــەوە، دێتە دەرەوە، بەڵام! وەک فشــەکانی جارانی لەکن خەڵکەکەش دەڵێت:

چەند ڕۆژێک لە لەندەن بووم. پیاسەیەکی خۆشم کرد. بە ڕۆژ دەخەوتم و شەوانەش، وەک شێر و پلینگ لەناو ئەو لەندەنە، وەک کوڕە تاقانەکەی شاژنەکە دەسووڕامەوە. لــە نــاو ئاپوورەی خەڵک، گوڵــزار و چیمەنــە بەرینە کەســکەکەی «هاید پارک»، لەنزیــک گۆشــەی پەیڤداری و قســەکردنی ئازادی ناو پارکەکە، منیان دەناســیەوە، دەیانگوت:

دەڵێن کۆترت بە گزۆزی لۆری برژاندووە! تۆ هەموو سەرکردەکانی جیهانی هاوچەرخت لە ماڵەکەت، لەناو خێزانەکەت، بە ناوەکانیان ئامادە و ســازکردووە!

نەیدەگوت، گیرابووم و ماندوویان کردوم، باجیان لێ ستاندووم، ئینجا بە کەفالەت، ناسیاری و دەستماچکردن، ئێوارەیەکیان، دوور بە دووری قەڵاتیان نیشاندام و بەڕەڵایانکردم: لەوێ بووم ئەوەندەی لە شەقامە دووروودرێژەکانی لەندەن پیاسەم کردووە. بە هەفتەیەک دە کیلۆ، کێشم دابەزیوە.

لاواز بووم، ئەوەندەی پیاسە بکەم و کیژۆڵەی ناسک ناسکی قژ زەرد بگەوزێنم. ڕەشەکانیش گەرم و خۆش بوون. پێستیان چەوریش بوو! بارانەکەی گەرم بوو، هەموو گیانم بە لێزمەکەی دەبووە ئاو، وەک کێشکە خۆم دادەوەشاند و یەکسەر وشک دەبوومەوە، ئەوە لەندەنە لەندەن! شاری تەمە نەک باران، بارانەکەی تەڕ نییە، تەمە!

بەڵام، لە دائیرەی ئەمنی بەرامبەر ناوەندی جهموری، ئەوانیش لەناو خانوویێکی کرێ دانیشتبوون. لەلای ئەو ئەفسەرەی زۆر شارەزای بەزم و قسە خۆشەکانی پیاوە باسک ئەستوورە سەر خڕە بچووکەکە نەبوو، گوتبووی:

ئەوانەی منیان برد دوو کەس بوون. بەرازیلییەکی شڕی تاکسییان پێ بوو. دوو کلاشینکۆف و سێ مەخزەنیان پێ بوو.

بەڵام نەمزانی ناویان چی بوو، نەمزانی سەر بە چ حزبێکن، زۆریش ناویان گۆڕیوە، ئەگەرنا من ورد و درشتی خەڵکی ئەو شارە دەناسم. خۆشیان نەناسم باوک و برا و ئامۆزایەکیان هەر دەناسم. وەک قەڵاتی هەولێر کۆن و ناسراوم، بەس ئەوەندەم دەزانی پارەیان دەویست، منیش گوتم پارەم نییە، هەموو سامان و پارەکەم لە دەرەوەیە! زۆر لەو گوندانە ماندوویان کردم، بەڵام برسی، ڕووت، بێچەک، ناکۆک بوون. چیتر نازانم!

***

ژنەکە، لەناو خانوویێکی بە کەرپووچی کۆنی سەردەمی ڕووسەکان لە گەڕەکێکی ئازەرییەکانی ڕەزائییە دەژیا، ڕۆژ نەبوو، هەفتە نەبوو، یەک دوو میوانی نەبێت. لە دەرگا دارەکەی نەدرێت:

خەڵکی ماندوو، برسی، بەڵام پیس نەبوون، چونکە کوردەکانی عیراق، کە دەهاتنە شارەکانی ناو ئیران، زوو دەچوونە حەمامی ئیرانی. لە شارەکانەوە، هەر لە ڕێگاوە دەیانزانی لەو شارانە. حەمامی پوختە، پۆشتە، گەرم و خاوێن هەیە! ژنەکە پێیان

دەڵێت:
باشـە، بـەڵام سـەرەتا سـەربردەی خۆتم بۆ بگێـڕەوە، بزانم چۆن گەیشـتی، کەی دەرچوویت!
کیژەکـەی «ڕۆژ»، گـەورە ببوو. قسـەکانی باش لەبیرمابوو، بـۆ منی دەگێڕایەوە. جوان جوان سـەربردەکەی دەگێڕایەوە، وەک ئەوەی دوێنێ کابرای میوان، قسەکانی بۆ دایکی گێڕابێتەوە.
دیـارە کوڕەکە پەرۆش بوو، زوو زوو سـەربردەی خۆی بـۆ بگێڕێتەوە تا کۆن نەبن، لەبیریـان نەکات. ورد ورد بۆی دەگێڕێتەوە:
ئێمە سێ مامۆستا لە گوندە دوورەکە. لە ناو ژوورێکی جوان و خاوێنی قوتابخانەکەمان دەماینـەوە. گوندێـک، جـوان و ڕەنگیـن وەک تابلۆیە هونەرییـەکان، وەک خەونی عاشـقەکان، ڕەنگین و تەڕ و ئاورینگ، مانگانە یەکێکمان:
بـۆ هێنانـی مەعاش، کەلوپەل، پێویسـتییەکان، لەگەڵ خەڵکـی گوندەکە دەهاتینە خوارەوە. بە دوو سـێ قۆناخ دەگەیشتینەوە هەولێر.
ـ بە چ دەهاتن؟ (ژنەکە دەپرسـێت).
ـ (مامۆسـتاکە دەڵێـت) بەپـێ، دوو چیـا و دەشـتاییەکمان دەبـڕی. لـەوێ بـە پیکەبێک دەگەیشـتینە شارۆچکەکە. لەوێش شەو دەماینەوە. بەیانییەکەی دەهاتینە شـارۆچکەکەی تر. ئینجا لـە هەولێر نزیک دەبووینەوە، پـاش نیوەڕۆیەکی درەنگ، دەوام نەدەما، دەگەیشتینەوە ماڵەوە.
لـە گوندەکـە، ڕۆژانە دوو ژەمی خواردنمان لە ماڵـەکان بوو. ڕۆژێک لە ماڵی مەلای گوندەکـە. ڕۆژێـک و دوو ڕۆژیش لە ماڵی کوێخا. یەکێکیان پێشـمەرگەی شۆڕشـی ئەیلول بوو، زۆر لە شـەڕەکانی چیاکانی شیشـار و ماکۆک بەشـداری کردبوو. لەوێ ئازایەتی هەولێرییەکانی هێزی دەشـتی هەولێری دیبوو، دەیگێڕایەوە، دەیگوت:
مامۆسـتا ک...، کە زانیم خەڵکی هەولێری، کە زانیم برایەکت لە شـۆڕش لە هێزی سـەفین بووە. لەبەر چاوم گەورە بوویت، تۆم خۆشویست.
ئەو پیاوە، خواردنی باش و خۆشـی بێ ئێمە نەدەخوارد، دەیگوت:
خواردنـم بـێ ئێوە لە گەرووی ئاودیو نابێت! سـەیری ناو لەپی دەسـتم بکە، چۆن شەقار شەقار بووە، بە دار و بەردی ئەو شاخانە هەستی تێدا نەماوە. بۆیە دەمەوێ منداڵەکانم بخوێنن.

(لەو گوندە، خەڵکەکە سوێندیان بۆ سێ مامۆستاکە دەخوارد. ناکرێ لە ژوورەکەتان ئاگر بۆ خواردن بکەنەوە. ناکرێ مەنجەڵ بخەنە سەر ئاگر. قبووڵمان نییە. هێلکە، گۆشت، نۆک، ساوەر، خوێ، روون بکڕن. ئێوە منداڵ و کەسوکاری ئێمەن، ژنەکانمان خوشک و دایکی ئێوەن، منداڵەکانمان برا و کوڕ و کیژی خۆتانە).

***

مامۆستا ک... لە دوو مامۆستاکەی تر زووتر دەهاتەوە هەولێر. چیرۆکی خۆی و سووتانی دڵە ناسکەکەی بۆ کیژەکە، هەموو خەڵکی کۆڵانەکە، خزموکەس و ناسیارەکان دەیانزانی. دەیانزانی ئەوانە، حەز لەیەکتری دەکەن، بۆ یەکتری سووتاون. لەوێش لە گوندەکەش سەربردەکەی باسکردبوو.

دووکەڵی سووتانەکەی هەڵکردبوو. ئاگرەکەی کردبووەوە. بۆیەش هەردوو مامۆستاکەش دەیانزانی ئەو کەوتووتە ناو گێژاوێکی سەختی دەردەدڵ، دەردەدڵ نەبوو، دەردێکی راستی بوو. ئەو دەیگوت:

دایکم، باوکم، دایکی کیژەکە، جیرانەکانمان، دەستەخوشکەکانی، دوکاندارەکانی سەری کۆڵانەکەمان. کوڕە سەرتاشەکەی دەیانگوت:

دایکی بەرەچەڵەک، یان داپیری ئەرمەنی بووە. بۆیەش، چاوی وەک کەلاشووشە شین و بەبریقەیە! بەڵام ژنەکە خۆی هیچی لەبیر نەبوو، (دایکی یان داپیری سەرتاشەکەی سەر کۆڵانەکەی لە شەقامە سەرەکییە بڵندتر بوو، منداڵ بووە و بۆیان گێڕابووەوە، پێیان گوتبوو:

تۆ منداڵ بوویت، کیژێکی چاو گەش، بسک گوڵەگەنم، بەڵام شڕ، ترساو و برسی. هاتوویتە ئەو شارە. لە گوندەکانی جەزیرەی بۆتان، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان، لەدوا هەناسەی مانەوەیان. لەناو شەڕە کۆمەڵکوژیی و قڕکردنی ئەرمنەکان، تۆ بەختیار بوویت و دوورخراویتەوە.

لەو قەڵاتە، لە خانووێکی گەورە، ئەوانەی پەنجەرەکانی، نەخش و نیگارەکانی دەیانڕوانییە زوورگ و چیاکان. لەوێ دەگیرسێیتەوە، گەورە دەبیت، پیرەژنێکی سەرسپی، واز لە تەشی، تەون، هونینەوە و قاوەگرتنەوە دەهێنێت. کیژەکە دەگرێتە ئامێز و گەورەی دەکات. کە دەزانێت مەمکی جوولە دەکات، چاوە شینەکانی دەبنە مایەی سەرەنجی راوچییەکانی کۆڵانەکە، خۆی دایکە قەڵاتییەکە بەشووی

دەدات، دەستی لە خەنە دەنێت و باولێک جل، موروو، خورما، قەسپ و گوێزی لەگەڵ دەنێرێت، دەیکاتە بووکێکی نازدار. ئەویش لەناو خانووێکی گەڕەکی خانەقا، چاوە موروووە شینەکانی، بۆ ژیانێکی نوێ دەکاتەوە، دەبیتە دایک و داپیرەش)، ئەو و نەوتفرۆشەکە. کۆترەکانی سەربانی مام کاوێسی بەرامبەرمان. ماڵەکەی لۆرییەکی گەورەیان هەبوو، خاوەنەکەی زوو زوو هەر بە دەست و فڵچەی خۆی بۆدییەکەی، چامڵخەکانی پێشەوەی بۆیە دەکرد. بەردەوام لۆرییەکەی بۆنی بۆیەی نوێی لێدەهات.

نەخۆشەکان، ئەوانەی بۆ دەرزی و دەرمان. ئەوانەی بۆ مامانی دەهاتنە کن دایکی کیژەکە دەیانزانی. نەخۆشەکان، دەیانزانی گەنجێکی ساخ هەیە، بەردەوام بۆ دەرمانی ماڵەکە، بۆ ئەستێرەی چاوی کیژەکەیان لە دەرگایان دەدات، بەردەوام سەرمایەتی، دەیەوێ لە ماڵەکەی ئەوان گەرم ببێتەوە.

مامۆستایەک هەیە، هەموو وانەکانی قۆناخی ناوەندی و ئامادەییش دەزانێت. مامۆستای کیمیا، بیرکاری، عەرەبی، جەبر، ئینگلیزییە، بوویتە مامۆستای کیژەکەی، کوڕەکە شەرمی نەدەکرد و دەیگوت:

بۆ با ئێوەش بزانن، مامۆستا وریا، مامۆستا شەفیق، ئێوەش بزانن، کە هاتوومەتە ئەو گوندە، کە دوورکەوتوومەتەوە لە هەولێر، لە کۆڵانەکە و دوکانەکەی باوکم لە قەیسەری، ئامۆزاکانم، من لەوێ پارچەیەک دڵم، دوو لە دەمارەکانی خوێن دابەشدەکەنە سەر جەستەم، چاوێکم، دەست و پێنج پەنجەم لەوێ لەکن کیژەکە جێهێشتووە، بەئەمانەت، بۆ ئارامی گیانی، بۆ حەوانەی لەوێ ماون، بۆیە دەبێ زوو زوو بچمەوە. من لەجیاتی ئێوە دەچمەوە هەولێر. دەچمەوە لەجیاتی ئێوە دەڕۆمە پەروەردە، ناوبازاڕ سەردانی دایکوباوک و خزمەکانتان دەکەم. لەو مانگەی ئێمە لێرەین، کام لە ئێوە، تازیە، سەرەخۆشی، نەخۆشی و رووداوێکی لێ قەوماوە، من لەجیاتی ئێوە:

دەچمە پرسەکانتان. رۆژی حەوتەمیش بێت، هەر دەچم. دەچمە نەخۆشخانەی جەمهوری، پرتەقاڵ، سێو، شەربەتی نادر، نان، سەموونیش بۆ نەخۆشەکانتان دەبەم. بەس نۆرەی خۆتانم بدەنێ بچمەوە هەولێر. دەچمە سینەمای سیروان، دوو فیلمیش تەماشا دەکەم، کە گەڕامەوە بۆتان دەگێڕمەوە.

لەبەردەم دواناوەندی گەلاوێژی کچان، سەیری تەنوورە کورتەکان، کەزییە رەشەکان،

قەمیسە سپییەکانی کیژان، دەفتەری سەر سینگ و مەمکیان دەکەم. ئەوەندەی کاتم هەبێت، ئێواران دەچمە ئۆرزدی باک. دەچمە بن قەڵات و ناو قەیسەری.

***

نیوەی نەجارەکانی قەیسەری، ئەوانەی جەنجەری هەموو جووتیارەکان، خاکەناسی هەموو کرێکارەکان، شەنەی هەموو گوندەکان، لانکی هەموو خەون و دایکەکان، بلووری میزی ناو لانکی کیژ و کوڕەکان دروست دەکەن.

نەجارەکان، خزموکەس، جیران و زاوای منن. ئەوانە داری هەموو خۆشناوەتی دەکڕن. زوو مەکینەی دارتاشین و بڕین لەناو شارەکە دادەمەزرێنن. زوو زوو بە ئاوەکەی پردێ، داریان ڕەوانەی بەغدا کردووە. دارەکانیان، بە ئاوی ڕووبارەکە گەیشتووتە بەسراش. هەر بە ئاو، قەدی دارەکان، بەڕێی لقەکانیان ڕەوانەی بازاڕەکانی هەموو عیراق کردووە. ئەو نەجارەم خۆشدەوێت کە دەڵێت:

حەفتا ساڵە، ئەو دوکانەمان هەیە. من شێست ساڵی تەمەنم لێرە بەڕێکردووە. لێرە بووین و پێشمان چۆڵ بوو، لەو مەیدانە جەنجەرمان دروست دەکرد. لەو مەیدانە، لەگەڵ بۆنی کەباب، دووکەڵەکەی، دارگەزەکانی لەبەر ئاوی بەستووره بۆمان دەهات، لێرە لەو گۆشەیە بە قیتی هەڵماندەگرت. بۆ دروستکردنی شەنەش بە ئاگرێکی نەرم و ناسک دەمانچەماندەوە. قاڵبی شەنەکەمان، لەوەتی ئەو قەیسەرییە هەیە، ئێمە بەکارمان هێناوە. باپیرم لە بابی و ئەویش دروستکردووە! قاڵبەکە، تەشوو، ڕەندەی باپیرانمان ماوە! ئەو دوکانەی قەیسەرییم لا پیرۆزە، کە خاوەنەکەی زۆرجار دەیگوت:

رادیۆیە کۆنەکەمان ماوە. جرمانەکەی لەمپەی هەبوو، گەرم دادەهات و دەکەوتە ئیشکردن. خەنجەرە کۆنەکەی باپیرانم ماوە، دەبانە ئەسلییەکە. هەموو کلکەکانی «چەکوچ» و «ماوەر» و «تەور» و «کوتک» و «شەنە» و «داس» و «چەقۆ»، کلکەکان داری بەڕوو و داری مازوو بوون.

کلکەکان، لە داری ڕەق و ساخ بوون. بۆیەش کلکەکان نەدەشکان. چەند ساڵە، لەگەڵ تەمەنی چاتییەکە، دیوارەکان، هیچ کلک و سەرێک نەهاتە ناو بازاڕەکەی قەیسەری و بتوانێت دوکانێک، بنمیچێک، کۆلانێک و دەرگایەکی ئەو قەیسەرییە کۆنەی هەولێرییان بگۆڕێت! کلکەکان دەبڕانەوە، نەیانتوانی جووتیارەکان، لە کڕینی

شـــەنەیەک بە نیو دینار بتۆرێنن، بازاڕەکەمان سارد بکەن.
نەیانتوانـــی، کەبابـــی نـــاو نەجـــاران بـــێ ماســـتاو و ڕێز و تـــام بکـــەن! نەیانتوانی، خۆشـــناوەکان زۆر بکەن لە فرۆشـــتنی چەمێک بەدارەوە. بە لق و بەقەدەوە. ئێمە دەمانکـــڕی و بازرگانییمـــان پێـــوە دەکـــرد. لەو قەیســـەرییە، کەس کلـــک نەبوو. لە بازاڕەکـــە، هەمـــوو دڵ و هەنـــاو و خوێنـــی یەکتری بوون! ڕۆژێک قەیســـەری ئاگری نەگـــرت. دوو دوکانـــی نەدزرا. دوو دیواری نێوان دوکان و قەیســـەرییەکان کونبەدەر نەکـــرا. دوو دەرگا هەڵنەتـــەکا. دوو جامـــی هەپڕون بە هەپڕون نەبوو. کەســـیش لە کاسبی ئیفلاس و مایەپووچ نەبوو!
_ چەند ڕۆژت پێ دەچێت؟ (مامۆســـتایەک زووتریش موختارەکە، پێی گوتبوو).
_ مامۆســـتا وریا، بەس دەیبینم و دەگەڕێمەوە.
_ ئەگەر نەگونجا ببیبنیت؟
_ مامۆســـتا، خێـــر بلـــێ! دەتوانم بە هەمـــوو جۆرێـــک بیبینم. بوومەتە مامۆســـتا، قوتابی، پشـــیلە، کۆتری ســـەربان، زەنگی تەلەفۆن، گۆرانییەکی «سەعدون جابر». بۆ ئەو، بومەتە کزە بایەکی فێنک. ورشەی دارەکانی ناو حەوشەکەیان. من بوومەتە دەستەخوشـــکی، شـــەو و ڕۆژ و لە قرچەی گەرما، بوومەتە قەڵەمێکی حوبر. دەفتەر ڕەســـمێکی گەورەی سپی بێخەت، بوومەتە قەشەکەیان، هەر دەیبینم!

***

مـــن دەبـــێ بچمـــەوە. تـــازە ئۆتۆمبێلێکی پۆلیســـکی نارەنجیـــم کڕیوە. بەناســـیاریی و شـــارەزایی خـــۆم و برایەکـــم لە پۆلیســـی مرور ژمێریـــارە، بەیەکەوە لـــە ژوورێک، لەتەنیشت «تایەر تۆفیق» دادەنیشێت. بەیەکەوە زۆریش برادەرن، ئەوەی برادەری مامۆستا تایەر تۆفیقیش نەبێت، بچێتە ئەو دائیرەیە، سەرێک لە ژوورەکەی دەدات، دەیەوێ لەنزیکەوە ببیبنێت!
ئینجا مۆڵەتی شـــوفێرییم وەرگرتووە. دەمەوێ بچمەوە، پیاسەیەک بە ئۆتۆمبێلەکەم بکەم.
بچمـــە مەســـیف، نـــاو خانـــووە نوێیـــەکان، گازینۆ، باڕەکـــەی تەشـــریبەکەی نایابە، ڕێســـتورانت و هوتێلە گەورەکەی سەری ڕەش.
لە نزیک خانووە بەردەکانی مەســـیف، لە یەکەم ســـوڕانەوە، لەبن دار سنۆبەرەکان،

لەتەنیشت کوشکە نارەنجییەکە ئۆتۆمبیلەکە رابگرم. بێمە خوارەوە، بیرەی فەریدەی سـارد، یەک لـەدوای یەک لە فلینەکـە دەربهێنم. هەر بە شووشـەوە فڕییان بکەم. سەیری کاروانی ئۆتۆمبێلی خەڵکی هەولێر بکەم. بووک و زاواکان ببینم. بە ئومێدی ئەوەی منیش، پاش شەوی ئەگڵەنجەکە، _باوکم مەولود ناکات_، پێمان خۆش بێت یان نا، برادەرەکانم، خزمەکانم شەوەکەی بەزمی گۆرانی ساز دەکەم. بەیانییەکەی، لەگـەڵ دڵبەرەکەم لێرە زەماوەندەکەمان بکەین.

من دەچمەوە، شـەوەکان، مانگیش دەڕوات، ئەسـتێرەکان شـەرم دەکەن، دەکەونە پەنـای هـەورە چڕەکانی رەشـۆڵە کۆدەکەنەوە. ئێـواران، رەوە رەوە سـینگی زۆر بەرینی ئاسمان دەبڕن و بڵند دەڕۆن یان دێنەوە. دەفڕن یان دەیانەوێ بۆ پشوودان و دان و گەرمایی کوورەکانی نزیک شـارەکە بنیشنەوە.

بەر لەوەی کوورەچییەکان زبڵدانەکان، بۆ گەرمکردنی کوورەکانیان بسووتێنن. ئەوان رەوە رەوە، بە دوای دان و کرم و مێرووسـتان لەسـەر قومەتە زبڵەکان دەنیشنەوە. کرم و مێروولەکان، هەسـت بە تەم و شـنەی رەوەی رەشـۆڵەکان دەکەن. هەورێکی بڵند، دڵ و چاو و هەناسـەی دوور، جیا لە هەناسـەی هەور و سروەی بەیانی شنەی سـوبحەدەم دەجولێنەوە، خشەیان دێ و دەبریسکێنەوە. هەست بەوە دەکەن، رەوە باڵندەی رەش، دەنووک تیژی وڵاتانی سارد و دەریا هاتوون. هەڵیاندەگرنەوە و بوار نادەن بسـووتێن، ناهێڵێن ببنە خۆڵەمێش و مشـکی و کز بسووتێن.

من دەچمە ماڵی دڵدارەکەم. لەگەڵ پشـیلەی ماڵێکی کۆڵانەکەمان. ئێستاش نازانم، بۆ ئەو ماڵە بەردەوام پشـیلەیان رادەگرت. پشـیلەی رەش و سـپیی چاو جوانیان هەبـوو. لەبەر ئـەوەی ماڵی کیژەکە، روویان بەرەو هەتاو بـوو. ئەوانیش وەک من، شـەیدای سەربان و بەردەرگا و هەیوانیان بوون.

شـەوانە، چـاوم تیـژ و دووربیـن و بینـەری وریا بـوون، بۆیەش منیان بە پشـیلە دەناساند. بەردەوام لە درزی دەرگا شینە ئاسنەکەیان، سمێڵ یان کلکی پشیلەیەکی لێـوە دیـار بوو. لەگـەڵ کەوێکی هەڵاتووی کوڕەکەی سـینگی خـۆی، بۆ کەوەکان کردبووە بە قەفەسێکی دار.

کۆترێکـی لایەی سـەرگەردانی پەریشـان، نازانێت لەکێ بنیشـێتەوە، شـەرمەزارە لیسـەکەی ونکـردووە، قیبلەنامەی ناو مێشـکە وریا و دانراوەکـەی فێڵ و خیانەتی کـردووە و سـەرگەردان بـووە. نازانێت لەکـێ هەڵفڕیوە. لەکێ و لەکام سـەربان و

سـێبەر هەڵنیشــتووە! (هەردوو مامۆستاکە بەدڵنیاییەوە دەیانگوت، باشە بە چاوان بەسە، تۆ ئەو مانگەش بگەڕێوە).

_ باشە مامۆستا تۆ بڕۆ!

_ سـوپاس و چیتان دەوێ داوا بکەن، هەولێرتان بۆ دەهێنم، بەس نۆرەی خۆتانم پێ بدەن!

_ بـەس بـە خـۆت وەرەوە، بێ تو ناحەوێینــەوە. (ئەو لەگەڵ مامۆسـتا، قوتابی، فەراش، کوێخا، ئامیر سـریەکە، شەوانە پێشـمەرگەکان، خەڵکی گوندەکانی تریش، ئـەوەی جێبەکەیهەبـوو، ئەوەی بـە چاوتروکانێک بارێک داری بـۆ دەهێنان، لەگەڵ هەموویان بەزمی ساز بوو).

***

کـە دەچمەوە دیسـان دەخزیمــە ناو ماڵەکەیان، ئەگەر! دایکـی زانی و منی بینی و خەریکـی نەخۆشـێک نەبوو. ئەگەر! بۆ مامانی لە ماڵێکی نزیـک تانکییەکەی چەند ڕۆژ بوو، فڕۆکە ئێرانییە ماندووەکان لێیاندابوو دوانەکەوت! ئەگەر دایکی، بە دەنگە نەرمە ناسـکەکەی، ختەی لە پشـیلەی چاوەکانم، کشـەی لە قـژی باڵی کۆترەکەم نەکرد، لە سـمێڵەکەم نەکرد، دەچمە ژوورەوە. هەموو ژوورەکانی ماڵەکە دەناسـم. هــەردوو نهۆمەکەی، دەمزانی ئەو دەسـت بە کتێب لەکـێ چاوەڕوانم دەکات. بەدیار کام پەنجـەرەی شووشـەی چوارچێـوە شـین دانیشـتووە. کیژەکە زۆرتـر منی بەو سێملەوە دەویست، ئەو دەیگوت:

ڕۆحـت، بە باڵی تیژ، باریکی ئەو سـمێڵە ناسـکە نەرمە درێـژەوە هاتوونەتەوە ناو ڕۆحم! چەقیووە، خەوتووە. سـمێڵت دەخۆم، لەبەر سمێڵتە حەز دەکەم، بەردەوام، پێش هەموو شتێک ماچم بکەیت!

_ کورتی نەکەمەوە؟ (پاش ئەوەی قسـەکانیان نەدەما، بۆ بەزم و گاڵتەکردن پێی دەگوت).

_ نا نا شـێتە، تۆم بەو سـمێڵە دەوێت. (مسـتێکی نەرمیش لە سینگە بەمووەکەی دەدا. کە بەردەوام قەمیسەکەی بەری دوو سێ قۆچپەی کرابووە). سمێڵی خۆم بوو، بـەڵام ئەو، زۆرتری خۆشدەویسـت. ئەگەر لەبەر ئەو نەبوایـە، دایکی کیژەکە، منی دەترسـاند و هەڕەشـەی لێ دەکردم، بە باوکم بڵێت، بە دایکم بڵێت. ئەگەر دایکی

لـەوێ بوایە، لـە ماڵەوە بوایە، خەریکی خاوێنکردنـەوەی جامی پەنجەرەکان بوایە، یـان بـە تەلەفۆن لەگەڵ خزمەکانی ناو موسـڵ و بەغدا، یان قەشـە خزمەکەیان لە قەرەقوش قسـەی کردبوایە، رووبەڕوو منی دەبینی. ئەوە دەمگوت هاتووم:
دەرسـی جەبر و موسلەسـلات و کیمیا بۆ کیژەکەت راڤە دەکەم. هاتووم دارِشـتنی عەرەبـی لەسـەر ئەخلاق، یان پەخشـانێک لەسـەر شـیعر و ئەدەبیاتـی «جوبران خەلیل جوبران» و تاراوگە بۆ کیژەکەت دەنووسـم. دارِشـتنێک دەنووسـم لەسـەر فەرموودەیەکی جوبران. تا بەر لە مامۆستا موسڵاوییەکەی ئەدەب و زمانی عەرەبی، ئەو بیخوێنێتەوە:
جوبرانـی لوبنانـی و ئاوارەی ئەمریکا. بە منداڵـی، دایکی بۆ ژیان دەیباتە ئەمریکا، بـەڵام لـەوێ زوو بە نەخۆشـی سـیل دەمرێت، دەبێتـە جوانەمەرگەکـەی ئەدەب و فەلسـەفە. ئەو گوتوویەتی: ناکرێ تۆ پێبکەنیت، دڵت کەڤرێکی رەق و شـاخێکی وشـک و چەمێکی تاقەتپروکێن بێت! من لەگەڵ نووسـینی دارِشـتنەکە، دەمویست بە دایکی کیژەکە بڵێم:
شـارەکە، وەک قەڵات شـانازی بە جوانییەکەی ئەو دەکات. کیژێکە لەبەر من، کەس ناناسێت. ئاگای لەکەس نەماوە. نازانێت و ناتوانێت بخوات و بخوێنێت و ... دەڵێم: دەمەوێ دارِشـتنێک بنووسـم، بە دایکـی بڵێم ناکری تۆ رۆژانـە چەندان نەخۆش و بریندار، ئەوەی لەکاتی دارتاشـی پەنجەیەکی بریوە. ئەو ژنەی ژانی زۆرە و نازێت. ئەوەی کەچەڵە و نایەوێ و شەرم دەکات، یان دەترسێت لەچەک و جەمەدانییەکەی سـەری بکاتەوە، بە کەسـی نیشـان نادات. دایکەکە ئەوانە چـاک دەکاتەوە، بەڵام دڵە زامدارەکەی من تیمار ناکات. من پیرترین و باشـترین نەخۆشـی ئەوم. بریندار. نەخۆشم. دەرمانێکی ئەو. یەک نیگای نەرمی. قسەیەکی شیرینی، وەک گفت و ماچ و راز و سـووتانەکانی کیژەکەی پیرۆزە!

***

دەچمـەوە لـەو چەند شـەوە، لەو چەنـد رۆژەی لـە هەولێر دەبم. رۆژانـە دوور بە دووری لـە رێـگای مەکتـەب، لەگەڵ کزەبایـەک، لەگەڵ باڵەفـرە و جریوە جریوەی کێشـکەیەک ئەو دەبینم. شـەوێکیان، وەک سێبەر، وەک پشـیلە (بەردەوام یەکێک لـە مامۆسـتاکانی گوندەکـە، پێیان دەگوت: تۆش دەموچاو و سـمێڵ و دەنگت، لە

میاوەمیاوی پشـیلەش نزیکە. ئەویش دەیگوت:
ئەدی من شـەوانە پێش هەمووتان، وەک پشـیلە لە دوورەوە هاتنی پێشـمەرگەکان نابینم. هەسـت بە پاسـەوانی سـەربازەکانیش دەکەم. چاوم وەک چاوی پشـیلەیە. لەبەر سـمێڵە ناسـکە نەرمەکەم و رەنگی چاوەکانم نییە پێم دەڵێن پشـیلە! لەبەر ئەوەیـە شـەوانە، زووتر و پێش خشـپە و دیتن و ژووانـی هەمووتان، لە دوورەوە و لەناو تاریکی ناو هەور و تەم و زریانیش شتەکان دەبینم)، دەچمە ژوورەکەی، لەوێ دەبمە وێنە هەڵواسـراوەکەی باوکی کیژەکە، بە دیوارەکە رەق دەبمەوە!
دەتوانـم ئـەوە بکەم! لەگەڵ دەفتەر و کتێبەکانی کیژەکەی، لەبەر من و سـووتانی دڵـی، ئاگای لە خوێندن و کتێبیش نەمابوو.
من دەبمە قەڵەم و نووسـین. ئەوەی شـەو بۆم نووسیبوو، ئەوەی لەو چەند هەفتەی رابـردوو بۆم هەڵڕشـتبوو، دێر بە دێر، لاپەڕە بە لاپەڕە بـۆی دەخوێنمەوە. تاقەتم هەیە، دەتوانم لەناو دەفتەری داڕشـتن، سی لاپەڕەییەکەی تاقەتی نەبووە بەرگیشی بکات، بۆی دەنووسمەوە.
مـن بـەو نووسـینانە دەسـتخەتم چەند خـۆش بووە، بوومەتە شـاعیر و نووسـەر. ئێسـتا مامۆستا نیم، لە گوندێکیش نازیم، مرۆڤیش نیم، کەسێکم، بونەوەرێکم بەس هەناسـەم دێ. دەبینم، هەسـتدەکەم، بەڵام نازانم چ دەبینم، هەسـت بە چ دەکەم. من کیژێکم خۆشـدەوێت کەسـی نییە، بەس دایکێکی هەیە، باوکی نییە، مامی نییە. دەڵێـن لـە دەرەوەی هەولێـر خاڵێکـی هەیە، لە شـارێکی باشـوور پوورێکی هەیە مامۆسـتای فیزیایـە، ژنێکـی چەپە، دووریش نییە لـە بزاڤێکی کۆمۆنیسـتیش کار بکات. ئەوانیش دوورن، کەسـی نییە، دایکێک و بەس، ژنێکی شـیرین، بەڵام تاڵ بۆ من. ژنێکی دەسـت و پەنجە دەرمان و هەتوان، بەڵام بۆ من دڕک و بزمارە!
من، دایکم، کۆڵانەکە، پیاوە دوکاندارەکە، مامۆستای بیرکاری کیژەکە، موختارەکەی گەڕەکەکەمان، خوداش، بەسـتەزمانی حەزرەتی مەسیحیش دڵی نەرم ناکات! زۆرتر لـە دە جاریش بە ژنەکەم گوتووە:
لەبـەر ئـەوەی تـۆ لە خاچـت داوم، بوومەتە مەسـیح و نەمزانیـوە. دەچمە هەموو کڵێسـاکانی شـارەکە. شارەکانی تر، لەسـەر ئاینی تۆ، لەبەر وێنەی مریەم و عیسا کیژەکـەت دەخـوازم. هیچ موسـلمانێک ئـەوەی نەکردووە، کەس ئاینـی بۆ کەزی، مەمـک، کیـژ و دایکێک نەگۆڕیـوە. ئەوە منم ناچارم، خۆشـم زۆر بڕوام بە ئاینیش

نییە. ئەگەر زۆریش ئیمانداریش دەبووم، هەر وام دەکرد.

***

مـن دەچمەوە هەولێـر، لەوێ هەواڵی پێشـمەرگەکان دەبەمەوە گەڕەکەکانی شـار. ناترسـم، لەکێ بترسـم. خـۆ هەموو خەڵکەکە پەرۆشـی ئەو هەواڵانـەن. هەموویان چاوەڕوانـن، گەریدەیـەک، جوامێرێـک بـەرۆژ، بەسـەعات، بەناوو بەشـوێنەوە ئەو باسـەیان بـۆ بگێڕێتەوە! لـە قاوەخانەکەی «عەبۆ»، ئەوەی دیـواری نییە تا گوێی هەبێـت. هەمووی ئاوێنە و شووشـەیە. دیوار نییە و شووشـەش کـەڕە، ئاوێنەیەکی زەلاڵە و سـافە، بێگەردە، دڵ، هەناو و ناخی یەکتری دەبینن!

لەوێ، لە گازینۆکەی باکوور. ئێوارەکەی لە گازینۆ شـەوانی هەولێر، ناو گەنجەکان، ئەوانەی هێشـتا ناویان لە زانکۆکان دەرنەچووە و ئێواران بەدیار خواردنەوەی یەک شووشـە مشـن، تەبلە دۆندرمەیەکی سێ رەنگی زۆر شـیرینی سەر بە گەزۆ، خۆیان دەخافڵێنـن، باسـی خـەون و بەرنامـەی خوێندن، ژیـان، سـەیرانی کچانی رۆژانی خوێندنـی زانکۆ دەکـەن. لەبەردەم ئۆرزدی باک. لەبن دیـوارە بەردییە درێژەکەی، بەرامبەر گومبەزە شـینەکەی مەحەکەمە، بە ناسیارەکانم دەڵێم:

لە گوندەکەمان، ئەو گوندەی تێدا مامۆسـتام، ئەوەندە خۆشـمدەوێت وادەزانم ناوکم لـەوێ بڕاوەتەوە. لەوێ عەسـرە و هێشـتا خـۆر ئاوا نەبووە، لەناو بەفر، سـەرما و تەمیش، شـەوانە پێشـمەرگەمان میوانە. پەیدا دەبن، دوو دوو، سـەرەتا یەکێکیان وەک سـمۆرە لەنـاو دارگوێزێک دەردەپەڕێـت، دێنە ناو گوندەکە، نـاو مزگەوتەکە، هەندێکیان لە دەرەوە دەمینێنەوە!

هەروەها ناترسـیم و لەناو هەولێر، بەرامبەر بازاڕەکەی سـیروان. ئێواران بە قەد دوو تەجنیـد و دوو فـەوج گەنج کۆدەبنەوە، ریز دەبن و دەیانەوێ بزانن، شـەوانە چاوی ئەو کیژانەیە! دەبنە ئەسـتێرە، دەچنە ناو سـینگی ئاسمان و دەدرەوشێنەوە، چەند ئاسـمان تاریکتر دەبێت، ئەوان جوانترن، دەڵێم:

لەو گوندە، نامەوێ ناوەکەی بڵێم، بەڵام ئەوەندە دەڵێم گوندەکە. بە چیای قەندیلەوە شانازە. لەو گوندەی، هەمووی بە باڵە سێبەرێک، بە دەنووکە هەورێک، بە زریانێکی سەرشێت ون دەبێت.

دەچێتە ناو ئەشکەوتێک و کەس نایدۆزێتەوە. ئەشکەوتەکەش تەم دەرگای دەگرێت،

وەک ئەشــکەوتی «حــەرا»ی مەکە، جاڵجاڵۆکە نەرم نەرم تەونی سەرلێشــواندن و ونکردن و شــاردنەوەی بۆ ســاز دەکات. لەوێ پاش عەسرێکی درەنگ، سەربازەکان، ئامیر فەوجەکەی ناو گوندەکە، ئامیر ســرییەکانی ســەر گردەکان، فەسیلەکانی سەر چیــا بەرزەکان، خاڵەکانی مورابات، ئەوانەی بە وڵاخی لەڕ و کەری ناڵشــکاوی چاو ئاوێنە، (کەریش دیارە جوانە) قوســعە، ئاو، فیشەک، گوللەهاوەن و نامەکانی دوور دوور دەهاتن، بەســەر رەبیە بەرزە سەختەکان دەخەن، ئەوانەی بە وڵاخ:

ئاو، نان، فیشەک، ئارد، برنج، روون، بەتانی، قوودەکانی مورەبا، نەخۆش، دەفتەری ئامادەبووان، پســولەی مۆڵەتەکان دەهێنن و دەبەن.

ئەوانە ون دەبن، ســەربازەکان، ســێ چوار ئەفسەر و هەموو نائیبەکان، عەریفەکان، خۆیان دەشــارنەوە. لە کونی تەسک و بچووکی دیواری رەبیەکانیش، نایانەوێ بزانن لەنــاو گوندەکــە چ دەگوزەرێــت. نایانەوێ گوێیان لە خشــپە، تەقە، هاتن و چوون، سەردان و کۆبوونەوەکانیش بێت.

کــوڕم ئــەو قســانە لــە دەرەوە مەگێــڕەوە! (دایکــی چەفیــە ســپییەکەی ســەری هەڵدەکێشــێت، دەچێتە ســەر دووگردەکە، بەر لەوەی نوێژەکەی دابەســتێت، پێی دەڵێت).

دایــە، لە چ بترســێم، ئەو خەڵکە هەمووی ملی لەبن چەقــۆە، رۆژگارەکە چەقۆیەکی تیژە، زۆریش تیژ!

مــن دەمەوێ لەناو هەولێر ئەوە بگێڕمەوە و بڵێم:

زۆر لــە هاوپۆلەکانــم، یەکێــک لەوانە بەیەکەوە لــە قوتابخانەی مەولــەوی گەڕەکی تەیــراوە. یەکێــک، دوو لەوانــەی لــە ناوەنــدی «زازا»ش بەیەکــەوە بووین، بەڵام! کوڕەکەی بەوە دەناسرا، لە ئینگلیزی زیرەک بوو، ئەودەمانە گۆڤارێکی بەرگ جوانی ئەدەبــی چینــی بە زمانــی ئینگلیزی لەگــەڵ کتێبەکانی دەهێنا، زۆریش لە شــیعرە ســادەکانی دەکردە کوردی، لەناو پێشــمەرگە دۆزیەوە. من ئەوانم نەدەناســییەوە، خۆیان پێچابوو، درێژ، ئەســمەر، تەنیا لە چاوەکانیان تروســکاییەکم دەبینی، لاواز بوون، ناوی خۆیان گۆڕیبوو.

کوڕەکانی سەردەمی گەمەی ناو کۆڵانەکان. قوتابییەکانی یاریکردنی باسکە، فوتبۆل، چونە ســینەمای حەمــرا و جوندیانی هاوینــی و فیلمە هیندییەکان، دەســتپەڕکردن لەسەر رانی «سوهیر رەمزی»:

ژنــە ئەکتــەرە گەرمە میســرییەکەی سەرخۆشــییان دەکرد، بە جگەرەی دەســتی و ســمتە گەورەکــەی و ئارەقــەی نێوان مەمکــە گەورەکانی، پیاوە ســمێڵ گەورەکانی شێت دەکرد.
ئەوانــەی بەیەکــەوە فیتەمــان بۆ ســینگی ســپی «نەجلا فەتحی» و «شــادیە» و ژنــە ئەکتەرە میســرییەکانی نــاو فیلمەکان لێ دەدا. ئەوانە بوون، شــەوانە دەهاتنە ناو گوندەکەمان. لەســەر قەدە باریکە شــلەکانیان، شــەش مەخزەنیان بەســتابوو. جەمەدانییەکی بازنەیی توندی خڕیان لەســەر ســەرە بچووکە پانەکانیان بەســتابوو. قســەی گەورە گەورەیان دەکرد. رســتەی گەورە زاناکانی دونیایان دەگوتەوە. قسە، هەڕەشــە و بەرنامەکانیان، زۆر لە تەمەن، دەســت، شــان، چەکەکانیان گەورەتر و گەرمتر بوو.

***

لەو ســەفەرە دەچمە کن دایکیان، پێیان دەڵێم:
بەختیــاری کوڕتــم دیوە، بەختیار بە گۆشــت و ئێســقانەوە لەنــاو جلێکی پێچراوی ســادەی بەرەواڵــەت گەرم، (ســارد، تەنــک، لووس، بێبــەر، بێ خــووری، لۆکە و قەمسەلە) لەوێ، لەو شەوەی من بینیم، کوڕەکەت ناوی هەڵمەت بوو، باش و جوان ناســیمەوە، ئەویــش لەبەر چرا کزەکە، لەبن گوێســوانە نەوییــە تەڕەکە، توند خۆی بەدیوارەکە گرتبوو، نەوەک بخزێت، منی زوو ناســییەوە.
بە دایکە رەشپۆشە تاساوەکەی (ژنێک، دایکێک، ماڵێک، ماوەیەکە کوڕە گەنجەکەیان، شــەوێکیان رۆیشــت، ترســاو، بەپەڵە لەماڵەوە دەرپەڕی، بواری ئەوەشی نەبوو، بە دایکی بڵێت مەترســە، خەمی منت نەبێت)، دەڵێم:
پلــە خەجیخ، کوڕەکەت گــەورە بووە، بوویتە فیل، هەرقەڵە! ســەربەرزانە فەرمانی دەردەکرد. بەو شــەوە، بەو تاریکە، چاوەکانی ئەستێرەی ناو هەور و تاریکی بوون. هاتنــە نــاو گوندەکە، ناو ماڵــەکان، چراکانیان کز کرد. ئەو دواکــەس نانی خوارد، پاســەوان بوو تا هەموویان نانیان خوارد.
ســاوەری دەخوارد، تفەنگەکەی هەر لەناو دەســتی بوو، هــەر بەپێوە چای گەرمی خــواردەوە، تفەنگەکــەی هەر بە ســواری لەناو دەســت بوو. یەکەم کەســیش لەناو ژوورەکــە دەرچــوو، بــەڵام، بەدڵنیاییــەوە، بــەو تاریکییــە زانیم، ئــەو دواکەس لە

گوندەکەش بەسەلامەتی دەرچوو.
کوڕەکـەت دایە گیان، هەڵمەت، بیسـت و دوو کەسـەکە لە ژێـر فەرمانی ئەو بوون. بیسـت تفەنـگ و دوو دەمانچە، سێ گوللـەی ئارپیچی و زۆرتر لە سـەد مەخزەنە فیشـەک، لەوانـە بـۆ تەنگاویی چەند دانەیەکـی گوللەی حەریقی گـڕدار بوون. دوو کتێـب، قەڵـەم، دەفتـەر، مۆر، کۆڵەپشـت، دەرمان، فڵچەی ددان و دەرمانیشـیان هەڵگرتبـوو. هەموویان حزب، ماڵ، ئازوخە، خەم و بەرنامەیان هەڵگرتبوو.
_ توخوا مامۆسـتا ک...، بە خۆت هەڵمەتت بینی؟
_ بە شـەرەفم، بە سـەری باوکم، سـوێند بـە گۆڕی بـرا جوانەمەرگەکەم، بە خۆم بینیـم. من و ئەو دوو سـاڵ لـە ناوەندی زازا بەیەکەوە بووین. لەسـەر یەک تەختە دادەنیشـتین. چەند جاریش، ڕۆژانی هەینی، ئەو، هاتووتە ناو قەیسـەری. دەهات، سـەیری دەست و پەنجەی نەجارەکانی قەیسەری دەکرد.
شەوێکیان، زۆر مایەوە، بەڵام چەند جاریش بەپەلە دەهاتن و دەڕۆیشتن، خۆم قسەم لەگەڵ کرد. ئەو زووتر منی ناسـییەوە، بە منی گوت، سـمێڵ پشـیلە دەمناسیتەوە! منیش زوو نەمناسیەوە، بەڵام کە زۆرتر هاتە بەر فانووسەکە، ناسیمەوە، بە دەنگی هەسـتم کرد، گوێم لەو دەنگە گەرمە بووە، پێم گوت:
چـۆن ناتناسـمەوە، تـۆ نەبوویت لەنـاو تاقیگەکـەی کیمیا. لەودەمانەی مامۆسـتا «پوترس»، مامۆستا دیانەکە، تێکەڵەیەکی کیمیایی دروستکرد، ڕەنگێکی نوێی لەناو لوولە شووشـەییەکە پەیداکرد. کوڕە پشـدێنە گەورەکەی ڕیزی دواوەی بندیوارەکە، هاواری کرد و گوتی هەی سیحرباز، تۆ لێی هەڵسایتەوە، لەجیاتی چاکێت. پانتۆڵ. تەباشـیرەکەی دەست و سمێڵە باریکەکەی مامۆستاکە گوتت:
عەیبە، بێدەنگ بە! ئەوە زانستە.
(بە دایکی دەڵێت، یان دڵی نایەت پێی بڵێت) ئەوان بە شەو ناخەون، بڕواش ناکەم بـە ڕۆژیـش بخـەون، چونکە بە ڕۆژیش هەر دەڕۆن و دەپرسـن. خەوتنیان وەک من لەبیرچوویتەوە، منیش ناخەوم و خەوم لێ تێکچووە. بە شەو بێدار بووم، بە ڕۆژیش کارم هەبووە و نەخەوتووم!
هەمـوو ئەندامەکانـی خێزانەکەم و برادەرەکانم دەزانن، من شـەوانە بە دیار عیشـق و چاوەڕوانـی و نووسـینی نامـە و تەلەفۆنکـردن نەدەخەوتم. فێربـووم، لە کاروانە درێژەکەی ژیانیش، یەک سـوودم لە عیشق بینیووە، چاوەڕوان بم، شەوانە نەخەوم.

بۆ خەوتن شــپرزە نەبم. لەگەڵ بێداری بەخۆشــییەوە بێ ئەوەی نیگەران بم ئاشنام، هاوڕێم! (لە عیشــق فێربووم نەخەوم، دواییش نەخەوتنی عیشق، نەخەوتنی بێداری و مانەوە و چاوەڕوانییەکانە. فێریان کردم بە شەو نەخەوم، بە شەو خۆر دەخەوێت. بەس خۆر ئەوەندە گەرم دەبێت، نەوەک بسووتێت بەشێکی پشوو دەدات و دەخەوێت و لەبەر ســێبەرێکی پان، خەوی لێ دەکەوێت، بەشــەکەی تر، ناخەوێت، ناسرەوێت، دەڕوات و رووناکی دەباتەوە بەشــە تاریکەکەی جیهان).

***

مامۆستا وریا، مامۆستا ... من دەچمەوە، کە گەڕامەوە لەگەڵ موچەی هەردووکتان. جلــی خاوێنــی نوێی ئۆتۆکــراو، مەرەکــەب و دەفتەرتان بۆ دەهێنم. کــە گەڕامەوە بەڵێــن و بێ دواکەوتن وێنەکان لە ســتۆدیۆکەی جامخانەکــەی گەورەی لەبەردەمە. خاوەنەکەی کە بێ ئیش دەبێت، شــانێکی بە دەرگاکە دەدات، جگەرە دەکێشــێت. نایــەوێ لەنــاو ژوورە تاریکەکــە، لەبەردەم رتووشــکردنی دەموچــاوی ئەفەندییەکی شــۆخ، لەدیــار ئــاکاری بــووک و زاوایــەک، دڵتەڕەکانــی وێنە دەگرن بــۆ دیاری و نازدارەکانیان، جگەرە بکێشــێت. دووکەڵ و هونەر لەیەک دوورن!
لەو ســتۆدیۆیە دەشۆمەوە. ســتۆدیۆکەی وێنەیەکی گەورەی مامۆستا تایەر تۆفیق و یەحیا مەرجانی بە قەڵەم رەنگکردووە، لەناو چوارچێوەی زێڕینی داناون. ســێ دانە لە فیلمە رەشوســپییەکە بە پارەی خۆم دەشۆمەوە، بۆ هەرسێکمان. چەند دانەیەک دەدەینــە برادەرەکانــی گونــدی. دانەیەکیش بــۆ ئامیر فەوجەکــەش دادەنێم. ئەوم خۆشــدەوێت، ئەفسەرێکی ناسکە، بەس بڕوای بە چەک و سەربازی نییە.
لەبەر ناوی عەشــیرەت و بنەماڵەکەیان بووە بە ئەفســەر. ئازاری زۆری چێشــتووە، لەلای من سوێندی خواردووە زۆر حەزی کردووە بچێتە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان. ئەو شانۆی گریک و رۆمانەکانی دەناسی. ئەو دەیزانی، تا رادەیەک دەیزانی شانۆی هیچگەرایــی چییە. ســەیرە، ئەفســەرێک لەســەر چیایەکی بەرز، ئامیــر فەوج بێت و شــانۆنامەکانی شکســپیری خوێندبێتــەوە، شــارەزای بریخت بێــت. ئەو لەکن من گوتوویەتی:
دەزانی بۆ منیان وەک باز و پارچە هەورێک، تەمێکی ســپی، وەک عەگاڵێکی بێگانە فڕێداوەتە سەر ئەو چیایە بەرزە!؟ سەر ئەو مانگە دوورە زەردە ماندووە! ئەو بێژنگە

زەوییە ترسـناکە؟ منیان فڕیداوە چونکە لەگەڵ بنەماڵە سەدام دۆستایەتیمان نییە. باوکـم، مامەکانم شـەرم دەکەن، سـەردانیان بکەن، بۆیە کەیفیان بـە بنەماڵەکەی ئێمە نایەت. لەگەڵ ئەو بنەماڵەیە، خزمین، نزیکین، باخچە و شـینایی گوندەکانمان بەیـەک جۆگـە ئاودەدەین، تەجنیدمان یەکە، نفووسـمان یەکە، مامۆسـتاکەی من، بەڕیوەبەرەکەمان زووتر لە گوندەکەی سەدام بووە، لەگەڵ براکانی بەیەکەوە لەیەک مەکتەب بووە.

ئەوان بەئەنقەست منیان فڕیداوەتە ئەو گوندە دوورە، چونکە لێم دەترسن. دەیانەوێ بە کوردان بە کوشـتنم بدەن. ئەگەر خەڵکەکـەی تر، خزمەکانم، گەنجی گوندەکانی تـر، ئەوانـەی لەگەڵ من بوونەتە ئەفسـەر. لە دەرەوەی وڵات، لە کونسـڵخانەکانی دەرەوە خۆیان و ژنە نەخوێندەوارەکانیان ژیانی خۆش بەسـەردەبەن.

لـە تەجنیدەکانـی پارێزگاکان ئەفسـەری ئەفەندی خاوێنن، بێجگە لـە موچەکانیان هەمـوو جـۆرە بەرتیلێـک وەردەگرن. منیـان فڕێداوەتە سـەر ئەو چیایـە، ناو ئەو خەڵکەی بەردەوام دەترسـن، دەترسـن لە: شـەڕ، لە بەفر، لە سـەرما، لە شـەو، لـە ئاسـمانیش دەترسـن. منیان نـاردووە تا بە کوشـتنم دووسـەرە قازانج بکەن. بنەماڵەکـەم بکەنـە دوژمنی کوردان. منیان ناردووە تا شـەوانە بەترسـەوە بخەوم، رۆژانە گومانم لەناو پشـدێن، پەنادار، بن بەرد و سـەرکانییەکان بێت.

ـ کاکـە ک...، دڵـم نایەت ئەگەرنا دەڵێم پاش دەوامـەکان وەرە لام، ژووری خۆم هەیە، خواردن زۆرە، من تۆم خۆشـدەوێت! (ئامیر فەوجە گەنجەکە دەڵێت).

ـ منیـش تۆم خۆشـدەوێت، ناتوانـم دۆخەکە ئاڵۆزە! (نایەوێ پێی بڵێت شـەوانە پێشـمەرگە دێنـە نـاو گوندەکە. ئەگەر یەک دوو کەس هەواڵ بۆ ئێوە بهێنن، سـەد کەس هەواڵ بۆ پێشـمەرگە، شاخ، شەو، ترس و گومانیش دەبات).

***

دانەیـەک لـەو وێنانـە دەدەمە ئەو ئامیـر فەوجە دامـاوەی موختارەکەی قسـەیان بـۆ دەبات. لە ئەفسـەرەکەی ئیسـتخبارات دەترسـێت، منی خۆشـدەوێت. خەڵکی گوندەکەی خۆشـدەوێت، بەڵام دەترسا، حەقی بوو، شـوێنەکە ترسناک بوو. هێشتا دووکەڵـی شـەڕەکان و برینـی نسـکۆکە بەزەقـی دیار بـوو. بۆیەش، بـە پەنجە و بەردەوام رۆژی مۆڵەتەکەی دەژمارد، بیسـت و هەشـت رۆژەکەی دەوامی پێ تەواو

نەدەبوو. ئەفسـەرەکە، ئەگەر مامۆسـتاکە، موختاری گوندەکە، شوفێری جێبەکەش کە زۆر برادەری بوون. بە ناو و ناسیاری سۆراخی بکەن، بەدڵنیاییەوە پاش ئەوەی حکومەت پەلاماری سنوورەکان و ناو ئێران دەدات، قادسیەیەک دادەتاشێت. گریاو و خەمبار، لەناو لیستی کوژراوەکانی قادسیە بیدۆزنەوە! دەکوژێت، چی بکات دەیەوێ فیرار بکات، دەیەوێ نەکوژرێت:

پاش شـەش مانگ، لەگەڵ برایەکی، ژنەکـەی، مامێکی دێتە ناو ئۆردوگاکە. میوانی موختارەکە دەبێت. سـەردانی پیاوەکەی لە شـەڕەکانی شیشـار و ماکۆک بەشـدار ببوو، پێیان دەڵێت:

هاتـووم! ئـەوە ژن و منـداڵ و سـەروەتم! ئـەوە نەجمـە و جلـە سـەربازییەکانم، عەشـیرەتەکەم! ئـەوە سـەری کۆتم! پێی بێ نەعلَم، بەس دەربـازم بکەن، ئاودیوم بکـەن، بگەڕێمـەوە دەکوژرێـم، دەگیرێم وەک ترسـنۆک گوللەبـاران دەکرێم، کاکە هاتووم و ناگەڕێمەوە!

بەڵام! موختارەکە. برادەرەکانی. ئەوانەی ماڵیان لەناو کۆلانێکی چلپاوی ئۆردوگایەکی خۆڵەمێشـی بوو. قاچاخی هەموو کاڵا و قەدەغەکراوەکانی تێدا دەکرا. ئۆردوگاکەی بە بیسـت رۆژ، حکومەت، بۆ کۆکردنەوە و داگرتنی گوندەکانی سەرسـنوور دروستی دەکات، چڵکاوەکـە، خەمە گەورەکـە، دەبێتە زیندانێکی گەورە، بەڵام کون و درز و قاچاخی هەر هەبوو.

لـەوێ ئەفسـەرەکە، بـە هەموو هیـوا و بەرنامەکـەی دەنێرێنەوە ماڵـەوە، ئەویش دەبوایە بچێتەوە بەرەکانی شـەڕە خوێناوییەکەی باشوور، چونکە:

خەڵکی ئۆردوگاکە دەترسـان، خزمەکانی ئەفسـەرەکە بگەڕێنەوە و بڵێن، ئاسـاییە بەعـس ناچاریـان دەکات، ئەگـەر بزانـن کوڕەکەیـان فیراری کردووە، قسـە بکەن: ئەوانیش جوان و ورد دەڵێن و دەنووسـن و دان بەوەدادەنێن:

پـاش ئـەوەی کوڕەکەمـان بـە مۆڵەت لـە بەرەکانـی شـەڕ دەگەڕێتـەوە ماڵەوە. ئەفسـەرەکەی ئامیر فەوج بوو، بەرپرسـی ئیسـتخباراتی فەوجەکەش بوو، دەترسـا بگەڕێتـەوە بکوژرێـت! بۆیە ئەوان سـواردەبن و دەچنە ئۆردوگاکـە، دیاری دەبەن، دەخیلـی کوردەکان دەبن، داوایان لێدەکەن و دەپاڕێنەوە.

چونکە هاتبوو نەگەڕێتەوە، پارەی باشی بۆ رێگا دوورەکە هەڵگرتبوو. زووتر خۆی، ژنەکـەی، دوو کیـژە منداڵەکەی پاسـپۆرتیان هەبوو، دەگەنـە ئۆردوگاکە، خانووە

ئەوییە قووڕە تاساو و خەمناکەکە، بەڵام لەوێ ئەفسەرەکە دەنێرنەوە. (دیارە بەعس بزانێت کوردێک ئەفسەرێکی ئیستخبارات ئاودیو کردبێت، چارەنووسیان بە چ دەگات!) بۆیە پیاوەکەی ماڵی لەناو چڵکاوەکەی ئۆردوگاکە بوو، پێیان دەڵێت: ببوورە ناتوانین، سنوورەکان تەڵبەندە، شاخەکان تەختکراوە، قیرتاوە و رووناکە! ناکرێ ئاودیوت بکەین! بگەڕێنەوە جارێکی تر، جارێ ناکرێ!

***

ژیانی مامۆستا ک... و گوندەکە، ئەو گوندەی تێدا دادەمەزرێت، رۆژانەی ئامیر فەوج و عیشقە پیرۆزەکەی بەردەوام نابێت. چیتر بە ئۆتۆمبێلە پۆلیسکییەکەی ناچێتە ناو خانووەکانی مەسیف. لە ئۆرزدییەکەی دیاری ناکڕێت. شەوانە بەسەرخۆشی لە لۆفەکانی مەسیف دانابەزێت. لەساڵی سێیەمی مامۆستایەتی وەک سەربازی ئیحتیات بانگ دەکرێت، دێوی عەسکەری و مەترسی بوونی بە سەرباز، لەو تەمەنە ئەویش دەگرێتەوە.
حکومەتەکە، رژێمەکە هەموو پیاوە گەنجەکان دەکاتە سەرباز. تفەنگ و رەشاش و تۆپی ناو دەبابەکان و لاسلکی، دەداتە هەموو دەستە بەمووە توندەکان، هەموو سمێڵە درەکان و پیاوەکانی تازە دەیانویست بژین. ئەویش «ک...» ناوی دێت، دەچێتە مەرکەز تەدریبی کەرکوک. لەوێش بۆ جەلولا، لەو سەربازگەیە خولێکی بەپەلەی دەبابە دەبینێت. بە سێ هەفتە فێریان دەکەن، دەبابە لێبخوڕن، تۆپ بتەقێنن، نەخشەکانی بۆردومان بناسن!
یەکێکیان پۆستاڵەکەی لەپێ کردبوو، سەیری برینی گرتنی پۆستاڵەکەی، زامداربوونی گۆزینگی دەکرد و سەری بادەدا. نەرم نەرم، دەستی لە قەتماغەی برینەکە دەدا. بە نوزەیەک، بە دەنگێکی نەرم سێ چوار کەس گوێیان لێبوو، دەیگوت:
باوکم بە سێ چوار مانگیش، هەر فێر نەبوو ئۆتۆمبێلی لادا لێبخوڕێت. دەیانەوێ ئێمە بە سێ هەفتە، فێری دەبابە لێخوڕین، تۆپهاوێشتن، روانگە، نەخشە، دۆشکە تەقاندن و تەیارەشکێنی ببین! توخوا دەپرسم، ئەوە راستە؟!
یەکێکی تر لە سەربازەکان، بەدیار لەتێکی شکاوی ئاوێنەیەک، لە ترسی نائیب عەریفەکەیان، ریشی بە ئاوی سارد دەتاشی. گوپە پفدراوەکەی چەپی روومەتی فش دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت قسەکەی لە دەم دەربچێت:

(دەیانەوێ بە کوشتنمان بدەن! ناو دەبابە کوورخانە! نەشکوژرێن بە دووکەڵ و گەرمییەکەی دەمرین).
یەکێکیان لەسەر یاتاخە بەستراوەکەی بە پۆستاڵەوە دانیشتبوو، بە سەربازە باریکەکەی تەنیشتی دەگوت:
(منیش زۆر بیر لەوە دەکەمەوە، بزانە لەو چەند رۆژەی مەشقیان پێ دەکردین. ناو دەبابەمان لێ بیووە جەهەنەم، گەرم، تەسک، ناڕەحەت، تاریک، بەترس و سامناک، ئەدی ئەگەر بچینە بەرەکانی شەڕ، لەکاتی بۆردومان و هێرش بەڕاستی دەبێتە لێمان جەهەنەم).
سەربازە عەرەبەکەی حەزی دەکرد، زۆرتر لەکن سەربازە کوردەکان بژیت و بخوات و بخەوێت. بێجگە لە وشە عەرەبییەکانی ناو قسەکان، لە هیچی تر حاڵی نەدەبوو، بەڵام دەیزانی:
ئەو سەربازە کوردانە، پاش تەواوکردنی مەشقەکانیان، نیوەیان فیرار دەکەن. هیچ بڕوایان بەو شەڕە نییە. چونکە وا لێرە هەفتانە دوو دوو، سێ سێ پێنجشەمموان دادەبەزن و ناگەڕێنەوە. نەخۆش دەکەون و ون دەبن. ئێواران دادەبەزن و شەوانە ناگەڕێنەوە. هەیە دەڕوا و دوو سێ رۆژ پەشیمان دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە و بەتانی و کەلوپەلەکانی لەکن برادەرەکانی وەردەگرێتەوە، بیانووی دواکەوتنەکەی و نەهاتنەوەکەی بۆ مردنی دایکی دەگێڕێتەوە، یان باوکە مردووەکەی دووبارە دەمرێنێت، یان دەڵێت:
ـ گەڕامەوە، عەرەبیم نەدەزانی و نەمزانی بێمەوە، مەعسکەر و قاعەکەم نەدۆزیەوە! (قسەی دەکرد، وەک ئەوەی هەموو بڕوای پێ دەکەن).

***

ئەوان چوار چوار، سەربازێکی کورد، دوو سەربازی عەرەبی شیعە، سەربازێکی عەرەبی سونەی ناوەڕاستی عیراق، وەک تیم و ژمارەی ناو دەبابەکان دادەنێن. لەناو تانکی تی ٦٢، سۆڤیەتییە کۆنەکەی لەساڵی ١٩٦١ وەک چەکێکی بۆمبهاوێژی گوللەنەبڕی هێرشکردن، بەرگری و تەیارەشکێن و پشتیوانی لەناو سوپاکە دادەنێن. سەربازەکان هەموویان دەرچووی ئامادەیی، پەیمانگە و کۆلێژەکانیش بوون. بەستەزمانەکان بە زووترین کات، بەپەلە خولەکەیان تەواو دەکەن. دایاندەنێن،

یەکێکیـــان دەبابەکــە لــێ بخورێــت، دوو لەوانە تۆپهاوێـــژ، دۆشــکەهاوێژ و هاوکار، چوارەمیان دەبێتە بەرپرسی دەستەکە.

چـــوار ســـەربازەکە، دەچنە نـــاو دەبابە چڵ تەنییەکــە. یەکێکیان، یـــان رەنگە هەر چواریان بیریان لەوە کردبێتەوە، چل تەن ئاگر بگرێت، دەبێتە چ دۆزەخێک، دەبێتە بورکانێکـــی گڕگرتـــوو بۆ چوار ســـەربازەکە. بەیـــەک دوو خولەک گیـــان و خەونیان دەســـووتێنێت. هەر بە تەقەمەنییەکەی ناوی، بە بارودەکەی، بە تفەنگە سووکەکان، بـــە گوللە تۆپەکان، بە نارنجۆکەکانی دەســـتیان بێ ئـــەوەی بزمارەکە هەڵبپچڕن، بە دڵە گەرمە عاشقەکانیان دەبنە خەلووز.

بۆیـــەش، یەکەم کەس لەو چوار ســـەربازە، مامۆســـتا ک... (لەوێ ناوی ســـەربازی ئیحتیاتـــی تانـــک بـــوو)، کـــوڕە گەنجەکەی عیشـــق نائومێدی کردبـــوو. ئەوەی بەس لە گوندە سەرسنوورەکە، لە باوەشـــی چیا سەرکەشە کوێســـتانییەکە ئارام دەبوو. ئەگەرنا لەوەتی کیژەکەی کۆڵانی خۆیانی ناســـیووە، شـــەیدای یەکتری بوون، یەک، دوو، چـــوار کۆســـپ و بەربەســـت، زۆرتریـــش لـــە پێش عەشـــق و دڵە ناســـکەکەیان دانرابوو، شادی نەدیبوو. ویستی لەناو ئەو تانکە پۆلاپۆشە، ئەو تەنە ئاسنە خاکییە بە زنجیرە نەمرێت.

ــ چۆن فیرار دەکەیت، ئەدی ماڵەوەتان، موچەکەت، دوارۆژت. (سەربازە عەرەبەکە پێی دەڵێت).

ــ کوردستان جیاوازە! (زۆر بەدڵنیاییەوە پێی دەڵیت، سەربازەکەی بەشی ئینگلیزی تـــەواو کردبـــوو، ماڵی لە قەزایەکی دیوانیە بوو، ســـەد جار خۆزگە دەخوازێت لەگەڵ ئەو بڕوات، لەو جەهەنەمە بۆ کافرێکی وەک ســـەدام نەســـووتێت و نەکوژرێت).

ئەو لە دەرەوە، بە جلی مەدەنی و خاوێن و موچەخۆری بە دڵێکی ناسکی پەپوولەیی ســـووتابوو. لێرەش چۆن بەرگەی ئەو تەقینەوەیە دەگرێت. چۆن دەتوانێت بەرگەی تەقینـــەوەی تانکێکی پڕ زەخیرە و بارود بگرێت؟

***

بۆیە سەربازەکەمان بڕیار دەدات، بەر لەوەی تانکەکەیان بکەوێتە بەر ئاگری فڕۆکە، دەبابە و تۆپە وردبینەکانی ســـوپای ئیران، پســـولە بەتاڵەکەی گیرفانی بۆ راکردن و دەربازبـــوون پـــڕ بکاتەوە. لە شـــەوێکی تاریک، لەناو زەلکاو و کارەســـاتی مەزنی

کوشـــتنی مرۆڤی شـــەڕە دژوارەکەی پاش جەنگی دووەمی جیهان، شـــەڕی ســـونە و شیعەی عیراق و ئیران، شەری چەکفرۆش و شەڕی نابەرامبەر و شەڕی لەجیاتی زۆر لە ولاتان، ســـەرمایە، پانخوازی، کەللەرەقی، گەمژەیی رابکات.
لە شەڕێکی دژوار، بۆ شکاندنی هێرشەکانی ئیران بۆ گرتنەوەی خورمشهر، ئەفسەرە پلەدارەکەی زانیاری و پشکنینی و دیارکردنی خاڵ و شوێنەکانی بنکەی فڕۆکەوانی. بەپەڵـــە، بروســـکە دەکات بـــۆ ســـەرکردایەتی فەیلەقـــی دوو و ســـێی ســـوپا. بـــۆ بەرپەرچدانـــەوەی ئەگـــەری هێرش و تەنگاوی، هەســـتی بە هاتنـــی پۆلێکی گەورە، پان و بەرینی تانکی ئیرانییەکان کردبوو، داوای هەڵســـانی ژمارەیەک فڕۆکەی میک، یان ســـۆخۆ دەکات، هەڵســـانی جۆری دووەم، واتە هەڵسان و فڕین و بۆردمانی بلەز و تەنـــگاوی، بۆیـــە دەخوازێت بەپەڵە هەڵبســـتن و بوردومانی تانکـــەکان بکەن. ئەو زووتر، وەک ئەرکی ســـەربازی خۆی، شـــوێن، پێگە و دیواری بەرگرییەکانی هەردوو فەیلەقی دوو و ســـێیەمی لە بەرەکە لەســـەر نەخشەی بەردەستی دیار کردبوو.
عەمیدەکـــە، لـــە رۆژ و ئاهەنگـــی دامەزراندنـــی ســـوپای عیراقی لە شەشـــی کانوونی دووەم، رۆژی خواردنی حەلوا و شیرینی یادەکە و بەرزکردنەوەی پلەی ئەفسەرەکان. بروســـکەیەک دەکات بۆ سەرکردایەتی ئاسمانی فڕۆکەوانەی.
بۆ هەڵســـانی بەپەڵە و کوتانی بەرەی ئیرانییەکان. ئەوانیش، یەکســـەر بۆ هێرش و هەڵسانی جۆری یەکەمی هێرشی ئاسمانی بلەز، فەرمان بە پیلۆتی فڕۆکەکان دەکەن، بەپەڵە موشەک بار بکەن و زەبرە ئاسمانییەکانیان بەڕووی تانکە ئیرانییەکانی بەرەو بنکەکان پێشـــڕەوی دەکەن بوەشـــێنن. یەکێک لە بەرپرسی پیلۆتەکان دەپرسێت:
ـ گـــەورەم، چـــۆن تانکەکان لەیەکتـــری جیابکەینەوە! دیـــارە گۆڕەپانەکە بە تانکی هەردوولا داپۆشراوە؟
ئەویـــش، عەمیدەکـــەی یەکەم رۆژ بوو، لەیادی جەژنی دامەزراندنی ســـوپای عیراقی نەجمەیەکـــی تـــری وەرگرتبوو. زۆریش دڵی بەو نەجمـــە نوێیە خۆش بوو. نەیدەزانی شەڕەکە درێژ دەبێت، لەبەر پرشنگی نەجمەکەش پشوو نادات. ئەگەرچی لەبەر هەواڵ و دڵنیابوون لە هێرش و شـــەڕە گەرمەکە، نیازی ئیرانییەکان بۆ گرتنەوەی کەلاوەی شـــاری خورمشهر، نەیتوانی ئاهەنگێکی خنجیلانە لە یانە و بەهوی ئەفسەرەکانی ناو لیواکەیان لە شار ساز بکات.
لـــە وەڵامدا پێی دەڵێت و فەرمان دەکات:

ـ تانکەکانی ئێران روویان بەرەو خۆرهەڵاتە. تانکەکانی ئێمەش روویان لە خۆرئاوایە! واتە رووبەڕووی فڕین و هێڵی فڕۆکەکانتان دەبێت. بەو فەرمانە، بەو داوایە بلەزە. چواردە فڕۆکەی مێک بەرەو رەتلی دبابە ئێرانییەکان هەڵدەستن. شەڕەکە لەسەر زەوی و لەسەر ئاسمان گەرم دەبێت. فڕۆکە مێکەکان زەبری کوشندە لە تانکە زۆرەکانی ئێران دەدەن. تانکە ئێرانییەکان زەبری زۆر لە تانکەکانی بەرامبەریان دەدەن.

***

لە شەڕێکی چوار رۆژی خوێناوی، زیانی هەردوولا زۆر دەبێت. ئاسمان بێدەنگ، کپ و خاکیش بۆنی دووکەڵ، خوێن و شکان و زامی لێ دەهات. دبابەکان کۆدەکرێنەوە، بریندارەکان هەڵدەگیرێنەوە، برینەکان تیماری سەرەتاییان بۆ دەکەن، کوژراوەکان ناونووس، ئەژمار دەکرێن، تانکە شکاوەکان دادەپۆشن، سەنگەرەکان بڵندتر و رەبیەکان قووڵتر دەکەن.

لەگەڵ شکانی ئێرانییەکانیش، نائومێدییەکی گەورەی ترسناک لەو شەڕە هەموو سوپاکە دەگرێتەوە. دیاردەکان نیشانە بەوە دەدەن، ئێران هێزی هەیە و پێداگری لە هێرشەکان دەکات. دەیەوێ سەرەتا بە خوێن و دوایی بە ئاگر شارەکانی رۆژان، هەفتە، مانگ، ساڵی یەکەمی هێرش و پەلامارەکەی سوپای عیراقی گیرابوون، بە هەر نرخێک بێت بگرنەوە.

***

لەناو دەبابە شکاوەکان، ک... دەربازی دەبێت. رۆژە رەشەکە، شەوە رووناکەکان، ئاگرە گەورەکان، ترسە تۆقێنەرە سامناکەکە، شەڕە دۆڕاوەکە، سوپا بەزیوەکە باش و لەنزیکەوە دەبینێت. لەو درزە باریکە، لەو هەورازە سەختە، نشێوە هەڵدێرە. هەڵدێرە ترسناکە، لەناو مەچەک و ئاگری تیمی کوشتنی هەڵاتووەکان دەربازی دەبێت:

ئەو خۆی دەکاتە مردوو، یان بریندارێکی شڕی نیوەمردوو! یان نەخۆشێکی سەخت. یان شوفێری ئەمبولانسێکی چاوەڕوان. یان لەگەڵ شوفێرێکی شوفڵی کوردی رێگاوبانی هەولێر. یان رەنگە ئەوەیان لە هەموویان راستر بووە، ئەو زوو گوتبووی: ئێمە بەڕەچەڵەک، لەوەتی دار و بزمار لە هەولێر پەیدا بووە، نەجار بووین،

نەجاریش دەمینێینەوە. من شـارەزای دار و بزمارم، پەنجەم مشار و نینۆکم بزمارە، بۆیـە بـۆ کوتان، دانان، ریزکـردن و تەواوکردنـی دارەمەیتەکان، دەبێتە وەسـتا و نەجارە حەبیبەکە، بۆ دروسـتکردنی تابوتە ترسناکەکان.

ئـەو دەبەنـە بنکەی پشـتەوەی بەرەکە، دەیبەنە ناو مردووەکان، سـواری دەکەن و دەیبەنە ناو کەللەسـەر، قاچ و سـکی هەڵزراو و ئێسقانی شکاو. تا لەناو مردووەکان و قەسـابخانەکە. لە مەیدانی پشتەوەی نەخۆشـخانە سەربازییەکە، لەناو کۆنە زیل، کەرتـە دەبابـە و ئیڤا شـکاوەکان بزمارێژییان بۆ بکات. هەزارەها مەتر داری سـپی نوێی هاوردەکراوی سـویدی و نەرویژی بکەنە دارەمەیت.

لەو ئارامبوونەوەیە، لەپاش بۆردومان و سووتانە گەورەکە، ئاسمان لە هەموو کەس شـاهیدی زۆرتری بۆ شەڕە سەختەکە دەدا، ئەو بانگ دەکەن:

کاکە، وەرە، تۆ واز لە دەبابەی ئاسن و پۆلا بهێنە. دەست لە لوولەی تۆپ و میلی تفەنـگ هەڵگـرە. پێویسـتمان بە تۆیە، وەرە تابوتمان بۆ دروسـت بکـە، بزمارمان لەجیاتـی باسـک، پەنجـە و لاق بـۆ لەیەکتری بـدە، تەختە داری نوێی سـپی ئەو مەیدانە، ئەو حەوشەیە بکە بە دارەمەیت. وەرە کاکە نەجارەکە، جومگەکان شکاون، دەسـتەکان پەڕیـون، پەنجەکان بـڕاون، تۆ حەبیبی نەجار وەرە، ئەو ئیشـەمان بۆ بکەن!

ـــ بە سـەرچاو فەرمانتە گەورەم. (بە ئامیر لیواکەی کڵاوە سـوورەکەی لەتەنیشـت دارە بەرەونەقە کورتەکەی دەستی، لەسەر مێزەکەی بەرامبەری دانابوو دەڵێت. بەر لەوەی بڕواتە دەرەوە و سەڵامی عەسکەری بۆ بکات. سەیرێکی دوو پاکێتە رۆسمنە سـوورەکەی تەنیشت تەلەفۆنە سەربازییە پانە خاکییەکە دەکات.

بیریش لەوە دەکاتەوە یەکێک بدۆزێتەوە لە حانوتی ئەفسەران چەند پاکێت رۆسمنی بـۆ بکڕێـت). ئەو لە مردنی خۆی دەترسـا، لە ژیانی ناو سـەرباز و دەبابەکان بێزار بـوو، ئینجـا بێت پیشـەی باپیر و باب و برا گەورەکـەی و ئامۆزاکانی، نەجارەکانی ناو قەیسەری بۆ دروستکردنی تابوت تەرخان بکات. قبووڵی نەکردووە، نەیویستووە ببێتە نەجاری دارەمەیت، دارەمەیتی تەرمەکان، ئەو تەرمانەی بە گەڕانەوەیان، ماڵ، خێزان، ژن و منداڵ، گەڕەک وێران و پەریشـان دەکەن.

***

ئـەوان، نەجارەکانی کۆڵانەکانی قەیسـەری هەولێر نزیکەی هەشـتا سـاڵە: لانک بۆ ژیان. شـەنە بۆ دانەوێڵە. داس بۆ دوورنە. پەنجەرە بۆ ژووان و کۆترەکانی پەیامی عیشـق دەبەن دروست دەکەن! ئێسـتا ئەو بێت دەستی بکاتە مشار، بزمار، رەندە، چەکـوچ، فیتـە، بڕین و کوتان بۆ دروسـتکردنی دارەمەیت! ئەوە ناکات، خیانەت لە پیشەی ناو قەیسەرییەکەیان ناکات.

درۆ لەگـەڵ سـوێندیان لەگەڵ دار و بزمار ناکات! ئەو ئیشـە نـاکات و کارەکە پێ پەسـند نابێت، ناچێتە عەقڵی. بە بیانووی ئەو کارە، یان بە فێڵێک ک...ی نەجار دەربازی دەبێت. لە دووکەڵەکە دووردەکەوێتەوە. لە مردن نزیک دەبێتەوە تا بژیت. لـە دڵبەرەکەی نزیک دەبێتەوە و بەرەو هەولێر دەڕوات!

لـەو شـەڕە دەربازی دەبێت. دواییش لە شـەڕە گـەورە گەرمەکەی نێـوان عەقڵ و دڵی سـەردەکەوێت. بە قسـەی عەقڵی دەکات، دووبارە بڕیاری دەرچوونی دەدات و دەڕوات. قەناعەتـی تـەواو بەوە دەهێنێت، دۆخەکە، شـەڕەکە، مەیدانەکە درۆیەکە، تەنیـا قازانجی ئەوی تێدا نییە، دەڕوات!

ک... بەیەک شـەو دەگاتەوە ماڵەوە. تاکسـییەکە رادەگرێت، دەنگی تەقەی دەرگای تاکسـییەکە، بزمارەکانـی ژێرەوەی پۆسـتاڵەکەی، دەگاتە ژوورەکانـی ماڵەکەیان، دەگاتـە دڵ، چـاو وهەناسـەی دایکە داماوەکـەی، باوکە نەخۆشـەکەی. لە دەرگای ماڵەوەیـان دەدات. بە دەسـتێکی لەرزۆکی ترسـاوی ماندوو، لـە دەرگایەک دەدات پۆلیسـکییەکەی تێدا لـە گەراجەکە راگیراوە. دڵی دایکەکە، براکانی، خوشـکەکانی زۆریان بیستووە.

شـەوانە بەرەبەیانی، لەکاتی ناوەختا، لەسـەر سـەفەری نـان و لەکاتی نوێژکردن، لەودەمانەی هەسـتیان بۆ سـەماعەی تەلەفۆنەکە رادەگرت. لەبەردەم تەلەڤزیۆنەکە بزانن شەڕەکە لەکام بەرەیە، ئیرانییەکان هێرش دەکەن بۆ گرتنەوەی «خورمشهر»ی ئیرانییـەکان و «موحەمـەرە»ی عەرەبەکان. لەودەمانە ئەو لە دەرگاکەیان دەدات، خۆیەتی نەک تەرمەکەی، نەک سـەربازێکی برادەری لاشەکەی هێنابێتەوە.

خۆیەتی بەسەلامەتی و لەناو دەبابەیەکی سووتاو هاتووتە دەرەوە، لەناو کێڵگەیەکی میـن، لەگەڵ هاتوهاواری ئەلاهو ئەکبەری ئیرانییەکان هاتووتەوە. هاتووتەوە هەموو کـەس، مندالی کۆڵانەکەیـان، موختاری گەڕەکەکەیان و پۆلیسـەکانی کۆڵانەکەیان، سەرۆک جاشەکەی ماڵیان لە دووەم کۆڵانی سەرووی مزگەوتەکەی حاجی حەیدەرە.

ئەوانیش دەزانن، کوڕێک ژنی نەبێت، منداڵی نەبێت، خۆشـی سـەرکەش و بزێویش بێـت، دایکوباوکـی چاویان لە موچە و پارەی ئـەو نەبێت، هەموو دەزانن هاتووتەوە و ناگەڕێتەوە. پارەی هەیە، دەتوانێت تا هەزار دۆلارێکیش بە ناسـین و کەسـایەتی خۆیـان بە هەرزانی لە بانکی رافیدێن بکڕێت.

شـارەزای سەرسـنوورەکانە. ناسـیاری لە ئۆردوگای «ژاراوە» و «بەستەسـتێن» زۆرە. بەئاسـانی دەگاتە کۆیە، لەوێش رانیە و بە برا گەورەکەی دەڵێت:

کاکە تۆ بگەڕێوە، لێرە چاوم ببەستنەوە دەچمە ناو ئێران. دەگەمە بارەگای هەموو حزبـەکان. هەمـوو کۆنە برادەرەکان دەدۆزمەوە، بەرەڵام بکەن، دەگەمە ناو ئێران و لەوێش دەچمە دەرەوە.

***

پاش کاروانێکی درێژ، بەڵام سەلامەت. لە پاش یەکەم بارەگای پێشمەرگە، لە یەکەم گوند و سـابات و ئاوەدانی ئازادکراو، بە شـەش مانگ دەگاتە سوید. لەوێ ئەوەندە ماندوو بووبوو، ئەوەندە ئاسـوودە بوو، پاش ئەوەی لێی دەپرسـن، بۆچی هاتوویت، لە وەڵامدا دەڵێت:

_ من کوردم و هاتووم!

_ چیـت بەسـەرهاتووە، گیرابوویـت؟ (کیژەکـەی لێکۆڵینـەوەی لەگـەڵ دەکات بەسەرسامییەوە پێی دەڵێت).

_ مـن کـوردم بۆیە هەڵاتووم و هاتوومەتە سـوید! (مامۆسـتا ک... بێ ئەوەی دە پەنجەی هەردوو دەستی لەسەر تەنیشتی مێزەکە بجولێنێتەوە، سەرکەشانە دەڵێت).

_ لە زیندان هەڵاتوویت؟ (کیژەکە، بێ ئەوەی سەیری وەرگێڕەکەش بکات. پیاوەکەی ماوەیـەک بـوو، لە قاملشـۆ ژنی هێنابـوو، بێجگە لەکاری وەرگێـڕی ماوەماوەش لە بەشێکی خزمەتگوزاری بەساڵاچووان کاری دەکرد.

پێنج ساڵ بوو هاتبووە سوید، ئەگەرچی بەشی کوردی زانکۆی بەغدای تەواوکردبوو، بەڵام زمانە ئینگلیزییەکەشـی باش بوو. بۆیە زوو زمانەکە بۆ وەرگێران فێر دەبێت. خۆشـی شـەرمن نەبوو، قسـە و گفتی لەگەڵ هەموو خەڵک گەرم بوو، ئەوانە زووتر زمان فێر دەبن و قسە دەکەن).

ـ من کوردم و هاتوومەتە سـوید! (پێداگریی لەسـەر ئەو وەڵامە دەکات).
ـ سـەر بەکام ڕێکخسـتنی نهێنی ناو شـارەکان بوویت، یان پێشـمەرگە بوویت، لە زیندان هەڵاتوویت؟ (کیژەکە دەیەوێ کاتی زۆرتری بداتێ، وەک ئەوانی تر، چیرۆک و بەسەرهاتی زۆر بگێڕایێتەوە).
ـ من کوردم و هاتوومەتە سـوید!
ـ چیت لە سوید دەوێت؟ (پاش ئەوەی دڵنیا دەبێت، کوڕەکە هیچ قسەیەکی تری نییە).
ـ من کوردم دەمەوێ لە وڵاتی سـوید، وەک بەفرەکەی سـپی و خاوێن بژیم.
پاش چاوەڕوانی شـەش ڕۆژ، ک...ی وەسـتا نیعمەتی نەجار ئیقامەی ئینسـانی لە سـوید وەردەگرێت. پاش شـەش مانگیش دەکەوێتە سـەرکار، لەگەڵ بیرکردنەوە لە خزموکەسـەکانی خەریکـی ژیان دەبێت، بەڵام هیوای بەو کیژەی وەک پشـیلە بۆی دەخشـی نامینێـت. چونکـە هێشـتا لە هەولێر بـوو، دەزانێت کیژەکەیـان لە بەغدا بەشوودراوە. دایکی پێی دەڵێت:
ـ کوڕم خەم مەخۆ، کیژی ئەحمەد چەڵەبیت بۆت دەهێنم. (ژنەکە لەسـەر دووگرد بوو، کە ئەو قسەیە دەکات).
بەڵام پاش سی و پێنج ساڵ لە سوید. لە ڕۆژێکی سارد، بەفری لە پێکە سپییەکەی دەکرد. جاجیکە بەسـیرەکەی تێکدەدا، کە میوانەکەی پێی دەڵێت:
ـ ک...، دەزانـی کیژەکـەی جیرانمـان، ئـەوەی تۆ وەک پشـیلە سـەردەکەوتیتە ژوورەکەی سەرەوەیان، هاتووتە سوید!
ـ چۆن دەزانی! (بەنەرمی، بێ ئەوەی هیچ نیشانەیەک لە دەموچاوی دەربکەوێت).
ـ لە ترسـی داعـش بەغدا جێدەهێڵـن. (ژنەکە مێردەکەی نەمابـوو، بەڵام منداڵی هەبـوو. ئەویـش نەیدەزانـی بـۆ مێردی نەمابـوو. لە شـەڕەکان، لەگەڵ کوشـتنی مەسـیحییەکانی ناو بەغدا، ڕەنگە بەنەخۆشی مردبێت).
ـ ئـەو هەواڵـە گرینگ نییە. زۆر کۆنە، تەواو، بەسـەرچوو! (چاوەکانی بە پێڵووە تەنکەکـەی داخسـت، بەڵام! کـە پێڵووەکانی هەڵسـانەوە، چاوەکانـی هیچ تەڕایی فرمێسکیان پێوە نەبوو، وشک و گەش دەبریسکانەوە. نەیپرسی ژنەکە لەگەڵ دایکی هاتووتەوە هەولێر! یان بەتەنیایە).

***

# هەولێر ـ قەرەچوغ

## بەشی نۆیەم      دڕک و گوڵ

له ڕۆژی کۆچڕەوەکە، «مانگ»، کیژەکەی بەیەک سک لەگەڵ خوشکەکەی له بەغدا لەدایکبووه. له تەمەنی یەک ساڵی هەردوو خوشک «مانگ» و «ڕۆژ» بەڕێکەوت، لەناکاو و نازانن بۆ! لەیەکتری دادەبڕێن. بەڵام!

دیاره ڕۆژێکی تەنگانه و بلەز و هەڵاتن بووه. له بەرەبەیانی ڕۆژی کۆچڕەوەکه. لەناو بەردەڵان، دڕک و داڵ و ئاپووڕەکەی هەموومان بینیمان، بەسەرمان هات «مانگ» هەولێر جێدەهێڵێت، بۆ ئاودیوبوونی سنوورەکه. ئەو، بەپێخواسی، دەست لەناو دەستی پلکی دەگاته سەر سنوور. بۆ ئەو، بەتایبەتی بۆ ئەو، ڕۆژێک بوو حەڤده ساڵ بوو چاوەڕوانی ئاودیوبوونی دەکرد. زۆر چاوەڕوان بەتەنیا، شەوێک سمێڵی باوکی بیفرێنێت و «مانگ» بباتەوه کن «ڕۆژ»ی خوشکی!

هەر چەند گەوره دەبوو، زۆرتر چاوەڕوانی نامەیەک، تەتەرێکی دەکرد. شەوێکیان، نیوەڕۆیەکی گەرم بە نامەیەکی باوکیان، بە دڵۆپە فرمێسکی دایکی، بەرەنگی مورووو و نازی خوشکەکانی داوا بکه: بەپەلە خۆتان کۆبکەنەوه، وەرن و دەڕۆین.

بەڵام، وا ئیمڕۆ بەو کارەساته، لەگەڵ ئەو ڕۆژه حەشره، تۆفان و کۆچه دەپەڕێتەوه. ئەوجاره پاش ئەوه دەرفەتی هاتنی باوک نەبوو، وا ئەو دەلیڤەی بۆ هەڵکەوتووه و ئاودیو دەبێت.

لەوێ. ئەوان لەودیو، بەڵام نەیدەزانی ئەودیو کێندەرێیه، چەند دووره، نێوانەکه دەشتاییه، یان هەزار کێو و شاخ دەبڕیت، نازانیت! کەس نەبوو بۆی بگێڕێتەوه،

کەسی نەبوو ئاودیوی بکات! لەوێ سێ خوشکەکەی تری و دایک و باوکی بۆ یەکەمجار دەدۆزێتەوە. دەگاتە باوەشی دایکی، دەیەوێ زۆرتر سەیری سمێڵە گەورەکەی باوکی بکات، بەڵام باوکی، پاش پێنج مانگ دەبینێت. برادەرەکانی باوکی، میوانەکانی، ناسیارەکانی زۆر دەهاتنەوە و دەمانەوە.

بە دوودڵی و ساردیش هەندێکیان دەگەڕانەوە. بەڵام ئەو کاتی نەبوو، داوای پشوودانی نەدەکرد، نەهاتەوە و کیژەکەی ونی کردبوو، ماچێکی بکات و بگەڕێتەوە، بواری نەبوو سەردانی بکات. بەڵام زوو دەزانێت، بۆ ئەو ئاسان بوو هەواڵێکی بزانێت، ئەگەر مەبەستی بوایە، ناویان پێدەگوت، ئەگەر ناوی ئاکارێکی ویستبوایە. کیژەکە دەیەوێ بزانێت باوکی، ئەوەی نەیبینیبوو، بەڵام دەیناسی. قسەی لەگەڵ نەکردبوو، بەڵام قسەکانی زۆر بیستبوو. وەک باوکی منداڵەکانی تری کۆڵانەکەیان، پۆلەکەی. ئەو کیژەی نەرم و نیان مورووی زۆری لەناو مستی دەکرد، گوێی لێ دەبوو:

ـــ باوکی نییە، گوناحە!

ـــ باوکم هەیە، بەڵام ون بووە. (بەڵام پلکی فێری کردبوو، نەڵێت وێنەیەکی ئەومان لەناو جانتاکە، لەناو جلەکان، لەناو قەدی دەفتەرێک، لەناو: دوو دڵ، چوار چاو و هەناسەکەمان هەڵگرتووە).

ـــ پیاو چۆن ون دەبێت.

ـــ منیش ئەو پرسیارە دەکەم. (دەستە خوشکەکانی، دوو سێ مامۆستا نەیاندەزانی، بەڵام دوو سێ مامۆستای تر، بەڕێوەبەرەکەیان، ـــپیاوەکەی بەردەوام چاکێتێکی هێڵداری مەخمەڵی قاوەیی ئۆرزدی لەبەربوو. ئەوەندەی بە چاکێتەکەی دەناسرایەوە. بە ناو و دارە درێژەکەی دەستی و قەڵەمە شیڤەرە ئینگلیزییەکەی نەدەناسرایەوەـــ دەیانزانی باوکی ون نەبووە، لە زۆر کەسی تر، پیاوی سەرگەردانی تر دیارترە! نزیکترە، ناوی زۆرترە).

لە وێنەکەی ساڵانە، بەدزی پلکی لەماڵەوە، بە بۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی باوکی دەریدەهێنا. سەیریان دەکرد. ساڵانە یەکجار بۆیان هەبوو، وێنەکە دەربهێنن. لەوەتی فامی کردووە، وایدەزانی ساڵی ئایندە، پاش دوازدە مانگ، دوو وەرزی خوێندن، زستانێکی ماندووی تامەزرۆی گوڵزار بکات. بەهاری سەیران و سێبەری چناران، گەڵاڕێزان پەلاماری بدات. ساڵێک تەواو بێت. بەو هەموو ڕەنگ، پەلامار،

هاتــن، کشــانەوە، زەردبوون و چاوی ئەســتێرەکان بوارێک نــادەن، دوو دەمەتەقێ باوکی ببیســتێت. ساڵی ئاییندە، بەدڵنیاییەوە لەجیاتی وێنەکە، خۆی:
بە سمێڵە گەورەکەی. بە سێبەرە ئارامەکەی. دەستە بە قەڵەمە بە بڕشتەکەی، دڵی گــەورە و بەنــاز و بەبەزەییەکی دەریایی قووڵەوە بێتەوە. ئەو هیوایە، هیوای دیتنی باوکی چەندان ساڵی خایاند. بەڵام! بەردەوام لە وێنەکەی نزیک بوو. ئەو بەو وێنەیە سۆزی بۆ دەجولا، بەو وێنەیە ئاشنای باوکی ببوو، حەڤدە ساڵ بە وێنەیەک، باوکی هەبوو، ســمێڵێکی گەورە، دەنگێکی نەرم، بەڵام دوور زۆر دوور!

***

هەمــوو کچەکانی بەیەکەوە لە قوتابخانەی شــیلانی نزیک تەنکییەکە، پشــت دیوارە نەوییەکەی لاوان. کە بەردەبوون، نیوەڕۆیان، یان عەســرەکان:
وەک رەوە رەشــۆڵە، جانتــا بەپشــت هەڵدەفڕن. بــە راکردن شــەقامە بەرینەکەیان دەبــڕن. چونکــە زۆریــانماڵەکانیان لەوبەری شــەقامەکە بوو. خانــووە گەورەکانی گەڕەکەکەی پشــت قوتابخانەکە، منداڵەکانیان دەنــاردە قوتابخانەیەکی گەورەی ناو گەڕەکی برایەتی.
ئــەوان دەچوونــە قوتابخانەیەکــی ناو خانــووە گەورەکانــی ئەفســەران. نەدەهاتنە قوتابخانــە نەوییە کۆنە یەک نهۆمەکە، لەبەرزایی دیوار زەردەکەی پەنجەرە بچووکی گیــراو بــە شووشــە و تێلبەنــدی هەبوو. بەڵام لەبــەر بەرزی و تۆزوخۆڵی شــەقامە ســەرەکییەکە نەدەکرانــەوە، یــان ژەنگاویــش ببــوون و کردنەوەیان ئاســان نەبوو. قوتابخانەکــە حەوشــەیەکی بچووکی لەناوەوە، بۆ ریزبوونــی بەیانی، جاروباریش بۆ غــاردان و تێکەڵبوون چیمەنتۆرێژکراوی هەبوو.
ئــەوان، بەســەر شــەقامە بەرینەکــەی شێســتمەتری پەرتدەبــوون. دەپەڕینــەوە و چاویشیان لە ئۆتۆمبێلەکانی ستۆپیان باشیش نەبوو، لاداکان، ریمە درێژەکان، فیات و پۆلیســکی و پۆلۆنی و مۆســکۆڤیچ و پیکەبە کۆنەکان. بەڵام هێشــتا پاســەکانی گشتی، نەدەهاتنە ئەو ناوچەیە. منداڵەکان، کیژەکان کەزییان دەبووە باڵ و دەفڕین، بەپەڵەبوون بگەنەوە ماڵ!
ـــ دەســتت بێنە «مانگ»، وەرە با غاردەین! (دەســتێک باریک و پەنجەکانی وەک دەنووکی کەو).

ـــ بۆ رابکەین!؟ (بەڵام دەستی دەگرێت، ئەویش رادەکات! توند دەستی دەگرێت، زۆریش پەرۆش نییە رابکات).

پـۆل پـۆل لەناو کۆڵانـە چڵکاوەکانی سـێتاقان. بە سـەر جۆگـەکان بازیان دەدا، دەستیان لە دیوارە بلۆکە درِەکان دەخشاند. یەکێکیان، کورتە قەڵەمێکی داری نووک شکاویان لێ دەکەوێت. لاستیکی رەشکردنەوەی کونکونکراویان لێ بەردەبێتەوە. دە فلوسەکەیان لە حانوتەکە سەرفیان نەکردبوو، تەپەی دەهات، لەناو چڵکاو، خۆڵ و بنبەردەکان غلۆردەبێتەوە و بۆی نەدەگەرِانەوە.

ئاوەزێنەی پێڵاوی یەکێکیان دەپسا و شل دەبووەوە و دەکرایەوە، بە خشەخشە هەر غاریان دەدا و نەدەگەرِانەوە، نەدەچەمانەوە و دەستیان لەناو چڵکاوەکە وەرنەدەدا، بە پەنجە لەناو خۆڵەکە نەدەگەرِان. بەردیان هەڵنەدەدایەوە، نەیاندەپرسـی، چونکە نەیاندەویسـت لـە گەیشـتنەوەیان بەماڵەوە دوابکـەن. بەڵام ئەو، پەلـەی نەبوو، پەرۆشی گەیشتنەوەی ماڵەوەی نەبوو. نەیدەزانی بۆ دایک و باوک و سێ خوشکەکەی نەگەرِانـەوە، بـۆ بردنی ئەو نەهاتن، ئەوەندە دواکەوتـن، نەهاتن، نەهاتن... پەلەی نەبوو، وەک ئەو دوو کیژە مەکربازەی، دەمیان بە سۆندەی ئاوی دەستی ژنێک، بۆ ئاوخواردن و دەست تەرِکردن وەدەنا.

لەگـەڵ بانگـی مزگەوتەکەی سـەید غەریـب، دەزانن نیوەرِۆیە، یان عەسـرە، پێیان هەڵدەگـرت و یەکتریـان بـۆ ماڵەوە رادەکێشـا. لـە قۆناخی ناوەنـدی، دواییش لە ئامادەییەکەش، لێی دەپرسن:

ـــ تۆ باوکت ماوە!؟ «مانگ»، باوکت ماوە! (دەستی بەنەرمی لەسەر شانی داناوە، بەشەرمەوە لێی دەپرسێت).

ـــ بەڵێ باوکم ماوە، پیاوێکی سـمێڵ گەورەیە. دەڵێن نووسـەرێکی گەورەیە، بەڵام من سـمێڵە گەورەکەی، نووسـینە زۆرەکانی ئەوم، هێشـتا نەدیوە، نەدیوە! دەڵێن ئەو بەردەوام دەنووسـێت، یەک وشـەی نەنووسیوە بروای پێ نەبێت. دەڵێن، زۆرتر لەسـەر راسـتی و مرۆڤ دەنووسـێت. دەیـەوێ ئـەو دووە بەیەکتری زۆرتر ئاشـنا بکات! (دەیزانی کیژەکە ناپرسـێت کە باوکت ماوە و سـمێڵی گەورەیە، دەنووسێت. ئەدی لەکوێ دەژیت، بۆ کێ دەنووسـێت، چونکە لەو سـاڵانە، لەو جڤاتە، ونبوون و دوورکەوتنەوەی باوکەکان زۆر بوو).

بـە منداڵەکانـی دەگوت، باوکـم دوورە، بەڵام سـمێڵی گەورەیە. کیژێـک بەردەوام

لەماڵەوە دوو لوقمی بەئاردی لەناو گیرفانی سـەدرییە ڕەشەکەی دەنا، یەکێکیان بۆ خۆی، ئەوی تریشـی بۆ مانگ دادەنا، پێی دەگوت:

_ مادام بابت سمێڵی ئەوەندە گەورەیە، بۆ بەو سمێڵە گەورانە نافڕێت و ناگەڕێتەوە و تۆش ببات! (لەگەڵ قسـەکان، ئاردە نەرمە لووسـەکەی سەر لوقمەکەی لە دەمی دەردەپەڕی).

_ ئـەو دەتوانێت مـن ببات، بەڵام پلکم بەتەنیا دەمینێتەوە. ئەو گەورەیە، قەڵەوە، کراس و کەوی فشە، دوو خەناوکەی مێخەکی لە ملە، ناتوانێت هەردووکمان هەڵگرێت. زۆرتـر لەو دەترسـێت! (ئەویش یەکەم گەزەی لـە لوقمەکە دەدات، بەڵام ئاردەکەی لـەدەم دەرنەدەپـەڕی، نەرم نـەرم گەزەی بچووک لە لوقمە شـروبییەکە دەدات، بە کیژەکەی دەگوت) ئیمڕۆ پێش ئەوەی لە باوەشـی پلکم بخەوم پێی دەڵێم:

بۆ!؟ داوا ناکەیت، یەکێک ڕاناسپێریت بێنە دوام، باوکیشم بە سمێڵە گەورەکەی من دەباتە کن دایکم و سـێ خوشکەکەم!

_ بـۆ لە من بێزار بوویت؟! (پلکی پێی دەڵێت).

_ نا پلە، ئەدی هەر ناڵێم من کیژی تۆم! (هەردوو چاوەکانی دەبریسکانەوە، بەڵام زوو تروسکاییەکە کز دەبن).

ئەویش زوو وەڵامی دەداتەوە پێیدەڵێیت:

تۆ کیژی پیاوێکی سـمێڵی بەقەد دارتووێک گەورەیە. کاکەم سـمێڵەکەی نیشـانەی بەرهەم و خەونی جوانە!

_ ئـەی ئەگـەر کیژی ئەوانم، بۆ ئـەوان نامبەنەوە، تۆش کیژێکی وەک من بۆ خۆت پەیدا ناکەیت؟ (ئاخاوتنی سـەردەمی منداڵی).

❊❊❊

ئـەوان لە ماڵەوەیان، لە ژوورەکەیان، لەناو یەکێک لە جانتاکان، لە پەنا مۆمدانێکی وەنەوشـەیی، لـە نێـوان قـەد و لاپەڕەکانـی کتێبێـک، بـەر گۆشـەی ئاوێنەیەک، جامخانەیـەک، لەنـاو دەسـت و دیـدی ژن و کیژەکـە: دوو وێنەی ئەویـان هەبوو، یەکێکیان لە بەغدا لە سـتۆدیۆیەکی شەقامی ڕەشید گیرابوو.

ئەگەرچـی وێنەیەکـی هونەری و دەستکاریشـی کرابوو، بەڵام ئـەو هەرگیز قبووڵی نەدەکـرد، لـە سـەرووی وتارەکانـی وێنەی کارەبایی سـەر و پرچ و سـمێڵە ڕەش

گەورەکەی دابنێت. بەڵام وێنەکە بڵاوکرابووە، دانە ئەسلییەکەی ئەوەی مۆری ستۆدیۆکەی لەسەر مابوو، لەوێ بوو.

کیژەکە و پووری بەو وێنەیە. بەو سمێڵە رەشە گەورەیە بە پیاوێک، بەسترابوونەوە. بە خێزانێک بەسترابوونەوە، سێ کیژی تر، بە ئاوەدانییەک و میوانداری بەردەوام گەرم و رووناک بەسترابوونەوە. لەوێ دوور، هەناسەیان هەڵدەکێشا، ناوی ئەو کیژەیان دەگوتەوە، شادمان دەبوون، نەورۆزیان دەکرد، سۆبا گەورەکە گەرمی دەکردنەوە.

شارەکانی ورمێ و تەوریز و میوانداررییە گەرمەکان، سەردانە زۆرەکان، شانازییەکانی گەورەیی و دڵسۆزی و خەمخۆری و پاکنووسییەکانی باوکی، بە خەمی دووری ئەو کیژەیان سارد دەبووەوە.

***

وێنەی دووەمیشی لە ئیرانەوە هاتبوو. وێنەکە پاش دوازدە ساڵ لە وێنەی یەکەمیان گیرابوو. ئەوەی یەکەمیان لە بەغدا و دووەمیش لە تاران. ئەوەیان، وێنەی دووەمیان، تێدا جیاوازی تەمەن و هەوار و ماندووبوون لە چاوەکانی دیار بوو. بەڵام پەشیمان نەبوو، نیگەران دەبوو، دۆخە سیاسییەکە، پێشمەرگایەتییەکە، رۆژەڤی ناوچەکە زۆر تووڕەی دەکرد. لە چەندان پێشهات و رووداوەکان شەرمەزارییش دەبوو. بەڵام لە بەڵێنی بەردەوامی و خەباتەکەی سارد و خاو نەدەبووەوە. ئەو وێنەیە، وێنەی دووەم:

وێنەکە، یان ناو، هەواڵ و پرسینەکە: کوڕێک، لەگەڵ سێ منداڵ و ژنە مەشهەدییەکەی، دوو مافوور، چەند شەرشەف، گوڵدان، جلی رەنگاورەنگی کارخانەی ئیرانی هێنابووی. هاتبووەوە عیراق و تەسلیم ببووەوە. خۆشی نەدەیزانی بۆچی هاتووتەوە، هاتووتەوە سەر چی؟! دایکی، ژنە نەخۆشەکە، لەگەڵ کوڕێکی و بووکەکەیان، لە سەربانی خزمێکیان، لە کۆڵانێکی قیرتاونەکراوی دوورەشار، لە گەڕەکی مەنتکاوە، ژوورێک و مەتبەخێکیان بەکرێ گرتبوو.

ئەویش بە بۆن و بەرام و ژنێکی شیعەی مەشهەدی قەڵەو و سێ منداڵ هاتبووەوە سەریان. هاتبووەوە و نەیدەزانی دابنیشێت. سەیری خزم و کەس و براکانی بکات! یان بپرژێتە سەر کێشە و گرفتەکانی رووبەڕووی دەبوونەوە. خۆی نفووسی نەبوو،

جنسـیـەی عیراقــی نەبـوو، دەفتەر خدمــەی نەبوو، بەڵام وەک کوڕێکــی بێ ژن، لە مەنتیقەی یەکەمی نفووســی هەولێر نــاوی هەبوو. لەناو لاپەڕەی باوکە مردووەکەی، کە هێشــتا کەســیان ئیشــیان بە وەفاتنامەکەی نەبوو، دەبوایە ئەو دەریبهێنێت. کە نەیدەزانــی لەکــێ دەتوانێت ئەوانە تەواو بکات! ناوی خۆی، وەک منداڵ هەبوو.

کام دائیرە! کەس لەوێ دەناسێت، یان بەس موختاری گەڕەکەکەیان باش دەیناسێت؟!

بەڵام ئەو پارەی پێ بوو. زوو دوو مافوورەکە دەفرۆشــێتەوە. ســەماوەری بۆ چییە، وەک ئیــران نییــە بەردەوام چای زەرد بخۆنەوە. ئەویش دەفرۆشــێت. ئەوەندە لەناو شــارە گەورەکانی ئیران کاســبی کردبوو، ئەوەندە دەردەســەری و کەساسی دیبوو. پیاوێکی رەقەڵەی باریکی رەشتاڵەی چیرِی لێ دەرچووبوو، بۆیە بە هەموو کونێک، لە هەموو گۆشــەیەک جێگای دەبووەوە و خۆی دەرباز دەکرد!

بۆیە  کە دەگەڕێنەوە، کە ســەردانی دائیری ئەمن و ئیســتخبارات دەکات. بەو چەند وشە و رستە عەرەبییەی، سەردەمی بەندینخانەی ئەبو غەریب فێری ببوو، تێدەگات: نەگەڕاوەتەوە بەهەشت، رۆژانە و ئایندەی بە هیچ شێوەیەک رەوشن نییە. ئینجا لەو کەساس و داماوییە، دەیکەنە سەرباز.

دەچێتە تەجنید و دەبێ زۆر شــانازیش بێت، زۆریش سوپاســگوزاری حکومەت بێت، لێبووردنی بۆ دەرکردووە و بووە بە سەرباز. پاش چل رۆژ مەشق و راهێنان دەچێتە بەرەیەکی دژواری خوێناوی. ژنە مەشهەدییەکەی، بێجگە لەوەی بۆ حوسین دەگریا، بــۆ خۆی و ئایندەی ســێ منداڵەکــەی و مێردە داماوەکەی، نــەرم نەرم و بەردەوام دەگریا!

بــەر لــەوەی بچێتە تەجنید، ژنەکە دەدۆزێتەوە، ماڵی خوشــکی نووســەرە ســمێڵە گەورەکــەی چەنــد دینارێک و وێنەیەکی بۆ خوشــکەکەی ناردبــوو. بەس بۆ ئەوەی کیژەکە بزانێت باوکی هەیە، ســمێڵی گەورەیە، لە شــوێنێکی دوور، لەودیو ســنوور باڵی دەکاتەوە و بەژنی درێژ دەکات و دەســتی رادەکێشێت.

کوڕەکــە بەڵێنــی ئەوەی دابوو، دەبوایە زوو ژن و کیژەکە بدۆزێتەوە و دیارییەکەیان بداتــێ. راکەراکــەی بوو، بۆ ئــەوەی ببێتەوە عیراقی. ببێتە ســەرباز، ناوی هەبێت، نــاوی بنووســرێت، وێنەی بە پســولەیەکی وڵاتەکەوە وەبێت. ئــەوە ئەوانەی هەموو دەســتکەوت، بەڵام چ لە ژنە مەشهەدییەکەی بکات.

چــۆن نفــووس بۆ منداڵەکانی دەربهێنێت. ئەوەیان لە عەســکەرییەکە ســەختر بوو،

بەئازارتـــر بوو. ژنەکـــەش، لەگەڵ هەموو خەمەکان کەس تێینەدەگەیشـــت، زمانێکی هەبوو، تەنیا مێردەکەی تێیدەگەیشت!

***

کوڕەکـــەی نامەکـــە و ژنە مەشـــهدییەکەی هێنابووەوە، هاتوتەوە و خەونی ســـەرابی هەبوو. بەڵام! دیارە دەبێ جارێکی تریش سنوورەکە، بەدزی و بەترسناکی ببڕێتەوە. ئـــەوە دووەم جـــارە تەســـلیم دەبێتەوە، بەئاســـانی وەردەگیرێتەوە، بـــەڵام ناتوانێت بژیت. پاش نســـکۆکە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ هەموو خزموکەس و جیران و هاوپۆل و هاوتەمەنی خۆی بووە، ئەو جارەیان ئاســـایی بوو. دیارە پاش شـــکانەکە، بەتووڕەی هاتووتـــەوە، بۆیە زۆرتر دەمینێتەوە و دەحەوێتەوە.

بـــەڵام چەنـــد مانگێک پـــاش نســـکۆ، دووبارە چوونـــە دەرەوە لە کەللـــەی دەدات. شەوێکیان دەڕوات و چاو لە ئەستێرەکان دەبڕێت، هەنگاوەکانی ورد و بلەز دەکەوێتە بـــەر ســـێرەی تفەنگ و هـــاواری عەجەمان، دەگەڕێتـــەوە. لەگەڵ گزنـــگ، دەکەوێتە بەردەم سەنگەریەکی سوپای عیراقی و دەگیرێت و بەڵگەی پێ دەبێت، بەنیاز بووە ئاودیو بێت. دەزانن پەیوەندی هەبووە، ئاســـان بوو حوکمی بدەن، دەگیرێت، بەڵام زۆر نامینێتـــەوە، بـــەر لێبووردن دەکەوێت و بەردەبێت. دووبـــارە دەیەوێ بڕواتەوە، ئەمجارە دەڕوات و ناگیرێت.

دەگاتە ناو ئێران، زۆر دەمینێتەوە، دەبێتە باوکی چەند منداڵێک، فارسی و ئازەری و هەمـــوو زمانەکانـــی عەجەمی فێردەبێت، کاســـبی دەکات: بەڵام خۆشـــی نازانێت، بۆ لە شـــارێکی دوورە ســـنوور، لەناو گەرمەی کاســـبی و دووکەڵـــی کارگەیەک. ژنە مشهەدییەکەی و سێ منداڵەکەی دێنێتە سەر سنوور و بڕیار دەدات تەسلیم ببێتەوە. لەکاتـــی ئـــەو بڕیارە، وێنەیەکی ئەو پیاوەی ســـمێڵ و قەڵەمی شـــیرین و پیرۆز بوو، لەگەڵ چەند دینارێک و بۆ خوشـــکی و کیژەکەی دەهێنێتەوە.

پیاوە لاوازە رەشتاڵەکەی دووجار فیراری کردبوو، دووجاریش تەسلیم دەبێتەوە، نامە و پارەکـــە بەئەمانـــەت دەباتە ناو کۆڵانێکی چڵپاوی جەنجاڵ، لەوێ خانووە قووڕەکە دەدۆزێتـــەوە، بـــێ ئـــەوەی چایەک بخواتـــەوە، بێ ئـــەوەی زۆر بمینێتـــەوە، ئازایانە نامەکـــە دەداتـــە ژنەکە. بە وشـــەیەکی نهێنی، بـــە رازێکی کۆن، بە راســـپاردەیەکی پتەو دەیدۆزێتەوە. بێ ئەوەی باش ســـەیری کۆڵانەکە، بەردەرگاکە، بەرامبەرەکەیان

ئەوەی هەیوانەکەی سـەد کۆتری هەمەجۆری لەسەربوو، دەگەڕێتەوە.
پیاوەکەی ژنێکی مەشـهدی هێنابوو و هاتبووە، زۆر نامینێتەوە، جلە سەربازییەکانی بـەری ناشـوات، پۆسـتاڵەکەی کـۆن نابێـت، دەکـرێ بڵێن هێشـتا بـۆ پێیەکانی نەکرابوونـەوە. دوو سـێ جـار ئیجازە وەرناگرێـت و چاوەڕوانیش نـاکات، معاملەی نفووس و قەید و جنسیەی عیراقییەکەی لە بەغدا بۆ بێتەوە. دیسان ئاودیودەبێتەوە و دەچێتە ئیران.
بەڵام کە دەگەڕێتەوە، پیاوەکەی سـمێڵی وەک گوڵەبادام نەرم و شـیرین بوو، لەوێ نەبـوو، گوتیان چەند مانگێکە لە دەرەوەیە، نەیبینی پێی بڵێت:
چۆمە کن خوشـکەکەت، کیژەکەتم بینی! ئەو دەخوێنێت، چاوی وەک تۆ چاوەکانی تـۆ خورماییە. وەک تۆ مەند و ئارامە!

***

کیژەکە، بە ئاودیوبوونی لە سنوورەکە، دڕکێک، لە قاچی دەچەقێت. سەرەتا هەست بە ژانەکە، بە برینە باریکە دەرزییەکە ناکات. تەنگاوە و دەڕوات و هەر ئەو دڕکە، لـەو ئاودیووبوونـە زامداری دەکات. دڵ، چاو، هەسـت و زەوقە هونەرییەکەی، پاش راپەڕین چەند مانگێک دەگەڕێتەوە باوەشـی دایکی.
چەند جارێک سـەیری سـمێڵە گەورەکەی باوکی و خانەدانی و میواندۆسـتی دایکی، زمانە فارسـی و سـێوەکانی باخەکانی نێوان شنۆ، نەلیوان، قاسملۆ و ورمێ دەکات. لەنـاو گوندەکان، لەناو باخەکانی سـێو و گێـلاس دەڕوات. بیر لە رەنگ و تابلۆیەک دەکاتەوە. بەڵام ژانی پێی، پەرۆشی بۆ سمێڵی باوکی، ناز و شەیدایی خوشکەکانی، هەستە هونەرییەکەی کاڵ دەبێتەوە.
ئـەو نازانێـت بۆ هەموو هەولێـر، هەمـوو باڵەکایەتی، بناری سـەفین و گوندەکانی خۆشـناوەتی ئاودیـو بوون. بێجگە لـە مردنی چەند منداڵێک، بە رەشـانەوە. چەند پیرێک، بە نەخۆشی تەمەن. چەند تفەنگێک، بە موشەکی فرۆکە. چەند چاوێک، بە تیری دوا نیگای هەڵاتن و هەموو گەیشـتن.
وەک وردە و دەرزیلـە دەمـار، خەڵکـەک لەناو وڵاتی ئیـران، گوندەکانی موکریان، مزگەوتی شـارۆچکەکان، کەمپەکان و دواییش دەگەنە تاران و شـارە دوورەکانیش، لەوێش هەندێکیان دەگەنە هەندەران.

ئـەو دڕکـەی لە قاچی ئـەو دەچەقێت، هەتا دەمرێت ژان دەکات. تەشـەنە دەکات. دەبێتە نەخۆشـییەکی کوشـندە. دڕک و زامەکە دەبێتە نەخۆشـییەک و دەیکوژێت، یان دڕکەکە سـنووربەزاندن و کارەسـاتەکە بوو. کیژەکە ناگاتە ناو ئەو بەهەشـتە، باوەشـی دایکی و سـمێڵە گەورەکە و قەڵەمە بوێر و خاکییەکەی باوکی.

***

ڕەنگ و هونەری «مانگ»، لەگەڵ چەشەی شیعری «ڕۆژ»ی خوشکی دووبارە جووت دەبنەوە. جمک بوون و لە هەسـتی ناسـک و چاوی جوانی جمک دەبنەوە، مانگ کە ئاوێتـەی ڕەنگ و هێڵکاری دەبێت، وادەزانێت، جریوەی شـیعرەکانی خوشـکیەتی. ئەویش کە سـەیری مەلەوانی ڕەنگەکان، کەسـک لەناو باوەشـی ئاسمانێکی ڕەنگی شـین. قـەدی چنارێکـی خۆڵەمێشـی لەگەڵ گوڵی کراس و نەخشـی سـوخمەیەک دەردەکەون.

وادەزانێت دێرە شـیعرییەکانی ئەوە، بۆ پشـوودان و کێش و هەڵپەڕینی وشـەکان، هاتوونەتە سـەر ئەو تابلۆیە. کە مانگ هەسـت بە ژانی قاچی دەکات، ڕۆژ سـەیری قاجێکی خۆی دەکات، لێی دەپرسێت:

_ مانگ، هەسـت دەکەیت، دڵت توندە و چەشەی خواردنت کەمە!؟

_ بەڵێ، چۆن دەزانی؟

_ هەست دەکەیت، زۆرتر گوێ لە موزیک بگریت، ئەوەش مەند و ئارامت دەکاتەوە.

_ زۆر لە دەرمانەکان باشترە!

هەفتەی یەکەم، هێشتا زامی کۆچڕەوەکە گەرم بوو. «مانگ» دەگاتە دایکی و سێ خوشکەکەی. لەوێ، سەرسام و تاساو دەگاتە ناو کەلتوورێکی تر. ئەو خوشکەکەی بەیەک سـک، بەیەک ژان و بەیەک مامان لەدایکبووە. زمان، کەلتوور، ڕەنگی چاو، شـەوچەرە، وانەکانی زۆر لەو جیاواز بوو.

ئـەو حەقـدە سـاڵ چاوەڕوانی دۆزینـەوەی دایک و بـاوک و خوشـکەکانی دەکات، ئەوانیش دەیانویسـت بزانن. لەوەندە سـاڵە چۆن ژیاوە، کێ نفووسی بۆ دەرهێناوە، لەکام مەکتەب، لەبەر دەسـتی کام مامۆستا، لەکام گەڕەک ژیاوە!

دڕکەکـە، دڕکە تیژەکەی لەسـەر سـنوور زامـداری دەکات، لەناو خوێـن و دەمار و ئارامیـی ڕۆحـی کار دەکات. بە ماچی گەرمـی دایکی، بە دۆزینەوەی چاوی دووەمی

خـۆی لە خوشـکەکەی، ڕۆژ. بە چاوەڕوانکردنی باوکـی. لەوێش دووبارە چاوەڕوانی باوکـی دەکات: بـەڵام لەنـاوماڵەکەیـان، لـە سـێ ژوور و هەیوانەکەی بە خشـتی سـوور دروسـتکرابوو، باوکـی بوون و ئامادەیـی هەبوو. چەنـدان کتێب و دەفتەری دەسـتنووس، کۆنە وتارەکانی ناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکان. چەند دانەیەکی لە گۆڤاری «بەرەی کوردسـتان»ی چاپکراو بە ڕۆنیۆ. وتارە عەرەبییەکان. چاویلکەیەکی کۆن. دوو دەستە جلی خاکی.
دەفتەرەکانـی یادەوەریـی. بۆنـی گوڵزار. هەمـوو ئاماژە و ئامادەیـی باوکی بوون.
بەڵام! ئەو زوو نەگەڕایەوە.
لەجیاتـی لـە کوێسـتان و بارەگاکانـی سـەر سـنوور بگەڕێتەوە. باوکـی لە تاران گەڕایـەوە. سـەفەرێکی دووری دەرەوەی کردبـوو، دەگەڕێتـەوە و دەزانێـت کیـژە میوانەکـەی قاچێکی بەژانە. دڵێکی شـکاوە. کیژێکـی نیگەرانی بینی، مانگ نەبوو، ئاکارێکی تەماویی، بە دووکەڵی ناو هەور بوو. مانگ نەبوو، ئەوەی بینی جەستەیەکی شـلەژاو، هەناسەیەکی خنکاو، بە هەموو سۆزەکان.
ژنەکەی دەستی نەرم، چاوی گەرم، هەناسەی پاک بوو، دایکی بوو. بەڵام دۆزینەوەی دایک، ژنێک پاش حەڤدە سـاڵ بڵێت من دایکی تۆم:
حەڤدە سـاڵ، ڕەنگ و سۆمای چاوی و دووری هەراسانی کردبوو. دایکی وایدەزانێت چاوەکانی مانگ، وەک چاوەکانی ڕۆژ گەش و نێرگزن. بەڵام دوورییە درێژە تاڵەکە، ڕەنگی هەردووکیان دەگۆڕێت!
بـەو دابڕانـە دووکەڵاوییە، دڵ شـادییەکانی دەدزرێت! چاوەڕوانییە تاڵەکان، سـاڵە زۆرەکان، شەڕ، نەبوونی هەواڵ، بیرکردنەوەی نەهاتنەوە و نەبوونی دیمانە، کیژەکە کەسـاس دەکات. مانگ وەک ڕۆژ نەبوو، هەردووکیان جمک بوون، لە یەک دڵۆپە و هێلکە بوون.
ئـەوان وەک جمکەکانـی تـر، نێوانیـان دە خولـەک و نیـو سـەعات و سـەعاتێک نەبـوو. نێوانیـان، چەند خولەکێکی کەم بوو، یەک ژان بوو، مسـتێک خوێن. باوکی ناویان دەنێت «ڕۆژ» و «مانگ»، ناوی دوو چاوی پیرۆزی ئاسـمان. چەند جارێک گوتبـووی: ئەگـەر هەردووکیان کوڕ دەبوون، بەناوی دوو پاشـا ڕۆمانییە جمکەکەم دەکردن، «ڕومولوس» و «ڕوموس».
لەو ئاودیوبوونەدا، برینێک پەیدا دەبێت. بەو دیمانەیە، بەو دوودڵییە برینی دڕکەکە،

دڕکێکی ورد، سەرە بزمارێک، خاڵێکی وشک، چاک نابێتەوە. برینەکە سارێژ نابێت. نازی دایکی، گەمە و شانازی خوشکەکانی، ناو، قەڵەم و پاکی باوکی چاکی ناکاتەوە. بەو دەردەوە مانگ زۆرتر دەچێتە ناو پانایی ڕەنگ و هونەر، بە موزیک خەوی لێدەکەوێت، بە خەیاڵ دەژیت.

ژیانی کیژەکە، بەو ونبوون و نادیارییەکان برینی قووڵی تێ دەکەویت. بەڵام بەو ئاودیووبوونە برینەکە گەرمتر و بەسۆتر دەردەکەوێت. ئەوەندە ساڵە لە جوانییەکانی خێزان و نازی دایک بێبەش بوو، دووری و نەبوونی هیوای دیمانەیەکی نزیک، زۆرتر جوانییەکانی کاڵ دەکردەوە.

سەیری چاوەکانی دەکرد، هەستی دەکرد «ڕۆژ»ی خوشکی چاوەکانی وەک چاوەکانی ئەو کەژاڵن. خەونی دەبینی، وایدەزانی ئەویش خەونی پەپوولەیی دەبینێت. بەڵام خوشکە جمکەکەی ئەوەندە دوور بوو، نەدەیزانی دەنگی چۆنە، باڵابەرزە، گۆشتنە، ڕەنگی چۆنە! ناوی دەزانی و لە تەمەنیشی دڵنیابوو، چونکە جمک بوون.

❊❊❊

کەشە گەرمەکە، تریقەی پێکەنینی، بۆنی مێینەی خوشکەکانی، ژانی برینە بچووکەکە سارێژ ناکات. برینەکە، لەگەڵ مانەوە گەورەتر دەبێت. گەڕانەوە و ئاشنابوون بە هونەر و شەیدابوون بە موزیک، ماڵێکی گەرم و نازێکی پیرۆز دایک، ناتوانێت کیژەکە شادمان بکات:

_ دایکە، لەوەتی لێرەم، ئێوە دڵتان خۆشە، منیش..

_ تۆش دڵت گەشاوەتەوە! (ماچێکی بەسۆزیش لە روومەتی دەکات).

_ نازانم، دایکە، لەوەتی ئەو دڕکە لە قاچم چەقیوە، هەموو گیانم ژان دەکات! (بە دەستی ئاماژەیەک بە پێیە زامدارەکەی دەکات، بەڵام چاوی بەردەوام لە باوەشی دایکی بوو).

_ کیژم دڕکی چییە، چەند دکتۆرمان پێکردی، هیچ دیار نییە، تەواو؟

_ دایکە دڕکێکی بچووک بوو، زامێکی ورد، بچووکتر لە دەمی چۆلەکە، بەڵام وا هەست دەکەم، دەڕوات، روو دەچێت، بەرەو دڵم، بۆ ناو مێشکم دەخشێت! دڕک قاچی هەیە، دڕک ڕەگە و قووڵ دەبێتەوە، لەگەڵ دەزووە دەمارێکی خوێن نەرم نەرم سەردەکەوێت. دەترسم، دایە دەترسم بگاتە ناو دڵم.

ـ کیژم، ئەو قسانە لەکێ فێربوویت. ئەوانە لەبیرکە!
مانگ، لێی نزیک دەبێتەوە، جلەکانی لەبەردەم ریز دەکات، بۆنەکان، خشڵەکان، سەربردەکان، هەموو جوانی رەنگەکان. پێی دەڵێت:
ـ تۆ بەشی دووەمی من بوویت، پەرۆش بووم تۆ بدۆزمەوە!
ـ تۆش بەشی دووەمی من بوویت، پەرۆش بووم تۆ بدۆزمەوە!
ـ وەرە ببینەوە یەک!
ـ وەرە با ببینەوە یەک.
ـ من شیعر دەنووسم، بەڵام بە فارسی!
ـ منیش رەنگ دەدەمە هونەر، بەڵام بە کەلتوورێکی عەرەبی خێڵەکی!
باوکی دەگەڕێتەوە و شەوێک لە ماڵەوە دەمینێتەوە:
ـ دەزانی تۆ بەختیاری ناوت مانگە! (باوکی پێی دەڵێت).
ـ بەڵێ دەزانم.
ـ مانگ، ساڵانە سەبر سەبر لە زەوی دووردەکەوێتەوە، بووە بە مانگ. تۆش ئەوەندە لە ئێمە دوورکەوتیتەوە بوویتە مانگی ئێمە! ژیانی تۆ، مانەوەی تۆ، بەڕێکردنی حەڤدە ساڵ، شەیدابیت بۆ هونەر، کەرەستەیەکی جوان، ناوازە و پیرۆزی نووسینی من دەبێت!
ـ بابە دەمنووسیتەوە؟
ـ تۆش رەنگم دەکەیت؟
ـ ئەگەر ژانی ئەو دڕکە، ئەو ئاودیوبوونە بوارم بدات!
ـ دڕکی چی، تۆ بەرگەی حەڤدە ساڵی تەنیایی، داماویی و خۆشاردنەوەت گرت، ئاودیوونێک چییە! ئێمە لەو چەند ساڵە چەند جار ئاودیو دەبووین و دەگەڕاینەوە.
ـ (هەموو بیردۆزەکان هەڵوەشانەوە، بۆیە چەقینی دڕکێکی بچووک بەقەد دەمی چۆلەکە منی ئیفیلجکردووە) بابە دووریتان پرسیارێک بوو، لەوەتی زمانم گرتووە، دەیکەم!
ـ بۆیە ناوم لە تۆ نابوو مانگ، چونکە دوو سێ ساڵ بوو ئەمریکییەکان مرۆڤیان ناردبووە سەر مانگ!
ـ باوکە دیارە دایکم لە کاروانی رۆیشتن و دەرچوونی لە هەولێر ترساوە بۆیە رۆژ دەبات، منیش لەکن پلکم جێدەهێڵێیت! من ژیانێکم بینی جیاواز لە رۆژ!

دوو ئاسۆی جیاواز! ڕۆژانەی خۆم، خەباتی پوورم و سادەیی جیرانەکان، نهێنییە گەورەکەی مانەوەمان، هەمووت بۆ دەگێڕمەوە. با ئەو جارە کیژێک، کەزییێکی ڕەشی هەرزەکارانە: سەربردە و حیکایەت بۆ قەڵەمێکی لێهاتوو، سمێڵێکی گەورە، پشدێنێکی ئەستوور هەفتانە ئەگەر دوو جار بکرێتەوە، بگێڕێتەوە. با منداڵێک گەورەیەکی فێری مەلەوانی بکات!

ـ دەتنووسمەوە، ئەگەر کاتم هەبوو.

ـ کەی کاتت دەبێت؟

ـ کیژم نازانم، دیارە ڕۆژەڤەکە چەند ترسناکە. ڕەوشەکە چۆن بەئاڵۆزی و شێواوی گوزەر دەکات! دەبێ بەردەوام لەوێ بم، نزیک بم، قسە بکەم، بشنووسم!

ـ کەس گوێ لە تۆ رادەگرێت!؟

ـ ئمئمئم (قەڵەمەکە لەناو گیرفانی دەنێت، دەفتەر و لاپەڕەکان کۆدەکاتەوە. مانگ بوار نادات باوکی دەست بۆ جانتاکەی ببات، تا دەرگاکە بۆی هەڵدەگرێت، پێش ئەوەی بگەنە لای جێبەکە و باوکی بەرەو دەرگاکە بچێت، دەڵێت):

ـ چەند گرانە!

ـ گران و گەوهەرە، لەو دۆخە سیاسییە نیگەران و پەریشانیشە!

***

پیاوێک، چەند ساڵ لە ئەسفهان، بە دەربەدەری دەژیت. نائومێد و سەرکەشانە لەگەڵ ژن و منداڵەکانی، دەیەوێ بچێتە پاکستان. بۆ ئەو سەفەرە ترسناکە، کاروانە دوورەکە، بۆ گۆڕینەوەی پارە عیراقییەکەی لە هەولێر هێنابووی هاتبووە سەر سنوور. بیست سەعاتە ڕێی بڕیبوو، بۆ گۆڕینەوەی پارەکە، ئاودیوبوون چییە! هەر ئەو پیاوە، قاچێکی دەشەلی بارێکی گران، دڵێکی بەژان و گەردی ساڵانی مانەوەی لەناو ئیران، ترس و ڕاونانە بەسامەکەی ناو هەولێر، دەرچوونی هەڵدەگرێت. لە ئەسفهانەوە لەگەڵ ژمارەیەک ناسیار و هاوشار، ئەوانەی پارەیان هەبوو، بەرەو پاکستان بەڕێدەکەون. بەشەو، بەدزی بەترس، خۆیان و پارە و کیژ و کوڕ و تەمەنیان، دەدەنە دەست پیاوێکی ئەفغانی.

ئەفغانییەکەی، کڵاوێکی خووری و دشداشەیەکی کورت و نەعلێکی چەرم: ناو، پێناسە و سەرمایەی بوو. خێزانی بە حەفتا هەزار تومەن، بە وڵاخیش، بە هەزار

تومەن لە سـنوور ئاودیوی دەکردن. چەندان شەو لەناو تاریکی، وشکایی، نەداری و کەساسییەکانی وڵاتی پاکستان دەڕۆن. تا دەگەنە کوێتا، دەگەنە ئیسلام ئاباد. لەوێ مانگانـە، بـە روپیە بۆ خێزانەکان پارە لە نەتـەوە یەکگرتووەکان، وەک ئاوارەیەکی عیراقی وەردەگرن. پارەکە بەشـی ژیانی ئاسایی ژیانی دەکردن.
ئـەوان پەرۆشـی ئەوە بوون سـنوور ببەزێنیـن، لەوێش بڕۆین. بەڵام لە سـەردەمی سـکرتێریەتی پیاوە مەسـیحییە میسـرییە چورچە سـەردرێژەکە، ئەوەی بێجگە لە جوولەکە کەسـی تر، بەتایبەتی عیراقییەکان، سـەفەری پـێ نەدەکردن! ئەو جۆرە قسانە زۆر دەکران، دەیانگوت:
لەبـەر ئـەوەی ژنەکەی زووتـر جوولەکە بووە، سـۆزی هەر هەیە بۆ ئـەوان. بۆیە، ئاسـانکاری سەفەری جوولەکەی لە پاکسـتانەوە بەرەو دەرەوە و ئیسرائیل دەکات.
دەرچوو راسـتە، ژنەکەی جوولەکە بووە، بەگەنجی بووە بە کریسـتیانی کاسۆلیک.
دەیانگوت، بۆیە ئاسـانکاری بـۆ عیراقییەکان ناکات، کێسـەکانیان بگاتە وڵاتەکانی پەنابەر وەردەگرن.
ئەوروپا، ئەمریکا، نیوزلەندا و کەندا، چونکە سـەرۆکی میسـری، لەبەر دۆسـتایەتی پارە، هاوسـۆزی و بەرژەوەندییەکانی نێوان عیراق و میسـر. _بوونی زۆرتر لە یەک ملیۆن کرێکاری میسـری لەو وڵاتە_. سـکرتێری نەتـەوە یەکگرتووەکان، وەک پیاو و ئەندامـی حزبەکـەی «حوسـنی موبارەک» بواری نـەدەدا. ئاسـانکاری نەدەکرد عیراقییەکانـی نـاو پاکسـتان بچنە دەرەوە. ئەوانەی لە شـارە گـەورەکان، مانگانە چاوەڕوانـی پـارە کەمەکەیـان دەکرد، بە خێراتـی بزاڤە ئیسـلامییەکان و دەوڵەتە عەرەبییـەکان منداڵەکانیان دەیانخوێند، بەڵام زۆرتر خوێندنی ئاینی بوو.
لـەورۆژەوە، کـە بواری ئاودیوبوونـی نەدەدا، رقمان لەو دەبـووەوە. (پیاوەکەی لە پاکسـتان ژیابوو) بەڵام کە پیاوە خوێن شـیرینە نەرمە غانابیە ئەفریقییەکە، ناز و ناسـکییەکەی کەمێک لە ژنە هاوسەرە سـویدییە هونەرمەندەکە وەرگرتبوو. دەرگای داخـراوی سـنووری پاکسـتانی بەسـەرکردینەوە. سـنوورەکەی بـۆ ئاودیوبوونمان کردەوە. دەرگای قەفەسـەکەی کردەوە، باڵمان کرایەوە بەرەو کوێستان هەڵفڕین:
دوو بـرا، دوو خێـزان زۆرتـر لە دە سـاڵ، لەو دەربەدەرییە بەیەکـەوە لە ئێران، لە پاکسـتان، لـە کەمپەکان ژیابوون، یەکێکیان بۆ نیوزلەنـدا، ئەوی تریان بۆ فەنلەندا بەشـادمانییەوە سـواربوون، فڕیـن و دەربازیـان بـوو. دوو خوشـک: یەکێکیان بۆ

شەختەبەندە سپییە نازدارەکەی سوید. ئەوی تریان بۆ گوڵزارەکەی هۆلەندا. کوڕێکی گەنج، دەکەوێتە ناو ئەمریکای گەورە و پانوبەرین، ماوەیەکی زۆری دەویست، تا شوێنە نوێیەکەی لەسەر نەخشە دەدۆزێتەوە.

لەناو قەفەسەکە، ئەو قەفەسەی بەناچاری لە پاکستان بۆ خۆیان هەڵیانبژاردبوو. قەفەسە شڕەکە، مانگانە سێ چوار هەزار روپیەیان بۆ نان و کرێی خانووە پیسەکان وەردەگرت. دەژیان بەڵام مەرگەسات بوو. ئاسوودە بەڵام خەمبار. قەفەسەکە، گەورە بوو، ئیستاش چەند خێزانێک، چەند کەسێک تێدا گیرساونەتەوە.

قەفەسەکە: بە دەستە نەرمەکەی کۆفی عنان بۆ ئەوان دەکرێتەوە. ئەو پیاوی، رۆژی هەینی، لە چواری مانگ لەدایکبووە، بۆیە ناوەکەشی بە زمانی خۆیان، ئەو مانایە دەگەیەنێت.

پیاوەکەی بە نەعلّ، لە مزگەوتێکی ناوشار، لە هەولێر دەیدەپەڕێنن، راویدەنێن، قوورگی دەگرن، بانگی لێ قەدەغە دەکەن، کە ئیستمارەکەی جەیش شەعبی لەبەردەم دادەنێن:

ئیستمارەکە، مۆر و ناونیشانی قاتیعی هەولێری جەیشی شەعبی لەسەر نووسرابوو. لەژێر و بەرامبەر ناوەکەت، دەبوایە ناوی سییانی خۆت بەنازناوەوە، مەوالیدەکەت، جۆری گروپی خوێن، ساڵی لەدایکبوون، ناوی فەرمانگەی دەوام، ئینتیمای حزبی _ئەگەر ئیمزات کردبوایە_، ئەدرێسیماڵەوە و باری خێزانداری تێدا بنووسیت. لە ژێرەوەش ئیمزا بکەیت و بە دەستی خۆت، لەبەردەم بەرپرسەکەی دابنێت. ئەویش بە وشەی داوەشێیت، یان ترسنۆک، یان خائین بەڕێت بکات.

چونکە هەموویان دەنووسن (لا ارغب _ ناخوازم) نامەوێ ببمە جەیشی شەعبی، خزمەتی بەعس ناکەم. لە مزگەوت بترازێت کەسی تر ناناسم، من جلی زەیتوونی لەبەرناکەم، بۆیە تووڕە دەبێت، دەترسێت و سنوور دەبەزێنێت.

سنوور دەبەزێنێت، قاچی خۆی و منداڵەکانی زامدار دەبن، خوێناوی، بەژانەوە ئاودیو دەبن. دەگەنە شاری ئەسفهانی ناو قووڵایی ئیران. لەوێ دەمینێتەوە، کاسبی دەکەن، لە خزموکەس، ناسیار و بیرەوەرییەکان دادەبڕێت، بەڵام کە پێی دەڵێن:

_ تۆ کە نوێژ دەکەیت بۆ دەستت ناگریت! (ئیرانییەک پێیدەڵێت).

_ لەمنداڵییەوە فێربووم، کە نوێژ دەکەم دەستم دەگرم. (مەلاکەی چەند ساڵ بوو، لەوێ وەک پەنابەرێکی عیراقی کرێکاری دەکرد). ئەدی ئێوە بۆ دەستان ناگرن!

باشــە بۆ نێوچەوانتان لەسەر ئەو پارچە خۆڵە ڕەقە دادەنێن؟
_ ئەوە ئەو خۆڵەیە، ئەو خاکەیە «ئیمامی حوســین»، خۆشەویستەکەی پێغەمبەری لەسەری شەهید دەبێت!
چــۆن نوێــژ لە کەســی ئیمانــدار قبووڵە، لە ســوجدەبردنا نێوچەوانی بــە مافووری مزگەوت بکات، نەک خۆڵە پیرۆزکەی حوسێن. نازدارترین شوێن و خاکی ئەو زەمینە ئەو خۆڵەیە، کە خوێنی پیرۆزی «حوســێن»ی لێ ڕژاوە!
ئیتــر پاش ئەو چەند دانوســتانە. لەبەر سســتی ژیانی ناو ئیــران، دابڕانە مەزنەکە، دوورکەوتنــەوە درێژەکــە، ئەویش بڕیار دەدات دیســان ســنوور ببەزنێت. بەشــەو، بەپــارە، بەتــرس، بەوڵاخ، بەپــێ، بەکەچە پیکەبێــک، دوودڵ و نیگەران و مانەوەی پارچەیــەک ســۆز، ڕووبارێکی زێڕیــن لە وەفا و نمەک و کاســبی، دەڕوات و دەگاتە پاکستان. لە کوێتا و ئیسلام ئاباد دیسان دووبارە چاوەڕوان دەکات سنوور ببەزێنێت و بــڕوات، بەڵام بەر لەوەی بڕوات، ئەوانەش لەبیر ناکات:
کــە پاســکیلێکی چینی مارکەیەکــی باش دەکڕێت. بە جلە پاکســتانییەکەی ڕۆژانە، هەموو ئیشەکانی بە پاسکیلەکە جێبەجێ دەکات، لە شەقامە سەرەکییەکان پاشایانە دەسووڕێتەوە. هەر بەو پاسکیلە سەردانی ئۆفیسەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات، دەچێتــە مزگەوتەکان و خوێندنی قورئان، ســەردان، بــازاڕەکان و چاوەڕوانییەکانی پێ دەکات!
(پاســکیلەکە دونیایەک شــانازی، ئومێد و کەشــخەیی بوو. ئەگەر بەتەنیا دەبووم، ســێ کچــی جحێل و دوو کوڕی بچــووک، ژنێکم لەگەڵ نەبوایــە، ڕەبەن دەبووم بەو پاســکیلە سنووری یەک دوو وڵاتی تریشم دەبڕی!).
ســنووربڕین ئاو خواردنەوەیە. شەو، ئەســتێرە، پارە و ئازایەتی دەوێت، سنوور، با تەڵبەند، پاســەوان و جەردەشــی لەســەر بێت، دەیبڕم! ڕقم لە سنوورە، دەیبڕم بۆ دۆزینەوەی ئاسوودەیەک!
لەوێ، خۆمان حەپســی ناو قەفەســێکی ئەســتوور، دوور و چواردەوری ئاو ببووین، بەڵام پۆســت هەبوو، نامەکە دەگەیشــت، دەڕۆیشــت! نامەمان بۆ ئەورووپا، لەســەر ئەدرێســی برادەرێک دەنووســی. لەوێش دەگەیشــتە هەولێر. کە زانیمــان دەتوانین کاســێکتی ڤیدیۆ بنێرین، دەنگ، ڕەنگ، ڕاز، چاو، دیدە و هەناســەش دەڕوات:
چووینە ســەیران، دوورکەوتینەوە، کامیرایەکمان بەکرێ گرت. زۆرمان پرســی چۆن

پێ دەکرێت و چۆن تۆمار دەکات. چۆنیش دەکوژێتەوە. دەنگەکە چۆن دەردەچێت. چووین دەنگمان ئاوێتەی رووبار، ئاسمانی شین، بەهار بکەین، تا بینێرینەوە کۆڵانێکی باریکی کۆنی گەڕەکی خانەقا، نزیک دەڵاڵخانەکەی هەموو شتی تێدا دەفرۆشرێت.
لەو سەیرانە، قسە، سڵاو و دیمەنەکان بە فرمێسکی غەریبی، بە گریانی دووری، بە خەمی کەساسی، بەزەحمەت پێ تەواو کرا. خۆم پێم سەیرە چۆن گریانم هات، بۆچی دەگریام.
ئەو فرمیسکە، گریانەکەم، بەبیرهێنانەوە چەند ساڵەی دەربەدەری و کەساسییەکانی خۆم و خێزانەکەم بوو. خەمی پارەی رەهنی خانووەکانی لەناو ئێران بەکرێمان دەگرت. گریانم لە داخی ئەوەی لە پاکستان بۆمان نەبوو ئیش بکەین. گریانی خەمخواردن بوو لە بڕیارەکەی پوترس غالی. داخی ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەو وڵاتە، لەو شارە گەورەیە پاسکیلێکم نەبوو.
بەبیرم دەهاتەوە لەو شارە گەورانەی ناو ئێران، یەک مزگەوت بۆ سونەکان نەبوو، نوێژی تێدا بکەین.
خەمی ئەوەم بوو وا کیژەکان گەورەبوون و ئایندەیان دیار نییە. دەترسام ئەو رێگا دوورەی نێوان سنوور و ئیسلام ئاباد چۆن تەواو دەبێت. چوار هەزار روپیە پاکستانییەکە چۆن بەشی یەک مانگمان دەکات؟ بێجگە لەوەی هەواڵی شار، گوند، ناسیار، خزم، کەزی دایکم، چاوەکانی باوکم و چارەنووسی براکانم نەبوو. گوندەکەمان بەر خاپوورکردن کەوتووە!
خانووەکە دوو ژوورییەکەمان ماوە، کێ لەناوی دەژیت!؟ بۆیە کە ویستم دەنگ و رەنگم بەرامبەر ڤیدیۆکە تۆمار بکەم، گریانم دەهات و فرمێسکم نەدەوەستا!
دەگریام و چاوەکانم لەبەر هاوێنەی کامیراکە دەتەقین. هێشتا یەک رستەم تەواو نەکردبوو. رستە و ریز فرمێسکم دەهاتنە خوارەوە، دەترسام نەخۆشی فرمێسک پرژانم گرتبێت، وەک تیمساح ئاوی چاوەکانم نەوەستن. فرمێسکی بەستەزمانی و داماوییەکەم ببێتە فرمێسک، گریانی تیمساحی فێڵبازانە!
وشەی دایە گیانم، لە قوورگی دەرنەدەچوو. پیتی «دال»، ببووە داڵی چرنۆک و قوڵاب. پیتی «بێ»ی باوکم ببووە باوکەڕۆ.
زۆر گریام، بەڵام لەو جەنگە سەرکەوتم و گریانەکەم راوەستا. فرمێسکم سڕینەوە و

کەوتمە قسەکردن. بەرامبەر کامیراکە، ببوومە سەرۆک، مەلا، گۆرانیبێژ، شیعرەکانی خـۆم دەخوێنــدەوە. نەمخوێندنەوە، ئەگەر دەمخوێندەوە پــاش نەمانی دەفتەرەکەم شیعرەکانم ون نەدەبوون.

***

راپەڕین سارد دەبێتەوە، خەمەکان دەنێژن. سمێڵە گەورەکانی باوکی مانگ و رۆژ و نووســەرەکە، دەگاتەوە شــار. دەبێتە دەنگ، رەنگ، سیما و هەڵوێست. ئەو دووبارە دەســت دەکاتــەوە بە نووســین. دەیەوێ سروشــت و خەڵکەکە، ئایــن و خەڵکەکە، جوانی و خەڵکەکە، گوڵ و خەڵکەکە ئاشــنا بکاتەوە!

بەڵام ئاسان نییە، بۆیە چاویلکەی لە چاو دەکاتەوە. قەڵەمی سەر مێزەکە دادەنێت و دەچێتــەوە ماڵەوە. دەیەوێ بزانێت دڕکەکە هەر ئازاری کیژەکەی دەدات. هێشــتا مانگ تۆراوە، هێشــتا ســەرگەردانە! هێشــتا دڕکەکەی رۆژی کۆچڕەوەکە، لە قاچی دەچەقێت ئازاری دەدات!

_ کیــژم، مانــگ! زۆر بــەو خەڵکە ســەرقاڵم، دیــارە هیچم پێ ناکرێت کەســم پێ ناگۆڕدرێت. ئەوان، نەخوێندەوارەکان، برسییەکان، تێرەکان، گەمژەکان، خائینەکان، دەیانەوێ بمگۆڕن!

_ باوکــە گەڕایــەوە! (کچەکانــی، کتێبەکانــی، دارودیوارەکانــی، نووســینەکانی، ســاڵەکانی خەبات و ژیانر خاکییە سادەکەی، لێی دەپرسن).

_ بەڵــێ کیژەکــەم، مانگەکــەم! (بەنەرمــی، لەســەرخۆ، بــەڵام باش دیــار نەبوو، چاوەکانی تەڕببوون یان نا!؟).

_ باوکــە، چــاک نەبوومەوە. رۆژی خوشــکم ئەویش ســەرگەردانە، لە خەفەتی من، پەریشــانە. من دڕکەکە گەیشــتووتە دەمارەکانی سەرەوە. بەس نییە، من رەنگەکان ناناســمەوە. بەس نییە، پەشــیمانم لەوەی بۆ دۆزینەوەی ئێوە پەریشان بووم!

_ کیــژم، منیــش تووڕەم! بۆیــە دەمەوێ لەجیاتــی باڵەخانە، ســکرتێر، ئۆتۆمبێل و ملیۆنەهــا دینــار. ماوەیــەک خەریکــی تۆ و باخچــە بچووکەکەی ناو حەوشــەکە، گوڵ و هەر گوڵ دەبم! تۆ چارەســەر بکەم و بەو باخچەیەش سروشــتە شــێواوەکە سازبکەمەوە!

_ باوکە، من هونەر چاکم دەکاتەوە. زۆر باشــم، تۆ خەریکی باخچەکەت بە!

کیژەکە بەس هونەری دەناسـی. شـارەزای ڕەنگ بوو، نەدەیزانـی لەو مەیدانە، لەو دانوستان و ژیانە چ دەگوزەرێت!
کیژەکـە بـەو ژانـە دەناڵێنێـت. بەو دڕکە زامـی زۆرتر دەبێت، بـەڵام لەبەر ئەوەی پشـتیوانی ڕۆژی خوشـکی هەبوو، لەبەر دایکی سەیری پاژنی پێی دەکات و دەڵێت:
ـ کیژم، پێیت لە ئاوێنە سـافترە!
ـ باوکـە، ڕۆژ، دایکـە، لە شـەختەبەندی ڕۆژەکـە، ترس و لێزمـەی بارانەکەی بۆ دیمانەی ئێوە تێکەوتم، زامدار بووم!

***

پیـاوە ڕەشـتاڵەکەی بەتـرس، ئێوارەیەکیـان پەیدابـوو. هاتە ناو حەوشـەکەمان. وێنەیەکی تۆ و پارەی بۆمان هێنابوو. لەودەمانە، بالیفم ڕەش، شـەو درێژ، ترسـم زۆرتـر، هەتیووییەکـەم بوو بەراسـتی، پوورم بە بێگانـە، عیراقیش بوو بە تاراوگە، دەبوایە چاوەڕوانیش بم!
ـ ببوورە کیژەکە!
ـ باوکـە تۆ زۆر ئازاری منت داوە!
ـ دەزانم! من ئازاری خۆم، شـەو و ڕۆژەکانم، دایکت، خوشـکەکانت، نووسینەکانم، قەڵەمەکەشـم داوە. زۆریش سـەرکردایەتی و بەرپرسەکانیشـم! شـەرمەزار کردووە. قسـەم کردووە، لێدوانم داوە، ئەوان پێیان خـۆش نەبووە. ناتوانم درۆ بکەم، نازانم لەگەڵ تۆش، لەگەڵ دایکت و سمێڵیشـم درۆ بکەم. بەوەش باجی زۆرم داوە، تۆش بوویتە قوربانی.
دەمتوانـی بەیـەک هەفتە، بەیەک داوا، بەیەک نامە تـۆ و پوورت بهێنم و لە هەولێر دوورتانخەمـەوە، چیتـر بێکـەس نەبـن! دەمزانی لەبـەر من بوو ژیانتـان خەمبار و ترسـناک. دەمزانـی بـەس بە خۆم و ئێوەش لـە خەبات و قوربانییەکانم سـوومەند نەبوویـن. کە وتارێکم دەنووسـی، بەرپرسـەکان سـوودیان لـێ وەردەگرت و منیش زەرەرمەند!
ـ چیتر منداڵەکان، کیژەکان، ئاورینگ، دەریاز، نەوژین، خەدیجە لوقمت بۆ نەکرن. چیتر مامۆسـتا گۆڤار، نەشـمیل، خەندە نازت نەکێشـن. من دەمتوانی بەیەک نامە، بە داوای سـەرکردایەتی تۆم بۆ بهێنن!

ـــ بابە، بۆ ئەوەت نەکرد!

ـــ نەمدەتوانی!

ـــ بۆ ئەوان، بەرپرســەکان ئەوەیان نەدەکرد!

ـــ نەمدەویســت ئەو پرسیارەیان لێ بکەم!

ـــ بۆ؟

ـــ دەمویســت تەنیا وەڵامی پرســیارەکانیان بدەمەوە! خۆم داوا و پرسیارم نەبێت!

ـــ باوکە، بابە من حەڤدە ساڵ، بێ باوک و دایک و ناز و «رۆژ» بووم. بەس لەبەر ئەوەی نەمدەویســت، داوایەک بکەیت، بەبیریان بهێنیتەوە!

***

# هەولێر ـ قەرەچوغ

## بەشی کۆتایی

## دوور و نزیک

جیابوونەوەکـــە، دوورکەوتنـــەوەی «مانـــگ» بەیـــەک چرکـــە، بە بڕیارێکـــی کورت، قســـەیەکی زارەکی بوو. نە دایکەکە، نە پوورەکەی نەیاندەزانی بۆ بڕیارەکە دەدەن! بـــۆ دوو کیژە جمکەکە لەیەک دادەبڕن.

ناهێڵـــن تام لەیـــەک رەنگی جلوبەرگ، گەمەی کامتـــان گەورەتن، کامتان جوانترن، خۆیان لە مامۆســـتا بشـــارنەوە، چەندان گەمەی جمک و دووانەکان بەرامبەر: دایک، باوک، مامۆســـتا، میوانەکانیان بکەن و ئینجا زیرەکانە، بەپێکەنین لێی دەرباز بن!

ـ براژن، کەس من ناناســـێت، کەســـیش ئیشی بە من نییە، دەمینێمەوە!

ـ پرسێک بە مامۆستا نەکەین؟

ـ کاکم، کەس نازانێت لەکوێیە! کاتی پرســـیار و نامە نووســـین نییە.

(ژنەکان، هەردووکیان بە جەرگ و ئازا، بڕیارێک دەدەن. دەبنە دوو بەش، «گوڵیزار» خوشـــکی مامۆستا لەگەڵ یەکێک لە کیژەکان، ئەوانەی ساوان و دووانە لەدایکبوون، لەگەڵ خۆی ببات و بچێتە ناوشار! پریسکە، دەرمان، گریان و نوزانەوەی یەکێکیان ببات، دوایی دەزانێت ئەو، «رۆژ»ی نەهێناوە، «مانگ»ی هێناوە! دایکەکەش، دوو کیژەکە، گەورەکە، ســـاواکەش بەدیار پریســـکە، کەلوپەلی شـــڕ، دوو دەفتەر و پێنج کتێب لە ئاوەدانییەکە دووردەکەوێتەوە.

لە شـــەقامە قیرەکە، لە ئاوی کەسکوســـوور، کەمێکیش لـــە دواناوەندییەکەی کچان، یاریگەکە، خانووە گەورەکانی ســـەر شەقامی شێســـتمەتری، بە پارێز، کەمێکیش بە

ترس دەڕوات و دووردەکەونەوە).
_ دایـە. پـووره گوڵیزار و مانگ بۆ کوێ ڕۆیشـتن! (کیـژه گەورەکە، کە دەبینێت دایکی ناگرێیت، گوڵیزاری پلکیشـی ناترسێت، ئەویش دەپرسێت).
_ نازانـم! (بەڕاسـتی نازانێـت، پـاش حەڤدە سـاڵ، ئینجا دەزانێت ئـەوان کێوە ڕۆیشتن).
وشـەی نازانـم، زوو و بلەز دێتە سـەر زاری ژنەکـە. چونکە بەڕاسـتی، نە ئەو، نە گوڵیزاریش نەیاندەزانی کێوە دەچن! دوورکەوتنەوەکە، ڕۆیشـتنەکە:
پـاش ڕەشـایی عەباکەی دەسـڕێتەوە. ڕەنگـی ڕەش درەنگ دەسـڕێتەوە. تەمەنی ژیانـی بـۆ دیتـن و مانەوە درێـژ و زۆرە! چونکە ڕەنگی ڕەش، پاشـای ڕەنگەکانە، (بەڵام شـادمان و ئازاد و سـازگار نییە) هەموو ڕەنگەکانی تر دەمژێت، دەیانخوات و دەیانسـڕێتەوە. بەو عەبا ڕەشـە دەشـاردرێتەوە. ئەگەر هەرگیز عەبا بۆ قەدوباڵا پیـرۆز نەبێـت، بۆ شـاردنەوە و ونبوون پیرۆزە! ژنەکە، دایکەکە سـەیریان دەکات، دەبێ سـەیریان بکات، گوڵیزار کیژێکی بردووە، گوڵێکی بردووە. کە ڕۆیشتن، مانگ دەگریا، وەک گەورەیەک، کیژێک سینگ و چاو و زاری بگرێت، دەگریا، بەڵام پووری نەدەترسا! بەوەیان ورەی بەرز بوو.
پاش حەڤدە ساڵ، گوڵیزار سەربردەی ڕۆژەکەی لەیەکتری جیادەبنەوە، دەگێڕێتەوە:
خۆت دەزانی من شاری هەولێرم نەدیبوو. وامدەزانی هەموو خەڵکەکە لەناو قەڵاتەکە دەژیـن. کـە هاتین لـەدوورەوە قەڵاتمان لـێ بەدیارکەوتن، ئێوەشـمان لەگەڵ بوو، وامزانی ئەوە هەموو هەولێرە! ناوی گەڕەکەکانم بیسـتبوو، وامدەزانی ئەو گەڕەکانە بەشـێکن لە قەڵات. ئەو قەڵاتە! شـەقامی بەرین بەرینی تێدایە. شێسـتمەتری، لە چـواردەورەی قەڵاتەکەیـە. لقی دووی پارتیش لەوێیە. موتەسـریف لە قەڵات دەوام دەکات، ماڵەکەشـی لەپشت قشـڵەیە! کۆڵانی زۆرە و بڕوابکە وامدەزانی قەیسەریش هـەر لەنـاو قەڵاتە. چەند ناوێکم لە کاکم بیسـتبوو، بەو ناوانە، بەو کەسـایەتییانە گەیشـتمە ناو ماڵی جوان. ناسـیاری شەریف. دۆستی بەوەفا. هاوڕێی کوردپەروەر. خانەدان. ناندەر. میواندۆسـت. خزموکەس. برادەر. زاوا. بووک. ماڵی کادێرێکی ژن و منداڵەکانـی لەگەڵ خـۆی بردبوو. بەڵام باوکی، دایکی بەدیار نەخۆشـی، هەواڵ، چاوەڕوان و ترساو دانیشتبوون.

***

کاروانەکەیان درێژ بووە. لەکێ ژیاون. چۆن نیشتەجێ دەبن. سەرەتا ژنێک و چوار منداڵ داڵدەیان دەدەن. لەناو خانووێکی قووڕی دوو ژووری. ناو کۆڵانێکی چڵپاوی تاریک. پیاوی ماڵەکە پۆلیس بووە، لەو رۆژگارە «موسەلەحە»یەکی کەسکی شۆفرلێتی گەورەی بردبوو. جلە پۆلیسییەکەی هەر لەناو کانتۆرە دارەکە بوو. کانتۆرەکە چوار بەش بوو:

دوو دەرگای ستوونی درێژ، جامخانەیەک و نیوە دەرگایەکی چوارگۆشەکەیی. لەناو جامخانەکەش دیار بوو کتێبی منداڵەکان و بوخچەیەکی تێدا بوو.

وێنەیەکی شەمسی باوکیان، کەوتبووە نێوان هەردوو جامەکەی هاتوچۆ و کرانەوەی کەم و زەحمەت بوو. هەر سێ دەرگاکە کلیل و قوفڵەکانیان شکابوون، کانتۆرەکە تاکە سامان و گەنجینەی بەنازی ماڵ و خێزانەکە بوو! بۆیەش چەند ساڵ بوو، ژنەکە، لەجیاتی مکیاژ و سووراوی خۆی، ئەو کانتۆرەی باشی لەبیربوو، کەی و چۆن بەو شەش دینارەی بە کڵاودوورین و جەمەدانی هۆنینەوە پاشکەوتی کردبوو دەیکرێت، بۆیەش بە سپرتۆی سووری بۆن تیژ چەور دەکرد.

ژنەکە لەگەڵ مانگ. لەو ماڵە دەمینێتەوە. تا لەوێ دەڕۆن و باردەکەن، وادەزانن کیژەکە، کیژی تاقانەی خۆیەتی و مێردەکەی سەرگەردانە. باوکی وەک بەردێک لەناو ئاوێکی لیخن ونبووە. لەو ماڵەوە ئاسوودە دەبێت، چونکە دەرگا و پەنجەرەکانیان، دڵ، چاو، پرسیارەکانیان: کلیل و قوفڵیان نەبوو.

هیچ دەرگایەکیان دانەدەخرا، پەنجەرەکانیان، جامە شکاوەکانیان بە شریتی کاغەزی سوور پینەکرابوو. لەوێ دەمینێتەوە: چونکە شەوانە، خۆیان، دوو ژن، سێ گەنجی کۆڵانەکە، دەهاتنە بەر رادیۆکە، میوانی دەنگوباس دەبوون.

شەوانە بەشی سەرکەوتنی بەرەکانی «سەفین» و «زۆزک» و «پیرس» و «رزگاری»یان لەگەڵ خۆیان دەبردەوە ماڵەکانیان. گوێیان پڕ دەبوو لە هەواڵ و موژدە و مژگێنی، بۆ خەوی خۆشیش، لەگەڵ تاریکی و هەنگاوی بلەز دەچوونەوە.

***

پاش نسکۆش، ئێوە، کاکم و کیژەکان نەهاتنەوە. لەو ماڵەش پیاوەکەی نەهاتەوە، ئەوەی موسەلەحە کەسکە شۆفرلێتەکەی بردبوو، زۆر دواکەوت و هەر نەهاتەوە.

هەموویـــان زۆریان چاوەڕوان کرد. (ژنەکەی کیژەکەی گێڕابووەوە گوتی).
ـ تۆش چاوەڕوان بوویت!؟
ـ نەخێر! دەمزانی کاکم ناگەڕێتەوە!
ـ دەتزانی!
ـ بەڵێ، دەمزانی ئەو بۆ شـــکان نەڕۆیشـــتبوو. بە شکان و نسکۆ نەدەگەڕایەوە. بۆ نووســـین، تۆمارکردن و پیرۆزکردنی مرۆڤ ڕۆیشتبوو. دەمزانی ناگەڕێتەوە.
دڵـــی ژنەکە خورپەیەکی هەر دەکرد، وەک بروســـکە، هەورە تریشـــقەیەک، شـــتێک، خەیاڵـــی گەڕانـــەوەی بۆ دەهات. بەڵام زۆر بلەز و واقیعیانە ڕەتی دەکردەوە، براکەی ناگەڕێتەوە.
هێشـــتا مانگ نەیدەفامی، لەبیری نەبوو، نەدەیزانی دایکی ئەو نیم. بەڵام نەدەیزانی خوشـــکێکی هەیە. هێشـــتا باش دیار نەبـــوو، نەدەیزانی ڕەنگە هـــەردوو قاچەکانی، یەکێکیان هی خوشکەکەیەتی، گەردەنی، خۆشییەکانی، ئایندە، بەخت و چارەنووسی، لەگەڵ ڕۆژی خوشـــکی لەیەکتری جیانەکرابوونەوە.
بـــەڵام! ژنەکە، ئەوەی ژوورێکـــی دابووە ژن و کیژەکە. مێردەکەی موســـەلەحەیەکی کەســـکی پۆلیســـی بردبوو. زۆر چاوەڕوانی نەکرد، منداڵەکان زۆر نەیانپرســـی، زوو دەزانن باوکیان لە شـــەڕەکانی چیای ماکۆک. لە شـــەڕە ســـەختەکانی هێزی دەشتی هەولێر و ســـەفین. شـــەوێکیان، بە ساچمەیەکی گەرمی تیژی بچووک بریندار دەبێت.
لە گەرمەی شەڕەکە، نازانن!
لـــەو شـــەڕەدا. کـــە حکومـــەت دەشـــکێت. پێشـــمەرگەکان، قەوانەکان، برســـیەتی، ســـەرکەوتنەکە کۆدەبنەوە. هەســـت دەکـــەن، برینێکی قـــووڵ دەتریوێنێت. خوێنێک جۆگەلەی هەڵبەســـتوە، نایەوێ وشک بێتەوە.
چاوێـــک وەنـــەوز دەدات، نایـــەوێ دابخرێت. دەســـتێک شـــل بووە نایەوێ ســـڕ بێت. ئەژنۆیـــک شـــکاوە و نایەوێـــت کرنـــۆش بەرێت. تفەنگێـــک ســـاردبوویتەوە و نایەوێ بچێتە شـــانی یەکێکی تر. پشـــدێنێک مەخزەنەکانی بەتاڵن و نایەوێ بۆ شووشتنیش بکرێتەوە. پێڵاوی ڕاستی لەپێی داکەلاوە، لەناو گۆمە خوێنەکە نایەوێ بچێتەوە ناو پێیـــە بریندارەکـــە. وێنەیەک لەناو باخەڵ و گیرفانی هاتووتەدەر و دەیەوێ بڵێت:
باوکە بۆ ئێمەت جێهێشـــت. دەکرێ بێ باوک بژین.
ئەویـــش بڵێـــت: بەڵێ لـــە هەولێر دەتوانـــن، بێ منیش بژین. شـــارێکە ســـەربەرزانە

هـــەزاران منداڵی وەک ئێوە بەخێودەکات، گەورەش دەبن!
وێنەکە، توند لەناو دەستی خەوتووە، مردووە، زیزە. نایەوێ بێتەدەرەوە. منداڵەکانی ناو وێنەکە، چاوە شووشـــەییە شینەکانیان، چاوەڕوانن باوکیان چاوی بکاتەوە!
پیاوێـــک مردووە، چـــاوی زەقە، مردووە، دەمی کراوەتەوە بۆ هەناســـەیەک. دووکەڵ نەما، باروود نەما، ئەویش لەپەنا بەردەکە، هەناســـەیەکی پاکی دەویست.
سەرلقەکە بانگی دکتۆرەکە دەکات:
ــ کاکـــە، لەگـــەڵ دوو بریـــنداری تر ســـەرکەوت و ڕۆیشـــت! (یەکێـــک لەبەر ئەوەی فیشەکەکانی هەموو تەقاندبوو، باری پشت و شانی سووک بوو، زوو هەڵدەستێتەوە و وەڵامی دەداتەوە).
ــ چی بکەین؟ بزانن ئەو پیاوەی دوو سەعات پێشتر وەک شاخەکە توند بوو، ئێستا خاوبوویتەوە!
دوو ســـێ کەس، دەســـت بە تفەنگی گەرمەوە. بەپەڵە و بێ ئەوە بترســـن، دەگەنە سەر ئەو پیاوەی پێنج منداڵی لەناو هەولێر لەناو خانووێکی قووڕی سەر بەکاریتەی گەڕەکـــی ســـەیداوە. نزیـــک کەندەکـــە. بەرامبـــەر ماڵـــی پیاوەکەی ئـــاکاری خۆی و منداڵەکانی، ژنەکەشی، لە ئاکار و چاو و ڕوومەت و لێوی: ڕووس، پۆڵۆنی و ئەڵمان دەچوو، کە دەتپرسی، ئەو دەیگوت:
ئێمـــە بـــاب و باپیرانم لەو قەراجە وشـــکە بووە. ئاوی خواردنەوەمـــان نەبووە، نەک جوانـــکاری و پاکبونـــەوە! لەوێ کە عەرەب تالانیکردین و هەڵاتین، کەســـاس و داماو لەو شـــارە گەرمە گیرســـاینەوە، ئاســـوودە ماینەوە. لەوەتی لەو شارە دەژین، ڕۆژانە دوو سێ جاریش قەڵاتەکەی دەبینین!
تەماشا دەکەن، زمانی شکاوە. جەمەدانییەکەی لاربوویتەوە. تازە گیانی سپاردووە. مـــردووە، نەمـــاوە، بۆیـــە چاوەڕوانی دکتۆرەکـــە ناکەن، دەزانن دەرمـــان و دەرزیش بهێنێت، تازە ناگەڕێتەوە!
***
خەمی من و مانگیش لەو خێزانە بووە بار. من مامەوە. ئەوانیش نەیانویســـت بڕۆم، خەم و خەم بەیەکەوە دەبێتە شـــادی. ــهاوکێشـــەیەکی بیرکارییە، ســـارد و ســـارد تێکەڵ و ئاوێتە بن، دەبێتە گەرمــ. من مامەوە، هەموو وردەکاری ژیان و ڕۆژانەکەیان

ئاگادار بووم. ژنەکە، کوڕە گەورەکەیان، یەک دوو خزمی دڵسۆز، جیرانەکانیش، زۆر بـەدوای بەردەکەی کرابوو بە کێڵ بدۆزنەوە، پەرۆش دەبن. گوتیان:

ـــ دوو کەس، بەشـــەو، لە گەرمە شـــەڕەکان، ماندوو بوون، بەڵام سـەرمایان نەبوو، بەیەکـەوە گۆڕەکـەی بۆ لێدەدەن، بە پشـدێنەکەی دەینێژن! ئـەوان دەزانن، گۆڕی پۆلیسەکەی موسلەحەیەکی کەسکی فڕاندبوو، لە ماکۆک شەهید بووە لەکوێیە! بەڵام ئەو دوو کەسـە لەو نسـکۆیە، لەورۆژە رەشە نادۆزرێنەوە! کێ ئەوان دەدۆزێتەوە!؟

ژنەکە ئازایانە، دەرگا بە دەرگا، دەچێتە کۆڵانێکی تەنگەبەری گەڕەکی خانەقا. لەوێ بـوو، کە حاجی لەقلەقەکانی سـەر منارەکە. لەگەڵ بانگدانـی مەلای مزگەوتەکە بۆ دەسـتنوێژ هەڵدەفڕین! ژنەکە لەوێ ماڵەکە دەدۆزێتەوە. بەڵام پیاوەکە نادۆزێتەوە، ئەوانیش لێی ناترسـێن، گومان لە ژنە رەشپۆشـەکە ناکەن. لە چی ئەو ژنە داماوە رەشپۆشـە دەست قەڵشتووە چاو کزە، بەژن شکاوە بترسن، دەڵێن:

ـــ ئەوەی تۆ بەدوای دەگەڕێیت.

کە بڕنۆکەی تەسـلیم دەکات. کە وێنەیەکی شەمسـی بۆ دەگرن. لەناو مەلعەبەکەی ئیـدارەی مەحەلی. لەناو سـیمەکە، راپێچـی خوارووی عیراقیان کـرد و نەمانبینی. نەهاتەوە، خۆی نەشووشت، ریشی نەتاشی، ئێمە قەدێک جل و لیف و دۆشەکێکمان بۆ برد. ئەویش دوو سـێ وێنەی رەشوسپی، چەند تومەنێکی پێدابن و نەماندیتەوە. (ئەو دەزانێت پۆلیسـەکەی موسـەلەحەیەکی کەسکی بردبوو، لەسەر چیاکە شەهید دەبێت، لەکێ نێژراوە!).

کـە دەزانین دۆخەکە چۆن دەکەوێتەوە، (گوڵیـزار دەگێڕێتەوە) ئێوەمان لەبیرکرد. بـەڵام دەمزانـی ماون. هەمووتان لە ژیانـدا ماون: چونکە ئەوەم لـە مۆراڵی مانگی خوشکتان دەبینی.

دڵـە بێگەردەکـەی ئاماژەیەکی دەکرد. دەمزانی ئێـوە دوورن، چونکە لە چاوەکانی ئەو! دووریم دەبینی، رەنگی خۆڵەمێشـییم دەبینی. شـەش ساڵ تێدەپەڕێت، مانگ گـەورە دەبێـت. دەبوایـە بچێتـە مەکتەب، سـروودێک فێر بێت، قەڵەم، لاسـتیک، دەفتەر، سـەدرییەی رەش، قەمیسـی سـپی و دەستەسـڕ لەناو جانتایـەک بنێت و بچێتە مەکتەب! ناسیارێک، خزمێکی شیرینی ئەو شارە، ناسنامەکەی بۆ سازدەکات، کیژەکەش لەو پرۆسەیە بێبەش نابێت.

***

گوڵیزار، زۆریش دووردەکەوتیتەوە، عەبا رەشـــەکەت دیار بوو، رۆیشـــتی، لەودەمانە بیرم لەوە دەکردەوە:

دەبـێ مـن جارێکی تر مانگ ببینمەوە. یان دوو رۆژی تر، لەناو زیندان رووبەڕوومان دەکەنەوە دەپرسن:

ـ ژنەکە، ئەوە کیژی تۆیە!

ـ نەخێـر! (پێ لە جەرگ و گلێنەی چاوەکانم بنێم).

ـ تۆ ژنی پیاوە سمێڵ گەورەکەی، ئەوەی بە عەرەبی دەینووسی و بەغدا دەهەژاند!

ـ مێردی من ناوی هەیە، بە سـمێڵی ناناسرێتەوە!

ـ سمێڵە درێژە گەورەکەی!

ـ نا، قەڵەمی درێژە.

تۆ رۆیشـــتی، عەبا رەشـــەکەت سـپی دەبێتەوە، دەبێتە هەڵم، لەبەر گەرمی شارەکە ون دەبێت. مانگت برد، کیژەکەت وەک قەندە شـــەکرێک، وەک گوڵە رێواسـێک برد، دووركەوتنەوە. بەڵام بۆنی هەر دەهات! رۆیشتن، من دایکی ئەوم، گوێم لە نوزەیەکی باریکـی سـارد دەبوو. ئـەو دەگریا، بۆ من و «رۆژ»ی خوشـکی، منیش نەمدەزانی لەودەمــە بـۆ چ بگریێم! بۆ دابڕانی باوکی، قەڵەم و نووسـینەکانی، بۆ ئەوانەی لەناو عەبا رەشـــەکەم، وەک کۆتر و کەروێشـک بچووک ببوونەوە! بۆ کامیان بگریێم!

لەودەمانە کاروانێکی ماستفرۆشەکان.

ئەوانەی شیر، ماست و پەنیری نوێیان هێنابووە شار. ئەوانەی دەیانزانی لە دەرەوەی شـارەکە چ دەگوزەرێـت! دەگەنـە کن مـن. لە پرێسـکە و خەمـە گەورەکەم نزیک دەبنـەوە. وادەزانـن، من کەرتـە پەیکەرێک، گۆزەیەکی گەنجینـەی مێژووم. بەردی دیوارە ئەستوورەکانی شارە کۆنەکەم، پاشماوەیەکی ئاشوری ساسانی زەردەشتییم. بـاران و خۆرەتـاو، مـن و منداڵەکانـی لەبن گردەکـە وەک گەنجینەیەکـی بەهادار دەرهێناوە، منداڵەکان:

چۆلەکە، پشـیلە، گوڵەگەنم، پیفۆک، شەبەنگێک بوون.

ماستفرۆشـە ناسـک و جوان و بەسـتەزمانەکانی ئەو شـارە، کەرەکانیان رادەگرن. دوو ژنەکە، دوو پیاوەکە. هەموو کەرەسـتە، جلوبەرگ و ئاکاریان: یەک درز، نووکە گۆشەیەک، لێوە بزەیەک، تیلمە سێبەرێک، سروە بایەک، قوومێک ئاوی ساردیان لێ

بەدی نەدەکرا. ماندوو و بەپەڵە بوون بگەنەوە گوندی. گوندەکەیان، پیاو و گەنجی کەم تێدا مابوو. ئەوان، هاتبوون مەنجەڵە ماسـتەکانیان، قاپە سەرتووەکانیان، بارە کایەکانیان بفرۆشـن، بەپەڵە نان و کەبابێک بخۆن بگەڕێنەوە. بەڵام لەبەر ژنەکەی، دوو کیژی بچووکی پێیە.

دوو جانتای شـڕ و دوو بوخچە. خەمێکی گەورە لە چاوەکانی و ترسـیش لە لێوانی دەبینـرا. دەیانەوێ زووتر بگەڕێنەوە، ژنەکە دەرباز بکەن.

من هەڵسامەوە، لەپەنا سێبەرەکە، قسەکانم، پشیلەکانم، گوڵەگەنمەکانم خشەخشیان بوو. دەجولانەوە. واتە نەمردوون، واتە ژیان لەو گومبەتە رەشاییە خەماوییە بوونی هەیـە. ئـەوان دەسـتیان گرتم، منداڵەکانیان لـە خۆڵەکە، لەناو بـەردەکان، لەگەڵ چقڵی دڕەکانی هاوینی رابردوو، پووشـەکە جیاکردەوە. پرێسـکەکانیان داوەشـاند، جانتاکەیـان قیتکـردەوە. من بوومە خوشـکی ئەوان، ئەوانیش بوونە خزموکەسـم، چونکە دڵیان وەک ماسـت سپی بوو.

هەڵسـاینەوە، دەرکـەوت قاچمان هەیە، دەسـتمان پێوەیە، ئێمـە بەردی ناو گردە شـوێنەوارە کەڤنارەکە نین! ئێمە کەللەسـەر و گۆزەی ناو خۆڵ و بن گردەکە نین. هەڵسـاینەوە، کیژەکانیـان هەڵگرت، دەرچووە مرۆڤـن، هێلکەی دەڵەمە نین، بەرخ، کار و مامـز نیـن، بەرێکەوتین، ئەوان دەیانزانی، کێـوە دەچن، بەڵام من نەمدەزانی کێـوە دەچم. دەمزانی دەڕۆم، بۆ دەڕۆم! بەڵام نەمدەزانی بۆ کێ دەڕۆم!

منداڵـەکان بچـووک بوون. کیژەکان بـەس دەیانتوانی بنوزێنەوە! ئێوارە گەیشـتنە گوندەکـە، لـەوێ خـۆم دەناسـێنم. دەمناسـن، بەڕێمدەکـەن و پـاش دوو رۆژ، بە ئۆتۆمبێل، چاوەڕوانی و مانەوە لە گوندەکان، دەگەمە مامۆسـتا.

ئەویش، پاش هەفتەیەک دەزانێت کچێکم جێهێشتووە. مانگ لەکن پووری ماوەتەوە، ویستی قسەیەک بکات، نامەیەکیان لەناو دەستی دانا، خوێندیەوە و رۆیشت. لەگەڵ دێرەکانی نامەکە، رۆیشـت، لەگەڵ ئەوەی نامەکەی هێنابوو رۆیشـت. کە گەڕایەوە، سـنوورەکان داخرابوون. شەڕەکان گەرم، بەفر زۆر کەوتبوو. شاخ و ناوچەی فراوان گیرابـوون. هەزارەهـا خێزان ئاودیو ببوون. برینی سـەخت و خەمـی زۆر و دابڕانی گـەورە، «مانگ»ی لە ئێمە دابڕی. دوورتر کەوتەوە، لەناو

***

گوڵیـزار، کە یەکەمجار لە بەغداوە بەرەو هەولێر بەڕێدەکەوێت. وادەزانێت شـارەکە تەنیـا قەڵاتێکە، یەک دەرگای گەورەی هەیە.

دەرگاکە شـەوانە دادەخرێت، پاسـەوانەکە کلیلێکی گەورەی پێیە. لەناوەوە، لەسەر خۆی دەرگاکە دادەخات. لەبن دەرگاکەش ژوورێکی هەیە: دەرگا لەسـەر لایدەیەک، سەرخۆشـێک، نەخۆشـێک، میوانێک دەکاتـەوە. ئەو هەولێری نەدیبـوو، وایدەزانی قەڵات ئەوەندە بەرزە سـەرکەوتنی سەختە، دابەزینی وریایی دەوێت!

ژنەکە، لەو گەرمیانە، لەدایکبووە. ماوەیەک لە کەرکوک و سـەردەمانێکی زۆریش لە بەغدا ژیاوە. هەولێری نەدیبوو، حەقی بوو. هەمووومان شارەکانمان نەدیبوو. ئێمەش سـەفەرمان نەکردبوو. بەناچاری، لەگەڵ کیژە سـاواکەی براکەی، سـەرگەردان، لە ڕۆژێکـی ڕەش و ڕۆژگارێکـی ترسـناک دەکەوێتە لەناو هەولێر. سـەفەرێکی کورت، سەیران و میواندارییەکی کورت نەبوو.

حەڤدە سـاڵ دەمێنێتەوە. کیژێکی سـاوا گەورە دەکات. شـارێک لە ئامێز دەگرێت. حەڤدە ساڵ، بەترسەوە چاوەڕوان دەکات! بێزاریش نابێت. چونکە لە هەولێر ژیاوە، شـار و خەڵکەکەش، بۆ ئەوان، هەوار و خزم و نان و سـێبەر بوون.

بەڵام! لەگەڵ مانگ لە کۆچڕەوەکە دەکەونە سـەر سـنوور. دەگەنە ناوچەیەک ژەهر و دەرمـان و کیمیـای پێدا ڕژابـوو. لەوێ دڕکێک لە قاچی کیژەکەی حەڤدە سـاڵ، لەنـاو مەرهەم، لەناو چاو، لەناو دڵ، لەناو هەولێر بۆ کاکی هەڵیگرتبوو، دەچەقێت. کیژەکە ئەوەندە سـاڵە، نەخۆش نەکەوت. لەحەسـرەتان نەگریا. لەدڵەوە نەترسـا. لـە گەڕەکـە میللییەکانـی ئەو شـارە بێکەس نەبـوو. لەبەر دانوو، سـاوەر، ترێ و ئەسـتووکی ئەو شارە برسی نەبوو، بەڵام!

لە یەکەم کاروانی سـەر سـنوورەکەی دوور لە قەڵات و شارەکە. دوور لە کۆڵانەکانی تێـدا کرێچـی بوون. دڕکی سەرسـنوور و ئاودیوبوون زامـداری دەکات. زامەکە کۆن دەبێت، پیر دەبێت. زامەکە دژوار و دەگاتە هەناو و خوێنی. برینەکە تەشەنە دەکات. بەڵام، لەبەر هونەر، لەبەر گەڕانەوەی ناو باوەشی دایکی، بەزمی خوشکە جمکەکەی هەسـت بە ئازارەکان ناکات. هەسـت بەوە ناکات برینەکە، ژانەکە، نەخۆشـییەکەی تەشەنە دەکات.

هێشـتا تێـر دایکـی ماچ نەکردبـوو، کە نەخـۆش دەکەوێت. بەهارە بوو کە سـیس دەبێـت. بۆ ئـەوەی ڕوومەتی گەش بکاتەوە، فرمێسـکەکانی بسـڕێتەوە، ئارەزووی

هونـــەری ببوژێنێتەوە، دایکی پێی دەڵێت:

ـــ هیــچ نییە مانگ، لێرە رانەهاتوویت! بۆیە وا کز دەبیت.

ـــ دایــە، ئێــوە نازانن من دەزانم دڕکەکە، کە لــە قاچم دەچەقێت، چۆن دەگاتە ناو هەموو دەمارەکانم، چەند بەژان بوو!

کیژەکــە، بەژانی قاچییەوە، دووبارە لەگەڵ ماڵەوەیان دەگەنەوە هەولێر. لەو شــارە هونــەر دەخوێنێت. رەنگ دەناســێت. دەزانێــت «رۆدان» وەک «مایــکل ئەنجلۆ» مەزن بووە. ئاشنا و شارەزای سیمفۆنیاکان دەبێت. دەزانێت «بتهۆڤن» سیمفۆنیای نۆیەم بۆ یەک ســەعات درێژ دەکاتەوە. بەڵام! ژانی قاچیشــی هەر درێژە دەکێشێت. پــەرت دەبێــت. کزی دەکات، ئازاری دەدات، ناهێڵێت چێــژ لە رۆژەکانی چاوەڕوانی دەکرد، وەربگرێت!

چەنــد جوانتــر دەبوو، ئەوەندە ژانەکان قووڵتر و کوشــندەتر دەبــوون. نینۆکەکانی سوور دەکرد، بەڵام سووری خوێنی کاڵ دەبووەوە. هونەری بۆ ئاسوودەیی و ئارامی خۆشدەویست، نەخۆشییەکە کزی دەکات.

ســووری لێوەکانــی، گەشــی چاوەکانــی، دەگۆڕێت، بەڵام! ئەو کــۆڵ نادات، زۆرتر شــەیدای رەنگ و جلی رەنگین و بۆنی بەهەشــتی و جانتای ناسک و گوارەی نەرمی شــل دەبێت. نەخۆشــەکە ورەی بەرز بوو، بەکەس ناڵێت ژانی دڕکەکە، ئازارەکانی ســنووربەزاندنەکە، پاش گەڕانەوەش، پاش ئاودیوبوونم هەر ماوە. هەر ســاتمەم پێ دەکات:

چەنــد مانگێــک، زۆرتر شــەیدای رەنگ، موزیک و دۆخە سیاســییەکەی کوردســتان دەبێــت. نەخۆشــییەکەی زۆرتر پەکی دەخــات. لاوازتر دەبێــت. خواردنی نامینێت. خەوی نامینێت. بەڵام بەردەوام لەگەڵ هەســت و نازی ئاوازی موزیکەکە مەســت و حەیران دەردەکەوێت. ئەو پێش هەموویان، پێش دایکی، باوکی، پیاوەکەی هاوژینی بــوو، پێــش پیاوە گەورەکانی دەوڵــەت، دکتۆرەکانی نــاوەوە و دەرەوەش دەزانێت نەخۆشە، نەخۆشییەکەی دژوارە، بەڵام هەرگیز:

ئەوەندەساڵەی لەبەر ئازارەکە دەیناڵاند. ئەوەندەی دکتۆر پشکنینیان بۆی دەکرد. ســەفەرەکانی بــۆ هەتوان و چارەســەری دەیکرد. هەرگیز، باســی مردنی نەدەکرد. رۆژی خوشــکی پێی گوت، لێی پاڕایەوە:

مانگ، خوشــکم، من و تۆ جمک بووین. بەیەک ســک لە بەغدا لەدایکبووین. من زۆر

دەگریام، تۆ مەند! من بزێو، تۆش ئارام. بۆیەش تۆ لە هەولێر دەمینێیتەوە، منیش لەگـەڵ دایکم دەڕۆم. بۆ دیمانەی ئێمەش، سـنوور دەبڕیت. ئاودیو دەبیت. لەسـەر ئەو تێڵبەندە، لەو سـنوورە دڕکاوییە زامدار دەبیت. ئەوەش دەبێتە یەکەم میکرۆبی نەخۆشییەکەت...

_ دەتەوێ چ بڵێیت؟

_ دەمـەوێ بڵێم، جەسـتەی من وجەسـتەی تۆ. چاوی من و چـاوی تۆ وەک چۆن دایکوباوکمـان یەکـە. ئەندامەکانـی هەردووکمـان تێکەڵـە. چاوێکی تـۆ، هونەرییە جوانەکەت دەکرێ بۆ من بێت. دەکرێ پەنجە سوورەکانت، لەناو جانتای من موروو و قەڵەم و مکیاژ هەڵبژێرێت. بەو شـێوەیەش من لەبەردەم دکتۆرەکان، بە رەزامەندی خـۆم، با ئەندامی سـاخ و ئەکتیڤی من بەشـێکی بۆ تۆ بێـت. بەیەکەوە بووین و با بەیەکەوەش بە نیوەئەندام بژین!

_ مـن نەخـۆش نیم، من ژانم هەیە، هەموو کەس ئەندامێکی هەر ژان دەکات!

_ خوشـکم، وەرە من زمانە ئینگلیزییەکەم باشـە، خۆم بە دکتۆرەکەت دەڵێم!

_ شـانازم بەو ژانە، بەوەیان زۆرتر هونەرم خۆشـدەوێت. ئینجا دەزانم ژیان چەند بەهادارە.

***

دڕکەکـە دەبێتـە سـەرچاوە و میکروبـی نەخۆشـییەکی سـەخت. ژانێکـی گەورە، دەمارەکانی دەپچڕێنێت. خوێن دەڕشـێتەوە، خوێن دادەنیشێت، بەدخۆراک. دڕکەکە دەگاتە ناو رەقی و پتەویی ئێسـقانەکانی. بێدار، سـیس و لاواز. بەڵام هونەر، رەنگ ئاشـتبوونەوەی بە خوشکە جمکەکەی، دایکە بەستەزمانە ناسکەکەی، شانازییەکانی باوکـی، زینـدووی دەکەنـەوە، دەبوژێتـەوە، پەنجەکانی رەنـگ دەکات. ملوانکە لە گەردەن دەکات. چاوی رەش، شـەوانە لەسـەر شـەپۆلی موزیک دەخەوێت، هونەر پشتیوانی دەکات.

کە بیر لە نەخۆشییەکە، لە دڕکەکە دەکەمەوە بەرگرییم لاواز دەبێت. خاو دەبمەوە! دەتوانم بیری لێ نەکەمەوە. وادەزانم دڕکەکە لە قاچم رانەچووە، زامداری نەکردوم. سنووریشـم هەر نەبڕیوە و ئاودیووش نەبووم!

بـەر لەوەی بمرێت یـەک نینۆکی مابوو، هەتا تاقەتی مابوو، خۆی سـووری دەکرد.

دوایی دەیگوت بۆم سـوور بکەن. جلەکانی لەناو جانتاکان قەد دەکرد و جلی نوێی کڕی. نەخۆش بوو دەیگوت نەخۆش نیم. دەرزی کیمیاوی لێدەدا و دەچووە دەوامی زانکۆ. نەخۆش بوو دەیگوت:

دەمـەوێ لە بناری شـاخێک، لەنزیک گوندێک، کانی و مێرگێک دەستنیشـان بکەم، هەوارێکی گەشتیاری بکەمەوە. سەیران گەرم بکەم، رەنگ زۆرتر بڵاوبکەمەوە، موزیک زۆرتر سـەما گەرم بکات. ئەوەم دەوێ! ژنە نەخۆشـەکە دەیزانی بە ئازادییەکە، بە گەڕانـەوەی باوکی. کەشـێکی ئازاد بەرجەسـتە بـووە. بە ئـازادی: ژن، لە ئازادی ژن جوانتـر دەبێـت، ژن دەکرێتەوە: چاو، بەژن، سـینگ، جلوبەرگ، دەنگ، هەموو ئامرازەکانی جوانی ژن بە ئازادی دەگەشێنەوە! بەڵام ئەو، نەخۆش دەکەوێت، چ لەو ئازادییە بکات، دڕکەکە دەگاتە مێشـک و دڵ و هەموو هەناوی دەگرێتەوە!

هەمـوو دەیانزانـی دەمرێت، بەس ئـەو بڕوای نەدەکرد. دڕکەکە گەیشـتبووە هەموو ئەندامـە هەسـتیارییەکانی جەسـتە پیرۆزەکـەی. ئینجـا شـەوانە لەگـەڵ موزیـک دەخەوت. خەوی لێ دەکەوت، بەس بە موزیک ئاسـوودە دەبوو. پاش ئەوەی ژان و هەڵوەشانەوەی شانەکانی، دەگاتە هەموو جەستەی و لار و سیسی دەکات. ئەو هەر هوشیار بوو، ئاگاداری هەموو جوولەکانی دڕکەکەی ناو جەستەی بوو. دەیزانی چۆن چرنۆک و قولابەکانی لە گۆشـت، دەمار، هەناسـە و رامانەکانی گیر دەکات. هەستی بەوانـە دەکـرد، بۆیـە بەردەوام گوێـی لە گۆرانی دەگـرت. لەودەمانـە، مانگەکەی ئاسـمان. شـەرم دەکات و رووی بـە هەورێکی سـپی نەرمی لۆکەیی دادەپۆشـێت. یەک هەفتە و تا پرسـەکەی تەواو دەبێت. تا خۆڵە نەرمەکەی سـەر سـینگی، گوڵ و چەکەرە و خوناویش دەکات، دەرناکەویت (مانگی ئاسـمان زیز و تووڕە دەبێت).

رۆژ، (خوشکی) دەڵێت:

مـن لەنزیکـی بـووم. کە دەنگـی موزیک لەنـاو مۆبایلەکـەی نەمـا. دەنگەکە بڕا و پەنجەکانـی نەیتوانـی یەکێکی نوێ دابنێت. لەو نزیک بووم، کە موزیکەکە وەسـتا. گۆرانییەکە، موزیکەکە وەسـتا. زانیم پەنجە سوورەکەی، تاقەتی نەماوە. تێگەیشتم هیـچ وزەی نەماوە، زانیم مانگ مردووە!

ئەو لەگەڵ وەسـتانی دەنگی موزیک و رەشـبوونەوەی رەنگ، مرد. بەیەکەوە مردن، رەنگ و موزیک. لەگەڵ کەس نەمرد، لەگەڵ موزیک و رەنگ مرد. ئەو کیژەی لەگەڵ خوشکی بەیەک سک، لە بەغدا لەدایک دەبێت. لەیەکتری دادەبڕێن. دووردەکەوێتەوە.

به ژان و میکرۆبی سنوور و دڕکی ئاودیوبوون دەمرێت. بەڵام ژمارەی تەلەفۆنەکەی ماوە. مۆبایلەکەی ماوە. هەموو رەنگەکانی سەر جلوبەرگەکانی ماون. مردووە، بەڵام چیرۆکێکی خەمبار و داستانێکی بۆ خۆشەویستی رەنگ جێدەهێڵێت. دەمرێت، بەڵام رۆحی لەناو رۆحی خوشکە جمکەکەی دەژیت. رۆژ، دەڵێت: من بە رۆژ دیارم، ئەویش شەوانە تریفەکەی دیارە، مانگ نامرێت.

## کۆتایی

## سوپاس و پێزانین:

• لـه بەرگـی رابـردوو ناوی دوو هـاوکاری بەرێـزم لەبیرکردبوو، دکتۆر شـوکریە رەسـووڵ و هیوا سەید سەلیم... لە نووسـینی ئەو بەرگەش زۆر کەس هاوکارییان کـردوم، هیوادارم ناوی هیچ بەرێزێکم لەبیر نەکردبێت، لەوانە بەرێزان:
مـەلا عەزیـزی خەتێ، نـاز فەلەکەدین کاکەیی، ئاسـۆس، ئەمیر کۆیـی کەبابچی، مـوژدە کەبابچی، رەوەند عارەب مەنتک، دکتۆر سـامیە چاوشـلی، رەمزی نەجار، حاجی عەتولای نەجار، حوسـێن ڕەسول سـەرگەڕانی، حەسەن سەرپاڵە، حەیدەر عەبدولرەحمان، سـیروان عوسـمان، سروەی هاوسـەرم، چالاک موحەمەد، موحەمەد قـادر یونـس، قاسـم عومەر رەش مەلاقەڕە، موحسـین عوسـمان، هێمـن زەندی، عەبدولا کرو سـورچی، نیهاد نەجار، سەباح نەجار و هاوسەرە فنلەندییەکەی ئایلا، ئـازادی بـرام، رەنجدەر حاجـی ئیبراهیم، زریـان کاکەیی، ئومێد هیرانی، یوسـف کەمال هەولێری، باوەڕ فارس باوە، ئاری نانەکەلی، دکتۆر نەجاتی عەبدوڵا، دکتۆر شـوان خۆشناو، سۆلاڤ و برادەر و دڵسۆزانی تر...
ببوورن ئەگەر ناوێکم لەبیرچووبێت.

• دیـاری ئۆتۆگرافـی کتێبەکـە و پێشـنیاری نـاوی ئـەو بەرگە، لەلایـەن هاوڕێم «حوسـین رەسـووڵ سەرگەڕانی»ی دانیشـتووی بەرلینە. سـوپاس و پێزانینم بۆ ئەو، هەموو هاوکارەکانم.

• لە نووسـینی بەو بەرگەش، سـوودم لە، چەندان ڕۆمان و دیمانەی کەسـایەتی و نووسـەرانی؛ ژیان و ڕۆژانە و بەرهەمەکانیان لەو دەقە نزیکە بووە، بینیووە.

**شێرزاد هەینی: شاری مرسیلیا**

**١٩ی مای ٢٠١٧**

## شێرزاد هەینی:

لەساڵی١٩٥٥ لە هەولێر لە دایک بووم، بەشی ڕووپێوی لە ئامۆژگەی تەکنەلۆژیای بەغدام تەواو کردووە، تا لە وڵات دەرچووم لە شارەوانیی هەولێر فەرمانبەر بووم. ئێستا لە نێوان هەولێر و ستۆکهۆڵم دەژیم.

## چاپکراوەکانم:

١. لە یادی سەد ساڵەی شارەوانیدا، ١٩٨٥ کتێبی"هەولێر"م ئامادە و چاپ کرد.

٢. هەر لە شارەوانیدا لە ساڵی ١٩٩٤ دا، ١٢ ژمارەی ڕۆژنامەی"هەولێر"م دەرکرد.

٣. کەلاوە، ١٩٩١ ریپۆرتاژ، بۆ ئۆردوگاکانی دەڤەری هەولێر.

٤. دیوەخانی فلێن، ڕۆژانەیە، لە ١٩٩٩ لە ڕۆژنامەی "ئاڵای ئازادی"ی بڵاو کرایەوە.

٥. هەولێر تا دبلن ٢٠٠٠ ریپۆرتاژ، زانکۆی ئازادی بەرلین.

٦. بەغدا بۆ هەولێر ٢٠٠٠ ریپۆرتاژ، سوید و سلێمانی.

٧. مەملەکەتی فارگۆنەکان، ٢٠٠١ ریپۆرتاژ، سلێمانی.

٨. کاکە، ئەبو ئیسماعیل ٢٠٠١ ، سلێمانی.

٩. بەسەرهاتی دەریاوانێکی خنکاو ٢٠٠١ ڕۆمانی گابریل مارکیز.

١٠. ڕێگای دوورم بۆ ئازادی، نیلسۆن ماندیلا، وەرگێڕان. دەزگای موکریانی.

١١. سارد یان گەرم "١٢" ریپۆرتاژ بوو، لە ڕۆژنامەی "هەواڵ"ی سلێمانی .

١٢. فارگۆنەکان، لە دەزگای بەدرخان لە هەولێر ٢٠٠٥ بڵاو کرایەوە.

١٣. مەملەکەتی کەلاوە، وەک نامیلکە / وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەولێر بڵاو کرایەوە.

١٤. کۆریا پێناسە و مێژووی کۆریای باشوور، لەخانەی وەرگێڕان/ لە هەولێر ٢٠٠٧.

١٥. هولۆکۆست...وەرگێڕان ... سەنتەری نما هەولێر ٢٠٠٧.

١٦. دوو پرێنسیسی نازداری بێناز، دیانا و ماساکۆ... هەولێر/ دەزگای ئاراس ٢٠٠٨.

١٧. مارتن لۆسەر، بەشێکە لە کتێبی ناتوندوتیژی ١/ سەنتەری مەسە لە هەولێر ٢٠٠٨.

١٨. بەرەو کۆشکی ئالیزی، شیراک، روایال، سارکۆزی/ و: خانەی وەرگێڕان ٢٠٠٨

١٩. سـێکس و پۆلیتیک،دیوێکە لە ژیانی دبلۆماتی فەرەنسـای نوێ/ و: سەردەم ٢٠٠٨

٢٠. تەها حوسـین، نابینایەکی بینا/ دۆسـیەیەک لە گۆڤاری نما ٢٠٠٨

٢١. ٩٥٥ دەقە لەگەڵ شـێرکۆ بێکەس دیمانە/ دەزگای نما ٢٠٠٨

٢٢. دۆلار لـە ئەمریکا، دووبابەتی ئابوورییە/ و: دەزگای ئاراس ٢٠٠٨

٢٣. مەجبوور، سـەربردە و ریپۆرتاژە سلێمانی ٢٠٠٨

٢٤. من ڕۆژنامەنووسـم، جاسووس نیم، وەرگێڕانخانەی وەرگێڕان/ سلێمانی ٢٠٠٩

٢٥. مۆسـاد وەرگێڕان لە بڵاوکراوەکانی ئاوێرچ ١ و٢و ٣/ هەولێر ٢٠٠٩، ٢٠١٠

٢٦. دانپێدانەکانـی حاجی پاولۆ/ لە بڵاوکراوەکانی ئاوێر هەولێر ٢٠٠٩

٢٧. ترێنـە خێرایەکی خۆرهەڵات/ وەرگێڕان: دەزگای موکریانی ٢٠٠٩

٢٨. نهێنییەکانی سندووقەڕەشـەکە، وەرگێڕان/ وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠٠٩

٢٩. کاکە ئەبو خەلیل، بەسـەرهات/ ڕەخنەی چاودێر سلێمانی ٢٠٠٩

٣٠. برادەرە جوانەکە، ڕەشـیدە داتی/ دەزگای ئاراس وەرگێڕان ٢٠٠٩

٣١. سـارا پالین ژنێکە دەرچوو لە نەریتەکان، وەرگێڕان/ دەزگای ئاراس ٢٠١٠

٣٢. دەسـەڵات و نەخۆشی/ وەرگێڕانخانەی وەرگێڕان سلێمانی ٢٠١٠

٣٣. سیاسـەتی دڵ، وەرگێڕان/ دەزگای ئاراس ٢٠١٠

٣٤. جیهان لە دیدی کۆشـنێر، وەرگێڕان/ دەزگای نما ٢٠١٠

٣٥. سـیڤییەکان ١ وەزارەتی رۆشنبیری، کۆمەڵە دیدارێکە/ ٢٠٠٢ _ ٢٠٠٩

٣٦. گەشـتێک بەرەو ئەوروپای نوێ دەزگای ئاراس/ وەرگێڕان ٢٠١٠

٣٧. حیکایەتەکانی غەدر و خوێن وەرگێڕان/ خانەی وەرگێڕان سـلێمانی ٢٠١٠

٣٨. چیرۆکێک لە خۆشەویسـتی و تاریکی/ وەرگێڕان ئاوێر ٢٠١١ هەولێر

٣٩. تووتنەوانەکـە ڕۆمان، وەرگێڕان/ ئاوێر ٢٠١١ هەولێر

٤٠. ئەسـتێرە سەرگەردانەکە ڕۆمان وەرگێڕان/ ئاوێر ٢٠١١ هەولێر

٤١. دەربازبوون وەرگێران/ دەزگای ئاراس ٢٠١١

٤٢. مافیا دەوڵەتی سـامان و خوێن/ دەزگای ئاراس ٢٠١١

٤٣. سـیڤییەکان٢ کۆمەڵێک ڕاز و دیمانە، وەرگێڕان/ وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١١

٤٤. کازیوە، ژنەکەی ناو فەیسـبوک، نۆڤلێت/ دەزگای نما ٢٠١١

٤٥. غانـدی، چیرۆکـی ئەزموونەکانم لەگەڵ هەقیقەتدا/ ، ١،٢، ٣ ئاوێر٢٠١١، ٢٠١٣

٤٦. سـەگەکان لە ریگا، ڕۆمان وەرگێڕان ئاوێر ٢٠١١

٤٧. غـاردان بەدوای گورگەکاندا، ڕۆمان، وەرگێڕان، ئاوێر٢٠١٢
٤٨. سـیڤییەکان٣ کۆمەڵە ڕاز و دیمانەیە وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١٢
٤٩. دەسـەڵاتی دوو ژن ئیلیزابیتی دووەم و ئەنجیلا میرکل، بەدرخان ٢٠١٢
٥٠. چراکانی ئۆرشـەلیم، وەرگێڕان ڕۆمان، ئاوێر ٢٠١٢
٥١. شۆرشـەکانی جیهان ئامادەکردن، ئاوێر ٢٠١٣
٥٢. هەولێر، ئیبنی مەسـتەوفی، ڕۆمان/ مەڵبەندی گشتی نووسەران ٢٠١٣
٥٣. هەولێر،سـێتاقان، ڕۆمانخانەی ئەربیل/ ٢٠١٣
٥٤. گێلە، دۆستویفسـکی، وەرگێڕان/ ڕۆمان ئاوێر ٢٠١٣
٥٥. زسـتانی خێزانەکە، وەرگێڕان ڕۆمانخانەی وەرگێڕان/ سلێمانی ٢٠١٣
٥٦. کەسـایەتە مەزنەکانی جیهان، دەزگای نما/ هەولێر ٢٠١٣.
٥٧. سـیڤییەکان ٤ کۆمەڵە ڕاز و دیمانەیە/ وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١٣
٥٨. رێنسانسـی ئەوروپا مێژوو، وەرگێڕان/ ئاوێر ٢٠١٣
٥٩. چرکەسـاتی حیکمەت. فەلەکەدین کاکەیی وەرگێڕان/ وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١٤
٦٠. هەولێـر تەعجیل ڕۆمان بەرگی ٣/ چاپخانەی زانکۆ ٢٠١٤
٦١. حەلاجیـات، فەلەکەدین کاکەیی وەرگێڕان/ چاپخانەی ڕۆژهەڵات ٢٠١٤
٦٢. بۆ ئامێزێکی بۆنی تۆ ڕۆمان وەرگێڕان خانەی وەرگێڕان/ سـەنتەری نما ٢٠١٤
٦٣. دەریاوانـە خنکاوەکـە ڕۆمان، گابریل مارکیز چ ٢ لە بڵاوکراوەکانی/ م. چینی ٢٠١٥
٦٤. هەولێـر تەیراوە ڕۆمان/ چاپخانەی زانکۆ ٢١٠٥
٦٥. ٩٥٥ دەقیقە لەگەڵ شـێرکۆ بێکەس، چ٢، دەزگای/ جەمال عیرفان ٢٠١٥.
٦٦. هەولێر چۆمان ڕۆمان/ ٢٠١٥
٦٧. هەولێر سـەعدی گچکە ڕۆمان/ ٢٠١٦
٦٨. کودەتایەکـی ڕۆحی، فەلەکەدین کاکەیی وەرگێڕان/ ٢٠١٦.
٦٩. گوڵەکان بۆ کێ دەپشـکوێن فەلەکەدین کاکەیی وەرگێڕان/ ٢٠١٦.
٧٠. پایەمەکانی ژێرزەوی دۆستۆیڤسـکی رۆمان وەرگێڕان/ ئاوێر ٢٠١٦
٧١. ددانپێدانان خودا لە کوێیە؟ ماکیسـم گۆرگی رۆمان، وەرگێڕان/ ئاوێر ٢٠١٦
٧٢. هەولێر سەفین، رۆمان ٢٠١٦
٧٣. ژنێک پرچم رەش دەکاتەوە، شـیعر ٢٠١٧
٧٤. سـەربازانی سالامینا، وەرگێڕان دەزگای رۆسا/ هەولێر ٢٠١٧

٧٥. دێڵەگورگی خۆشەویستی و کتێب، رۆمان وەرگێران، ئاوێر/ هەولێر ٢٠١٧

٧٦. ژنە یاخیبووەکە، رۆمان وەرگێڕان رۆسا/ هەولێر ٢٠١٧

٧٧. ژنە کافرەکە، رۆمان وەرگێڕان دەزگای م. زامدار/ هەولێر ٢٠١٧

٧٨.

## ئامادەی چاپ:

١. پاییزە ساڵ، تۆماری ڕووداوەکان ٢٠٠٩

٢. گەرمێن و کوێستان، یادەوەری و سەفەرەکانم

٣. حەریمەکانی سوڵتانی عوسمانی، ئامادەکراوە

٤. کڵێسا لە مەملەکەتی ئورشەلیم، وەرگێڕان

٥. لەسەر پشتی حوشترەوە لە دیمەشق تا حائیل، وەرگێڕان

٦. سیڤییەکان ٥، ئامادەکردن و وەرگێڕان

٧. ژن لە ژیانی کاسترۆ، وەرگێڕان

٨. کوبا لە سەردەمی گەمارۆکە، گابریل مارکیز

٩. هەشتا ساڵ لە غەدر و خوێنی ئەخوان لە میسر، وەرگێڕان

١٠. نیکۆس کازانتزاکیس لە میسر، وەرگێڕان

١١. منداڵی دیکتاتۆرەکان، وەرگێران

١٢. ژن لە ژیانی دیکتاتۆرەکان، وەرگێڕان

١٣. ژنە یەکەمەکە، رۆمان وەرگێڕان

١٤. ژنە قەرزاری لەبیرکردنەوەیە، ڕۆمان، وەرگێڕان